
# ویلایەتی موسڵ

## کۆمەڵەی نەتەوەکان

جنێف، ٢٠/ئاب/١٩٢٥

## پرسی سنووری نێوان تورکیا و عێراق




راپۆرتێکی پێشکەشکراو بە ئەنجومەن لە لایەن لیژنەی
دامەزرێنراو بە بڕیاری ئەنجومەن لە ٣٠/ئەیلول/ ١٩٢٤

لە ئینگلیزییەوە


مینە

عصبة الامم

**ئەو قەراری عەصبەیەی وا خەڵك ئەڵێن بۆکورد ئەبێت**

**هەر قسەی روونە و قسەش ناچێتە ناوگیرفانەوە**

"ئەحمەد موختار"


Lignes des anticlinaux pétrolifères.
تورکیا
سووریا
ئێران
Rizan
سنجار
موسڵ
عێراق
بەغداد

# ویلایەتی موسڵ

## کۆمەڵەی نەتەوەکان

جنێف، 20/ئاب/1925

## پرسی سنووری نێوان تورکیا و عێراق

را پۆرتێکی پێشکەشکراو بە ئەنجومەن لە لایەن لیژنەی دامەزرێنراو
بە پێی بڕیاری ئەنجومەن لە 30/ئەیلول/ 1924

لە ئینگلیزیەوە

**مینە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

xanecontact@yahoo.com

- ناوی کتێب: ویلایەتی موسڵ
- نووسەر: ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان
- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەممەد ئەمین حسەین عەلی/ مینە
- بابەت: مێژوویی
- پیتچنین: محەممەد ئەمین حسەین عەلی/ مینە
- هەڵەبڕی: محەممەد ئەمین حسەین عەلی/ مینە
- دیزاینی ناوەرۆک: محەممەد ئەمین حسەین عەلی/ مینە
- بەرگ : نیگا ئەبوبەکر
- تیراژ: ٥٠٠
- زنجیرە: ٣٦٣
- چاپخانە: کارۆ
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی پۆلێن: ٩٥٦/٧- م ٦٩٥
- ژمارەی سپاردن: (١٦١٣) ساڵی (٢٠١٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێ دراوە

# پێڕست


**پێشەکی وەرگێڕ/11**

**بەشی یەکەم:**

**ڕاپۆرتێک لەبارەی کاروباری لیژنەکەوە/17**

**کورتەیەک لە چالاکیەکانی لیژنەکە/19**

**بەشی دووەم:**

**چاوپیاخشانێک بە شێوەی کارکردنی پێشنیارکراو لەلایەن هەردوو حوکومەتەکەوە/47**

1. کورتەی بەڵگەکانی حوکومەتی تورکیا......... 48
2. کورتەی بەڵگەکانی حوکومەتی بریتانیا........ 54
3. بەرئەنجامەکان.............................. 58

**بەشی سێیەم:**

**بڕیارەکان لەبارەی بابەتی تاوتێکراوەوە/65**

**تەوەرەی یەکەم: بەڵگە جیۆگرافیای و نەتەوەییەکان/65**

**یەکەم: شیکردنەوەی بەڵگە جیۆگرافییەکان** ..............................65

- وەسفی دوو سنووری پێشنیارکراو ...............................65
  1. سنووری باکووریی، کە حوکومەتی بریتانی داوای دەکات......... 66
  2. سنووری باشووریی، کە حوکومەتی تورکیا داوای دەکات......... 70
- خەسڵەتەکانی جیۆگرافیایی، جیولۆجی و کەشوهەوا، کە ناوچەی کێشەکە و خاکەکانی دەوروبەر بەیەک دەبەستێتەوە................ 77
  - أ. بڕیارە جیۆلۆجی و کەشوهەواییەکان...... 77
  - ب. مەسەلەی ناوی (عێراق)................ 80
- ڕێگاکان و پەیوەندییەکان.............................. 97

**دووەم: شیکردنەوەی کاریگەریی ڕەچەڵەکی.** ............................ 102

- کۆی ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی سەدیی نەتەوە جیاوازەکان....... 102
  1. ئەو سەرژمێرییانەی، کە لە یاداشتەکانی هەر یەك لەو حوکومەتانەدا هاتووە.102
  2. ڕێژەی پەیوەندیدار بە سەرژمێریەکانی، کە لە یاداشتەکاندا هاتووە.........112
     - عەرەب و تورك لە سلێمانی......................... 112
     - تورکەکانی ئاشەری شەیبا، لە شێخان و ناحییەی موسڵ. 113

- ▪ تورکەکانی تەلعەفەر..................................115
**سەرژمێرییەکانی پێشو**................................ 116
1. ئەو سەرژمێرییانەی لە نوسراوە سەرچاوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەدا هەیە116
2. سەرژمێرییەکانی لە سالنامە فەرمییەکانی ویلایەتی موسلدا هاتووە.... 117
- ○ دابەشبوونی ناوچەیی نەتەوەکان..........................................118
1. نەخشە...............................................................118
- ❖ نەخشەکانی ئەتنۆگرافی.................. 118
- ❖ نەخشەی پێشاندانی چڕیی دانیشتوان....... 122
2. لێکۆڵینەوەی پرسە تایبەتیەکان سەبارەت بە دابەشبوونی دانیشتوان......123
- مەودای ناوچەی عەرەب................ 123
- ژمارە و دابەشبوونی تورکەکان............ 124
- پێناسەی تورکێتی کەرکوك و شارەکانی تر، کە کەوتونەتە سەر رێگای گشتی.126
خێڵەکانی تورك........................... 128
- دانیشتوان بە درێژایی سنووری باکوور...... 130
3. کاراکتەری شاری موسڵ........................................... 132
4. کۆچەرییەکان................................................... 135
- ○ رەفتار و وێکچوونە نەتەوەییە جیاوازەکان.......................... 145
1. کورد......................... 145
2. تورك......................... 157
3. یەزیدییەکان................... 163
4. عەرەبی کۆچەریی و نیشتەنی.... 169
5. سارلی و شەبەك................ 170
6. مەسیحییەکان ................. 172
**سێیەم: وەسفی جیۆگرافیا و ئەتنۆگرافیای ناوچەی ناکۆکیەکە**.. 177
**چوارەم: بەرئەنجامەکان**.................................. 188
بەرئەنجامە جیۆگرافیایەکان.................................. 188
أ. گشتی ............................. 188
ب. لە دیدی زانستی تۆبۆگرافیای سنوورەوە.. 188
ج. لە دیدی جیۆگرافیای ناوچەییەوە......... 189
بەرئەنجامە ئەتنۆگرافیاکان.................................. 191

**تەوەرەی دووەم: بەڵگە مێژووییەکان** /194
یەکەم: بەڵگەکانی بریتانیا و تورکیا................... 194
دووەم: بیروڕا مێژووییەکان........................ 196
سێیەم: بەرئەنجامەکان ........................... 199
**تەوەرەی سێیەم: بەڵگە ئابوورییەکان**/201
یەکەم: شیکردنەوە.................................................... 201
- یاداشتی بریتانیا................................................ 201
- یاداشتی تورکیا.................................................. 204
- ئەو پرسیارنامانەی لەلایەن لیژنەکەوە نێرراوە بۆ حوکومەتی بریتانیا......... 206
- ئەو پرسیارنامانەی لەلایەن لیژنەکەوە نێرراوە بۆ حوکومەتی تورکیا.........211
دووەم: پێکهێنان...................................... 215
سێیەم: کورتە و بەرئەنجامەکان....................... 234
**تەوەرەی چوارەم: بەڵگە ستراتیجیەکان**/236
**تەوەرەی پێنجەم: بەڵگە سیاسییەکان**/241
یەکەم: بیروڕای دانیشتوان......................... 241
دووەم: کێشەی ئاسوورییەکان........................ 253
- کورتەی بەڵگەکان........... 253
- بڕیارەکان و بەرئەنجامەکان.... 264
سێیەم: بەڵگە سیاسیەکانی تر.......................... 270
چوارەم: بڕیارەکان و بەرئەنجامەکان.................. 274
**تەوەرەی شەشەم: بەرئەنجامە گشتییەکان**/278
یەکەم: بەرئەنجامە جیۆگرافیاییەکان.................. 278
دووەم: بەرئەنجامە نەتەوەییەکان ................... 279
سێیەم: بەرئەنجامە مێژووییەکان ................... 281
چوارەم: بەرئەنجامە ئابوورییەکان ................... 281
پێنجەم: بەرئەنجامە ستراتیجیەکان .................. 283
شەشەم: بەرئەنجامە سیاسییەکان ................... 283
حەوتەم: بەرئەنجامی کۆتایی.......................... 286
هەشتەم: ئامۆژگارییە تایبەتییەکان.................. 287

**پاشکۆکان:**


نەخشەی ئەتنۆگرافیا، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەشکراوە.........291

نەخشەی ئەتنۆگرافیا، کە لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە پێشکەشکراوە..........293

نەخشەی ئەتنۆگرافیای ناوچەی ناکۆکیەکە، کە لیژنەکە بەپێی سەرژمێریەکانی
ئەم دواییە کۆیکردۆتەوە و لەلایەن حوکومەتی عێراقەوە ئامادەکراوە.......... 295

نەخشەی چڕی دانیشتوانی ناوچەی ناکۆکیەکە.............................. 297

نەخشەی ویلایەتی موسڵ.................................................. 301

هەواری زستانە و ریگەوبانی کۆچ و هەواری هاوینەی کوردە خێڵەکیەکان، کە
بەپێی ئەو زانیاریانەی لەوبارەیەوە کۆکراوەتەوە سازکراوە.................. 303

هەواری زستانە و ریگەوبانی کۆچ و هەواری هاوینەی کوردە خێڵەکیەکان، کە
بەپێی یاداشت و زانیاریەکانی حوکومەتی بریتانیای سازکراوە................ 305

هەواری زستانە، ریگەوبانی کۆچ و هەواری هاوینەی کوردە خێڵەکیەکان، بەپێی
یاداشت و زانیاریەکانی حوکومەتی تورکیا سازکراوە........................ 307

نەخشەی ئابووری......................................................... 309

نەخشەی ناوچە کشتوکاڵی و بەیار و دارستان و لەوەڕگاکان.................. 311

پڕۆژەی ئاودێریی میسۆپۆتامیای خواروو...................................... 313

## پێشەکی وەرگێڕ

کاتێ، کە ئەم راپۆرتەی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکانم بە زمانی ئینگلیزی خوێندەوە، راستەوخۆ ئەوەم بە یادا هات، کە **ئەحمەد موختار بەگی جاف** لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

**ئەو قەراری عەصبەیەی وا خەڵك ئەڵێن بۆ کورد ئەبێت**

**هـــەر قسەی رووتـــە و قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە**

بێگومان هەر قسەی رووتە و قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە.

بریتانیا و کۆماری تورکیا، لە پرسی سنووری نێوان تورکیا و عێراقدا گەیشبوونە ئاستێك، کە پێکهاتنەوەی نێوانیان مەحاڵ بوو. بۆیە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەبووایە رۆڵی خۆی لەو بوارەدا بگێڕایە. ئەوە بوو لە ئۆکتۆبەری 1924دا، کاتێ لە برۆکسل (برەسیلس) سەرقاڵی کۆبوونەوە بوون و نوێنەران لەبارەی سنووری ناوچەی ناکۆکیەکەی نێوان تورکیا و عێراقەوە گفتوگۆیان دەکرد. هەروەها ئەو سنوورە کاتیەی لەوێدا بڕیاری لەبارەوە درا، ناونرا بە هێڵی برەسیلس (برۆکسل) و دەستبەجێ ئەنجومەن بڕیاری دا، کە بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەك پێکبهێنێت. ئیدی لە تشرینی دووەمی 1924دا، لیژنەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە جنێف پێکهێنرا، کە بریتی بوون لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە:

1. کارل ئینار ئەف.ویرسن- E. AF Wirsen، سیاسەتمەدار و وەزیری دەستەڵاتداری بێ سنووری سوێدی، سەرۆکی لیژنەکە بوو. میس بێڵ لەبارەیەوە دەڵێت:" سەرۆکی لیژنەکە میستەر ویرسن، سوێدیەکی راستگۆی قەڵەوی بێ مێشك."

2. کاونت تەلەکی- Count Teleki، لە بۆدابێستی هەنگاریا، لە 1/تشرینی دووەم /1879 هاتۆتە دنیاوە. لە 19/تەموز/1920 تا 14/نیسان/ 1921 سەرۆك وەزیرانی هەنگاریا بووە، هەروەها لە 16/شوبات/1939 تا کۆچی دوایی لە 3/نیسان/1941 شارەزایەکی ناوداری بواری جیۆگرافیایی بووە و مامۆستای زانکۆ و ئەندامی ئەکادیمیای زانستی هەنگاری و سەرۆکی رێکخراوی سکۆت بووە. ناوبراو لە خێزانێکی خانەدانی ئەلستەلەکی ترانسیلڤانیاوە هاتووە. میس بێلّ، لەبارەیەوە دەلێت: "مامۆستا بچکۆلەکە، پڕ وزە و هەمیشە چالاك -کاوەنت تەلەکیی هەنگاریی- مەترسیدار". ئەندامی لیژنەکە.

3. کۆلۆنێل ئەلبێرت پۆلس- Albert Paulis، عەقیدی خانەنشینی بەلجیکی، کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، بە کردەوە لەناو سوپایی بەلجیکادا لە ئەرکی سەربازیدا بووە. میس بێلّ لەبارەیەوە دەلێت: " سێیەمیشیان ئەلبێرت پۆلس، کە کۆلۆنێلێکی بەلجیکی بوو، لە رووی زیرەکی و نیازباشییەوە نیوەی دووانەکی ترە."

ئەم لیژنەیە بە هاوبەشی پێکەوە لە کانونی دووەمەوە، تا ئازاری 1925 بەدرێژایی هێڵی برۆکسل، تێبینی و بەدواداچوونەکانیان تۆمارکردووە، تا لە تەموزی هەمان ساڵدا راپۆرتێکیان لەو بارەیەوە پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردووە، کە تەواوی دەقەکەی لەم کتێبەدا دەخوێنیتەوە.

ئەو سێ ئەندامی لیژنەیە، کە لەسەرەوە کورتەیەکمان لەبارەیانەوە نووسیوە، بە ویژدانەوە ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ کردووە، لە زۆر شوێندا بە ئاشکرا رای تایبەتی خۆیان لە بەرژەوەندی مەسەلە راستەقینەکە دەربڕیوە. ئەوەتا دەڵێن:

**ئەگەر بەڵگەی نەتەوەیی بەتەنیا ئاماری لەسەر بکرێت، بەرئەنجامی پێویست ئەو دەوڵەتە کوردیە سەربەخۆیە دەبێت، کە دەبێ دابمەزرێت، لەبەرئەوەی کورد، پێنج بەش لە هەشت بەشی دانیشتوانەکەیە.**

هەروەها لە لایەکی تردا دەڵێن:

**کوردەکان زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن. ئەوان نەتورك و نەعەرەبن. زمانی ئاریی قسەدەکەن.**

دیسانەوە لە لای تردا لە بۆنە و هەڵوێستی جیاوازدا لیژنەکە داکۆکی لە راستی ئەو شتانە دەکەن، کە لە ناوچەکەدا روویانداوە... لە میانەی ناکۆکی نێوان کوردەکان و ئاسووریەکاندا دەڵێن:

**لە کاتی شەڕدا ئاسووریەکان زۆر ناوچەی کوردنشینیان تالآنکرد، کە ئەو کوردانەی لەو ناوچانەدا دەژیان، هەرگیز هاوبەشی ئەو دوژمنایەتییەیان نەکردبوو.**

لیژنەکە زۆر جار وەك مەرجێك لە مەرجەکان، هەڵوێستی تایبەتی خۆیان هەبووە...

**پێویستە خواستی ئەوەی لە لایەن کوردەکانەوە دەربڕاوە بە هەند وەربگیرێت، کە بەرپرسان لە نەتەوەی کورد لە کارگێڕی ولآتەکەدا دابمەزرێن، کاروباری یاسایی رێکبخرێت و پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا پەرەی پێبدرێ و زمانی کوردیش پێویستە زمانی فەرمی بێت بۆ هەموو ئەو کارگوزاریانە.**

لایەنە پەیوەندیدارەکانیش هەر یەکە لە ئاستی خۆیانەوە، زۆر جار فرمێسکی تیمساحیان بۆ هەڵڕشتووین. ئەوەتا نوێنەری حوکومەتی تورکیا، شینی و شەپۆڕێتی و پەنجە ئەکات بە چاوە شینەکانی نوێنەری بریتانیادا و دەڵێت:

**"سەرۆکی شاندی بریتانیا لە لۆزان هێمای بۆ ئەوە کرد، کە حوکومەتی خاوەن شکۆ دەخوازێ، دەبێ ئۆتۆنۆمی بدرێت بە کوردەکان. کەچی بەرێزتان مەسەلەی ئاسووریەکان دێننە پێشەوە. تۆ بەهەرحاڵ لەوانەیە رێم بدەی هێما بۆ ئەوە بکەم، کە ئەوەی ئێوە ئێستا داکۆکی لێدەکەن، بیرتان چووە، کە ئاسووریەکان کەمایەتیەکی بچووك لە موسڵدا پێکدەهێنن و ئێوەش لە بەرگریتان لە بەرژەوەندی ئەو کەمایەتیانە بە چاوێکی پڕ لە وریایی پێویستەوە ناڕواننە خواستی زووربەی زۆر- واتە تورکەکان و کوردەکان."**

ئەم هەڵوێستە مرۆییانەی حوکومەتی تورکیا، لەبەر خاتری چاوی رەشی کورد نییە، بەڵکو لە سۆزی تایبەتی خۆی بەرامبەر بە تورك، کە ناکرێت باسی کوردی لەگەڵدا نەکرێت، چونکە لە ناوچەکەدا بە ژمارە زۆرترن. هەروەها قینی ئەستوریشیان بەرامبەر مەسەلەی ئاسووریەکان، جاری وایە هەڵوێستی ئاوا ناوکداریان هەبووە. ئەوەتا جارێکی تر تورکیا شین و شەپۆڕێتی و دەڵێت:

**"نوێنەرانی تورکیا ناتوانن باوەڕبکەن، کە بگونجێت سەدان هەزار تورك و کورد لە وڵاتی دایك دابڕن، بۆ ئەوەی چەند هەزار ئاسوورییەك بخرێنە ژێر چاودێری بریتانیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەندێکیشیان ئاوارەی وڵاتی فارسن."**

کەچی بێشەرمانە لە زۆر شوێندا نەتەوەی کورد دەکاتە تورکی شاخاویی و مەسەلەکەمان دەکاتە مەسەلەیەکی ناوخۆیی.

لەم لاشەوە حوکومەتی بریتانیا داکۆکی لە مەسەلەکەمان دەکات و ئەمیش بە چەشنی حوکومەتی تورکیا هاوار و داد و بێدادیەتی و گۆرانی بە باڵای نەتەوە بەشخوراوەکاندا دەڵێت. کەچی زۆر جار بەبێ ئەوەی شەرم لە مێژوو بکات، بەرژەوەندی تایبەتی خۆی رابەریی دەکات و داوای ئەوە دەکات، کە **دوو هەزار ماڵی کوردی موسڵمان لە ناوچەی هەکاری دووربخرێنەوە، تا شوێنەکانیان ئاسووریە ئاوارەکانی باقوبەی تێدا نیشتەجێ بکرێن.**

بەڵام، لە ئەنجامدا بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان لەبارەی پرسەکەوە لە بەرژەوەندی هەر لایەك و هەر نەتەوە و دەوڵەتێکدا بووبێت، ئەوا مێژوو بڕیاری راست و دروستیی کارەکە دەدات.

کیشەکان تاووتوێ کران، راپرسی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا کرا، لە رووی جیۆگرافیا و ئەتنۆگرافیا و ئابووری و رامیاری و نەتەوایەتی و ئاینی و زۆر لایەنی ترەوە پرسەکە هەڵسەنگێنرا و مشتومڕی لەبارەوە کراوە. زۆر ئاراو بۆچوونی ورد، تەتەڵە و بێژنگ کران... سەرئەنجامەکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە 16/کانونی یەکەم/1925دا، گەیشتە دوا بڕیار.

ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان دانی نا بە هێڵی برۆکسلدا، وەك سنووری هەمیشەیی لەنێوان عێراق و تورکیادا. ویلایەتی هەکاریی، نیشتمانی لەناوچووی ئاسووریەکان، وەك ناوچەیەکی تایبەت بە تورکیاوە دەمێنێتەوە و ناوچەی موسڵیش تەواوکەری باکووری عێراق دەبێت، کە لەژێر دەستەڵاتی بریتانیادایە.

ئیدی لە 5/حوزەیران/1926دا، بریتانیا و عێراق و تورکیا پەیمانێکی سێ قۆڵییان لەبارەی موسڵەوە لە ئەنکەرە مۆرکرد.

تورکیا رازی بوو، کە هێڵی برۆکسل بە فەرمی سنووری دەوڵەتی عێراق بێت. بەندی چواردەیەمی رێکەوتنی موسڵ دەڵێت، عێراق لە سەدا دەی (10)ی داهاتی نەوتەکەی بۆ ماوەی بیستوپێنج ساڵ دەدات بە کۆماری تورکیا. لە میانەی ناوبژیکردنی کۆمەڵەی نەتەوەکانیشەوە، ئەو مەسەلەیەی پەیوەندە بە نەوتی موسڵەوە هەروەها چارەسەرکرا: لە سەدا 52.5 لە پشکی کۆمپانیای نەوتی عێراق بۆ بریتانیایە، کۆمپانیای نەوتی فرەنسا و ئەمریکاش هەر یەکەی لە سەدا 21.5 وەردەگرن. هەروەها لە سەدا پێنجەکەی، کە ماوەتەوە دەدرێت بە (کالۆست گولبەنکیان- *Calouste Gulbenkian*)، ئەو بازرگانە ئەرمەنییەی، کە ئەرکی ناوبژیوانی کێشاوە لە مامەڵەکەدا.

ئیدی کورد، وەك نەتەوە، ئەرمەن و ئاسووری، مەسیحی و یەزیدیەکان، کۆچەری و نیشتەجێ، رەسەن و نارەسەن، هیچ یەکێ لەمانە هاوکێشەکەیان پێ راستناکرێتەوە و هیچ لایەکیش لە لایەنە پەیوەندارەکان گوێیان نەداوە بە هەست و سۆزی نەتەوایەتی و نیشتمانی و ئاینی و مرۆڤایەتی.

**بەڵێ، هەر قسەی رووتە و قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە.**

لێرەدا من نامەوێ کورتەیەکی چڕ و پڕی پرسەکە لەم پێشەکیە کورتەدا دەربڕم، لە راستیدا تەنیا دەمەوێ تۆی خوێنەر هان بدەم، کە گەشتێ بکات بە بابەتەکانی ناو ئەم کتێبەدا، تا بزانێ لیژنەکە چەندە دڵسۆز بوون بەرامبەر ئەرکەکەی سەر شانیان و لەو سەردەمەدا چەندە کارا و لێهاتووبوون لە سازدان و جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانیاندا.

من بەش بە حاڵی خۆم تەمەننای ئەوە دەکەم لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا کەسانی ئاوا کارامە و دڵسۆز بۆ کارەکانیان لە کاردا بوونایە و هەر هیچ نەبێت ئەندامانی ئەو لیژنانە بوونایە، کە ئەمڕۆ بە شێوەیەك لە شێوەکان سەرقاڵی کاروباری سیاسەتمەدارین. هەر یەکە لە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش چۆن لە مامەڵەی بێویژدانانەدا تای تەرازووەکەیان بەلای خۆیاندا سەنگین دەکرد. دەیان نەتەوە و ئاین و خێڵ و تیرە و هۆزیان دەبەخشی بە یەك، تا هامبەرییەك لە کێشەکەدا بە ئەنجام بێت.

مینە/ سلێمانی
20012/3/1

## بەشی یەکەم

## را پۆرتێك لەبارەی كاروباری لیژنەكەوە

ئەنجومەنی كۆمەڵەی نەتەوەكان، لە میانەی وەرزی سێیەمیدا لەو كۆبوونەوەیەدا لە رۆژی سێ شەممە، 30/سێبتەمبەر/1924 لە جنێف سازكرا، كە زیاتر تایبەت بوو بە كێشەی سنووری عێراقەوە. بڕیاری دا لیژنەیەكی تایبەت لە سێ ئەندام پێكبهێنێت، "بە مەبەستی كۆكردنەوەی راستییەكان و ئەو داتایانەی، كە پێویستە بۆ جێبەجێكردنی كارەكە بە پێی بەندی دووەمی مادەی سێی پەیمانی لۆزان" لەژێر فەرمانەكانی بڕیارەكەدا ئەركی لیژنەكە بەم شێوەیەیە:

"...هەموو ئەو زانیاری و پێشنیارانە دەخاتە بەردەم ئەنجومەن، كە لەوانەیە پەیوەست بێت بۆ یارمەتیدانی گەیشتن بە بڕیار. پێویستە نرخی تایبەت بۆ ئەو بەڵگەنامە و بیروبۆچوونانە دابنرێ، كە لەلایەن لایەنە پەیوەستدارەكانەوە پێشان دەدرێن و دەخرێنەڕوو، هەروەها پەیوەندە بە كاروبارەكەوە، یان بە گوێرەی ناوەرۆكی مەسەلەكەوە گرنگە. هەموو ئەو پەیوەندیانەیان پێدەگات، كە لایەنەكان هیواخوازن پێی بگەن. دەبێ دەستبەجێ بەدواداچوون لە ناوچەی ناكۆكیەكەدا دەست پێبكرێت، لەم بارودۆخەدا دەتوانرێ كەڵك لە كارگوزاریی راوێژكاران وەربگیرێت، كە لەلایەن هەردوو حوكومەتی ناوبراوەوە دیاریكراون.

لیژنەكەش دەبێ پلانێك بۆ خۆی دابنێت، كە لە كاروباریدا پەیڕەویی بكات. ئەنجومەن فەرمانی دا، كە سەرۆك و تۆماركەری كێشەكە، ئەندامانی لیژنەكە بە كۆی دەنگ دیاری بكەن.

سەرۆكی ئەنجومەن و تۆماركەری كێشەكە، (كاونت تەلەكی- *Count Teleki* )ی سەرۆك وەزیرانی پێشوی هەنگاریا و میسیۆ ئەف.ویرسن- E. AF Wirsen وەزیری دەستەڵاتداری بێ سنووری سوێدی و (كۆلۆنێل ئەی. پۆڵس- A. Paulis)ی بەلجیكییان

راسپارد، کە ئەم کارە جێبەجێ بکەن. ئەوانیش پەسەندیان کرد و لە 13/ تشرینی دووەم/1924دا، بۆ پێکهێنانی ئەم لیژنەیە لە جنێف کۆبوونەوە.



**لەلای راستەوە 1- کاونت تەلەکی، 2- میسیۆ ئەف.ویرسن، 3- کۆلۆنێل پۆلس**

# کورتەیەك لە چالاکیەکانی لیژنەکە

لیژنەکە دەستبەجێ ئەو بەڵگە و زانیارانـەی لای خـۆی کـۆکردەوە، کـە سـکرتارێتی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەبارەی هێڵی سنووری نێوان عێراق و تورکیاوە ئامادەی کردبوو. دوای توێژینەوە لـە وردەکاریـەکانی کۆنفرانسـی لـۆزان و وردەکـاریی دانیشـتنەکانی ئەنجومەن و یاداشتەکانی حوکومەتەکانی بریتانیا و تورکیـا، لیژنەکـە هێڵـی گشـتی پلانی کارکردنی خۆی دانا. تەواو گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێ بچنە ئەو شوێنەی کێشەکەی لەسەرە، تا لە ناوەوە بەدواداچوون بکرێت و زانیاری پێویست کۆبکرێتـەوە. بڕیاری دا، کە پێویستە بچێتە ناو وردەکاری هەندێ مەسەلەی تایبەتەوە، بـۆ ئـەوەی زانیاری و بەڵگەی راستەوخۆ لە هەردوو حوکومەتە پەیوەستدارەکەوە بەدەست بهێنێت. بەو پێیە، بەر لە هەموو شت، بڕیاری دا لە لەندەن و ئەنکەرە پەیوەندی تایبەت لەگەڵ هەردوو حوکومەتی ناوبراو بکەن. هەروەها لە جنێفـەوە پرسـیارنامەیەك نێـردرا بـۆ هەردوو حوکومەت، لە پێناوی ئەوەی لیژنەکە کاتێ دەگەنە لەنـدەن و ئەنکـەرە، بـێ کات بە فیڕۆدان هەموو زانیارییەکی تەواویان پێگەیشـتبێت، کـە بـەر لـە دەسـت پێکردن پێویستە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەدا لەسەر شیکردنەوەی بارودۆخەکە.

پێش دەرچوونیان لە جنێف، بڕیار وابوو، کە میسیۆ ئەف.ویرسـن- *E. AF WIRSEN* هەڵبژێرێت بە سەرۆکی لیژنەکە. کاتێ لیژنەکـە گەیشـتنە لەنـدەن، لەلایـەن وەزیـری دەوڵەت بـۆ کاروبـاری دەرەوە و وەزیـری موسـتەعمەراتەوە پێشـوازی کـران، چـەند کۆبوونەوە و چـاوپێکەوتن سـازکرا، شـارەزایانی ئـەو دوو وەزارەتـەی تێـدابوو، کـە ئامادەبوون. لەو کۆبوونەوەیەی، کە لە 25/تشرینی دووەمدا کرا، میستەر دەیڤدسن- *Mr. Davidson* لە نووسـینگەی موسـتەعمەراتەوە، بـەخێرهاتنی لیژنەکـەی کـرد و خۆشحاڵی حوکومەتەکەی دەربڕی دەربارەی ئەوەی ئەنجومەن ئەوە بە باشتر دادەنێ، کە لیژنەیەك دابنێ بۆ کاروباری کێشەکە، وەك لەوەی راپرسی بکات. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تێبینی و بۆچوونەش، بۆچوونی لیژنەکە دەستبەجێ هێماکردن و ئامۆژگاری ئەوەیە، کە

ئەنجومەن هەرچەندە کاروباری لیژنەکەی سنووردار نەکردووە، کەواتە ئـەو سەربەستە لەوەی، کە پێشنیاری راپرسی بۆ ئەنجومەن بکات، یـان هـەر جـۆرە رێگەیـەکی تـر بگرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی کارەکە بەو شێوەیەی، کە خۆی بە باشی دەزانێت.

میستەر دەیڤدسن- *Mr. Davidson*، سوپاسی لیژنەکەی کرد بۆ ئەو روونکردنەوەیە و ئەوەشی ئاشکراکرد، کە حوکومەتی بریتانیا نیازی وایە پێشنیارێك لە دیدی خۆیـەوە لەبارەی گرانی راپرسی گشتییەوە بنێرێت.

لەم کۆبوونەوەیە و کۆبوونەوەکانی دواتریشدا، خاڵە جیاوازەکانی، کە لەلایەن لیژنەکەوە خرانە روو لە پرسنامەیەکدا بۆ حوکومەتی بریتانیا وردەکاری تیاکراوە.

لەکۆتاییدا، بە یەکگرتن لەگەڵ بڕیارێك، کە لەم دواییەدا گەیشـتە جنێـف، لیژنەکـە داوای لــە حوکومــەتی بریتانیــا کــرد بــۆ دیــاریکردنی راوێــژکار بــۆ هاوڕێیــەتی و یارمەتیدانیان لە راپەڕاندنی کاروبارەکاندا، ببەتایبەتی لەو شوێنانەی ناکۆکی لەسەرە.

ئیدی لیژنەکە لە کۆتایی ئەوساڵەدا، لە 3/ کانونی دووەم، شاری ئەستەنبوڵی بـەرەو ئەنکەرە بەجێهێشت.

لە کاتی بیروڕا گۆڕینەوەدا لە نێوان لیژنەکە و نوێنەرانی کۆماری تورکیا، کارەساتێکی هاوشێوەی ئەوەی لەندەن روویدا، ئەوەی پێشاندا، کە پێویستە باسی لێوە بکرێت، بێ ئەوەی بۆشاییەك بۆ گومان جێبهێڵرێ. سروشتی دەستەڵاتەکانی لیژنەکە، سەربەسـتی تەواوی هەیە بۆ هەڵبژاردن لە نێوان پێشنیارەکانی بریتانیا و تورکیا، وەك پەیڕەوییەك دوای بکەون و نەخشە بۆ ئەوە دابنرێ، کە پەیوەندی بە مەسەلە سەرەکییەکەوە هەیە، هەر هێڵێك، کە بۆ سنوور بە کەڵك بێت، بە مەرجێ ئەو هێڵـە هەمیشـە کەوتبێتـە نێوان دوورترین سنوور، کە لەلایەن هەردوو حوکومەتەکەوە داواکراوە.

دەبێ تێبنی ئەوەش بکرێت، لەو نامە درێژەدا وەڵامـی ئــەوە بــۆ پرســنامەی جنێــف دراوەتەوە، حوکومەتی تورکیا دوای کورتکردنەوەی بەڵگە سەرەکیەکان، کە پشتگیری لە دیدی ئەو دەکرد، ئەم لێوردبوونەوانەی لای خوارەوەی بڵاوکردەوە:

حوكومەتەكەمان ڕەزامەندە...، كە ڕاپرسیی گشتی دەبێ هۆكارێكی پێویست بێت لە چارەسەركردنی كێشەكاندا و هیـواداره، كـە لیژنەكـە خواسـتی زیـاتر سـوور بـوونی حوكومەت و گەلی تورك بە هەند وەربگرێت، كـە چارەسـەر لـە ئـازادیی خواسـت و ڕادەربڕینی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵدایە.

لەو كاتەوەی كۆمەڵەی نەتەوەكان دامەزراوە، بۆ یەكەم جارە، ناكۆكی گەورە و گرنگ لە نێوان هێزێكی مەزنی ڕۆژئاوایی و هێزێكی ڕۆژهەڵاتی نزیك لـەبارەی چارەنووسـی كۆتایی بۆ خەڵكانی ڕۆژهەڵات بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نەتەوەكانـەوە. هەسـتەكانی خواستی چاك و بـڕوای بەرامبـەر لـە نێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا و بـڕوای مرۆڤـە ڕۆژهەڵاتییەكان لە چەرخی نوێدا بۆ هەر كۆمەڵەیەكی نەتەوەیی ڕادەوەستێت، هەروەها بەشـێوەیەكی زۆر گـەورە بڕوایـان بـە چارەسـەری لیژنەكـەی ئێـوە هەیـە، كـە دوای بەدواداچوونێكی هەمەلایەنە لە كێشەكە، جاڕی بۆ دەدات.

حوكومەتی كۆماریی بڕوای وایە، كە لیژنەكەتان بەڕاستی مەبەستییەتی هاوبەشیی لە دروستكردنی بڕوا و متمانەیەكی دوولایەنە لەنێوان ئەم دوو بەشەی جیهاندا بكـات.، كە لەوانەیە ئەنجامێكی زۆر باشی هەبێت. هەروەها تەمـەننای سـەركەوتنی دادوەری دەكەن بە پشتگیری ئەوەی، كە ئەنجومەن دەبێ ڕێی ئەوە بدات دانیشتوانی ویلایـەتی موسڵ بە ئازادی بڕیاری مافی چارەی خۆنوسینی بدات.

دوای وتووێژێكی دوورودرێژ، لیژنەكە سەركەوتو بوو لە بەدەسـت هێنـانی ڕەزامەنـدی حوكومەتی توركیا بۆ پەسەند كردنی بۆچوونەكانی لیژنەكە.

هەروەها لیژنەكە حوكومەتی ئەنكەرەی ئاگاداركرد، كە تەواو باش بێت لە دیاریكردنی دەستی یارمەتی لە كاروبار و بەدواداچوونەكانیدا. ماوەیەكی كورت بەر لە دەرچوونی، لیژنەكە، زانییـان، كـە ڕاوێژكارەكـە جـەرەناڵ (جـەواد پاشـا)ی پشـكێنەری گشـتی هێزەكانی ناوچەی دیاربەكرە. هەروەها هاوكاریی دەكرێت بە یارمـەتی شـارەزایان لـە ئەركەكەیدا. ئیدی لیژنەكە چوو بۆ (كۆنی)، كە شەرەفمەند دەبێت بە دیداری ئێچ. ئی. مستەفا كەمال پاشا غازی، سەرۆكی كۆماری توركیا. بە دیمەشق و سەحرای سووریادا

لیژنەکە بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ، کە ڕۆژی هەینی، 16/ کانونی دووەم/1925 گەیشتە جێ.

لیژنەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك مانەوە و میوانداریان لە بەغدادا پەسەند کرد.، کە لە ڕاستیدا شایانی ئەوە بوو بمێننەوە، چونکە پەیوەندی هەبوو بە کۆکردنەوەی زانیاریەکان لەبارەی پەیوەندی ئابوورییەوە لەوێ ، کە لەنێوان ویلایەتەکانی پێشوی بەغدا و موسڵدا هەبووە و بۆ لێکۆڵینەوەی شێوازی کارگێڕی و بارودۆخی سیاسی دەوڵەتی نوێ.

ئەندامانی لیژنەکە میوانی (سێر هێنری دۆبس- *Sir Henry Dobbs*)ی مەندوبی سامی بریتانیا بوون، هەروەها ڕاوێژکاری تورکیاش بانگهێشت کرابوو، کە لای ئەوان بمێنێتەوە، بەڵام شارەزا تورکەکانی تر لە بەشێکی تری شارەکەدا نیشتەجێ کرابوون.

مەندوبی سامی، (میستەر جاردین- *Mr. Jardine* )ی پێناساندن، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە وەك ڕاوێژکاری لیژنەکە دانراوە. (میستەر جاردین- *Mr. Jardine*) بە هاوڕێیەتی (سەبیح بەگ) ی وەزیری پێشوی کاروباری گشتیی کۆمار وەك نوێنەری حوکومەتی عێراق، ئامادەبوون.

دوای گەیشتنی لیژنەکە بە ڕۆژێك، لەلایەن مەندوبی سامییەوە ناساندنی بە خاوەن شکۆ مەلیك فەیسەڵ و پێشوازی لێکردن و بۆچوونەکانی خۆی و حوکومەتەکەی لەبارەی کێشەی سنووری وڵاتەکەیەوە بۆ شیکردنەوە. خاوەن شکۆ بە فەرمی دەقی وتەکەی و بەخێرهاتنەکەی و نووسینی یاداشتەکانی بۆ ناردن.

لەو بەڵگەنامەیەدا دوای پێشاندانی ڕەوایی داواکاریەکانی عێراق، هێما بە شارستانیەتی کۆنی گەلی عەرەب و مەزنی و گەورەیی پێشوی شاری خەلیفە کراوە، کە ناوەندی شارستانیەکی ناودار بووە. هەروەها کورتەیەکی لەبارەی مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی عەرەب باسکردووە و ئەوەی پێشانداوە، کە چەندە عەرەب هەلی چاکی لە بەرژەوەندی خۆی لە دەست داوە، کە بەڵێنی پێیدراوە بە جەنگی جیهانی بۆ پەیوەندی کردن بە هاوپەیمانانەوە و وەدەرنانی داگیرکەران.

ئەوەی پێشـان دا، کـە چـۆن تورکـەکان دوای مـۆرکردنی پـەیمانی شـەڕ وەسـتان لـە سنوورەکانی باکوری عێراق کشانەوە و ئیشـوکاری سـەربازی بریتانیـا لـە هـەر سـێ ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا و موسڵ دامەزرێنرا. دوای ئەو داگیرکردنە بە ماوەیەکی کورت، حوکومەتی بریتانیا پەیوەندی کرد بە پەرلەمانەوە تا ئاگاداری بکات بـەوەی، کە لەسەر بەڵێنەکەی خۆی مـاوە، کـە داویـەتی بـە گـەلی عـەرەب و دامەزرانـدنی حوکومەتێکی نیشتمانیی لە عێراقدا. ئەو حوکومەتەی، کە ئێسـتا چـوار سـاڵە لـە ئارادایە، هەروەها بەرەوپێشچوونی رەچاوکراوی، رێی داوە بە حوکومەتی بریتانیا، کە ئینتداب بگۆڕێت بە پەیمانێکی هاوپەیمانی، ئەی نوێنەری بریتانیا ئەوەی بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان رانەگەیاند، کە بەم زووانە عێراق دەتوانێت خۆی بەڕێوەبـەرێت و داوای چوونە ناو کۆمەڵەی نەتەوەکان بکات؟ ئـەو دڵنیـا بـوو لـەوەی، کـە لیژنەکـە جیاوازییەکانی نێوان بارودۆخی ئێستا و ئـەو کاتـەی لـە ژێـر رکێفـی تورکـدا بـووە دەبینێت. مەملەکەتەکەی لەسەر بناغەی دادوەری و یەکسانی سیڤیڵ و ئـاینی بـە هەموو لایەنەکانەوە بنیات نراوە، تـەنیا ئـارەزووی ئەوەیـە، کـە بـە ئاشـتی بـژی و هەرکاتێ ئەو سنوورانە بدرێتەوە بە عێراق، ئەوە ئارامی وڵات دابین دەکات بۆ ئـەوەی هەموو توانای لاوێتی خۆی بخاتە گەڕ بۆ بەرەوپێشبردنی سەرچاوە سروشتیەکان.

لەو بارەیەوە هێمای کرد بە پڕۆژەی ئاودێری دەشتی دیالە و فورات- نەخشەسازی، کە رێگە لەبەردەم سی 30 ملیۆن هێکتار زەویدا بۆ کشتوکاڵ دەکاتەوە. هەروەها هێڵـی ئاسن لە بەغداوە بۆ موسڵ بە رێگای کفری و کەرکوکدا، کە پڕۆژەیەکە و لە کۆتـایی جێبەجێکردندایە. لە کۆتاییدا، حوکومەتەکەی لە دوا هەنگاوی کـۆنتراکی ئەوەدایـە، کە دڵنیابێت لە دابینکردنی بیرە نەوتەکانی عێراق.

گەڕانـەوەی بـۆ پەیوەندیـەکانی داهـاتوی عێـراق لەگـەڵ تورکیـا، رایگەیانـد، کـە میللەتەکەی بە هەستێکی دۆستانەوە بەرەو دراوسێکانی دەچێت. وتی، ئێمە رێـز لـە نەتەوەی تورك دەگرین و تەمـەننای هـەموو پێشـکەوتنێکیان بـۆ دەخـوازین. ئێمـە خۆمان، بە هەر حاڵ، دەمانەوێ لە ئاشتی و ئاسایشدا بژین، تا بتوانین کاربکـەین لـە

بەرەوپێشبردنی سەرچاوەکانمان لە پێناوی خزمەتی گشتیی مرۆڤایەتیدا، بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە دەبێ وڵاتەکەمان بە تەواوی بێکێشە بێت و ئێمەش پێویستە سنوورێکمان هەبێت، کە بمانپارێزێت لە هەموو دوژمنایەتییەك. ئەوەش بۆ ئێمە مەسەلەی ژیان و مردنە.
ئەو دڵنیا بوو، کاتێ، کە لیژنەکە کێشەکەی لە هەموو لایەکەوە شیکردەوە، نەتەوایەتی، جیۆگرافی، ئابووری و ستراتیجی، بەوەش دەگاتە ئەو بەرئەنجامەی، کە بێبەشکردنی عێراق لە سنووری سروشتی خۆی، چەپۆکێکی کوشندەیە لە چارەنووسی وڵاتەکە.

**تێبینیەکان وەك ئەمانەی لای خوارەوە بەرئەنجام هات:**
" هێنانە کایە و دامەزراندنی حوکومەتێکی هەمیشەیی لە عێراق پشت بە پاراستنی بارودۆخی ئێستا دەبەستێت، هەرچۆن من ژیانی حوکومەتی بەغدا و هەردوو لایەنی ستراتیجی و ئابووری بە مەحاڵ دادەنێم، ئەگەر موسڵی لێ جیاکرابێتەوە و خرابێتە سەر حوکومەتێکی تر. هەرگیز ژیانێکی راستەقینە بۆ گەلی عێراق بەبێ موسڵ ناخوازرێ. چی لەوە زیاتر، بەڵگە سەلمێندراوەکانم و تاقیکردنەوە ئەوەزدارەکانم، بنەچەی گیانی تورك، هەروەها چاوچنۆکی میژوویبان بۆ فراوانکردنی دەستەڵات و داگیرکردن و گوێ نەدان بە هێڵی سنووری وڵاتێکی تر، بۆ پاراستنی مانی وڵاتەکەم وام لێدەکەن بە راشکاوی بڵێم: بەبێ دروستکردنی هێزی سەربازی هەمیشەیی، مەحاڵە لە کاتی ئاسایشدا پارێزگاری ناوخۆ بکرێ، کە ئەوەش لە توانا و دەستەڵاتی عێراقدا نیە، نە لە ئێستا و نە لە داهاتوشدا. بەو شێوەیە، من لەو بڕوایەدا نیم هیچ سەرمایەدارێك بێت، سەرمایەکەی لە عێراقدا بخاتە گەر، کاتێ سەرمایەدارانی بیانی ئەوە بزانن، کە وڵاتەکە هەمیشە دوچاری مەترسی و ئاژاوە و داگیرکردن دەبێتەوە. بۆیە من موسڵ بۆ عێراق وەك سەر دادەنێم بۆ هەموو لەشەکە و ئەوەش بۆچوونی چەسپاوی منە، لەگەڵ

ئەوەشدا پرسی دیاریکردنی تاکە سنوورێکی نێوان عێراق و تورکیا، ئەوە بــە لایــەنی کەمەوە و لە راستیشدا ئەوە کێشەی هەموو عێراقە بەگشتی.

ئیدی بەپێی ئەوە، خۆشگوزەرانی یان کوێرەوەریی ژیانی چوار ملیۆن مرۆڤ بابەتێکە و لە دەستی ئەنــدامانی لیژنــە پایەدارەکەتاندایــە، ئەگــەر لەبــەر هــەر هۆیــەك لیژنــە پێشنیاری گۆڕان و چاکردنی سنووری ئێستای عێراق بۆ ئەنجومەنی نەتەوەکان بکــات، ئەوە پێویستە لە هەمان کاتدا داوای پایە و ئاستێکی نوێ لە کۆمەڵە بۆ عێراق بکات لەناو کۆمەڵەکەیدا و ئەوانیش بەرپرس دەبن لە چارەنووسی ئەو خەڵکە".

لیژنەکەش لــە هــەمان رۆژدا کۆبوونەوەیــەکی لــە شــوێنی نیشــتەجێ بوونیــان و بــە ئامــادەبوونی مەنــدوبی ســامی ســازکرد. لــەو دانیشــتنەدا کارەســاتێك روویــدا، کاردانەوەکەی بووە هۆی دواکەوتنی کارەکە بۆ ماوەی دوو هەفتە. سێر هێنری دۆبس- *Sir Henry Dobbs* وتی: لەبەر ئەوەی لەنێو راوێژکارانی تورکیــادا دوو کــەس هــەن، **نەزمی بەگ و فەتاح بەگ**، هەرچەندە، کە هاوولاتی عێراقین، کەچی سەرقاڵی کاروباری بازرگانی، رابەریی کردون، کە دژی ولاتەکەی خۆیان کاربکەن. ئەو دوو کەسە، لەلایەن یەکێکەوە فەرمانی گرتنیان دەرکرابوو، ئەوانیش ناچــار بــوون لــە ولاتەکــە هــەڵبێن، ئێستاش ئەوە لە بەرژەوەندی ئەوانە، کــە لــەژێر پــەردەی سیاســەتمەداردا بچــنە نــاو لیژنەکەوە تا بگەڕێنەوە بۆ عێراق و خەریکی گێرەشێوێنی بن لــە پێنــاوی تێکــدانی باری ئاشتی و ئاسایشدا.

ئەم مەترسیەی، کە کاتی خۆی گەورەبوو، لەم کاتەدا لایەنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، کە لەم بارودۆخەی ئێستادا خرۆشاون، لەوانەیە بە ئاسانی لێی تێبگەن، دەبێ ئەو دوو شارەزایە بانگ بکرێت و لێیان بکۆڵرێتەوە.

ئەندامانی لیژنەکە نەیانتوانی هاوبەشی بۆچوونەکانی سێر هێنری دۆبس- *Sir Henry Dobbs* بکەن، بەڵام دەبووایە حوکومەتی تورکیا کەسانێك یان راوێژکارانێکی دابنایە، کە لەبەر دیدی دەسەڵاتی عێراقدا ئامادەبوونیان ستەم نەبووایە، تا کاروباری لیژنەکەی گرانتر نەکردایە، لیژنەکە هێمای بــۆ ئــەوە کــرد، کــە ئــەو دوو راوێــژکارە لــە کــاتی

کێشەکەدا هاوولاتی ویلایەتی موسڵ بوون، نابێ وەك بابەتێکی عێراقی دابنرێت تا کێشەی سنوور چارەسەر دەکرێت.

لیژنەکە دەربارەی ئەم روداوی راوژکارە تورکانە سەری سوڕما و حوکومەتی تورکیای ئاگادارکردەوە. بەهەرحاڵ، بەهۆی ئەوەی لە سەرەوە باسی لێوەکرا، بڕیاریان دا هیچ گوشارێك نەخرێتە سەر جەواد پاشا لەگەڵ بەردیدی لێپرسینەوە لەم راوێژکارانە.

لەم کاتەدا، راوێژکاری تورك لیژنەکەی ئاگادار کرد، کە راوێژکاران و ئەفسەرانی هاوەڵیان خراونەتە سەربازگەیەکەوە و لەژێر چاودێریدان. لیژنەکەش بە پەلە ئەم هەڵوێستەی مەندوبی سامی رەتکردەوە و ووتی، کە ئەم جۆرە کردەوانە ناڕەوایە.

لیژنەکە هەستی کرد، کە ئەرکی سەرشانیەتی بگاتە خاڵی مەبەست و تێبینی ئەوەی کرد، کە وەفدی تورك چەند کیلۆمەترێك لە دەرەوەی شارەکە لە سەربازگەیەکدان، کە بە تەلی دڕکاوی دەوری گیراوە. لە ئەنجامی چالاکی تەواوی لیژنەکە و رەخنەگرتن لە مەندوبی سامی، سەرکەوتو بوون لەوەی، کە راوێژکارانی تورك لە ژوورێکی نزیك خۆیانەوە نیشتەجێ بکەن. لە لایەکی ترەوە سێر هێنری دۆبس- *Sir Henry Dobbs* دڵنیای کردن لەوەی، کە راوژکارانی تورك ناچنە ناو شارەکەوە.

لیژنەکە هەستی کرد، کە ئەمە شێوەیەکی پەسەندە بەهۆی مەرجە تایبەتیەکان، کە لە شاری بەغدادا هەیە، بەڵام ئەوەی راگەیاند، کاتێ دەگەنە ناوچەی کێشەکە دەبێ سەربەستی تەواو هەبێت بۆ وەفدی تورکیا تا بە خواستی خۆیان بگەڕێن.

قۆناغی یەکەمی ئەم رووداوە لە بەغدا بە ناردنی ئەم تێبینییەی لای خوارەوە بۆ مەندوبی سامی بریتانیا و راوێژکاری تورکیا کۆتایی هات:

بۆ وەڵامی مەندوبی سامی پایەبەرز و ئەو رەخنانەی لەلایەن جەنەراڵ جەواد پاشای پایەدارەوە گیراوە و پێشنیاری ئەم تێبینیانەی لای خوارەوە بۆ لیژنەکە دەکات:

1. لیژنەکە دووبارە داخی خۆی دەربڕی، کە دەبوو حوکومەتی کۆماری تورکیا راوێژکارانێکی بناردایە، کە شیاوی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوونایە و بەهۆی چالاکی سیاسیانەی ئەم دواییەیانەوە نەبوونایەتە کۆسپ لە رێگەی

کارکردندا، بە لایەنی کەمەوە ڕێز لەوە بگیرایە، کە کارێکی تەواو ورد و گرنگە. لە راستیدا ئەو دوو بەڕێزەی لە کۆنفرانسی ئەستەنبوڵدا ناویان بەیانکرا، کە لەوانەبوو تەنگوچەڵەمەیەك بەرپا بکەن و ببنە کۆسپ لە ڕێی کاروباری لیژنەکەدا.

2. بڕیارەکانی لیژنەکە ئەوەیە، تا لە دەرەوەی ناوچەی مشتومڕەکە بێت، ناتوانێت بەرپەرچی ئەو شتانە بداتەوە، کە حوکومەت بەرپرسیارە لە دەستووری گشتی بۆ وڵاتەکە، کە ناچارە بەکاری بهێنێت لە پێناوی سەلامەتی راوێژکاران و تیمی شارەزایانی سەر بە تورکیا.

3. بڕیارەکانی لیژنەکە، بە هەرحاڵ، ئەوەیە، کاتێ، کە لە موسڵدا بێت یان لە هەر ناوچەیەکی تر، کە مشتومڕی لە سەرە، راوێژکارە تورکەکان دەبێ تەواوی سەربەستییان هەبێت، لەبەر ئەوەی بتوانن باشترین یارمەتی پێشکەش بکەن، چونکە ئەوان لەو بڕوایەدان باشترین مشتومڕ لەلایەن حوکومەتەکەیانەوە خراوەتە بەردەم لیژنەکە. لە کۆتاییدا ئەو دەبێ توانای کەڵك گەیاندنی هەبێت و بە سەربەستی و لە هەموو کاتێکدا لە یارمەتیدانی شارەزاکانی و ئەو کەسانەی، کە ئەو لەو بڕوایەدایە بۆ ئەو کارە گونجاون. ئاشکرایە ئەوە ئەگەر ئەو مەرجانە بێت، کە دەبێ وابەستەی بن، دەبێ شارەزایان سەربەستی تەواوی هەڵسوکەوتیان هەبێت. هەروەها دوای راوێژکردن بە جەرەناڵ جەواد پاشا، لیژنەکە مافی خۆی دەپارێزێ لە گەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوخۆ لە بارەی کاروباری دابینکردنی سەلامەتی ئەو کەسانەی لەگەڵیاندان.

لە کاتی مانەوەی لیژنەکە لە بەغدا، کە میوانی حوکومەتی عێراق بوون، سەردانی ژمارەیەك لە وەزارەتەکانیان کرد، قوتابخانە سەربازیەکان و نەخۆشخانە و دەزگا پەروەردەیی و کشتوکاڵییەکان و نوێنەرایەتی هەمەچەشنەیان پێگەیشت. هەروەها سەردانی بازاڕەکان، مەخزەنی داروتەختە و عەماری دانەوێڵە لە

ناوەندەکانی بازرگانیی شارەکە، تا پوختەیەکیان بەرچاو بکەوێت لە بازرگانی نێوان بەغدا و دەوروبەری و ناوچەی باکووری.

هەوڵی بەدەستهێنانی بەڵگەی راستەوخۆیان دەدا لە بارەی ئابوورییەوە بۆ ویلایەتەکانی پێشوی موسڵ و بەغدا. لێکۆڵینەوەیان بە وردی لەبارەی سەرژمێرییەوە کرد لەگەڵ کەمێ گوێ پێدانیدا، گەڕان بە دوای راپۆرتەکانی قونسوڵییەتی بەر لە جەنگ و بەم شێوەیە زانیارییەکانیان لەبارەی بارودۆخی ئابووریی وڵاتەکەوە کۆکردۆتەوە.

لیژنەکە بە هێڵی شەمەندەفەری شەرگات چوون بۆ موسڵ، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە تەنیشت جەبەل حەمریندا دەکشێت، ئەو سنوورەی لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە پێشنیار کراوە.

لیژنەکە پاش نیوەڕۆی رۆژی 27/ کانونی دووەم، گەیشتە موسڵ و لە کۆشکێکی گەورەی نزیك ناوشار بڕیار لە نیشتەجێکردنیان درا، کە وەك شوێنی دانیشتنی مەلیك فەیسەڵ بەکار دەهێنرا، کاتێ لەو ناوەدا دەمایەوە.

دوای گەیشتنی بە پەلە، کارەساتێکی دڵتەنگتر روویدا. ئەو کارەساتەش پەیوەندیدار بوو بە (کاونت تەلەکی- Count Teleki)ەوە، کە کورتەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

" لە 27/ کانونی دووەم، ئەو رۆژەی، کە لیژنەکە گەیشتە موسڵ، منیش بە هاوڕێیەتی (م. رۆدۆلۆ- *M. Roddolo* و م. چاریرە- *M. Charrere*) چووین تا پیاسەیەك بەناو شارەکەدا بکەین. بەڵام خەریك بوو لەماڵەوە دەردەچووین، جەنەراڵ جەواد پاشامان بە جلوبەرگی فەرمییەوە بینی و داوای کرد، کە بچین بۆ لای، منیش بە ئاسانی داواکەیم پەسەند کرد، چونکە حەزم دەکرد بزانم کاردانەوەی جلوبەرگی فەرمی چییە لەسەر دید و تێڕوانینی خەڵکی دانیشتوان. خەریك بوو دەگەیشتینە سەر شەقامەکە و هێشتا پۆلیس دوامان نەکەوتبوون، نزیکەی 30 کەسێك، کە من بە عەرەبم دەزانین، دەوریان گرتین. دەستی پاشایان

ماچ کردو هاواریان دەکرد و دەیانوت (بژی تورکیا). ئەو خەڵکەی دوامان کەوتبوون، بەرەبەرە زیادی دەکرد و گەیشتنە نزیکەی 200 کەسێك و هات و هاواریش تا دەهات زیادی دەکرد، بەڵام ئێمە بە لای سەربازگەکەدا تێدەپەڕین و چەند ئەفسەرێکی پۆلیس هاتنە ناوەوە و هەوڵیان دا خەڵکەکە بڵاوە پێبکەن".

کە گەیشتینە بازاڕ، سێ ئەفسەری پۆلیس هاتنە ناومانەوە، یەکێکیان ئینگلیز بوو. ئەو قەرەباڵغییەی بە دەورمانەوە بوون، لە بازارەکەدا زۆر زیاتر بوو. پاشا بوو بە بابەتی پێشوازییەکی گەرم و دەربڕینی سۆز. قەرەباڵغییەکە کەسانی جیاوازی تێکەوت، خەڵکانی زۆر بەرێز، هەروەها هەژار و سواڵکەر و ژمارەیەکی زۆر منداڵ. سەرلەنوێ ئەفسەرەکانی پۆلیس هەوڵیان دا خەڵکەکە بڵاوە پێبکەن، کە مڵکەچی فەرمانیان بوون. ئێمەش تێبینی ئەوەمان دەکرد، کە پۆلیس لە دوامانەوە دارەکانی دەستیان بەکاردەهێنن و یەکێکیان هێرشی کردە سەر پیاوێکی کامڵ، کە پەنای بردە بەر دوکانێك، لەبەر چاوی ئێمە بە توندی پەلاماری دا، هەستم کرد، کە دەبێ بکەومە بەینەوە. ئەفسەرەکەم بانگ کرد و پێم وت: من ریگەت پێنادەم لەبەر دەمی ئەندامی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا لە خەڵکی بدەیت."

" پیاسەکەمان بەرەو هۆڵی شارەوانی بەردەوام بوو، ئەو خەڵکەی بە دوامانەوە بوون بەردەوام لە زیادبووندا بوون و پۆلیس هەوڵی دەدا دابینیان بکەن. کاتێ گەیشتینە بەردەم یانەی قەومیە عێراقییەکان، کە بەرامبەر هۆڵی شارەوانی بوو، دژە پەرچدانەوەکی قوتابیانمان بینی، کە رەنگەکانی بەیداخی عێراقییان پۆشی بوو، هەروەها ستایشی مەلیك فەیسەڵیان دەکرد. ئێمەش هێشتا خەڵك دەورەی داوین و پۆلیسیش چواردەوری گرتوین، تا گەڕاینەوە بۆماڵەوە."

" بۆ رۆژی دوایی موتەسەڕیفی موسڵ بە هاوڕێیەتی مەیجەر لۆید- *Major Lloyd*، پشکێنەری کارگێڕیی بریتانیا، سەردانی لیژنەکەیان کرد، ئاشکرایان کرد، کە ئەوان دەبێ بەدڵنیاییەوە سیستمێکی سەرپەرشتی دابڕێژن بۆ ئەوەی دڵنیابن لە

سەلامەتی ئەو کەسانەی لە وەفدەکەی تورکیادان" ئەوەش لە دیدی ئەوەی، کە هەست خرۆشانی بەردەوامی هەندێ لە دانیشتوانەکە لە هەڵچووندا بوو. بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیاری ئەم شتانەی لای خوارەوەیان کرد:

1. دەبێ راوێژکاری تورکیا لەگەڵ شارەزاکانیدا یەك سەعات بەر لە دەرچوونیان لەو شوێنەی تێیدا نیشتەجێن، دەسەڵاتی کارگێڕی ئاگادار بکەنەوە. هەروەها ئەو شوێنەی مەبەستیانە بچن، دەبێ دیاری بکەن و دەبێ پۆلیسیان لەگەڵدا بێت.
2. پێویستە جەواد پاشا ئاگادار بکرێ، کە بە جلوبەرگی سەربازییەوە دەرنەچێتە دەرەوە.
3. دەبێت دەسەڵات ئەو کارانە لە ئەستۆ بگرێت بۆ دڵنیابوون، تا رێ نەدرێ نوێنەرانی تورکیا نمایشی سیاسی بکەن بۆ تێکدانی ئاسایشی گشتی.

لیژنەکە بە پەرۆش بوو بۆ پاراستنی ئاستی سەربەستی کۆششەکانی شارەزایانی تورك، بۆیە بڕیاریان دا، کە ناتوانن مەرجە پێشنیارکراوەکانی دەسەڵاتی موسڵ پەسەند بکەن.، کە وەك تێبینیەك داڕێژراوە و ئێستا نێرراوە بۆ سەرپەشتیاری کارگێڕی و موتەسەڕیف.

**ناوەرۆکی ئەو تێبینیانەش وەك ئەمەی لای خوارەوە بوون:**

1. داوا دەکەین، کە دوو نوێنەرە تورکەکان سەربەستی تەواویان هەبێت لە هەڵسوکەوت و گەڕاندا بەبێ یاوەری پاسەوانانی پۆلیس. شارەزایانی تورك پێویستە رێ بدرێن بە پێشکەشکردنی شایەتەکانیان بۆ لیژنەکە، تەنانەت ئەگەر بشیانەوێ بە نهێنی بێت.
2. پاراستنی نوێنەرە تورکەکان لە ئەستۆی شارەوانی یان دەسەڵاتی ناوخۆدایە، ئێمە تەنیا بۆ ئەو مەبەستە رێ دەدەین، کە وەك پاسەوانی پاراستن بێنە ناوەوە، بە مەرجێ پەیوەندی نەکەن بە جەماوەرەکەوە.

3. لیژنەکە دەست بەکار نابێت تا پەسەندکردنی ئەو خاڵانەی بە دەست نەگات.

لەگەڵ گەیشتنی ئەم تێبینیانە، موتەسەڕیف و سەرپەرشتیاری بریتانیا ئەوەیان ڕاگەیاند، کە بەبێ ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا یەکالای بکەنەوە، ناتوانن وەڵام بدەنەوە. نوێنەری بریتانیا بە بروسکەیەك وەڵامی دایەوە، لەگەڵ ئەوەی دادوەریی داوای لیژنەکەی سەلماند، ناشتوانێ هیچ بەرپرسیارییەك لە بری بریتانیا و حوکومەتی عێراق بگرێتە ئەستۆ، بۆ هیچ کردەوەیەکی دوژمنانە، کە دژی ئەندامانی شاندەکەی تورك دەکرێت.

لە هەمان کاتدا لیژنەکە بروسکەیەکی ناڕەزایی دەربڕنی دژی هەڵوێستی دەستەڵاتی عێراق لە ئەستەنبوڵەوە پێگەیشت. حوکومەتی تورکیا ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە دەسەڵاتی داگیرکەر دەبێ بەرپرسیارێتی پاراستنی نوێنەرانی تورك لە ئەستۆ بگرێت. ناڕەزاییەکی هاوشێوەش لە حوکومەتی تورکیاوە لە ڕێی ڕازگری کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە نێررا بۆ لیژنەکە. هەروەها بروسکەیەکی درێژی نارد بۆ جنێف، کە خودی ئەو بارودۆخە شیدەکاتەوە، کە بۆ شارەزایانی تورکیایان خولقاندووە. لە وەڵامەکەیاندا بۆ ئەستەنبوڵ ئەوەیان بۆ حوکومەتی تورکیا دوپات کردەوە، کە دەکرێ دەسەڵاتی عێراق بەرپرسیار بکات، ئەگەر ئەو شتانەی لە بەغدا پێشنیار کراوە ڕەتی بکاتەوە.

بارودۆخی لیژنەکە لە موسڵ بەرەو سەختتر دەچوو، زانیان ئەو خەڵکەی لە بەرژەوەندی تورکیا دەردەکەوتن زیندانی کراون. ئەندامانی لیژنەکە خۆیان لەژێر چاودێرییەکی توندا بوون. دوو پاسەوانی پۆلیس لەبەر دەرگای ئەو شوێنەی لیژنەکەی لێ بوو، چاودێری هاتوچۆی ئەندامانی لیژنە و ڕازگران و سکرتێرانیان دەکرد و هەواڵەکانیان بە تەلەفۆن دەگەیاندە بنکەی پۆلیسی ناوەندی شار. لەژێر ئەم بارودۆخەدا ڕاوێژکاران گەیشتنە خاڵی کۆتایی، کە بێ لایەنی هەرگیز نایەتە دی. ئەوان دووان لە شارەزایانیان ئاگادارکردەوە، کە لیژنەکە دەست بەکار نابێت تا کۆتایی بەم بارودۆخە نەیەت.

بروسکەکان لەگەڵ حوکومەتی ئەنکەرەدا ئاڵوگۆڕ دەکرا، بەڵام وەڵامێکی ڕاست و ڕەوانی پێشنیارەکانی لیژنەکەی نەدەدایەوە، ئیدی لە کۆتاییدا بەوە ڕازی بوو، کە

چاوەڕێی ئەو جۆرە وەڵامە رەوایە نەبێت، جەنەراڵ جەواد پاشا-، کە لەم بارودۆخەی ئێستادا هەرچی لە توانادا بوو کردی، تا لیژنەکە کار بکات ـ دەبێت بەرپرسیارێتی پاراستنی وەفدەکەی لە ئەستۆ بگرێ و پێویستە هەندێ کاروباری پاراستنی نهێنی پەسەند بکەین، ئەوەندەی، کە هەستی ئەندامانی وەفدەکەی تورك بریندار نەکرێ، یان دەست نەخرێتە ئیشوکاریانەوە و سەربەستی کارکردنیان لێتێکنەدەن.

دوو رۆژ دواتر وەڵامەکە گەیشت، بەڵام هێشتا ئەوەندە روون و ئاشکرا نەبوو، کە بەس بێت بۆ پرسیارێك، کە بەرپرسیارێتی تێدابێت، بروسکەیەکی تر نێردرا، کە بە روونی ئاستێکی دیاریکرد بۆ نامە گۆڕینەوە:

موسڵ، 8/ شوبات/1925

وەزارەتی دەرەوە، ئەنکەرە ـ بروسکەی ژمارە-3-

بروسکەکەتان لە 6/شوباتدا گەیشت، کە بۆچوون و دیدی جەواد پاشا لەگەڵ حوکومەتی تورکیا روون دەکاتەوە، ئێمە دەگەین بەو ئەنجامەی، کە حوکومەتی تورکیا رازییە بەو روونکردنەوەیەی، کە لە 5/ شوباتدا جەواد پاشا لەسەر داخوازی ئێمە پێشکەشی کرد.

بە ناوی خۆم و حوکومەتەکەمەوە، چاوەڕوانی وەڵامێکی راست و رەوانین، کە ئێوە لە حوکومەتی ئەنکەرەی داوا دەکەن، بەرپرسیارێتی پاراستنی هەرکەسێ لە ئەندامانی وەفدی تورکیا لە کاتی ئاژاوەدا. ئەو کاروباری پاراستنە پەسەند دەکەم، کە لەلایەن نوێنەری سامییەوە پێشنیار کراوە، کە زۆر کردەییە، ئیدی هەستی ئاکاریی وەفدەکەی تورکیا پارێزراو دەبێت و دەتوانن کارەکەیان لەگەڵ ئێوە جێبەجێ بکەن.

واژۆ

جەواد پاشا.

"لیژنەکە سوپاسی حوکومەتی تورکیای کرد بۆ هەڵوێستی تەبایی، کە لەوانەیە بەردەوام بێت بە یارمەتی شارەزایان. دی. وێرسن- *DE WRSEN* "

تا ئەو کاتە (5/شوبات) لیژنەکە، کە لە 16/کانونی دووەمدا گەیشتە بەغدا، نەیدەتوانی دەست بەکار بێت، یان تەنانەت بڕیار لە بەرنامەکەی بدات، دوای ئەوەی راوێژکاران لە بڕیارەکەی ئاگادارکران، کە هیچ وەفدێ یان چاوپێکەوتنی هیچ شایەتێك وەرناگیرێ، تا ئەم روداوە بە تەواوەتی کۆتایی پێنەیەت، لیژنەکە ناچار بوو رێ لە هەر کارێکی فەرمی بگرێت.

لەم کاتەدا، بەهەرحاڵ، سەرپەرشتیاران دەیانتوانی لەژێر بەرگێکی نادیارا بەشێوەیەکی تایبەتی، بۆ گفتوگۆ و دەرخستنی هەندێ بیروبۆچوون لە دیدی دانیشتوانەوە کاربکەن. ئەوان دەبوو رازی بن لەسەر وردەکاری گەڕانەکەیان بەناو ویلایەتەکەدا و لە راپرسیەکەدا دوای رێبازێك بکەون. بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیارییە گشتییەکان، دەبوو سەردانی بازاڕ و سوچ و قوژبنەکانی ناوشار و هەروەها بەندیخانەکانیش بکەن. سەردانی هەندێ کەسیان بە تەنیا کرد، ئەوانەی، کە زانیاری باشیان لەسەر شارەکە هەبوو. بەو جۆرە توانییان بیرێکی گشتی لەبارەی بارودۆخەکەوە لای خۆیان گەڵاڵە بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا بێتوانابوون لە بەرامبەر گوشار خستنە سەر، یان پڕوپاگاندە کردن لەلایەن هەر لایەنێکەوە.

هەر، کە توانرا راپرسی فەرمی دەست پێبکرێت، پێکەوە لە لایەن سێ سەرپەرشتیارەکەوە بەڕێوەدەبرا. لێپرسینەوەی لیژنە تەنیا لە کارگێڕییە ناوخۆیی و لیژنە سیاسییەکان و کۆمەڵەی بەهرەمەندەکان (پزیشکان، پارێزەران، بازرگانان، هتید.) نەبوو، بەڵکو هەموو جۆرەکانی گرتبووەوە. هەروەها دوو راوێژکارەکە لیستەکانی شاهیدانی بانگ کرد، ئەوانەی، کە لیژنەکە دەیانەوێ تاقییان بکەنەوە.

بەم شێوەیە لیژنە دەتوانێت راپرسیەکە جێبەجێ بکات بەو شێوازەی هەموو جۆرە لایەنێك لە دانیشتوانەکان بگرێتەوە و هەموو تاکەکان لە شتە گرنگەکاندا پێویستە

هەلی ئەوەیان بۆ بسازێنرێ تا دید و بۆچوونی خۆیان دیاری بکەن. بۆ دیاریکردنی ئەو رێبازەی لە راپرسیەکەدا دەگیرێتەبەر، ئێمە لێرەدا ووتەکەی سەرۆك بە بۆنەی سەرۆکایەتییەوە وەردەگرین، کە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمەڵە جیاوازەکان و کۆمپانیا هاوبەشەکانی شاری موسڵ پێشکەش کرا.

" ئێمە بەوپەڕی رێزەوە سوپاسی سەردانەکەتان دەکەین. لیژنەکە بۆ ئەوە هاتووە، کە راپرسیەکی بێ لایەنانە لە مەسەلەی سنووردا بکات، کە تەنیا بۆ بە دەستهێنانی دابینکردنی ئاسودەیی خەڵکە. لیژنەکە لەو بڕوایەدایە، کە ئێوە لە کارەکانیدا یارمەتییان دەدەن. ئاواتەخوازە هەموو لایەك بە سەربەستی خواستەکانیان دەستگیربێت، هەروەها سەرنجتان بەلای ئەو ئەنجامە مەترسیدارانەی ئەم وڵاتەدا رادەکێشێ لە هەر چەوسانەوەیەکی ئەو کەسانەی، کە لەوانەیە بەڵگەکانیان پێچەوانەی خواست و ئارەزووی دەسەڵاداران بن، لەوانەیە ئەوەش وابێت".

ئێمە لەو بڕوایەداین، کە چەند لە تواناتاندا بێت بۆ پاراستنی باری ئاسایشی نێوان دانیشتوان هەوڵ دەدەن، ئەو خەڵکە گەنجەی، کە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نییە و بەرگری خۆپیشادانیان لێبکرێت، کە دانانرێت بە پاراستنی ئارامی.

خەڵکە زۆر گرنگەکان لە دیدارێکی تەواوی کۆبوونەوەی لیژنەکەدا لێیان کۆڵرایەوە، بەڵام ئەوانی تر بە تەنیا و لەلایەن لیژنەکەوە پرسیاریان لێکرا. ژمارەیەکی زۆر بەڵگە لەو بووارەدا کۆکراوەتەوە و لەوانەشە تا رادەیەك هۆشەکاری تێدابێت، ( واتە زیادەڕەوی). لە شاری موسڵ، لیژنەکە توانی ئەوەی باس لە رای جەماوەر دەکات بە تەواوی بەدەستی بهێنێت.

لە رۆشنایی راستەقینەوە حوکومەتی تورکیا مەسەلەکەی خۆی لەسەر پێداویستی راوێژکاریی لەگەڵ میللەتانی پەیوەستداردا دامەزراند، هەروەها حوکومەتی بریتانیا لەبەرئەوە جەختی لەسەر گرنگی ئەو فاکتەرانە دەکردەوە، کە دەبێ لیژنە هەوڵبدات بۆ بە دەستهێنانی ئاستێکی فراوان و زانیارییەکی وردی زۆر و بە خواستی دانیشتوان.

ئەندامانی لیژنەکە لە سەرەتاوە هەستیان بەوە کرد، کە کێشەیەك هەیە لە دارِشتنی برِگەی (تورکیادان دەوێت یان عێراق)، مەسەلەکە لەوانەیە بەرزبێتەوە بۆ کێشەی گرانتر، بەتایبەتی ئەوانە لە لایەن کەسانێکەوە هێمایان بۆ کراوە، کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و پرسیاریان دەربارەی زۆرداری کارگێرِی و ئەو بارودۆخەی بەهۆی پەیمانی نێوان بریتانیای مەزن و عێراقەوە هاتۆتە کایەوە.

کێشەکە زیاتر تەشەنەی کرد، کاتێ لیژنەکە بروسکەیەکی لە سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە پێگەیشت، کە تێیدا نارِەزایی لە شێوەی هەندێ پرسیار دەردەبرِێت. لە وەڵامدا لیژنە داکۆکی لە مافی خۆی دەکات و دڵنیای کردەوە، کە ئەرکی سەر شانیانە بەبێ هیچ کەندوکۆسپێ هەستن بە جێبەجێکردنی کاری پێویست لە هەموو ئەو مەسەلانەی کاریگەرییان لەسەر داهاتووی وڵاتەکە هەیە.

ئەندامانی لیژنەکە دەبێ لێرەدا دووبارەی بکەنەوە، کە رێبازی لێپرسینەوەکە، جۆرە خرۆشاندنێکی تێدایە لەنێوان جەماوەردا، کە رۆشنبیری سیاسییان هێشتا لە قۆناغی تەواو سەرەتاییدایە و کەوتونەتە ژێر کاریگەریی هێرشی پروپاگاندەیەکی چرِەوە.

لە پێناوی پەلەکردن لە کاری لیژنەکەدا، کە بەپێی ئەو راپۆرتەی لەسەرەوە باسکرا بەبێ هیچ هۆیەك دواکەوتووە، رێکەوتن لەسەر ئەوەی، کە لێپرسینەوە لە پارچە تەریك و چەپەکەکانی ناوچەی ناکۆکیەکە دەکرێ، لە هەمان کاتدا لە رێی لیژنە لقییەکانەوە دەستی پێبکرێت. ئەوەش سروشتی بوو، کە لە میانەی یەکەم ئیشدا لە موسڵ بە ئاشکرا دەردەکەوت، کە سیان لە ئەندامانی لیژنەکە رێکەوتون لەسەر رێبازی جۆرێتی پرسیارەکان. لە سەرو ئەوەشەوە، تێبینی زۆر کراوە، کە هەندێ لە شاهیدەکان لە وەڵامدانەوەکانیاندا ئاسودە نەبوون، کاتێ لە کەشێکی کەم هەرِەشەدا لە وتوێژێکی تایبەتدا رووبەرِووی هەموو لیژنەکە دەبوونەوە. دووبارە، لەو برِوایەدان، کە ئەو رێبازە دەبوو هەلی هاننەدانی هەبووایە لە هەر بێ سەلیقەییەك لەلایەن پۆلیسەوە. لە کاتێکدا نەبوونی لیژنەی کاتی دەتوانێ هەلی گەرِانەوەی ئارامی بۆ شارەکە بسازێنێ. ئەگەر لیژنەکە وەك بنکە لەشوێنێکەوە گواستییەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەوە ناچارە

چونکە بەهۆی لاوازی سیستمی پەیوەندییەکان و نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون و حەوانەوەیە تا ماوەیەکی زۆر درێژتر لە ولاتەکەدا بمێنێتەوە، لێپرسینەوە دواکەوت و ئەوەشی سەلماند، کە مەحاڵە سەردانی هەندێ ناوچە بکەن.

ئەوەی پەیوەندە بە ئامادەبوونی راوێژکارانی بریتانیا و تورکیاوە، ئەوەش تایبەتە بە لیژنەکەوە، کە دەسەلاتێکی رەهای هەیە بۆ پێویستی ئەوانە لەوێ هەبن، یان نەبن و چی بە باش دەزانێت.

بە کردەوە هیچ کێشەیەك بەرپا نەبوو، لەبەرئەوەی بڕیار بوو، کە چوار شارەزا تورکەکەی دەبێ بە پێی شارەزاییان لە ناوچە جیاوازەکاندا دابەشکرێن بەسەر لیژنە لقییەکاندا، لە هەمان کاتدا بریتانیا و حوکومەتی عێراقیش سەرپەرشتیاری نیشتەجێ و بەرپرسی حکومییان هەبوو. بە زوویی بڕیاری لیژنە بۆ مەبەستی خەملاندنەکان تێبینی کرا، ئەم تێبینیەی لای خوارەوە لە لایەن میستەر جاردین– *Mr. Jardin* -ەوە نێراوە:

" راوێژکارە بریتانییەکە وا لە بەرێز سەرۆکی لیژنەکە تێگەیشت، کە بەشێك لە ئەندامانی لیژنەکە حەزدەکەن لە رۆژی یەکشەممەی داهاتوودا بە هاوڕێیەتی نوێنەرانی لایەنەکانی بریتانیا و تورکییا گەشتێ رێکبخەن، کە پەیوەستکراون بە لیژنەکەوە. هەروەها زیاتریش لەوە گەیشت، کە ئەندامانی لیژنەکە، ئەوانەی بە پێ گەشتەکە دەکەن بۆ بلاوکردنەوە نییە. راوێژکارە بریتانییەکە وای هەستکرد، کە گەشتکردنی لیژنەکە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی بوونی سیاسەتێکی مەزن)، بە هاوڕێیەتی نوێنەرانی هەر یەکە لەو دوو لایەنە و بەبێ دارشتنی بەرنامەیەکی پێشوتر و لە کۆتایشدا کاری دەکردە سەر چوست و چالاکی تەواوی مەسەلەکان، پاراستنی یاسا و دەستوور، کە حوکومەتەکانی بریتانیا و عێراق بەرپرسن لێی، مەسەلەکە دوورە لە پسپۆڕی ئەوەوە و پێویستە لەسەری، کە خاوەن شکۆ مەندوبی سامی لە عێراق ئاگادار بکات و چاوەڕوانی فەرمان بێت."

له وتووێژێکی تایبەتیدا راوێژکاری بریتانیا هێمای بۆ ئەوە کرد، کە بە پێویستی دەزانێت بۆ هەر لیژنەیەکی لاوەکی، دەستەیەك پۆلیسیان لە تەکدا بێت بۆ سەلامەتییان، هەروەها بۆ ئەو مەبەستە دەبێ رێڕەوی لیژنە لقییەکان لە سەرەتاوە دیاری کرابێت. لیژنەکە بەرپرچی ئەو مشتومڕەی دایەوە چونکە لەوانەیە ئەگەری بێ لایەنی لەناوبەرێ. میستەر جاردین- *Mr. Jardine* وتی ئەو وەکو خۆی لەوانەیە هیچ بەرپرسیارییەکی رێگەپێدانی لیژنە لقییەکان بەبێ پارێزگارییەکی تەواو لە ئەستۆ ناگرێ و داوای لە لیژنەکە کرد هیچ بڕیارێك دەرنەکات بێ ئەوەی راوێژ بە سێر هێنری دۆبس- *Sir Henry Dobbs* نەکات، کە بڕیارە رۆژی دوایی بگات.

له 8/شوباتدا، مەندوبی سامی له بەغداوە گەیشت و چاوپێکەوتنێك سازکرا، کە ئەندامانی لیژنەکە و سکرتێرە ئامادەبووەکانی تێدابوو. لەسەر داوای سێر هێنری دۆبس- *Sir Henry Dobbs* راوێژکارانی هەردوو حوکومەتی بریتانیا و تورکیا بانگهێش کران، سێر هێنری دۆبس- *Sir Henry Dobbs* ئەوەی روونکردەوە، کە ئەو هاتووە بۆ موسڵ بە هیوای ئەوەی ئاسانکاری لە کۆسپەکاندا بکات، کە بەهۆی پەیوەندیکردنەوە لە چوارچێوەی  رێبازی لێپرسینەوەی لیژنەکە پەیدابووە. تەمەننای ئەوەی دەکرد، لە سەرو هەموویانەوە، کە ئەرکی سەر شانی راوێژکاران و شارەزایان بە روون و ئاشکرا دەبێ دیاریکراوبێت و ئینجا پرسیاری کرد: ئایا شارەزایان یارمەتی لیژنەکە دەدەن؟ بۆ نمونە وەك وەرگێڕی زمان. ئەوەشی وەك پێویستییەك دیاری کرد.

سەرۆکی لیژنەکە وەڵامی دایەوە، کە ئەرکی راوێژکارەکان بۆ دارشتنی هەر زانیارییەك، کە ئەوان داوای دەکەن لەژێر دەسەڵاتی لیژنەکەدا دەبێت و شارەزایانیش لەوێن بۆ یارمەتیدانی راوێژکارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەکە مافی دامەزراندنی راستەوخۆی هەبوو، چونکە دەسەڵاتی تەواوی هەبوو لە بەکارهێنانی هەموو شێوازێك بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان. هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی، کە بۆچی لیژنەکە شارەزایان وەك وەرگێڕی زارەکی بەکار نەهێنن، بەڵام ئەوە پێویستی بە دیاریکردن نییە و دادەنرێت بە ئەرکێکی سەرەکی.

دوای ئەوە مەندوبی سامی ئاوڕی لە مەسەلەی پارێزگاریکردنی راوێژکارە تورکەکان و شاندە هاوڕێکەی دایەوە، بەپێی زانیارییەك، کە ئەو پێیگەشتووە پشتیوانانی حیزب پاسەوانانی چەکداریان رێکخستووە تا بە دوای جەواد پاشاوە بن بۆ هەرکوێ بچێت. بەهەرحاڵ، ئەوە ئەرکی پۆلیسە، کە ئەو پاسەوانانە دەستگیر بکەن، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئاژاوە نانەوە.

سەرۆك و ئەندامان هێمایان بۆ ئەوە دەکرد، کە پۆلیس تا ئێستا هیچ خۆپیشاندانێکی لە بەرژەوەندی عێراق بڵاوە پێنەکردووە و هێز و دەسەڵاتی بە پاکی بێ چاوپۆشی بەکار نەهێناوە، بەڵام سەرنجی ئەوە دەدرێ، کە هەندێ خۆپیشاندان چاوپۆشیی لێکراوە و لیژنەکە گەواهی ئەوە دەدات، کە لەوانەیە لەلایەن پۆلیسەوە هاندرابن. هەروەها (کاوەنت تەلەکی- *Count Teleki*) گەواهی ئەوە دەدات، کە ئەو کارە لە نارەزایی دەربڕین دژی دڕندەیی زیاتر نییە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە پشتیوانی لەو هەڵوێست و کردەوانەی تری پۆلیس دەکات، کە پێی هەڵساون.

مەندوبی سامی جەختی لەسەر هەڵچوونی دانیشتوانی موسڵ کردەوە، بەڵام هیوای خواست، کە لیژنەکە لەوە زیاتر دووچاری کۆسپی لەو جۆرە نەیەت. ئەوەشی دووپات کردەوە، کە ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە نارەزایی دەربڕینە، نەك لەبەرئەوەی ببنە سەرئێشە بۆ لیژنەکە، بەڵام زۆر بەداخەوە دەبنە هۆی هەڵچوون و خرۆشان.

سێر هێنری دۆبس- *Sir Henry Dobbs* تەمەننای ئەوەی دەکرد، تا لیژنەکە ئەوە باش بزانن، کە بەو شێوەیەی لە موسڵدا بەدواداچوون و لێپرسینەوە دەکرێت، ئەو لێوردبوونەوانەی پەیوەستە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر دەسەڵاتی بریتانیا و حوکومەتی عێراق و هەموو حوکومەتەکانی تری ئەو ناوچانەی کیشەکەی لەسەرە. هەروەها لەو راپۆرتانەدا دەردەکەوێت، کە لە بەغداوە بە دەستم گەیشتون، ئەو پرسیارانەی لە لایەن لیژنەکەوە ئاراستەی زۆربەی شایەتەکان کراون، زیاتر لە پایەی ئەو حوکومەتانەی کەم کردۆتەوە، ئەوەش بە بیانوی ئەوەی لیژنەکە دەیەوێ بەدوای بەڵگەکاندا بگەڕێت دژی ئیدارەکەی ئێستا.

دانی نا بەوەدا، کە لـە راسـتیدا ئـەو وڵاتـەی لـەژێر داگیرکردنـی یـەکێ لـە لایەنـە ناکۆکەکاندایە، بێگومان ئەو لایەنە لە ئاستێکی بەهێزتردایـە، دواجـار لیژنـە ناچـار دەبێت هەموو هۆکارێك بەکار بهێنێت بۆ بەدەستهێنانی زانیارییـە باوەڕپێکراوەکـان، نەك بۆ خواست و ئارەزووی میللەت. هەروەها هێمـای بـۆ ئـەوە کـرد، کـە لیژنەکـە لەوانەیە زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ راوێژکارەکان و جەماوەردا کاری کردووە و رای گشـتی لەوانەیە بە راوێژ بێت لەگەڵ ئیدارەی ناوخۆدا.

سەرۆك وتی:، کە لیژنەکە تەواو ئامادەیە بۆ چاوپیاخشان بە پێشـنیارەکانی هـەردوو لایەنەکەدا، بەڵام دەبێ لێپرسینەوەکە وەك ئەرکی سەرشان و بەوپەڕی سەربەسـتییەوە جێبەجێ بکرێت. بە هەرحاڵ، ئەو کاروبارانەی لیژنەکە دووی دەکەوێت، لەو راپۆرتەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا دەردەکەوێت. کۆتایی بە وتەکەی هێنا بەوەی هێمـای کـرد بـۆ کارەکانی لیژنەکە، کە تا رادەیەك کەند وکۆسپی هاتۆتە رێ بـە بیـانوی ناعـەدالـەتی پۆلیسەوە، نەك تەنیا دژی هەندێ لە شایەتەکان، کە بـانگکرابوون، بـەڵکو هـەروەها دژی لیژنەکە خۆشی.

دیسانەوە مەندوبی سامی تیشکی هاویشتە سـەر ئـەو سـەغڵەتییەی بـۆ پاراسـتنی دەستوور هاتەگۆڕێ و ئـەوەش ئـەرکی سـەر شـانی حوکومەتـە، کـە بـەپێی یاسـای کارپێکراو پەیرەوی لەوە بکات لە هەموو خاکێکدا، کە لەژێر دەسەڵاتیدایە.

وەك یاسازان دەدووا، کاونت تەلەکی- *Count Teleki* هێمای بەوە کرد، کـە یاسـای عێراق دەکرێ تەنیا لەو هەرێمەی مشتومڕی لەسەرە بسەپێنرێت، ئەوەندەی پەیوەنـدە بە ئیدارەی وڵاتەکەوە و باش راگرتنی باری ئاسایشەوە. ئەوەشی پەیوەستە بە هـەموو کارەکانەوە پەیوەندیشە بە سەروەری وڵاتەکەوە، ئەوەش شیاوی جێبەجێکردن نییە.

مەندوبی سامی پەژارەی خۆی دەربڕی بۆ هەر هەڵچوونێکی زیادە، کە لەوانەیە لەلایەن پۆلیسی عێراقەوە دەرکەوتبێت، کە هێشتا لە سەرەتای رێکخستندایە.

پرسیارێکی تر هەیە، کە ئەو لەو بڕوایەدایە دەبـێ وەڵام بدرێتـەوە، پرسـیارێکی زۆر گرنگ بووە و وەکو ئەو سروشتە هەستیارەی، کە نەیدەویست باسی لێوەبکات، بەڵام وا

هەست دەکات، کە لەوانەیە شـێوەی بابـەتی نـاڕەزایی حوکومەتەکـەی بێـت. کاتـێ ڕاپۆرتەکە دەگاتە کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ گفتوگـۆکردن، لـەو بڕوایـەدام حوکومـەتی بریتانیا لەوانەیە بڕیاری لیژنەکە بۆ پێشکەشـکردنی لێپرسـینەوەی جیـا لـە شـوێنە جاوازەکانی ویلایەتەکەدا نەسەلمێنێت.

ڕەگەزی ئەندامانی لیژنەکە هێمای ئەوە دەکـات، کـە لـە هەڵبژاردنیانـدا ئەنجومـەن کۆشیشی کردووە هامبەرییەکی نموونەیی دروست بکات.

ئەو دەترسا لەوەی، کە حوکومەتەکەی و ڕای گشتی لە بریتانیا ببێتە هۆی هەستکردن بەوەی، کە ڕەگەزی تاکێك لە ئەندامانی لیژنەکە و ئەو هەسـتەی، کـە هەیانـە، بـێ کاریگەر نابێت لەسەر بەرئەنجامی هەر یەکەیان.

سەرۆك، کە بەناوی خۆی و هەر یەکە لە هاوڕێکانییەوە قسەی دەکرد و هەستی دەکرد، کە بە پەلە پێویستە ئاگادار بکرێنەوە بۆ نەشیاوی لەو تێبینییەدا. وەڵامی دایەوە، کە ئەوە مەسەلەی بڕوایە، ئەنجومەن بە یەك دەنگ ئەنـدامانی لیژنەکـەیان هەڵبـژارد و تەواوی سەربەستی دانێ بۆ ڕێکخستنی کارە تایبەتیـەکانیان، لەگـەڵ ئـەوەی هەنـدێ لۆمە لەلایەن نوێنەرانی دەوڵەتە پەیوەستدارەکانەوە خرایـە بـەردەمی ئەنجومـەن لـەو کاتەدا، کە بڕیارەکە دەرچوو، هەروەها لەوە دەچوو لەم قۆناغەی ئێسـتای ئیشـەکانی لیژنەکەدا ئەوە لە جێی خۆیدا نەبووبێت. ئینجـا وتـی ئەگـەر ئـەو مەسـەلەیە جێـی چاوپیاخشانەوە بێت، ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراوی دەبێت.

دیدارەکە کۆتایی هات لەگەڵ بەیانێکی دوورودرێژ لەلایەن ئەنـدامانی لیژنەکـەوە لـە پرۆگرامی داواکارییەکانیان. مەندوبی سامی تێبینی لێوەرگرت و بەڵێنی دانێ بە هەر وەسیلەیەك، کە لە دەسەڵاتیدا بێت یارمەتییان دەدات.

لێپرسینەوە لە موسڵ بە شێوەیەکی کاتی ڕاگیرا و ئەنـدامانی لیژنەکـە جیابوونـەوە، هەروەها ڕێکیانخست، کە لە 25/شوبات لە کەرکوك سەرلەنوێ یەکتر ببیننەوە.

ئێم. ئەف ویرسن - *E. AF Wirsen* لەگەڵ جەواد پاشـا و میسـتەر جاردنـدا- *Mr. Jardine* لە موسڵ مانەوە بۆ بەدواداچوونی لێکۆلینەوەکان لـە دەوروبـەری شـارەکە.

سەردانی گوندەکانیان کرد، تا سنجار و تەلەعفەر و قەرەقوش و ئاکرێ و هەموو ئەوانەی، کە دیاربوون لە گوندەکانی دەوروبەردا بانگبکرێن بۆ کۆبوونەوە لە ناوەندی ئەو شوێنەی تێیدا مابوونە و لیستی ئەوانەی، کە لەلایەن دوو شارەزاکەوە نوسرابوون. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی عەشیرەتەکاندا دەستی پێکرد، بەتایبەتی سەرۆکی عەشیرەتی بەناوبانگی شەمەر.

کاونت تەلەکی - Count Teleki *Count Teleki* بە یاوەریی نازم بەگ و میستەر لیونی-*Mr. Lyons* ئەفسەری سیاسی بریتانیا و ئێم کرامەر-*M. Kramer's* وەرگێڕی زمان لە لیژنەکەدا لە ناوچەی هەولێر و دوورتریش بۆ شەقلاوە و مەخمور لە لێکۆڵینەوە بەردەوام بوون. سەردانی خێڵە کوردەکانی دزەیی و خۆشناوەتی و کۆرە و گەردی و شێخ بیسانیان کرد، هەروەها عەشیرەتی طی عەرەبی و گوندەکانی سەرلی.

کۆلۆنێل پۆڵس-*Colonel Paulis* بە یاوەریی سەبیح بەگ، کە یەکێکە لە شارەزایانی حوکومەتی عێراق و کامیل بەگ، کە یەکێکە لە شارەزایانی تورکیا، پرسوجۆیەکیان لە ناوچەی کەرکوك و تا چەمچەماڵیش کرد. پەیوەندییان کرد بە نوێنەری عەشیرەتەکانی عوبێد، جەبوور، تاڵەبانی، داودە، کاکەیی، هەمەوەند، شوان و عەشیرەتەکانی ترەوە.

لە ناوچەی کفری ئەو و لەگەڵ میسیۆ. دی. پۆرتەیلس- *M. De Pourtales* جیابوونەوە، ئەوەی بە یارمەتی فەتاح بەگ و ئەفسەرێکی بریتانیا شارەزا بەناوی میستەر لیۆن *Mr. Lyons* لە دەڤەرەکەدا لە لیپرسینەوەدا بەردەوام بوون.

میسیۆ دی. پۆرتێلس- *M. De Pourtales* بە رێگەی جەبەل حەمریندا چوو بۆ سەردانی عەشیرەتە کوردییەکان، لەوانەش: جاف، دەلو، زەنگەنە، تاڵەبان، عەشیرەتە عەرەبەکانی کیراوی و هەروەها بەیات.

لیژنەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەموو نوێنەری عەشیرەتەکانی میریوسیفی، عەباس، سورچی، هەرکی، خێلانی، ئاکۆ و دەستیدیان کرد.

ئەو ڕێگایانەی لیژنەکە گرتویەتەبەر لە نەخشەی ژمارە (1)یەکی هاوپێچدا پێشان دراوە.
تەنانەت لێپرسینەوە لەچاو شارەکاندا زۆرتر لە دەرەوەی شارەکان و گوند و لەنێو خێڵە کۆچەرییەکاندا سەختتر بوو، چونکە خەڵکەکەی لە ڕووی سیاسەتەوە کەم تاقیکردنەوە بوون، هەروەها لە ڕووی شارستانییەوە زۆرتر دواکەوتوبوون لە چاو شارەکاندا. لەبەرئەوە پێویستە ئەوەش بوترێ، کە خەڵکی دەرەوەی شارەکان و گوندنشینەکان، یان تەقەی سەری ئەهات لە مەسەلەکە، یان بەحاڵ شتێیەك ئەگەر تێبگەشتنایە.
ئەو ڕێبازەی لیژنەکە بۆ پرسیارکردنی لەو خەڵکانەی دەهاتن بۆ چاوپێکەوتن گرتییە بەر، زۆر ئاسان و لە چوارچێوەی زمانێکی سادەدا بابەتەکەیان ڕوون دەکردەوە و پاشان سەرلەنوێ پرسیارەکەیان دادەڕشتەوە دوای ئەوەی شارەزاکان دەکشانەوە. ڕوونکردنەوە و سادەکردنەوەی مەسەلەکە هەموو کات هەمان شێوە نەبوو، بەڵام بۆ هەندێ حاڵەت دەگونجا، ئاستی شارەزایی و باری فێربوونی شایەتەکەش دەوری دەگێڕا. هەموو شایەتەکان لەوە دڵنیا کرابوونەوە، کە ئەوەی پەیوەندە بە گەواهی نامەکانیانەوە نهێنییە، ئیدی لیژنەکە بۆی دەرکەوت، کە دڵنیایی کاریکردە سەر زیادبوونی لێکۆڵینەوەکە.
دوای ئەوە، ئەندامانی لیژنەکە و شارەزایان لە کەرکوك کۆبوونەوە، ئینجا لیژنەکە بۆ بەردەوامی لە لێکۆڵینەوەکەدا ڕوویکردە سلێمانی. هەروەها لە گەڕانەوەی لیژنەکە بۆ موسڵ، لە هەریەکە لە کەرکوك و هەولێر و ئاڵتون کۆپری وێستان بۆ تەواوکردنی لێکۆڵێنەوەکەی پێشویان لەو ناوچانەدا، کە لەلایەن هەندێك لە ئەندامانییەوە کاری تێدا کرابوو. هەروەها ئەو شایەتانەیان بینی، کە ئەندامانی لیژنەکە هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخسابوو تا لە پێشوتردا چاویان پێیان بکەوێت.
لە گەڕانەوەی لیژنەکە لە 8/ ئازاردا، شادمان بوون بەوەی هیچ شوێنەواری چاودێری پۆلیس نییە و وەفدی تورکیا بە ئازادی لە شارەکەدا دەگەڕێن و سەردان دەکەن و سەردان دەکرێن. ئەگەر وەفدی تورکیا کەڵك لەم ئازادییە وەرنەگرن، پێویستە ئینکاری

ئەوە نەکەن، کە دەسەڵاتی ناوخۆ نەبۆتە هۆی کەندوکۆسپ لە ڕێی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا.

لیژنەکە هەستی بەوە دەکرد، کە دەبێت حەقیقەتێ تۆماربکات، کە لیستەکەی لەلایەن دەسەڵاتی بریتانیاوە پێشکەش کراوە، زانیاری تایبەت و تەواوی لەسەر خەڵکانی گرنگ لە ئاستی جیاوازدا تێدایە، بەبێ گوێدانە بیروڕا چاوەڕوانکراوەکانیان، تەنانەت ئەگەر ئەو بۆچوونانە بە دڵنیاییەوە پشتگیری بێت بۆ تورکیاش. لە موسڵدا و لە کاتی دووەم بەشی لێکۆڵینەوەکەدا، لیژنەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ زۆربەی مەلاکانی مزگەوتەکاندا کرد، کە بەبێ جیاوازی لە گەڕەکە دەوڵەمەندەکان و گەڕەکە هەژارەکانی شارەکەدا وەکو یەك هەڵیبژاردن. هەروەها خاوەن خانوبەرە و گوند و زەویوزار و گشت هەڵبژێراوە پلە دووەکان، کە لە لیستە کۆنەکانی تورکیادا ناویان هاتووە و هەموو ئەوانەی، کە تا ئێستاش لە موسڵدا نیشتەجێن، ئەوانەشی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی بوون لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا، هەر، کە لێکۆڵینەوەکە لە موسڵدا گەیشتە کۆتایی، ئیدی لیژنەکە ڕوویانکردە زاخۆ بە گوندە گەورەکانی مەسیحییەکاندا لە ناوچەی قوش و گوندی یەزیدییەکان بە ناوچەی بادرەدا(بەعدرە) تێپەڕین. لیژنەکە لە زاخۆدا چاویان کەوت بە سەرۆك و ناودارانی هەردوو ناوچەی باکووریی و باشووریی لەسەر هێڵی پەسەندکراو لە برۆکسل، هەروەها مەسیحییە نیشتەجێکانی ناو گوندەکانی، کە کەوتونەتە ناوچەی دوو عەشیرەتە کوردییەکەی گۆیان و جیندی.

هەر، کە لیژنەکە زاخۆی بەرەو دهۆك بەجێهێشت بۆ بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوەکەیدا، بینی دانیشتوانەکەی لەوێ زۆر خرۆشا بوون، پاشان داواکرا، کە شایەتەکان لە شوێنی لیژنەکە لە دەرەوەی شارەکەدا ئامادەبن، ئیدی لەوێ خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، پروپاگەندەیەك بڵاوبۆوە، کە دەسەڵاتی حوکومەت گواستراوەتەوە ژێر دەسەڵاتی لیژنەکە، سوپاس بۆ ئەو کارە چالاکانەیەی ئەم دواییە و ئەو روونکردنەوانەی دراوە، کە ئارامی بۆ مەسیحییەکان گەڕاندەوە. هەروەها لە دهۆکیش بە چەشنی زاخۆ بە هەمان شێوە، لیژنەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کرد، کە دوو

شارەزاکە داوای مۆڵەتیان کردبوو بۆ پێناساندنیان لە خەڵکی شار و دەوروبەری. دیسانەوە لیژنەکە لە دوهۆك لێکۆڵینەوەی کرد لەگەڵ خانەدان و نوێنەرانی شاری ئامێدی و بەشەکانی باکوور، کە داوایان لێکرابوو بێن بۆ ئەو شارۆچکەیە، تا کات بەفیڕۆ نەچێت. لەسەرو ئەوەشەوە لیژنەکە هەموو توێژینەوە و لێکۆڵنەوەکانی تەنیا لە مەسەلەی بیروڕای دانیشتوانەوە لەبارەی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر ناوچەکەدا نەبوو، بەڵکو توێژینەوەکەی لە هەمان کاتدا لێکۆڵینەوەی هۆشی دانیشتوانەکەش بوو لە رووی دەروونییەوە (سایکۆلۆجی)، هەروەها پرسیار لە رووی باری ئابووری و بازرگانییەوە کراوە، کە لیژنەکە هەوڵی دراسەکردنێکی ووردی دەدا و ئەوەش بەهۆی سەردانی کردنی بازاڕەکانەوە. لە زۆر شوێن و بەتایبەتیش لە شاری موسڵ، هەروەها لە کاتی سەفەرەکەدا، تێبینی لەسەر نەتەوە و جیۆگرافیا و جیۆلۆجی تۆمارکراوە و بەدەستهێنانی داتاکان لەبارەی رێگاوبان و بەروبوومی کشتوکاڵی ئەو ناوچانە. لە سەروەختی مانەوەی لە ناوچەکەدا، لیژنەکە چەند سەفەرێکی بە فرۆکە کرد، بۆ ئەوەی رایەکی گشتی لەبارەی فراوانی سەحراو پلەی توانای کەڵك وەرگرتن لە بەکارهێنانی بۆ نیشتەجێ بوون وەربگرێت. لە کاتی یەکەم سەفری بە فرۆکە، بەسەر تەواوی زنجیرە چیای سنجاردا فڕی و لە سێ سەفەری ئاسمانی دواتردا هەموو سنووری نێوان زاخۆ و رەواندوزی بڕی، هەرچۆن لیژنەکە دوو جار بەسەر جەبەل حەمریندا فڕی. ئیدی لە 18/ئازاردا گەڕانەوە موسڵ و چەند رۆژێك لەوێ مانەوە بۆ رێکخستنی ئەو زانیارانەی کۆکرابوونەوە. هەر، کە بینیان ئەو کاتە لێکۆڵینەوەکە کۆتایی پێهاتووە، موسڵیان بەو ریگا بازرگانییەدا جێهێشت، کە بە دێرەزوور و دیمەشقدا تێدەپەڕێت. لە 20/نیساندا لە جنێف کۆبوونەوە و دەستکرا بە نوسینەوەی رەشنووسی ئەم راپۆرتە. لیژنەکە سوپاسی پێشکەش کرد بە میسیۆ کرامەرس، مامۆستا لە زانکۆی لیدن، بۆ ئەو کارگوزارییەی وەك وەرگێڕ و هەروەها بۆ ئەو یارمەتییەی پێشکەشی کرد لە میانەی ئامادەکردنی ئەو بەشانەی تایبەت بوون بە تورك و کورد و سارلییەوە. هەروەها

لیژنەکە لەکاتی ئیشوکاریدا کەڵکی وەرگرتووە لەو یارمەتییە بەنرخانەی، کە ئەم بەڕێزانەی ناودەبرێن پێشکەشیان کردووە:

1. کۆلۆنێل ئێل. مارتن - Colonel L. Martin ، سەرۆکی ئۆفیسی نەخشەکان لە نووسینگەی کۆنگرێس لە واشنتن.
2. بەڕێز دەبلیو. ئێل. وسترمان - Mr. W. L. Westermann ، پرۆفیسۆر لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویورك.
3. بەڕێز ئەی. سی. کوولێج - Mr. A. C. Coolidge، پرۆفیسۆر لە زانکۆی هاروارد، ماسس.
4. میسیۆ ئیو. ئۆبراهۆمەر- M. Eu. Oberhummer، پرۆفیسۆر لە زانکۆی ڤیێننا.
5. دوکتۆر ڤی. پیتسمەن- Dr. V. Pietschmann، راوێژکار لە مۆزەخانەی مێژووی سروشتی لە ڤیێننا.
6. پرۆفیسۆر جەی باومان- Professor J. Bowman، بەڕێوەبەری کۆمەڵەی جیۆگرافیایی ئەمریکی.
7. میسیۆ سی. وهلیگ - M. Ch. Uhlig، پرۆفیسۆر لە زانکۆی سیوبنجن.
8. میسیۆ گەودەفرۆی دەمۆمبینس- M. Gaudefroy Demombynes، پرۆفیسۆر لە زمانە رۆژهەڵاتییە زیندووەکاندا لە پاریس.
9. میسیۆ ئی. چەیکس- M. E. Chaix، پرۆفیسۆر لە زانکۆی جنێف.
10. میسیۆ ئەی. دیمانجن- M.A. Demangeon، پرۆفیسۆر لە زانکۆی پاریس.
11. میسیۆ ئێد ساچاو - M. Ed. Sachau، پرۆفیسۆر لە زانکۆی بەرلین.
12. پرۆفیسۆر مۆردتمان - Professor Mordtmann لە بەرلین.
13. میسیۆ جەی. نەمەس- M. J. Nemeth، پرۆفیسۆر لە زانکۆی بۆداپێست.
14. میسیۆ ئەی. دەیڤد- M. A. David، مامۆستا لە زانکۆی بۆداپێست.

15. میسیۆ زێد. خانزادیان- M. Z. Khanzadian، بەڕێوەبەری دراسات لە ژووری بازرگانی و پیشەسازی رۆژهەڵات لە پاریس.

16. شێخ محەمەد عەبدلڕەسوڵ، لە قاهیرە.

لیژنە بەسۆزترین سوپاسی خۆی پێشکەش کرد بەو بەڕێزانەی ناویان برا، کە بە ئاشکرا هەرچی زانیارییان هەبوو خستیانە ژێر دەسەڵاتی لیژنەکەوە بۆ یارمەتیدانی لە کارەکانیدا، لەوەش دڵنیاین، کە ئەنجومەنیش لەم سوپاسەدا هاوبەشی دەکات لە پێشکەش کردنیدا.

# بەشی دووەم

## کێشەی سنووری نێوان تورکیا و عێراق

### چاوپیاخشانێك بە شێوەی کارکردنی پێشنیارکراو لەلایەن هەردوو حوکومەتەکەوە

ئەو ناکۆکییەی، کە لە لیژنەکە داواکراوە، تا زانیاری تەواوی لەبارەوە بدات بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، نەك تەنیا لە ناوەندی کێشەکە، بەڵکو هەروەها ئەو کێشانەی لە نێوان هەردوو لایەنەکەشدا لەئارادایە، لەبارەی ئەو ڕێڕەوەی، کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ کۆتایی پێهێنانی کێشە سەرەکییەکە.

لە سەرەتای کۆنفرانسی لۆزانەوە، حوکومەتی تورکیا ئارەزوی لەوەیە، کە لە ڕێی ڕاپرسیی گشتییەوە کارەکە بە ئەنجام بگەیەنرێت، دەڵێت: ئەوە تاکە ڕێگەی دادوەرانەیە بۆ بنبڕکردنی ئەو کێشەیە" بەڵام لەوەدەچێت، کە حوکومەتی بریتانیا حەزی بە دانانی لیژنەیەك هەبێت بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی بە پێویستی دەزانن. کاتێ، کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری دانانی (لیژنەی لێپرسینەوە)ی دا، شاندی تورکیا وازی لەوە نەهێنا، کە بیری ڕاپرسی گشتی لای ئەو پەسەندترە، لەگەڵ ئەوەی، کە ڕازیش بوو بە ڕێگەی لێپرسینەوەی پێشنیارکراو و بە شێوەیەکی تایبەتی پێشی لەسەر ئەوە داگرت، کە ئەو لیژنەیەی دەنێرێت بۆ لێپرسینەوە، دەبێت دەست بکات بە لێکۆڵینەوەی ئەوەی، کە کام یەکێ لەو دوو پلانە پێشنیارکراوە، زیاتر گونجاوە بۆ تیشك هاویشتنە سەر ڕاستەقینەی ئارا سیاسییەکانی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ ".

ئەنجومەن، داوای لە لیژنەکە کرد، کە ئامار لەسەر ئارای لایەنە پەیوەندارەکان بکات، لەبارەی ئەو پلانەی، کە پێویستە لەسەری بڕوات و خۆی دەزانێ، کە ناچارە ڕای خۆی دەربڕێت لەو خاڵەدا، بەر لەوەی توێژینەوە لە کاروباری پەیوەستداردا لە مەبەستی بنەڕەتی کێشەکە بکات. هەروەها لەو بڕوایەشدایە، کە

چـاکتر وایـه کورتـەی بەرئەنجامـەکانی سـەرجەمی سـەلماندنەکانی هـەر یەکـە لـە حوکومەتەکان پێشکەش بکات.

## ♦ کورتەی مشتومڕەکانی حوکومەتی تورکیا :

کارێکی ئاسان نییە، کە مەسەلەیەکی ئاوا گرنك و چارەنووسسـازی ژمارەیـەکی زۆری دانیشتوان، بۆ ناوبژیکردن بخرێتە روو. بێگومان لیژنەکە دەتوانێت هەندێ راستی بسەلمێنێت، بەڵام ئاراکانی دەربارەی ئارەزووی دانیشتوانەکە هەرگیز بـێ کـەموکورتی نابێت و ناتوانێت وابەستەی دەسەڵاتی راپرسیی کۆتایی بێت. هیچ لیژنەیەك ناتوانێت راوێژ بە چەند کەسێك زیاتر بکات، کە نوێنەرایـەتی بەشـێکی گچـکەی رای گشـتی دەکەن "، کە ئەوە لە ئاستی ئارەزووی راستەقینەی گەلدا نییە"، ئەگەر ئاوابێت، ئەوە تەنیا هەر کەموکورت نییە، بەڵکو دەبێتە هـۆی ئـەنجامی بـێ یاسـاییش. هـەروەها چارەسەری کێشەکە بەو جۆرە کاردەکاتە سەر بەرژەوەندی سەدان هەزار لە دانیشتوان، کەواتە ویژدان و ژیرێتی سیاسی ئەوە بە پێویست دەزانن، کە دەبێت هەلی ئەوە بدرێ بەو دانیشتوانە، تا بەوپەڕی سەربەستییەوە بڕیار لەبارەی داهـاتوی خۆیانـەوە بـدەن. چونکە ناکرێ دانیشتوانێك بە پێچەوانەی خواستی خۆیانەوە لە دەوڵەتێکـەوە بخرێنـە سەر دەوڵەتێکی تر. پێشتر ئەوە پەسەندکراوە، کە لەم جۆرە مەسەلانەدا پەنابردنە بەر راپرسی لە پێناوی دیاریکردنی چارەنووسی ناوچەیەك، کە کێشەی لەسەرە بە پێویست زانراوە. نموونەی ئەوانەش بارودۆخەکەی **سیلیسیای سەروو**، **دۆڵی سار** و هەندێ بەشی **پرۆسیای رۆژهەڵات** و **هەرێمەکانی سیشلاسویگ** و **کلاجینفۆرت** و زۆر شوێنی تـر. میللەتانی رۆژهەڵات نازانن بۆچی مامەڵەکردنیان دەبـێ لـە میللـەتانی ئـەورووپایی جیاواز بێت.

خۆ ئەگەر راپرسی بە گەلی عێراق لە مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەمیر فەیسەڵدا بکرێت، ئەی چ بەربەستێك هەیە لەوەی، کە نابێ لە پرسێکی زۆر لەوەش گرنگتردا راپرسی بە میللەت بکرێت، مەسەلەی میللەتێك و لکاندنی بە دەوڵەتێکی ترەوە.

رازی نەبوونی حوکومەتی بریتانیا بە راپرسی، دانپیانانە بە لاوازی مەسەلەکە و نادادوەری داواکە و ئارەزوومەندێتی و سۆزی میللەتە بەلای تورکیادا.

بەپێی ئەو (یادنامەیەی تورکیا لە مانگی ئەیلولی 1924دا لەژێر ژمارەی 1924،494C VII ) هۆیەکی تریش هەیە، کە راپرسی لە ویلایەتی موسڵدا بە پێویست دادەنێت، ئەویش ئەو ناکۆکیانەی، کە لە بەڵگە و داتاکانی بریتانیدا لە بارەی راپرسیەکانی ساڵانی 1919 و 1921دا هەیە، کە لە عێراق ئەنجام دراوە.

أ. لەبارەی ئەو تێبینییانەی عیسمەت پاشاوە، کە لە لۆزان لە 23/ کانونی دووەم/ 1920دا خستینیە روو، لۆرد کروزن- *Lord Curzon* وەڵامی دایەوە:، کە کاربەدەستانی بریتانیا راوێژیان بە دانیشتوانی ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە و موسڵ کردووە، ئایا ئەگەر دەیانەوێ بە یەکگرتوویی یان بە جیا بمێننەوە و دانیشتوانی ئەو سێ شوێنە وەڵامیان دایەوە، کە هەر یەکە پارچەیەکن لە یەکتری و جیانابنەوە و جیابوونەوەیان رەتکردەوە. لە هەمان کاتدا داوایان لێکرا، تا لە هەڵبژاردنی مەلیکێکی عەرەبیدا بڕیار بدەن، بەلاّم وەڵامەکەیان گشتگیری نەبوو، هەروەها کاتێ مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەمیر فەیسەڵ وەك مەلیك بۆ عێراق لە راپرسی گشتی ساڵی 1921دا هاتە گورێ، وتی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە کۆی دەنگ لە بەرژەوەندی ئەو مەسەلەیەدا دەنگیان دا، وەك لە (تۆمارنامەی کۆنفرانسی لۆزان- بەرگی یەکەم- لاپەڕە 289)دا هاتووە.

ب. لە هەمان روونکردنەوەدا لۆرد کروزن-*Lord Curzon* هێمای بە تورك کرد لە ویلایەتەکەدا، کە هەموو دانیشتوان، جگە لەوانەی، کە لە

کەرکوکن دەنگیان دا بە چوونە نـاو عێـراق و بـۆ ئـەمیر فەیسـەڵ وەك مەلیك. (تۆمارنامەی سەرەوە- بەرگی یەکەم- لاپەڕە 292).

ت. لەو یاداشتەی لە 14/کانونی یەکەم/1923دا پێشکەشی عیسمەت پاشا کرا، لۆرد کروزن-*Lord Curzon* ئەم روونکردنەوانەی کردبوو، (جارێکی تر هێمای بە راپرسییەکەی ئەم دواییە کردەوە)، کە هەموو ویلایەتەکەی دەگرتەوە، جگە لە کورد، واتە **دانیشتوانی ناوچەکانی سلێمانی و رانیە و رەواندوز، کە پارچەیەکی پتەو لە میللەتێکی تەواو جیاواز لە رووی نەتەوە و زمانەوە پێکدەهێنن** و ئەوەش ئاساییە، ئەوانە پێویستییان بە مامەڵەیەکی جیاواز هەیە. ناوچە عەرەبییەکان و هەرێمە کوردییـەکانی دەوروبەر و شارۆچـکە تورکومانییـەکان بـە گشـتی، (بـەبێ کـەرکوك) دەنگیان دا و جارێکی تریش بۆ چوونە نـاو دەوڵـەتی عێـراق و خـاوەن شکۆیی ئەمیر فەیسەڵ مەلیکی عێراق (کتێبی شین"تورکیا"ژمـارە 1-1923 لاپەڕە 367). هەروەها لە لاپەڕە 371، لە هەمان بەڵگەنامـەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە دانیشتوانی ویلایەت بە کۆی دەنگ لـە 1919دا بڕیاریان داوە بە بەردەوامی پێکەوە لکانیان لەگـەڵ بەغـدا و بەسـرەدا. هەروەها لە سـاڵی 1921 جـارێکی تـر بڕیـار درا، هـەموو عـەرەب و کوردانی دانیشتوانی هەرێمەکانی دەوروبەر و هەموو تورکومان (جگە لە کەرکوك) بچنە ناو دەوڵەتی عێراقـەوە و ئـەمیر فەیسـەڵ بـە مـەلیکی خۆیان هەڵبژێرن. دەتوانرێ لەم بەڵگەنامە جیاوازانـەوە ئـەوە بەرئـەنجام بێت، کە هەموو دانیشتوانی ویلایـەتی موسـڵ لەگـەڵ ئـەو کوردانـەی سلێمانیش بە گشتی بڕیاریان دا لەگـەڵ بەغـدا و بەسـرەدا یـەکبگرن و هەموو عەرەب و کورد(جگە لەوانەی نـاو شـاری سـلێمانی) و هـەموو تورکەکان (جگە لەوانەی لە ناوچەی کەرکوك نیشتەجێن) لە بەرژەوەندی

یەکگرتن لەگەڵ یەك و دانانی ئەمیر فەیسەڵ لەسەر عەرشی مەلەکی بڕیاریان دا.

پ. عیسمەت پاشا لە وەڵامی یاداشتەکەی بریتانیادا، کە لەسەرەوە هێمای پێکراوە دڵنیایە لەوەی، کە دانیشتوانی شارەکانی سلێمانی و کەرکوك ئەوەیان رەتکردۆتەوە، کە دەنگ بدەن بە لایەنی چوونە ژێر سایەی دەوڵەتی عێراقەوە، هەروەها کاتێ لۆرد کروزن-*Lord Curzon* وەڵامی دایەوە، کە دانیشتوانی سلێمانی دەنگدانیان رەتنەکردەوە بۆ چوونە ژێر سایەی عێراقەوە، چونکە داوای هەڵبژاردنیان لێنەکرا بۆ ئەمیر فەیسەڵ، ئەویش بەهۆی ئەو شتانەی لە یاداشتی 14/ کانونی یەکەمدا باسی لێوەکراوە.

ج. لە راپۆرتێکی فەرمیدا لەبارەی ئیدارەی عێراقەوە: (راپۆرتێك لەبارەی ئیدارەی عێراقەوە- لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1920- ئازاری 1922، لاپەڕە 12) ئەم پارچەیەی لای خوارەوە هاتووە: ناوچەی سلێمانی بە پێی رێکەوتنی ئاراکان، تا رادەیەك هەموو شێوەیەکی چوونە ژێر دەسەڵاتی عێراق رەتدەکاتەوە، بۆیە بەپێی ئارەزووی خۆی تەمەنای مانەوەی دەکات لەژێر ئیدارەی راستەوخۆی بریتانیادا، کە حاکمێکی سیاسی بریتانیا دەیبات بەڕێوە.

ح. دوای ئەوەش لە لاپەڕە 15، لە هەمان راپۆرتدا دەبینین، کە (شاری سلێمانی بریاری دابوو لە پرۆسەی هەڵبژاردنی مەلیك بۆ عێراقدا هاوبەشی نەکات.) ئەنجامی راپرسی گشتی 96٪ دەنگی دا بە هەڵبژاردنی ئەمیر فەیسەڵ، بەڵام 4٪ دەنگە دژەکان زیاتر کورد و تورکی دانیشتوی کەرکوك بوون. لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەمیر فەیسەڵ لەم شارەدا رەتکرایەوە، بەڵام رایەکی هاوجووت نەبوو لەبری یەکێکی تر.

خ. لەوە دەچێت گۆڕانێك هەبێت لە مشتومڕی بریتانیدا، دوای رێکخستنی
راپۆرتی فەرمی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە، هەرچەند لەو یاداشتەی لە ئابی 1924دا پێشکەشی ئەنجومەن کراوە، (سنجاق) لیوای سلێمانی لە هەردوو راپرسییەکە بەدەر بووە، بەڵام بە گوێرەی کەرکوکەوە، شارەکە بە تەنیا دەنگدانی لە بەرژەوەندی چوونە ناو عێراق لەژێر فەرمانی مەلیك فەیسەڵدا رەتکردەوە.

لەم دۆکۆمێنتانەدا دەتوانرێ ئەوە بەرئەنجام بێت، کە شاری سلێمانی بە هەر شێوەیەك بێت بە کردەوە دژی چوونە ناو عێراق وەستاوەتەوە، هەروەها شاری کەرکوك فەرمانڕەوایی فەیسەڵی بە تەواوی رەتکردەوە. بە واتایەکی تر ئەم دوو شارە سێ یەکی هەموو ویلایەتەکە پێکدەهێنن، یان بەپێی سەرژمێری تورکیا، نیوەیان دەنگیان دژی یەکگرتن لەگەڵ عێراق داوە. هەروەها بەپێی بارودۆخی نائاسایی، کە بە هۆیەوە ئەو دانیشتوانەی مابووەوە هاوبەشییان لە راپرسیدا کرد، لەبەرئەوە دەکرێ هاشەو هوشەی ئەوە بکرێت، کە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ هەموویان بڕیاری چوونە ناو عێراقیان بە هەر شێوەیەکی یەکگرتن بێت داوە، تەنانەت ئەوە لە دیدی بریتانیاشەوە وایە.

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە بەڵگەی پێویست بوونی پرۆسەی راپرسییە لە ویلایەتەکەدا. بەڵام ئەو شێوازەی، کە دەکرێ بەکاربێت لە راپرسی ئاوادا، یاداشتەکەی تورکیا جگە لە چەند پێشنیارێك زیاتری لەو رووەوە بەیان نەکردووە، ئینجا لە وەڵامی ئەو بۆچوونانەی لیژنەکە پێشکەشی کردووە، لێکدانەوەیەکی دوورو درێژی بۆ کردووە.

وەڵامەکە پێویست بوونی راپرسی تێدایە، بەبێ ئەوەی دەنگدەران دووچاری کاریگەری دەرەکی بن، ئەگەر بیانەوێ راپرسییەکی گونجاو و راست و دروست بکەن. بۆ ئەوەش پێویستی بە لیژنەیەکی بێلایەنە بۆ جێبەجێکردن، هەروەك لە یاداشتەکەی تورکیادا پێشنیار کراوە" ئەگەر ویلایەتی موسڵ راستەقینەیە، هەر چۆن لۆرد کروزن- *Lord Curzon* لەبارەیەوە لە لۆزان وتی، کە (لە دەستی گەل خۆیدایە) (رووداوەکانی کۆنفرانس- بەرگی یەکەم- لاپەڕە 290). ئەوەش ئەرکی سەرشانی لیژنەکەیە ووردبینی

لە ڕێژەی دانیشتواندا بکات، لەسەر جیاوازی نەتەوەکانیان، کە هێزی گشتی دروستکردووە لە هەموو ناوچەیەك لە ناوچەکان.

دوای جێبەجێکردنی ئەوە و پاش ئەوەی حوکومەت بەڵێن دەدات بە ڕێگە نەدان بە فڕینی هەر فڕۆکەیەك لە فڕۆکەکانی حوکومەت بەسەر ویلایەتدا لە ماوەی ڕاپرسییەکەدا. ئەو کاتە دەتوانرێ دەنگەکان وەربگیرێت بە مەرجێ بەکارهێنانی پۆستەکانی ئێستا بۆ فەرمانبەرانی حوکومەت، بە شێوەیەکی کاتی و پێش هەموو شتێك بەو کەسانەی میللەت هەڵیاندەبژێرێت، یان ئەنجومەنی پیران (ریش سپییان)ی هەر ناوچەیەك دایاندەنێن.

لێرەدا پێویست بە ترس ناکات بۆ بەرپابوونی ئەو ئاژاوەیەی، کە دەسەڵاتی بریتانیا چاوەڕێی دەکات، چونکە پاراستنی ئاسایش لە ناوچەی هەر عەشیرەتێکدا دەکەوێتە سەر شانی ئەو عەشیرەتە، بەڵام لەناو شارەکان و ناوچە گوندییەکاندا، ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی هێزەکانی ناوخۆ، بە ڕێژەی دیاریکراو و لە نێوان چینە جیاوازەکانی دانیشتوان و لەژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنەکانی پیراندا سەربازی نوێ بانگ دەکرێن.

حوکومەتی تورکیا شێوازی دەنگدانی تاکی ڕاستەوخۆ پەسەند دەکات، لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی نزیکترە بۆ زانینی ئارەزووی دانیشتوان، باشیی ئەو ڕێگایە ئەوەیە، کە دوو پەڕە کاغەز بدرێت بە هەر دەنگدەرێك، یەکێکیان ئاڵای تورکیا و ئەویتریان ئاڵای بریتانیای لەسەر چاپ کرابێت و پێیبوترێ ئەو وەرەقەیەیان بخەرە سندوقەکەوە، کە ئاڵای ئەو وڵاتەی لەسەرە ئەو پەسەندی دەکات. بەڵام بە گوێرەی خێڵە کۆچەرییەکانەوە، دەکرێ نوێنەریان لێ وەربگیرێت بۆ دەنگدان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەگەر پێویست بکات.

پێویستە لە هەر ناحییەیەك، بنکەیەکی هەڵبژاردنی تایبەت هەبێت.

هەروەها دەبێ بۆ هەر یەکە لە حوکومەتی تورکیا و بریتانیا، ژمارەیەکی یەکسان لە چاودێرانیان لە لیژنەی سەرپەرشتیدا هەبێت.

حوكومەتی توركیا دەڵێت: دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ هەمیشە نوێنەری خۆیان لە پەرلەمانی توركیادا هەڵدەبژارد (ئەنجومەنی نوێنەران) و هەر لە زووەوە لەگەڵ دەنگداندا راهاتوون.

## ♦ كورتەی مشتومڕەكانی حوكومەتی بریتانیا

با ئێستا ئاوڕێ لە بەڵگەكانی حوكومەتی بریتانیا لەبارەی مەسەلەی راپرسییەوە بدەینەوە و بەو شێوازەی لە وەڵامی یاداشتەكەی توركیادا هاتووە و، كە وەزارەتی كۆڵۆنیاڵی رێكیخستووە و خستویەتیە ژێر دەستی لیژنەكەوە.

1. ئەنجامی هەر راپرسییەك ئەگەر لەو كۆمەڵگایانەدا بكرێ، كە نەگەیشتبێتنە ئاستێكی باڵا لە فێربوون و شارستانیدا و بە تەواوی كاروباریان رێكنەخستبێت، بە شێوەیەكی تایبەتی كاریگەریی بنەماكانی سیاسی و نەتەوایەتی لەسەر دەبێت، یان ئەو شتە كاتی و ناوخۆییانە، وەك ناكۆكی لەسەر زەوی، یان سەپاندنی باجی نوێ، یان بڵاوكردنەوەی هێرشێكی پڕوپاگەندە، كە كات و هەلی بەرگەگرتنی نییە. خۆ ئەگەر راپرسییەك بە مەبەستی دیاریكردنی سنووری نێوان توركیا و عێراق رێكبخرێت، ئەوا دەنگدەری نەخوێندەوار، وابەستەی گرنكییەكی تەواو نابێت لەسەر ئەو فاكتەرانەی پەیوەندە بە بازاڕی سوپا و مەسەلەی جیۆگرافیایی و ئابووری و كارگێڕییەوە.
2. لەبەر ئەم هۆیانە حوكومەتی بریتانیا داوای ئەو سنوورە ناكات، كە كەوتۆتە باكووری هێڵەكەوە، كە بە راستی بە روبەرێكی گەورە پێشنیاركراوە. خۆ ئەگەر بڕیاری پەسەندكردنی راپرسی بدات، كە باشترین رێگەیە بۆ گەیشتن بە بنبڕكردنی كێشەكە، حوكومەتی بریتانیا هەست بەوە دەكات، كە ناچارە ئەو هۆیانە بنێتە لاوە، كە ناوچەیەكی

فراوان لە باکووری ویلایەتی موسڵ لـە خسـتنە سـەر دەوڵـەتی عێـراق
بەدەرکات و ئەو کاتە داوای راپرسیش لەو ناوچەیەدا دیسانەوە دەکرێت.

ئەو ناوچـەیەی ئامـاژەی پێکـرا، بەشـێکی گـەورەی وڵاتـی ئاسـوورییەکان دەگرێتەوە و هەروەها ئەو زەوییانەی هەنـدێ لـە خێڵـەکانی کـوردی تێیـدا نیشتەجێن، کـە حوکومـەتی عێراقـی زۆر جـار گەڕاوەتـەوە و هەنـدێ لـە عەشیرەتی عەرەب و لە نێوان ئاشوورییەکان، کـە لـەوەپێش لـەم هەرێمـەدا ژیاون، ئێستاش لە عێراقدا نیشتەجێن و بەڵام زۆریان ئێستا لە روسـیادا لـە قەوقاز و شوێنەکانی تردا بڵاوبوونەتەوە. لەم حاڵەتەدا دەبێ هەوڵبـدرێت بـۆ بـەدیهێنانی ئاراکانیـان، لەگـەڵ ئەوەشـدا نـاکرێ پێشـنیاری تورکیـا بـە سنووردارکردنی راپرسی لە ویلایەتی موسڵدا پەسەند بکرێت.

3. بێگومان، ئەگەر هەوڵ بدەین لـەم بارودۆخـەدا دەنگێکـی بـاوەڕپێکراو بەدەست بهێنین، هـەموو هێزەکـانی تورکیـا و عێـراق و بریتانیـا، کـە بەرپرسن لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی وڵات، پێویستە بکشێنەوە.

بەڵام ئەو پێشـنیارەی لـە لاپـەڕە پێنجـی یاداشـتەکەی تورکیـادا هـاتووە، وتویەتی هێزەکانی نـاوخۆ بخرێتـە ژێـر فـەرمانی ئەفسـەرانی بێلایـەن بـۆ پاراستنی ئاسایش و پارێزگاریکردنی بارودۆخی دوور لە لایەنگیریی، کە ئەوە هەرگیز کارێکی کردەیی نییـە. ئەگـەر پێویسـت بکـات هـەموو هێزەکـان بگۆڕێت بە هێزی تر و هەموویان بێلایەن بن، ئەوە کارێکی ئاسان نییە هێزی بێلایەن پەیدا بکرێـت و بتوانێـت لـە هـەرێمێکی سـەختی ئـاوا شـاخاویدا پارێزگاری لە ئەمن و ئاسایش بکات، تەنانەت ئەوە لە بارودۆخێکی ئاسایدا ناکرێـت. دەسـتپێکردنی راپرسـی بـە دڵنیاییـەوە شـاڵاوێکی پڕوپاگانـدەی تورکیای لەگەڵ دەبێت و ناشتوانرێ رێ لە حوکومەتی عێراق بگیرێ، ئەگـەر بە هەمان شێوە بەرەنگار بووەوە. لەوانەیە زۆر بە ئاسانی ئاژاوە بەرپا بێـت،

بەو هۆیەوە مەسەلەی پاراستنی ئەمن و ئاسایش، پێویستی بە هێزێکی بێلایەنی زۆر هەیە.

4. ژمارە و چالاکی ئەو هێزانە هەرچەند بێت و چەندیش لە تواناییاندا بێت رێ لە هەوڵی هەڕەشە و ئاژاوە بگرن، لەم کاتەدا دەتوانرێت رایەکی باوەرپێکراو دەست بکەوێت لە عەشایرە نیشتەجێکانی سەر سنووری باکووری عێراق، کە دەزانن خۆیان دووچاری چ مەترسییەك دەکەن، ئەگەر بڕیار بدەن بە نەچوونە ناو تورکیاوە.

ئەو کارەساتانەی، کە لەوانەیە لە میانەی راپرسیدا بێتە ئاراوە، دەتوانرێت لە رێی تاقیکردنەوەکانەوە فێریان بین. کەمایەتییەکان بێگومان دووچاری کاری تۆڵەسەندنەوە و چەوسانەوە دەبن، وا دادەنرێت، کە ملکەچ نین بۆ ئەو دەوڵەتەی دەنگیان بۆ نەداوە، هەروەها لەلایەن ئەو میللەتانەی بە پێچەوانەی ئەوانەوە رای دەربڕیوە، دووچاری هەڕەشە دەبنەوە. هەموو ئەو بەرئەنجامانە لەوەپێش رووی داوە و تا ئێستاش لەو وڵاتە ئەوروپایانەدا روودەدەن، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە رێی راپرسییەوە سنوورەکانیانی دیاری کردووە. خۆ ئەگەر ئەم مەترسییە لە ئەوروپادا هەبێت، ئەی چۆن لە وڵاتێکی دوورەدەستدا روونادات؟، کە کاریگەری بیروڕای گشتی جیهانی لەبارەی پاراستنی هامبەرییەوە لەوێ کەمترە؟ بگرە، ئەگەر ئەوە بکرێت، لە رووی کردەییەوە هەڵبژاردنێکی نهێنی لە نێوان خێڵە نەخوێندەوارەکاندا بکرێت، ناتوانێت ئەو زیانە توندانە هاوکێش بکات، چونکە هەمیشە بۆ دەنگدەران وا دادەنرێ، کە بە پێی دیدی سیاسی و نەتەوەیی دیاریکراویان دەنگیان داوە.

5. راپرسی گشتی تەنیا چارەیە بۆ بنبڕکردنی کێشەکان، کە دەتوانرێت لە شێوەی پرسیاری ئاساییدا دابڕێژرێت و هەڵبژاردنی یەك شت لە نێوان ژمارەیەکی دیاریکراو لە هەڵبژێراوەکان.

ئەوەش ئاشکرایە، کە مەسەلەکە پەیوەندە بە سنوورەوە، ناکرێ وا دابنرێت، کە بە زۆر دەربڕرێت. ئەم راستیەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەکانی تورکیا لەناودەبات، کە وەك هەندێ مەسەلە لەوەپێش خستیە روو بۆ راپرسی گشتی لە عێراقدا. دوای ئەوە ئیتر حوکومەتی بریتانیا مافی ئەوەی نییە بڵێت راپرسی گونجاو نییە لەم مەسەلەیەی ئێستادا. ئەو کێشانەی لە راپرسییەکانی پێشوتردا لێیکۆڵاونەتەوە دەتوانرێ بخرێتە روو، بە شێوەیەکی سادە و ساکار لە سەرەوە هێمای پێکراوە.

6. لە دوو راپرسییەکەی پێشودا داواکرا، وەڵام تەنیا لەسەر پرسیاری سادە نییە، بەڵکو لەسەر ئەو پرسیارانەیە، کە ناکرێ لەبارەیەوە زانیارییەکی تەواو بزانرێ، تا بزانرێ بیروڕای بەشێك لە بەشەکانی دانیشتوان چییە.

لەسەرو ئەوەشەوە، لە هەردوو راپرسییەکەدا کوردانی خەڵکی سلێمانی لێبەدەر کرابوو، بەلام لەم مەسەلەیەی ئێستادا، رای بەشێکی گەورەی دانیشتوان لەبارەی کێشەکەوە، وەك حوکومەتی تورکیا روونی کردەوە- واتە چارەنووسی ویلایەتی موسڵ - بە تەواوی ناسراوە. **کورد نیوەی دانیشتوانی ویلایەتەکە پێکدەهێنن**، بەڵام نیوەکەی تری عەرەب پێکیدەهێنێ، کە سێ بەشە لە شەش بەش، ناشتوانرێ ئەوە رەتبکرێتەوە، کە عەرەب تەمەنناى ئەوە دەکەن لە دەوڵەتی عێراقدا بمێننەوە. دوو بەشی تر لە شەش بەشەکە کەمایەتییە نا- موسڵمانەکان دەگرێتەوە، یەزیدی و جولەکە و مەسیحی. یەزیدییەکان زۆر جار دەرکەوتووە، کە حەز بە مانەوە دەکەن لە عێراقدا، هەروەها ئەوەش راستە بە گوێرەی جولەکە و مەسیحیە کلدانییەکانەوە، بەڵام ئاسوورییەکان حەزیان دەکرد نە لە تورکیا نە لە عێراقدا نەمێننەوە، بەهەرحاڵ خواستی خۆیان دیاریکرد بەوەی نەگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی تورکیا. بەڵام ئەگەر بەڵێنێکی لەبارەوە بدرێت، رازین بە مانەوە لە دەوڵەتێکدا، کە گەرەنتی (بە لایەنی کەمەوە، بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت) پاراستنی لەژێر

راوێژی بریتانیادا هەبێت، شەشەم بەش و دوابەش تورکمان دەگرێتەوە، ئەوان لەژێر سێبەری رژێمی ئیستادا رەزامەند و سەرکەوتون، بەڵام با وادابنێین، کە ئەوان بە گشتی دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ تورکیا.

لەوەی پێشەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە خواستی نیوەی دانیشتوان بە تەواوەتی ئاشکرایە، ئەوەی پەیوەستە بەوانەوە راپرسی بێگومان بەکاری هیچ نایەت، بەڵام نیوەکەی دوایی، ئەوەش بریتیە لە کورد، کە زۆربەیان ئەندامانی خێڵە سەرەتاییەکانن و ناتوانن یەك ئارا دەربڕن.

### ♦ بەرئەنجامەکان:

ئێمە لە سەرەتادا دەبێ بابەتی راستەقینەی کێشەکە دیاری بکەن، ئینجا سنووری ئەو ناوچەیەی، کە لەوانەیە راپرسییەکەی تێدا بکرێت، پاشانیش سروشتی راپرسییەکانی پێشوتر، کە لە ویلایەتی موسڵدا لە ساڵانی 1919 و 1921دا کراوە.

دۆکۆمێنتەکانی بریتانیا ئەو خاڵە بە تەواوی شیناکاتەوە. هەرچەند لە هەندێ دەربڕیندا دەتوانرێ ئەوە بە دەست بێت، کە راپرسی گشتی کراوە (بەلایەنی کەمەوە وشەی راپرسی لە یەك دۆکۆمێنتا باسکراوە.)، بەڵام لەبەر هۆ تایبەتییەکان لە هەموو ناوچەکەدا نەکراوە.

ئەگەر ئەمە مەسەلەکە بێت، ئەوا رەتکردنەوەی پێشنیارەکەی تورکیا هێزێکی زۆر لە دەست دەدات. خۆ ئەگەر توانرابێت بەر لە 3-4 ساڵ لەوەپێش راپرسی بکرێت، ئیدی هۆیەکی ئەوتۆ نییە، کە دووپاتکردنەوەی لە ئەمڕۆدا مەحاڵ بێت، لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە زیاتر گونجاوترە وەك لەوەبەر، ئیتر بە پێچەوانەوە بەڵگەکانی تورکیا زیاتر جێی گرنگی پێدانی تەواوە. یەکەم، لەبەر بۆچوونەکانی دانیشتوان، کە هەردوو تیمەکە گرنگی تەواوی پێدەدەن، پەسەندکردنی بە شێوەیەکی باشتر دڵنیادەکاتەوە. دووەم، لەبەرئەوەی راپرسییەکانی پێشوو لە هەموو ناوچەکەدا نەکراوە و حوکومەتی تورکیا لە وتەکەیدا راستە، کە راپرسییەکانی لە بارودۆخێکی

سیاسی ناجێگیردا جێبەجێکراوە، راستەوخۆ و بە کردەوە داگیرکردنی سەربازی بووە، لەبەرئەوە ناکرێ لەبارەی حەز و خۆزگەی دانیشتوانەوە وەك بەڵگەیەکی کۆتایی دابنرێت.

لێرەدا لیژنەکە ناچارە، کە بڕیار بدا لەسەر پەسەند نەکردنی زۆربەی ئەوانەی لە بەڵگەنامە و وتارەکانی بریتانیادا هاتووە. لەوەی، کە راپرسی کردن مەحاڵە، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە کێشەی سنوورە، نەك چارەنووسی ویلایەتی موسڵ. بەڵێ، ئەوە راستە، کە ناکۆکییەکە لە کۆتاییدا مەسەلەی سنوورە، بەڵام دوو هۆکاری بنەڕەتی تر هەن، کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن.

**یەکەم:** ئاشکرایە ئەو ناوچەیەی کەوتۆتە نێوان سنووری پێشنیارکراو لەلایەن هەردوو حوکومەتی بریتانیا و تورکیاوە، یەك لەدوای یەك، گەورەترە لەوەی، کە لەبارەیەوە بڵێیت مەسەلەکە تەنیا گێڕانەوە و دیاریکردنی سنوورە. ئەم ناوچەیە رووبەرێکی فراوانتر لەخودی ولایەتی موسڵ دەگرێتەوە و بریتیە لە 800,000 کەس.

**دووەم:** لە راستیدا، هەردوو لایەنەکە داوایان لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد بۆ بنبڕکردنی ناکۆکییەکە و بڕیاری دا، کە ئەنجومەن سەربەستە لە هەڵبژاردنی یەکێ لەو دوو پلانە پێشنیارکراوە، یان هەر چارەسەرێکی ناوەندی، کە خۆی بە باشی دەزانێت، ئەوەش زیاد لەسەر رۆشتن نییە، گەر بوترێ مەسەلەکە پەیوەند نییە بە چارەنووسی کۆمەڵێکی گەورەی دانیشتوانەوە و سروشتی مەسەلەکەی کێشەی تێدایە، وا لە راپرسییەکە دەکات، کە کارێکی مەحاڵ بێت. لە راستیدا پێدەچێت ئەگەری لەبەرچاوگرتنی راپرسی کارێکی شیاو و زۆر گونجاو بێت، بە پشتگوێ خستنی ئەوەی، کە لە رابردوودا لەلایەن هێزێکی داگیرکەرەوە کراوە یان نا؟

هەروەها لیژنەکە ناتوانێ بەڵگەکانی حوکومەتی بریتانیا لەبارەی دیاریکردنی ناوچەی راپرسییەکەوە پەسەند بکات، ئەو ناوچەیەی کێشەکەی تێدایە بە تەواوی دیار و ئاشکرایە. لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێ، کە هەردوولا لە پێشتردا رازی بوون بە بڕیاری ئەنجومەن و هەروەها زۆر ئاشکراشە و بەپێی ئەو رێنماییانەی دراوە بە لیژنەکە،

نابێ ڕێبازی ڕاپرسی دووربخرێتەوە و حوکومەتی بریتانیا مافی ئەوەی نییە کێشەکە فراوان بکاتەوە و وای لێبکات ئەو ناوچانەش بگرێتەوە، کە هەرگیز ناکەونە ناو ئەوەی لێیدەکۆڵرێتەوە.

هەروەها لە پێناوی زیاتر تیشك هاویشتنە سەر ڕاپرسییەکانی پێشوو، لیژنەکە داوای لە حوکومەتی بریتانیا و دەسەڵاتی بریتانیا کرد، کە زانیاری زیاتری بداتێ.

لەو زانیاریانەوە، کە دراوە دەردەکەوێت، ڕاپرسی نە لە ساڵی 1919 و نە لە ساڵی 1921دا کراوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێ، کە ئەو شێوازەی دوایکەوتون لە هەردوو ڕاپرسییەکەدا، بریتی بووە لە کۆکردنەوەی پیاو ماقوڵان و سەرۆکانی عەشایەر و نوێنەرانی خێڵەکان و...هتد، تا بیروبۆچوونیان وەرگرن، بەڵام هیچ دەنگێکی تەنیا و بە نهێنی وەرنەگیراوە. لە ڕاپرسی یەکەمدا دەنگدەران لەلایەن دەسەڵاتی قەزاکەوە کۆکراونەتەوە و بانگکراون بۆ وەڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارەی لای خوارەوە:

1. ئایا حوکومەتێکی عەرەبی تەنیایان پێباشە، کە لەژێر سەرپەرشتی بریتانیادا بێت و لە سنووری باکووری ویلایەتی موسڵەوە بۆ کەنداوی فارس درێژ بووبێتەوە؟
2. ئەگەر ئەوەیان پێباش بێت، ئایا ئەوەیان پێباشە، کە حوکومەتە نوێکە دەبێ لەژێر سەرکردایەتی شازادەیەکی عەرەبیدا بێت؟
3. هەروەها لەم بارودۆخەدا کێیە ئەوەی، کە دەیانەوێت؟

لە ڕاپۆرتێکی کارگێڕی میسۆپۆتامیادا هاتووە، کە لە 1920دا بڵاوکراوەتەوە، وەڵامی پرسیاری یەکەم بەڵێ بووە، بەڵام ئارا لەبارەی دوو پرسیارەکەی ترەوە زۆر جیاواز و دوور لە یەکەوە بوو. هەروەها لە ڕاپرسی دووەمدا سەرۆکی عەشایەرەکان هاوبەشییان کرد، کە عەشیرەتەکانیان یان حوکومەت دانیان پێدا ناون و ئەندامانی ئەنجومەنە کارگێڕییە جیاوازەکان، کە بە یاسایی هەڵبژێراون و ئەنجومەنەکانی ڕیش سپییان، کە ڕای گشتی دانی پێدا ناون، هەروەها موختار و بەڕێوەبەرانی ئیدارەی گوندەکان، کە

لەلایەن خاوەن موڵکەکان و دانیشتوانەوە هەڵبژێراون و لەلایەن حوکومەتەوە پەسەند کراون، هەروەها پیاوماقوڵان و سەرۆکان و پیاوانی ئاینیی لە شارەکان و ناوچەکاندا.
داوا لە نوێنەران کرا، کە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە و واژۆ لەسەر ئەم دۆکۆمێنتە بکەن:
" ئێمە، کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، دانیشتوی ناحییە (گەڕەك، یان قەزا) یان شاری .......... لە لیوای .................. گوێمان لێگرت و تێیگەشتین و بە قوڵی بیرمان لە بڕیاری ئەنجومەنی دەوڵەت کردەوە، کە لەسەرەوە ناوبراوە و ئەنجامەکەش، کە .............رازین لەسەر ئەوەی وتراوە و ملکەچی خۆشیان بۆ ئەمیر فەیسەڵ ئاشکرا دەکەن و بەڵام......................پێچەوانەی ئەوەن."

واژۆکان...

ئەم وردەکاریانە ئەوە روون دەکاتەوە، کە راپرسی بە شێوەیەك نەکراوە، تا پارێزگاری لە ئازادی و سەربەستی دەنگدان بکات. بەڵام ئەوەی تایبەتە بە بەرئەنجامەکانی تورکیاوە بەگوێرەی هەڵوێستی لیوای- پارێزگای کەرکوك و سلێمانییەوە، ئاشکرایە، کە کەرکوك هاوبەشی کرد لە راپرسیدا و لە یەکەم راپرسیشدا دەنگی داوە و هەردووکیشی بۆ چوونە ناو عێراق بووە. هەروەها لە دووەمیشدا لە بەرژەوەندی مەلیك فەیسەڵ بوو، ئەوەش جگە لەناو شاری کەرکوك. بەڵام بە گوێرەی لیوای سلێمانییەوە لیژنەکە دڵنیابووە لەوەی، کە ئەو لیوایە لە هەردوو راپرسییەکەدا هاوبەشی نەکردووە، هەروەها بەڵگەکانیش ئەوە روون ناکەنەوە، کە بۆچی بەدەرکراوە لە راپرسیی ساڵی 1921. لە لاپەڕە 15ی "راپۆرتێك لەبارەی ئیدارەی عێراقەوە لە 10/ تشرینی یەکەم/1920 بۆ ئازاری/1922 هاتووە"، کە بڕیارە لیوای سلێمانی هاوبەشی لە هەڵبژاردنی مەلیکی عێراقدا نەکەن. بەڵام وەڵامی حوکومەتی بریتانیا بۆ یاداشتەکەی تورکیا، کە پێشکەش بە لیژنە کراوە، باسی ئەوە ناکات و دەڵێت بارودۆخی سلێمانی لە کاتی راپرسیدا ملکەچ بوو بۆ مادەی 64/ پەیمانی سیڤەر، کە **باس لە دامەزراندنی**

**حوکومەتێکی کوردی سەربەخۆ دەکات لە بارودۆخێکی تایبەتدا**. ئیدی تێبینی ئەوە کرا، کە لەم بارودۆخەدا چاکتر وایە تاکە لیوایەك، کە لە عێراقدا هەمووی کوردە بەدەربێت لە راپرسی. ئەم وەڵامەش شیکردنەوەی برگەی داهاتووە (لاپەڕە 12) لە راپۆرتەکەی سەرەوەدا" ناوچەی سلێمانی تا رادەیەك بە کۆی دەنگ ئەوەیان رەتکردەوە، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بچنە ژێر فەرمانی حوکومەتی عێراقەوە."

ئەوەش هێما بەو رووداوانەی ئەم دواییە دەکات، کە مەندوبی سامی مەودای ئەوەی دا بە کورد تا تێیدا خواستەکانی خۆیان دەربڕن. دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ، کە ئەو بڵاوکراوەیە لە 6/ئایار/1921دا بڵاوکرایەوە، واتە پێش راپرسی دووەم. بە هەرحاڵ ئەوە لەوانەیە، هەڵوێستی خەڵکی سلێمانی هەرچۆنێ بێت هەڵقوڵاوی خواست و ئارەزوویان بێت بۆ سەربەخۆیی زیاتر لە هاوسۆزی لەگەڵ تورك. هەر، کە لیژنەکە گەیشتە ناوچەی ناکۆکیەکە، ئیدی دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ئەوەی، کە دەتوانێ راپرسی لەبارەوە بکات و ئەو پشکنینانەی لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکدا کرا، کە تا رادەیەك ئەم لایەنە دەگرێتەوە.

لیژنەکە نەیدەتوانی بەڵگەکانی حوکومەتی بریتانیا بەبێ مەرج پەسەند بکات، کە دەڵێت: راپرسی پێویست ناکات، "لەبەر ئەوەی ئارای نیوەی دانیشتوان تەواو ئاشکرایە" بەڵام نیوەکەی تر، جگە لە ژمارەیەکی کەمیان، کە ناتوانن راستەوخۆ بیروڕای خۆیان پێکەوە دەربڕن. یەکەمی ئەم بەڵگانە، سووربوونە لەسەر هێنانەوەی بەڵگە و دووەمیش پێویستی بە تاقیکردنەوە هەیە لە خاڵی دیاریکراودا.

لیژنەکە نیازی وابوو راپرسی لە شوێنێکی دیاریکراو یان زیاد لە شوێنێك بۆ تاقیکردنەوە ئەنجام بدات و داوای لە مەندوبی سامی لە بەغدا کرد، کە کاری پێویست لەپێناوی ئەم تاقیکردنەوەیەدا بکات، تا سەربەستی تەواوی هەبێ و لایەنگیری تیانەبێت و بتوانرێ باوەڕی پێ بکرێت.

ئەو تاقیکردنەوانەش بێکەڵك بوون لە ئەنجامی ئەو شارەزاییەی، کە لیژنەکە لە ماوەی کارکردنیدا بەدەستی هێنا.

له راستیدا، لیژنەکە تەواو دڵنیابوو لەو بڕوا بەهێزەی بریتانیا هەیبوو لەبارەی کێشە کردەییەکانەوە، کە دەهاتە پێش پرۆسەی راپرسی و ئەو گومانەی، کە پەیوەستە بە راستی و دروستی راپرسییەکەوە، ئەوەش گومانێکە، کە نکوڵی هەڵناگرێ و کارگێڕی دەوڵەت لەلایەن هەر یەك لەو دوو حوکومەتەوە کاریگەریی خۆی لەسەر دەروونی خەڵکەکەی جێدەهێڵێت. بۆیە پێویستە ئیدارەیەکی کاتی بێلایەن دابمەزرێت. پێشنیاری تورکیا لەبارەی پڕکردنەوەی کارە حکومییەکانەوە لەلایەن ئەو کەسانەی، کە میللەت هەڵیاندەبژێرن، یان لەلایەن ئەنجومەنی ریش سپییانەوە لە هەموو ناوچەیەکدا دیاریدەکرێن، نە بێلایەنی دەسەڵات دابین دەکات و نە توانای پاراستنی هەیە لە مەترسیی هەڵچوونی هەست و سۆزی جەماوەر بە پڕوپاگەندەی بەهێز، کە لەوانەیە ئەو کەسانەی لەسەرەوە ناوبراون هاوبەشی تێدا بکەن، بەڵام زۆر دژە بەرژەوەندی تایبەتی هەیە و تەنانەت هەڵبژاردنی ئەو فەرمانبەرانە، بێگومان دەبێتە هۆی هەڵچوون و ئاژاوە. هاوشێوەی ئەم دەسەڵاتە بێلایەنە پێویستە هێزێکی کاریگەر لە پۆلیس پشتیوانی بکات و ئەو هێزەش نابێ لە هێزەکانی سەرباز و پۆلیسی بریتانیا یان تورکیا یان عێراقی بخوازرێن و بارودۆخەکەی ئەم کاتە بەکارهێنانی هێزێکی بێلایەنی پێویستە لە بری ئەوە. ئەو هێزە بێلایەنانە تەنیا کاریان پاراستنی شارەکان نییە و بەس، بەڵکو مەسەلەکە پێویستی بەوەیە، کە یەکەکانی هێز بنێرن بۆ چیاکانی ناوچە کوردییەکان، کە تەنانەت هەر پیاوێك لەوێ لە کاتی ئاشتیشدا چەکی هەڵگرتووە. هەوڵدان بۆ پاراستنی ئاسایش بێ هوودەیە، هەرچەند حوکومەتی تورکیا پێشنیاری ئەوە دەکات، کە بۆ پاراستنی بارودۆخەکە باشتر وایە لە رێی رێکخراوە عەشایرییەکان یان هێزی ناوخۆ، کە بریتین لە هەمەجۆرەی خەڵکانی دانیشتوانی ناوچەکەوە بکرێت. بەڵام ئەم جۆرە کارە، واتە گرێمانی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ. ئەگەر ئەو مەرجە پێویستیانە _ بێلایەنی کارگێڕی و هێزی پۆلیس _ دابین نەکرێن، ئێمە دەبێ چاوەڕێی ئاژاوەیەکی تەواوەتی بین، هەروەها هەوڵدانی هەندێ لە پارتە سیاسییەکان بۆ گوشار خستنە سەر و بێگومان لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی خوێن رشتن. ئەگەر راپرسییەکە بە شێوەیەکی

سەرکەوتوو جێبەجێ بکرێت و بەوپەڕی دابینکردنی شیاو بۆ پاراستنی سەربەستی دەنگدان، خۆ ئەگەر ئەنجامەکەی پێچەوانە بێت، ئەوا کاردانەوەی لەسەر بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵکی دەبێت، ئەوەش ئەگەر هەر ئارەزوویەکیان هەبێت. فێربوون لە قۆناغی سەرەتاییدایە و بارودۆخی کۆمەڵایەتیش وەك لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست یان سەردەمی دەرەبەگایەتیدایە، لە ئەنجامیشدا زۆربەی خەڵکی ئەگەر بۆچوونێکی تایبەتیشیان هەبێت، دوای راوبۆچوونی سەرۆك عەشیرەت و خاوەن موڵکەکانیان دەکەون. هەر ئەوانیش فەرمان دەدەن، کە بەو پێیە رێڕەوەکانی دەنگدان دیاریدەکرێت و کاری تێدەکات، هەروەها ناکۆکی تایبەتی و بە شێوەیەك لە شێوەکان هەست و سۆزی ئەو کاتە و ناتەبایی عەشایری...هیتد کاریگەریی هەیە و ئەگەرێکی قورسی ئەوەش هەیە، کە ترس لە حوکومەت کاردانەوەی ناجۆری هەبێت لەسەر دەنگدان. بەڵێ، لە راستیدا لە هەرێمەکەدا خەڵکانی هۆشیار و بە ئاگا هەن، کە رای خۆیان لەسەر حسابی بەرژەوەندی تایبەتی و هەست و سۆزی راستەقینەی خۆیان بدەن. هەموو ئەو خەڵکانەی لەو گرووپەدان، ئەوانەی هەلی ئەوەمان بۆ رەخساوە، کە راوێژمان پێکردوون، هەروەها ئەندامە دەرکەوتووەکانی حیزبی پیشتوان بۆ تورکیا، پشتگیریان لەو بۆچوونە تایبەتییەمان دەکرد، کە پەیوەند بوو بە بێنرخکردنی راپرسیەکە، کە دەبێتە هۆی زانینی ئارەزووی راستەقینە بۆ دانیشتوان. بەڵام لیژنەکە لەبەردەم ئەنجومەندا هێما بەوە ناکات و ئەو کارەی لە لایەن حوکومەتی بریتاوە پێشنیار کراوە زیاتر گونجاوترە وەك بەڵگەیەکی بڕاوە دابنرێت، کە لیژنەکە دەتوانێت بە هۆیەوە زیاتر زانیاری پێویست کۆبکاتەوە بۆ بنبڕکردنی ناکۆکییەکە. لەسەرو ئەوەشەوە ئەوە ئەو رێگەیەیە، کە لیژنەکە گرتییە بەر بۆ جێبەجێکردنی کارەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك لە بەشەکانی تری ئەم راپۆرتەدا، لیژنە لە پشکنینەکەیدا هەوڵی دا، کە خواستەکانی حوکومەتی تورکیا لەیاد نەکات، هیچ هۆیەك، یان هەلێکی پشتگوێ نەنا بۆ جەختکردنەوەش لە خواستەکانی دانیشتوان.

# بەشی سێیەم

# بڕیارەکان لەبارەی بابەتی تاوتێکراوەوە.

## تەوەرەی یەکەم:

## بەڵگە جیۆگرافیایی و نەتەوەییەکان

یەکەم: **شیکردنەوەی بەڵگە جیۆگرافیاییەکان:**

هەردوو حوکومەتی بریتانیا و تورکیا لە چەند بۆنەیەکدا بەڵگەکانیان لەژێر ئەو ناونیشانە گشتییەدا پێشکەشکرد و ئێمە لەلای خۆمانەوە دەیکەین بە سێ بەشەوە:

1. ئەو بەڵگانەی تایبەتە بە وەسفکردنی دوو سنووره پێشنیارکراوەکانەوە.
2. ئەو بەڵگانەی تایبەتە بە جیاکردنەوەی جیۆگرافی و جیۆلۆجی و کەشوهەواوە، کە ناوچەی ناکۆکیەکان بە ناوچەکانی دەوروبەرەوە لە باکوور و باشووردا دەبەستێەوە.
3. ئەو بەڵگانەی تایبەتە بە رێگا گشتییەکانەوە.

- **وەسفی دوو سنووره پێشنیارکراوەکان:**

ئاشکرایە، ئەو بەڵگانەی لەم بەشی یەکەمەدایە، تێکەڵ بووە بە بیر و بۆچوونی سەربازی و ئابووری و بەڵگەی تر، ئێمەش لێرەدا ئەو داتایانە دیاریدەکەین، کە تەنیا پەیوەندە بە لایەنی جیۆگرافیاییەوە.

1. **سنووری باکووریی، کە لە لایەن حوکومەتی بریتانیاوە داواکراوە.**

لە داواکردنی ئەم سنوورەدا، حوکومەتی بریتانیا پێشنیاری ئەم بەڵگە جیۆگرافیایانەی لای خوارەوەی کرد. لە یاداشتەکانی بریتانیادا، ئەو شاخانە وەك دیوارێکی بەربەست وەسف دەکات، کە بە درێژایی سنووری پێشنیارکراو درێژ دەبێتەوە. راوێژکاری ئینگلیزی لە وەڵامێکی پرسیارێکماندا بە درێژی وەسفی سنوور دەکات و دەیکاتە چوار بەشەوە:

- نێوان رووبارەکانی هەزیل و خاپوور.
- ناوچەی خێڵە ئاسوورییەکان، کە کەوتۆتە نێوان رووباری خاپوور و بەرزاییەکانی جەلۆوە.
- ناوچە سەختەکان، کە کەوتۆتە نێوان ئەم ناوچەیە و رووباری شەمسدینانەوە.
- لە رووباری شەمسدینانەوە بۆ سنووری ئێران.

بڕگەکانی 2و3و4 بە درێژی باسی لێوەکراوە.

**بڕگەی دووەم:**

ئەم ناوچەیە شاخاوییە و زۆرتر سەختە و بەرزترین لوتکەی دەگاتە 10,000 پێ.

ڕێڕەوی زێی گەورە بە ناو ئەم چیایانەدا دەڕوات و لە لاکانیەوە گەلیی ستوونی پێکدەهێنێ، زۆر جار قوڵیەکەی دەگاتە 5000 پێ. چیاکانی نێوان زاب و خاپوور بە زنجیرەیەك لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات دەپەڕێتەوە. لە پشتی زابەوە ڕێڕەوی زنجیرە چیاکە تا دەگاتە لوتکەی جەلۆ ئاشکرا نییە و ئیدی لەوێوە لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە. ئەو کۆمەڵە چیایە دەربەندێکی کەمی پێدا تێدەپەڕێ. لە نێوانی جیراموس و دریازردا تەنیا یەك دەربەندی تێپەڕین هەیە، کە خێڵە کۆچەرییەکانی ئەرتوش بەکاری دەهێنن بۆ سەرکەوتنە سەر چیاکان و بۆ لەوەڕگا هاوینەییەکان. ڕێگاکانی تر لە ئەرشیتاوە و بە درێژایی دۆڵی زاب بەرەو لیوین و جولامەرك. ئەوەش زۆر پێیدا تێناپەڕن و بگرە خێڵە کۆچەرییەکانیش، چونکە ئەوەندە سەختە، تەنانەت بۆ ئەوانەشی بە پێ ڕێدەکەن، تەنیا بەکارهێنانی ئەو ڕێگەیە بۆ

هاتوچۆی ناوخۆیە لە نێوان ئەو گوندانەی، کە کەوتونەتە دۆڵی زابەوە. هەروەها ڕێگەیەکی تر هەیە، کە زۆر جار هەندێ لە خێڵی کۆچەریی ئەرتوش بەکاری دەهێنن و لەناو چیاکانی تییاری و توخما درێژدەبێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی زاب و تا ئەو ناوچەیەی لە باشووری جۆلامەرگە. بەڵام هەموو ڕێگەکانی تر، جگە لە تولەڕێی شاخاوی زیاتر نییە، کە تەنیا بۆ پەیوەندی ناخۆ نەبێت بەکارنایەت.

**بڕگەی سێیەم:**

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی بڕگەی دووەمەوە، واتە ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکانی ئۆرامار و ڕووبار و تشین و بۆ ڕۆژئاوای ڕووباری شەمسدینان. ئەم ناوچەیە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك چیای بەیەکدا چوو، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەستێکی مەزنی دیوارئاسا لە لوتکەی جەلۆ و سات و چەهرچلی، لەم بەشەدا ڕێگاوبانێ نییە بۆ خێڵە کۆچەرییەکان، ئەو تولەڕێ کەمانەشی، کە هەیە و بەم ناوچە سەختانەدا درێژ دەبێتەوە، بەکاری تێپەڕبوونی مەڕومالآت نایەت.

**بڕگەی چوارەم:**

ئەمەش بە تەواوی ناوچەیەکی چۆڵە و جگە لە دوو ڕێگە زیاتر نایبڕێت، کە بەرەو **کانی ڕەش** دەچن. بە دەربەندی **زینە بەردی** بۆ **نەری** و لە ڕەواندزەوە بۆ ناو ئێران بە دەربەندی **گادری، کە** بەر بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم ناوچەیە دەکەوێت. ئەم بەربەستە، بە تایبەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی، سنوورێکی ئابووری و نەتەوەیی لە نێوان عێراق و ئەو وڵاتەی لە باکووردایە پێکدەهێنێت. حوکومەتی بریتانیا زیاد لەوەش دەڵێت، ئەو دەتوانێ سنوورێکی زۆر دوورتری بەرەو باکوور داوا بکات، بەڵام بڕیارە ستراتیجییەکان زیاتر گرنگە لە بڕیارە نەتەوەیی و ئابوورییەکان.

حوکومەتی تورکیا وەڵامی ئەم بۆچوونانەی دایەوە و وتی:

- ئەم هێڵە، ئەو سنوورە بێ وێنەیە نییە، چونکە وەك خاڵێکی بنەڕەتی لە دەستووری ستراتیجی سەربازیدا ئەوە ئاشکرایە، کە هێزی سەربازی بۆ داگیرکردنی هەر وڵاتێك ڕێگەی سەختی شاخاوی هەڵنابژێرێت تا پێیدا تێپەڕێت، بەڵکو لە ڕێگە ڕۆشتنیا بە ناو دۆڵ و دەشتەکاندا دەڕوات.
- ئەو ناوچەیەی هێڵی سنوورەکەی پێدادەڕوات، کە حوکومەتی بریتانیا داوای دەکات، جیاوازی لەگەڵ ناوچە شاخاوییەکانی تری ویلایەتی موسڵدا نییە، بەتایبەتی ناوچە شاخاویەکانی، کە کەوتونەتە باکووری سلێمانییەوە. لەوەش زیاتر، ئەم هێڵە زنجیرەیەکی پێکەوەلکاو وەك بەربەستێکی گرنگیدار پێکناهێنێت، هەرچەند سێ ئاوەڕۆی گەورە هەیە، کە هیزڵ و خاپوور و زابە و ژمارەیەك لە لقەکانیان لە باکوورەوە بۆ باشوور دەیبڕێت. لەگەڵ ئەوەی، کە ئەم هێڵە ئاورێژ و دەریاچەیەك نییە تا سنووری دروست بکات، هەروەها گرنگییەکی جیۆگرافی ئەوتۆی نییە، کە شایانی باسکردن بێت. لە سەرو ئەوەشەوە، هێڵی ناو کێشەکە ژینگەی دوو نەتەوەی جیاواز لە یەك جیاناکاتەوە.

سنووری باکووریی، کە لەلایەن بریتانیاوە داوادەکرێت، زنجیرەیەکی پێکەوە لکاو نییە لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵکو ناوچەیەکی هەڕەمەکی ناجۆرە و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆروس لە ئەرمینیا، تێیدا بەیەك دەگەن. ئەگەر لە باشوورەوە و لەناو فرۆکەوە بڕوانینە ئەو کۆمەڵە زنجیرە چیایە، کە بەرزترن لە زنجیرەکانی باشوور و لوتکە بەفرگرەکانی، لە دوورییەکی دیاریکراوەوە وەك بەربەستێك دەردەکەوێت. ئەو کۆمەڵە شاخەی، کە بەشێکی هێڵی سنوور بە لوتکەکانیدا درێژ دەبێتەوە، ئەوە بەرزترین چیایە، کە دەورەی ئەو زەوییانەی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی داوە.، کە لە دەشتەکانی میسۆپۆتامیاوە بە زنجیرە و شاخی یەك لەدوای یەك بەرزدەبێتەوە. بەڵام تا دوورتر بەرەو باکوور بڕۆین، ناوچەکە سەخت دەبێت و لوتکەی چیاکان لە کۆمەڵەی یەکەم بەرزتر نابنەوە، کە بەشێکی پێکدەهێنن.

وەلامدانەوەی ئینگلیز بە بەڵگەوە وەسفی سێ بەشە ناوەندی و ڕۆژهەلاتیەکان دەکات. ئێمە ناتوانین زۆر بە وردی و دوور و درێژ بە پلەیەکی گونجاو باسی ڕێگاوبان و ڕێڕەوە ناوبراوەکان بکەین. بەهەرحاڵ دۆڵی زاب دادەنرێ بە گونجاو بۆ تێپەڕبوونی هێزە سەربازییە مەزنە شاخاوییەکان. هەروەها دۆڵەکە خۆی بە ڕێژەیەکی بەرز دانیشتوانێکی زۆری تێدایە و یان تێیدا بووە، بە زنجیرەیەکی تا رادەیەك پێکەوە لکاو لە کۆمەڵگا نیشتەنییەکان لە ناوچەی دیالەوە بەدووری تا جولامەرك.

بەشی ڕۆژئاوایی، کە لە وەلامدانەوەکەی ئینگلیزدا بەدرێژی وەسفی ناکات، لە ڕووبارەکانی هیزڵ و خاپوور پێکدێت. یەکەم، بریتییە لە ئاوەڕۆیەکی بچوك، کە جگە لە سنوورێکی تەقلیدی بۆ هیچی تر بەکارنایەت. هەروەها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خاپوور بە بەرزاییەکانی زاخۆدا ڕێگەیەکی پێچاوپێچ بەناو بەردە کلسی و گەچەکاندا دەبڕێت، لە زاخۆدا دۆڵەکە دەکرێتەوە و زۆر فراوان دەبێت. هەروەها ڕووبارەکە پان دەبێتەوە و لق و دوورگەی لێدەبێتەوە. زاخۆ خاڵی سەرەتایی بەکارهێنانی ئامێری کەڵەکە، کە لە دار و پێستەی فووتێکراوی ئاژەڵ دروستکراوە و خەڵك و شتومەکی پێگوێزراوەتەوە. لوتکەی زنجیرە چیاکان بە شێوەیەکی ڕێك بەرەو باشوور شۆڕدەبێتەوە و بەوەش بەربەستێکی نوێ دەخاتە سەر ئەوەی، کە خاپوور پێکیهێناوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێڕەوێکی فراوان لە کەناری باشووری دیجلەوە جێدەهێڵێت. هەرچەند کەناری باکووری خاپوور نزمیشە.

بەشی شاخاوی سنووری پێشنیارکراو، بەتایبەتی بڕگەکانی 2،3و4 بە دڵنیاییەوە جیاواز نییە لە ناوچە شاخاوییەکانی تر، کە میسۆپۆتامیا لە ولاتی فارس جیادەکاتەوە، بەلام ناتوانرێ بچوێنرێ بۆ نمونە بە شاخەکانی باشووری سلێمانی، کە بەرزییەکەی تەنیا 1,600 مەترە و هەموو زنجیرەکە بە گشتی بە هەموو لایەکی کۆمەڵەکەدا شۆڕدەبنەوە، کە دەڕوانێ بەسەر ئەم بەشە سنوورەی فارسدا.

ئەو سنوورەی، کە لە لایەن بریتانیاوە پێشنیار کراوە، هەرچەندە هێڵێکی جیۆگرافی جیاکەرەوەی باشە، بەلام بە مانایەکی تر لەوەی، کە لە یاداشتەکەی بریتانیادا وەك

ناوچەیەکی جیاکەرەوەی ئابووری هاتووە. لە باشووردا ولاتێکمان هەیە پڕە لە دۆڵی فراوان و بە شێوەیەکی پلە پلە بە دەوری گردۆڵکە و دەشتەکانی ناوچەی موسڵدا شۆڕدەبێتەوە، بەرەو باکووریش ولاتێکی سەختی (شێوە ئەلپاین)دەبینین.
بە شێوەیەکی بنەڕەتی، بە هیچ جۆرێ ناتوانرێ ئەم هێڵە بە جیاکەرەوە دابنرێ، کە هێشتا کەمترین بەربەستە.

هەروەها ئەو نەخشە ئەتنیکییەی، کە لە ساڵی 1910دا لەلایەن کۆمەڵەی جیۆگرافیناسانی پاشایەتییەوە بلاوکرایەوە و ئەو نەخشەیەی حوکومەتی بریتانیا وەك پاشکۆی یاداشتەکەی پێشکەشی کرد، لە یەکەم بینیندا ئەوە دەسەلمێنن. **دانیشتوانی هەردوو کۆمەڵەی چیاکانی رۆژهەلات و رۆژئاوا، لە باکوور و لە باشووردا کوردن و کوردی یەك عەشیرەتن، یان لە عەشیرەتە نزیکەکانن**. ئەو سنوورەی ئەو کوردانە لە کوردانی دانیشتوانی تۆروس و ئەرمینیا و باکووری ئێران جیادەکاتەوە زۆر دوورە، واتە دیجلەی سەرو، کە پەڕینەوە پیایدا مەحاڵە و دۆڵی بتلیس و دەریاچەکانی وان و ورمێ و ئەو چیایانەی کەوتونەتە ئەوپەڕی باکووری ئەو دوو دەریاچەیەوە (سایکس 452، 763).
لە دۆڵی زێی گەورەدا بەرەو هەردوو لای باکوور و باشوور نستۆریە مەسیحییەکان، کە بە ئاسووری دەناسرێن، لەگەڵ کوردەکان تێکەڵن. خێڵە کۆچەریە جیاوازەکانی وەك ئەرتوش و حەجان و هەرکی هەموو ساڵێك بەم چیایانەدا تێدەپەڕن.

2. **سنووری باشووریی، کە لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە داواکراوە:**

روونکردنەوەکانی حوکومەتی تورکیا: " لە دیدی تۆپۆگرافیا- زەویناسی و کەشناسییەوە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەنادۆڵیا و عێراق، هێڵی رووباری دیالە، چیای حەمرین، چیای مەکحول (چیای فوهول)، دۆڵی سەرسار و چیای سنجارە..." هەروەها لە باکووری ئەم هێڵەوە ویلایەتی موسڵە، کە هاوشێوەی ئەنادۆڵیایە لە رووی

کەشوهەواو بارودۆخەکانی تر و پێکهاتە جیۆلۆجییەکانەوە. بەڵام ویلایەتی بەغدا بە تەواوی جیاوازە لە موسڵ و ئەنادۆڵیا. ئەم هێڵەش هەموو ئەو باشیانەی هەیە، کە هێڵی پێشنیارکراو نیەتی، تا وەڵامی حوکومەتی بریتانیای پێبدرێتەوە.

یاداشت و وەڵامەکانی حوکومەتی بریتانیا رەخنە لە سنووری پێشنیارکراوی حوکومەتی تورکیا دەگرێت و چیای حەمرین وەك تەواوکەری چیای مەکحول بەم شێوەیە وەسف دەکات: (زنجیرەیەك گردۆڵکە، گرنگییەکی کەمی هەیەو بێبایەخ و وەك بەربەستێك زۆر بەکارنایەت.) هەروەها ( زنجیرە چیایەکی مەزن نییە، بەڵکو زنجیرەیەك گردۆڵکەی سەرەولێژی لمینە).

بۆ وەڵامی ئەوەش حوکومەتی تورکیا دەڵێت: ئەو زنجیرە چیایانەی لەسەرەوە باس کراوە، وەك ئەوە نییە، کە لە یاداشتەکەی بریتانیادا هاتووە، کە بریتیە لە لێژاییەکی گردۆڵکەی لمین. بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە، هێڵێکی بەردەوام لە بەرزایی پێکدەهێنێت لە ناوچەیەکی تەختانیدا، لە ئەنجامدا ئەوە دەبێتە بەربەستێك، کە رێکردن و تێپەڕبوون پێیدا گران دەبێت.

حوکومەتی تورکیا ئەوەشی وت، کە رووباری دیالە سەرچاوەیەکی گەورەی شیاوە ببێتە سنوورێکی گونجاو، لەوەش زیاتر، هێڵی پێشنیارکراو لە لایەن تورکیاوە کەڵکێکی بەرچاوی هەیە، تا رادەیەك لە هەموو خاڵێکدا لەگەڵ هێڵی جیاکردنەوەی نێوان ناوچەکانی، کە زۆربەی دانیشتوانی تێکەڵەی تورك و کوردن لەگەڵ ئەو ناوچانەی، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەبن.

ئەو راستییەی کەوتۆتە نێوان ئەو دوو بۆچوونەوە، کە هەریەکەیان پێویستی بە وردەکاریی هەیە. لە پێناوی وردییەکی تەواودا، پێویستە پەنابەرینە بەر باشترین سەرچاوەیەك، کە وەسفی ئەو دوو چیایە دەکات.

ئی. هێچ. پاسکۆ، ئێم. ئەی.، دی. ئێس سی. و ئێف. جی. ئێس- *E. H. PASCOE, M.A., D.Sc. F.G.S*. بەڕێوەبەری رووپێوی زەویناسی لە هندستان، ئەوەی، کە

رووپێوی زەویناسییان لە زستانی 1918-1919بۆ حوکومەتی بریتانیا جێبەجێکرد، ئەو گردۆڵانە بەم شێوەیەی لای خوارەوە وەسف دەکەن:
چیای حەمرین، زنجیرەیەکی بەرتەسکی دوور و درێژە و لەسەر دەشتێکی نیشتووە بەرزبۆتەوە، کە پانتایی لە نێوان دوو میل بۆ دوو میل و نیوە و بەرزترین پنت لە چیای حەمرین لەسەر ئاستی دەریاوە دەگاتە 600پێ، لە کاتێکدا بەرزترین پنت لە چیای مەکحول لەوانەیە بگاتە 800پێ، ئەوە جگە لە دۆڵی رووباری دیجلە.
ئەو بەشە لەم زنجیرەیەدا، تەنیا ئەوە نییە، کە لەیەك نەپچڕاون، بەڵکو هێڵی ترۆپکەکەی بەرز و نزم دەکات و بەرەو داوێن لێژدەبێتەوە و لە ئەنجامدا هێڵێکی پێکەوە گرێدراو پێکدەهێنێ و لە سەرەوە بە هێواشی شەپۆل دەدات(واتە بەرز و نزم دەکات...وەرگێڕ). زەوییەکەی دابڕاوە و تەواو داڕوخاوە و ڕێکردن تێیدا ماندوبوونە، بەڵام گران نییە و ئەوەش بەهۆی نەرمی چینەکانی زەوییەکەیەوە. بەردەکانی لە ناوەوە لە چینێکی کلسی پێکهاتووە، هەروەها لە هەردوو لاوە بە زنجیرەیەك دەورە دراوە، کە پێکهاتووە لە گڵی سوور و بەردی لمین و لەسەرخۆ دەبێتە بەردی لمی و تاوێرە بەرد. هێڵی زنجیرەی حەمرین/ مەکحول لە پێکهاتەدا کەمێ خواروخێچە، لای باشووری رۆژئاوای کەمتر لێژترە لە چاو باکووری رۆژهەڵاتدا.
**لۆفتس**، هەرچەند کۆنە، بەڵام زۆر لە کتێبەکانی جیۆلۆجی وەك بەڵگە و سەلماندن دەیهێننەوە بە ناونیشانی " زانستی زەویناسی بەشەکانی سنووری تورکیا و فارس (ئێران)" گۆڤاری وەرزیی جیۆگرافیایی، ساڵی 1855 ئەوەی لای خوارەوەی بڵاوکردەوە: " ئەو زنجیرە بەردە لمینانە، لە وڵاتی فارسەوە بەرەو رۆژهەڵاتی مەندەلی دەکشێت و بەرزدەبێتەوە بۆ زنجیرەیەك بەرزایی ناسراو بە حەمرین، یان گردۆڵکە سوورەکان (، کە بەهۆی بەردە لمینەکانەوە ئەو ناوەی لێنراوە)." هەروەها ئەوەش رووباری دیالە دەبڕێت...و رووباری دیجلەش لە هێڵی پانی 35°06′ و وەك ئاگادارم لە سەحرادا لە باشووری رۆژهەڵاتی شوێنەوارەکانی حەزەردا کۆتایی دێت."

**سێرنیك**، کـە سەرچـاوەیەکی شـارەزای کـۆنترە (لـە لێکۆڵینەوەیەکـدا بەناونیشـانی توێژینەوەی هونەری سێرنیك- 1875) دەڵێت:

"لەگەڵ ئەوەی ئەم زنجیرەیە لە بـەرزترین پنتیـدا ڕێـڕەوی هـەردوو ڕووبـاری دیالـە و ڕووباری عوزێم دەبڕێـت، بـەڵام لـە بـاکووری ڕۆژئـاواوە درێژدەبێتـەوە بـۆ باشـووری ڕۆژهەڵات" و ئەو ڕووبارانەش لە ڕێڕەویانا، ڕێگە و دەربەندی تەسك و سەختیان تێدا پەیدا دەبێت و بە کەمی بەکاری ڕێکردن و پیارۆشتن دێت... بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئـەو زنجیرەیە لە دوورەوە وادەردەکـەوێت، کـە سـەرەوژوورگەیەکی بـەردەوامی هـەزار بـە هەزارە، ئێمەش لە هەموو قۆنـاغێکی سـەرکەوتنماندا تێبینـی ئـەوە دەکـەین، کـە ناوچەکە بە هێڵێکی درێژی گردۆڵکەکان و دۆڵەکان زۆر دابڕاوە و زیخ و چەوێکی زۆری تێدا بڵاوبۆتەوە، کە بـە سـوورە بـەردەلمین داپۆشـراوە- ئەوەیـە جیاکـەرەوەی گشـتی جیۆلۆجی لەو هەرێمەدا. لە زۆر شوێنیشدا دەتوانرێ قوڕی شین ببینرێ لەگەڵیدا...کە لە نزیکەوە دەبیشکنی ئەو شاخانە وا دەردەکـەوێت چـەند لێـوارێکی هـاوڕێکی ورد دەگرێتەوە، کە 8- 10مەتر بەرز و 150- 200 مەتر لە یەکەوە دوورن. تا ڕادەیـەك زووربەی سەرەولێژییە هێواشەکان بۆ زۆر دوور داڕماوە و لوتکەکان چینە جیاوازەکانی بەردی لمین پیشان دەدات. بەرەو باکوور، کە شێوەی ئەم گردانـە زیـاتر خـڕە. ئـەوەش پێویستە هێمای بۆ بکرێ، کە بە تـەنیا لێژاییـەکانی، کـە دادەبـەزن بـەرەو دیجلـە و دۆڵەکان دەیبڕن، لە خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی ئەوەیە، کە بە تەواوی ڕووتەنە (لێژگایی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاخی مەکحول)، کەچی قەد پاڵـەکانی لاکـەی تـر، کـە بـەرزو نزمییەکی کەمی هەیە و لەوەرگایەکی باشیشـی لـەخۆ گرتـووە (لێـژگایی باشـووری ڕۆژئاوای شاخی مەکحول). بەرزییەکـەی لـە دەربەندەکـەدا بـە 260 مـەتر تێبینـی دەکرێ، بۆیە حەمرین ناتوانری بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و ڕەوان پێیبـوترێ شـاخ. بـە هـەرحاڵ، وەك ئامـاژەم پێـدا، یەکـەم هـەنگاوی زەوی بەرزبوونەوەیـەکی وردە وردە پێکدەهێنێ، بەرزتر و بەرزتر بەرەو باکوور."

**بلانكینهۆرن**، نووسەری بەرگی سووریای عەرەبی- میسۆپۆتامیا لە بەڵگە مەزنەکانی زانستی چینەکانی جیۆلۆجی، 1900، شاخی حەمرین، وەك ئەمەی لای خوارەوە وەسف دەکات:

" لە داوێنی زنجیرەی ئێرانییەوە، لەگەڵ ئەوەی تیایەتی و بە دۆڵەکانیشەوە، ژمارەیەك زنجیرە شاخ لە گۆشەیەکی تیژەوە بەرەو دیجلە درێژدەبنەوە، بەتایبەتی شاخی حەمرین، کە لە بەردەلمین و کەرسەك و گەچێکی کەم پێکهاتووە."

یەکی لە باشترین لێکۆڵەرەوانی شارەزای ناوچەکە- کاپیتان ف. ر.-*Captain F. R*، ماونسڵ ر.ئەی-*MAUNSELL, R.A.*، ناوبراوان لەبارەی (بیرە نەوتەکانی ولاتی میسۆپۆتامیاوە) دەنووسن، کە لە گۆڤارێکی جیۆگرافیایدا لە ئازاری 1897دا بلاوکراوەتەوە:

" شاخی حەمرین، زۆر بە باشی نیشانەیەکی بەرچاوە، کە ئەوەندە دوور نیە لە مەندەلییەوە و دەکشێ بۆ ناوچەی باکووری رۆژئاوا، تا لە دەشتەکەی دوای دیجلەدا لە نزیك قەلای شەرگاتەوە ون دەبێت. نزیکەی 600 پێ لەسەرو دەشتەکەوە بەرزدەبێتەوە و بەگشتی پێکهاتووە لە بەردەلمین و کۆمەڵەی هەمە پێکهاتە."

توانیمان تەماشای دوو شاخ بکەین، کە بابەتی بەدواداچوونەکەمان بوون، لە بۆنەیەکدا لە ناو ئۆتۆبیلەوە و دووجاریش لە فڕۆکەوە و بە درێژایی لێژگایی باشووری رۆژئاوای شاخی مەکحول چووین، سوڕاینەوە بەدەوری سنووری ئەوپەڕی باکووری رۆژئاوادا و ئێمە دەتوانین زیاتریش دڵنیابین، ئەگەر پێویست بکات ئەم داتایانە وردتر پێشکەش بکرێت.

پاشان پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشین، لە پەیوەندی لەگەڵ وەسفە گشتیەکانی ولاتی موسڵ، بۆ بەڵگەکانی هەر بەرزاییەك، کە بۆتە سنووری کەشوهەوایی و جیۆلۆجی. لێرەدا تەنیا پێویستمان بە هێماکردنی ئەوەیە، کە بە شێوەی جیۆلۆجی، شاخی حەمرین و شاخی مەکحول لە هیچ بارودۆخێکدا سنوورێك پێکناهێنن، وەك ئەوەی حوکومەتی تورکیا بەردەوام لەسەری دەڕوات. لەسەر هەردوو لاکەوە بەردەلمین لەژێر هەمان

پێکهاتــەدا تێدەپــەڕێت- لیتــەی میســۆپۆتامیای کــۆنی تێکــەڵ بــە گەچــۆر، کــە درێژدەبێتەوە بە هەمان رەنگەوە یان شێوەی دەرەوەی لە یەك لای رووباری دیجلەوە بــۆ ناوەندی دەشتی هەولێر.

هەرچۆن ناتوانرێ لە رووی کەشوهەواوە ئەم زنجیرەیە، کە بەرزییەکــەی 200 مــەترە و دوو ناوچەی هــەمان بــەرزی جیادەکاتــەوە (170 مــەتر) ببێتــە بەربەســت. ســیمای جیۆگرافیای سروشتیش، شێوەی سروشتی رووەك- دەشــتی قــوڕ و گــەچ، کــە جــۆرە رووەکێکی تێدایە قەدەکانیان رەگێکی سەرسەخت و جــۆرە پوشــێکی دڕکــاوی — لــە سەرەتاوە لە هەردوو بەرەوە هەمان شێوەیە. تــەنیا زۆر لەســەرخۆ گــۆڕانی ناوچــەکە دەردەکەوێت، وەك یەك نزیکبوونەوە لە چیا. بۆیە ئاسان نییە سنووری سروشتی دیاری بکرێت.

شاخی حەمرین سنووری سروشتی پێکناهێنێت، بەڵام لەسەر هێڵێکی دیــاریکراو بــە ئاشکرا لە دەشتدا و زۆر جاریش دادەنرێ بە هێڵــی نێــوان میســۆپۆتامیای خــوارو و سەرو، جیاوازییەکانی دواتر روون دەکرێتەوە. سنووری راستەقینەی شێوەی پێکهاتنی زەوی و ژێر زەمینەوە زیاتر بەرەو باشــوورە و کــەمێك لــە دەرەوەی تکریتــە. ئەگــەر بمانەوێ سنوور لە رووی کەشوهەواوە دامەزرێنین، ئەوا (قەرە چان داخ)، کە زنجیرەیەکی زۆرتر بەرزە (800-870 مەتر لەگەڵ لوتکەدا لەسەرو ئاستی دەریــاوە و بــە بــەرزایی 450-550 مەتر لەسەرو ئاستی دەشتەکانی دەوروبەریدا) دەکرێ ببێتە بەربەســتێکی زۆر روون و ئاشکرا، لە نێوان دەشتە پلە پلەکانی ناوچەی جەزیرە، ئەمە لە لایەك و لە لاکەی تریشەوە، چــیاکانی کوردســتان و دەشــتە کشــتوکاڵیەکانی، کــە بــە درێــژایی داوێنەکانی درێژدەبێتەوە. ئەوەش راستیەکی نکوڵی لێنەکراوە، کە سەرجەمی باران بۆ باکووری رۆژهەڵاتی (قەرە چاو داخ) زیاترە لە بەراوردا بەوەی باشووری رۆژهەڵات. لە رووی مێژووییەوە، شاخی حــەمرین و درێژبووەکــەی- شــاخی مــەکحول- وەك دیــارە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە و لەوە کەمترە دابنرێت بــە ســنوور. هــەروەها لــە مێــژووی ئاشووری یان بابلیدا وەك سنوورێکی ئاشووری ناونەبراون. ئەم سنوورانە،کە هەمیشــە

دیاریکراو نەبوون و بە گشتی زۆر یان کەم دوای هێڵی تکریت کەوتوون، کاتێ، کە هێزەکانی باکووریی و باشووریی تا رادەیەك هاورێکن. ئەو دوو شاخە سنوورێکی نەتەوەی نین، هەرچۆن دواتر روونی دەکەینەوە کاتێ دێینە سەر شیکردنەوەی بەڵگە نەتەوەییەکان. دەکرێ شاخەکانی حەمرین و مەکحول لەبەر ئەوەی لەسەر هێڵێکی راست و بەردەوامن دواتر ببنە سنوورێکی زۆر باش لە بیابانداو، کە تا ئێستا و بەتایبەتی لەم کاتەشدا-، کە باشترین شێوە سنووری سروشتییە، بەڵام دوورن لەوەی سنوورێکی روون و ئاشکرا پێکبهێنن. بەپێی ئەو نەخشانەی لە لایەن حوکومەتی تورکیاوە پێشکەشی لیژنەکە کراوە، هێڵی ئەو سنوورەی لە لایەن تورکیاوە داواکراوە بەدرێژی لای باشووردا دەکشێ و نەك بەسەر ترۆپکی شاخی مەکحولدا، ئینجا لە دیجلە دەپەڕێتەوە و دوای ترۆپکی شاخی حەمرین دەکەوێت تا دەگاتە نزیك رووباری دیالە. لێرەدا سنووری پێشنیارکراو بە پشتی سنووری باشووریی پێشووی ویلایەتی موسڵدا دەڕوات، بە دەوری لێژاییەکانی باشووریی بۆ جیاکردنەوەیەکی کەم لە هەندێ شوێنی تر لە شاخی حەمرین و ئیتر دەڕژێتە دیالەوە و ڕێڕەوی خۆی بەرەو باکووری رۆژهەڵات وەردەگرێت. لەسەر لاپەڕەی نەخشەی خانەقین، کە خراوەتە بەردەستی لیژنەکە، ئەو هێڵە دیاریکراوە، بەڵام بە هەڵەیەکی بێ مەبەست لەسەر لاپەڕەی (سلێمانی) ئەو هێڵە نەکێشراوە. بۆیە ئاستەکەی تەواو روون و ئاشکرا نییە. بە هەرحاڵ هێشتا هەندێ درێژبوونەوە لە ناوچەکەدا هەیە 10-20 کیلۆمەتر پانی و نزیکەی 85کم لەسەر هێڵێکی راست لە نێوانی دیالە و سنووری پێرشیان- وڵاتی فارسدا، بەشێك لەوەی لە عێراقەوە ناتوانرێ پێیبگەیت. هەروەها ناتوانرێ هێڵی دیالە دابنرێت بە سنوورێکی باش و گونجاو. لەسەر کەنارەکانی رووبارەکە لە هەندێ شوێنی دیاریکراودا پڕە لە دانیشتوان بە شێوەیەکی چڕ و رووبارەکە خۆی ناتوانرێ بوتری لە هەر قەوارەیەکدا بگاتە ئەو بەرزیەی، کە ئێمە ئێستا لێیدەکۆڵینەوە و دەتوانرێ لە ژمارەیەك خاڵەوە پیاتێپەرین. ئەگەر ئەم سنوورەمان بەراوردکرد لەگەڵ سنووری فارسی پێشودا، ئەوەی

دواییان، لەگەڵ ئەوەی ناتوانرێ بڕیاربدەیت، کە ئەوە سنوورێکی جیۆگرافی باشە، هەرچەند بە هەرحاڵ لە هێڵەکەی دیالە باشترە.

بەڵام لە لاکەی ترەوە (رۆژئاوا) هێڵەکە دەگاتە دۆڵی سەرسار و ئەوەش پانترین و فراوانترین دۆڵە، کە لە بەرزاییەکانی سنجارەوە بۆی شۆڕدەبیتەوە و بەو پێیە، دەتوانرێ وەك هێڵێکی سنووری تەقلیدی لە بیاباندا بەکاربێت- گەر بیابان خۆشی دابنرێت بە ناوچەی جیابوونەوە. ئەم هێڵە لەسەر لاپەڕەکەی پێشوی نەخشەی سنجار دیاری نەکراوە. ئێمە دەبێ هێما بۆ ئەوە بکەین، ئەگەر هێڵەکە دوای ترۆپکی ئەم شاخە بکەوێت، کە پێکهاتووە لە بەردی گەچ لەگەڵ توێژێك لە بازڵت- مەڕمەڕی رەش، ئەوا کۆمەڵگای یەزیدیەکان دەکەن بە دوو بەشەوە، کە لێژاییە کەمەکەی هەردوولای شاخەکە دەکێڵن بۆ کشتوکاڵکردن.

- **خەسڵەتەکانی جیۆگرافییی، جیولۆجی و کەشوهەوا، کە ناوچەی کێشەکە و خاکەکانی دەوروبەر بەیەك دەبەستێتەوە.**

1. **بڕیارە جیۆلۆجی و کەشوهەواییەکان:**

بڕیارە جیۆگرافیاییەکان، کە خستومانەتە توێی گروپی دووەمەوە لەسەر بناغەی سروشتیی ناوچەکە بیناکراوە، کە کێشەی لەسەرە و پەیوەندی و وێکچوونی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری "واتە میسۆپۆتامیای خوارو و ئەنادۆڵ، ئەو ناونیشانەی حوکومەتی تورکیا (بە هەڵە لە دیدی جیۆگرافیاییەوە) بۆ بەڵگە لەسەر هەموو خاکی کۆماری تورکیا بەکاری هێناوە. ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بەڵگەیەی حوکومەتی تورکیا، کە ناچەیەی ناکۆکیەکەش هەمان مەرجی کەشوهەوا و جیۆلۆجیی وەك ئەوانەی ئەنادۆڵ بۆ داناوە، بەڵام ئەم مەرجانە بەتەواوەتی جیاوازە لەوانەی ویلایەتی بەغدا.

حوکومەتی تورکیا گوێ نادات بە کورتەی تێبینیەکان و تەنیا یەك راستی وەردەگرێ، ئەویش پەیوەندە بە کەشوهەواوە، لە پێناوی سەلماندنی ئەو بەڵگەیەدا و ئەوەش ئەوەیە، کە دوای پەڕینەوە لە هێڵی تکریت- کفری، ئیدی دارخورما نابینرێت.
بەڵگە جیۆلۆجیەکان لە دەرەوەی ئەم شوێنەدان، لەبەرئەوەی لە رووی جیۆلۆجییەوە و هەموو ویلایەتی موسڵ ملکەچی سیستمی شاخاوییە، کە کەوتۆتە سەر سنووری ئێران لە باشووری رۆژئاوادا- سیستمی شاخاوی، کە بە گشتی ناوی کۆی زاگرۆسی لێنراوە. ئەوەش بەشێك لە لێژاییەکانی باشووری رۆژئاوای ئەم زنجیرەیە داگیردەکات، کە لە بەردی قسڵ و پێکهاتەی گەچ بە شێوەیەکی تایبەتی پێکهاتووە و هەندێ لە داوێنەکانی بریتیە لە پێکهاتەی کلسی- گەچی، کە لە جەزیرەی ئیبن عومەرەوە دەست پێدەکات و لەوانەشە تا دووری بلوجستان درێژبێتەوە، یان تەنانەت زیاتریش. بە هەرحاڵ ئەم کۆمەڵەیە بەرەو رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوا تا رووباری فوڕات درێژدەبێتەوە و بەڵام لێرەدا بە لیتە داپۆشراوە، کە لە سەرەوە هێمامان بۆ کرد. پێکهاتەی هەناوی- ناوەکی شاخە سەرکەشەکانی باکووری موسڵ زۆر ئاڵۆزە: بەردە بورکانی- ئاگرینەکان، بەردەمار (بەردێکی سەوزباوی خاڵدارە بە چەشنی کاژی مار- وەرگێڕ)، بەردە کرستاڵ (بەردێکی شێوە بلورییە و بە ئاسانی توێتوێ دەبێت. وەرگێڕ)، تا زنجیرەکانی دوایی لە باشووری رۆژئاوادا، هیچ یەکێ لەمانە پەیوەندییان لەنێوانی ئەوە و دەشتەکانی میسۆپۆتامیادا نییە، کە تا رادەیەك پێکهاتووە لە چینی بەرز و نزم- شەپۆلدەر.
داتاکانی یاداشتەکەی تورك کەمێ نزیکترە لە راستییەوە، ئەگەر لە دیدی ئاو و هەواوە تێبڕوانین و ئەگەر حوکومەتی تورکیا مەبەستی بێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە میانەی کەشوهەواوە وەسفی بکات، ئەوا وێکچوون و جیاوازی شێوازی ژیانی دانیشتوان زیاتر لە راستییەوە نزیکترە و زیاتریش نزیکە ئەگەر مەبەست لە وشەی (ئەنادۆڵ) واتای لێژاییەکانی شاخەکان بێت، کە سنوورە لە باکوور و بانە بەرزەکانی میسۆپۆتامیای باکووریدا. ئەگەر ئەمە سەرنجی حوکومەتی تورکیا بێت، دەبووایە

بیوتایە، یان بەهەرحاڵ، بەکارهێنانی ناوە هامبەرییەکان بۆ بەڵگە جیۆگرافییە روون و ئاشکراکان.

بەڵگە کەشوهەواییەکان بە تـەنیا، گرنگیـەکی ئـەوتۆی نییـە. تێبینیـە زانسـتیەکان ئەوەندە کەمە، کە بە هیچ پێوانەیـەکی ورد نـاتوانین گفتوگـۆ لـەبارەی کەشـوهەوای ولایەتی موسڵەوە بکەین. ئەم تێبینیە کەمانە، کە تا ئێستا کراوە، زیـاتر لـە شـاری موسڵ خۆیـدا چـڕبۆتەوە. فرۆکـەوانانی بریتانیـا مـاوەی چـوار سـاڵە سـەرقاڵن بـە تۆمارکردنی تێبینی دووورودرێژەوە، بـەڵام تـەنیا بەشـێکی بچـوکی بڵاوکراوەتـەوە و هەرچەند ئەوەش بۆ بڕینی قۆناغێکی درێژ بەس نییە.

ئاساییە ناوچەکە هاوشێوەی هەبێت لەگەڵ هەموو ولاتانی دراوسێیدا. سەرمای زستان سەختە و لەبەشە شاخاوییەکەی ناوچەکەدا تا رادەیەك بـارانێکی زۆر دەبارێـت. ئـەم بارودۆخەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئـەوەی ناوچـەکانی جزیـرەی ئـیبن عومـەر، مـاردین، دیاربەکر و ئورفە، کە دەتوانین بڵێین لێژاییەکانی باشووری چیای تۆرۆسی ئەرمینیا، کە وەك گردە پلەپلەکانی موسڵ بـەرەو دەشـتە نیمچـە بیابانیـەکانی سـعودی عـەرەبی کراوەتەوە، بەڵام هەروەها بارودۆخێکی زۆری کەشـوهەوای هاوبـەش لەگـەڵ عێراقـدا هەیە، وەکو گڕەی گەرمای وەرزی هاوین، هەروەها لەناو بیابانەکانی دەوروبەردا زیـاد دەبێت و ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندی کەشـوهەوای کیشـوەریی ولاتەکەوەیـە. لێـرەوە ناتوانین روونتر بچـینە نـاو کێشـەکەوە و باشـتر وایـە سروشـتی گـوێزراوەی ولاتەکـە دیاریبکەین لە میانەی کۆمەڵەی پلـەی گـەرمای سـاڵانە: (بەغـدا 24.3° و موسـڵ 27.1°و ئورفە 27.8° و دیاربەکر 31.4°) پلەی سەدییە. ئەم جیاوازیی کەشـوهەواییە بەرچاوە تا ئەوپەڕی، کە لەوانەیە تا سنوورێکی بەرز هێزی لە قۆناغە زۆر درێژەکانـدا خرابێتە سەر، زۆر جار کاریگەریی کوتوپڕ و ئافاتی لەسەر رووەك هەیە. بـە گـوێرەی بەڵگەی حوکومەتی تورکیا، لەبارەی دارخورماوە، ئێمە نمونەیەك لە زانای رووەکزانـی نەمساوی (باروون هانـدڵ - مـەزەتی- *Baron Handel-Mazzetti*) وەردەگـرین، کـە دەستەڵاتی بەسەر ئەم بابەتەدا هەیە و بە ئاگاوە لـەم ناوچـەیە کۆڵیوەتـەوە. بـاروون

هاندڵ — مەزەتی دەڵێت: بەر لە چەند ساڵێك لەوەبەر دارخورما لەوپەڕی باکووری موسڵ دۆزراوەتەوە، بەڵام بە هۆی زستانی زۆر ساردەوە لەناوچووە. ئێمە خۆمان دەمانتوانی تێبینی بکەین، کە لە زستانی سەختی 1924-1925 دارخورمای کەرکوك و هەروەها پرتەقاڵی هەولێر لەناوچوون.

بە کورتی، وڵاتی موسڵ لەگەڵ لەوەڕگا نیمچە بیابانییەکانی لای رۆژئاوای رووباری دیجلەوە و لەگەڵ دەشتە ئاودار و لیتاویەکانی لای رۆژهەڵاتی، کە تەواو بە پیتە و بازنەیەك لە گرد و چیا دەورەی داوە، گۆڕەپانێکی گۆڕان و گواستنەوە پێکدەهێنێت، یان تێکەڵەیەك لە کەشوهەوای شاخی زاگرۆس، میسۆپۆتامیای خوارو، بیبانی سووریای عەرەبی و لێژگاییەکانی باشووری شاخی تۆرۆسی ئەرمینیا، کە ناوچەیەکە هەندێ خەسڵەتی کەشوهەوای دەریای سپی ناوەڕاستی هەڵگرتووە. جیاکەرەوە سەرەکیەکانی جیاوازی لەنێوان وشکییەکی زۆر لە وەرزی هاوین و کاتی دیاریکراوی باران بە ئاشکرا لە کۆتایی وەرزی زستان و سەرەتای بەهاردایە. ئەم خەسڵەتانە شێواز و سیمای ناوچەکە روون دەکاتەوە، زیاتر لەوەی جیاوازی بڕی بارانبارین دیاری بکات.

هەرچۆنێك بێت، ناوچەی ناکۆکیەکە وێکچوونێکی زۆری تێدایە لەگەڵ لێژاییەکانی باشووری شاخی تۆرۆسی ئەرمینیادا (نسێبین و ماردین و تەنانەت ئورفەش) لەچاو هەر ناوچەیەکی تری دراوسێدا.

### 2. پرسی ناوی "عێراق"

پرسێکی تر دێتە پێشەوە و بابەتی توێژینەوەی هەردوولا بووە، ئەویش ناوی ئەم هەرێمەیە. ئەم خاڵە لەلایەن عیسمەت پاشاوە هێنراوەتە بەر لێکۆڵینەوە، کاتێ وتی ویلایەتی موسڵ ناکەوێتە ناو عێراقی عەرەبییەوە، بەڵام بەشێکی دوورگەکەی پێکهێناوە. لە یاداشتێکی دواتردا ئەوەشی زیادکرد، کە لە کاتەکانی زۆر دواتردا، کە حوکومەت ویلایەتی موسڵی دانەنا بە بەشێکی پێکهاتەی عێراق.

پەیمانی فرانکۆ- بریتانیی 1916، کە ناسراوە بە پەیمانی سایکس پیکۆ، موسڵ لە عێراق جیادەکاتەوە و دەیخاتە سەر ناوچەی فرەنسا. لە داخوازی ئەوەی (پەیوەستە بە کوردستانەوە) لە 1919دا گەڵاڵەکرا، لەسەر خواستی دەستەڵاتی هاوپەیمانان و شەریف پاشاش، لەسەر هەمان شێوە موسڵ لە عێراق دابڕا. دانیشتوانی موسڵیش هەرگیز خۆیان نەیاندەویست لە عێراقدا بژین. بۆ پاڵپشتی بەڵگەکە و بۆ ئەوەی پێشانی بدات، کە ویلایەتی موسڵ بەشێکە لە ئەنادۆڵ، هەروەها حوکومەتی تورکیا ئینسیکلۆپیدیای بریتانیکا و ئینسیکلۆپیدیای مەزنی فرانسیی کردۆتە پاڵپشت، دژی ئەو بۆچوونەی، کە حوکومەتی بریتانیا ئەم رونکردنەوە تایبەتییانەی لای خوارەوەی پێشکەش کرد:

لۆرد کوروزن- *Lord Curzon* لە لۆزان وتی: "هەموو وڵاتی میسۆپۆتامیا لە کاتی جەنگە مەزنەکەدا- جەنگی جیهانی یەکەم- بە هێزی بریتانیا داگیرکراوە... کەمێ دواتر، بە هەرحاڵ، ناوی عێراقی لێنرا، چونکە رەوشی تێکەڵاوی مەزنی ناوخۆی وڵاتەکە وا رۆشتبوو لەوەی، کە ئێمە ناومان نابوو میسۆپۆتامیا." لە وەڵامی یاداشتەکەی تورکیادا، حوکومەتی بریتانیا روونکردنەوەیەکی تری پێشکەشکرد:

"بەهەرحاڵ، پێویستە هێما بکەین بۆ ئەوەی، کە ناوی نوێی عێراق لە دوو ناوەوە وەرگیراوە، عێراقی عەجەمی و عێراقی عەرەبی، کە لە کۆتایی سەدەی یانزەیەمەوە بەکارهاتووە و بەشێکی زۆری ئێرانی نوێ و بەشێك لە ویلایەتی موسڵی گرتۆتەوە. لەوانەیە سودبەخش بێت هێما بکەین بۆ تاپۆی تۆمارکراو لە 5/سەفەر/1310 کۆچی، بەرامبەر 16/ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم/ 1908، بە ئاشکرا ئەوە دیاریدەکات، کە شارەزوور کەوتۆتە ناو عێراقەوە. بەشی کارگێڕی تورکیا شارەزوور دادەنێ بە ناوچەکانی کەرکوك، رانییە، هەولێر، رەواندوز، کۆیە و کفری، کە هەمووشی لە ویلایەتی موسڵدایە. "هەروەها لیژنەکە لەوانەیە گرنگی بدات بە فێربوونی ئەوەی، کە نەخشەکەی خراوەتە بەردەمی لیژنەکە سنوورەکانی تورك و عەجەم دیاری دەکات لە لایەن کۆمیسۆنی عوسمانییەوە لە ئەرزرۆم لە ساڵی 1848دا رەواندوز و هەولێر و

سلێمانی کەوتونەتە ناو ویلایەتی بەغداوە، کە لەو کاتەدا لەگەڵ ویلایەتی واندا یەکیان گرتبوو."

چوار پرسیاری سەرەکی هەیە بابەتی لێکۆڵینەوەیە:

چ ناوچەیەك لە قۆناغە جیاکانی مێژوودا بە ناوی (عێراق)ەوە ناسراوە، "عێراقی عەرەبی" و "عێراقی عەجەمی"؟

ئەو ناوانە چییە، کە زۆر جار نراوە لەو ناوچانەی کێشەی لەسەرە؟ یان لە هەندێ لە بەشەکانی. ئایا ناوی عێراق ناوێکی رۆشتووە لەناوخۆدا؟ ئەو ناوچەیە چییە، کە ناودەبرێ یان ناونراوە بە میسۆپۆتامیا؟

بۆ ئەوەی دوو خاڵی یەکەم روونکەینەوە پەنامان بردە بەر مێژوونوسان و جیۆگرافیزانانی پێشینەی عەرەب، بۆ ماوەیەکی درێژ زنجیرە نەخشەکانی عەرەب، سەدان نەخشەی ئەوروپایی لەماوەی نێوان سەدەی شانزەیەم بۆ سەدەی بیستەم، کتێبەکانی گەشت و گەڕان، کاری جیۆگرافی باوەڕپێکراو و کتێبەکانی خوێندنی جیۆگرافیا، کە لە قوتابخانەکانی ئامادەیی عەرەبیدا لە میسر بەکاردێت.

ناوی عێراق لەو نەخشانەدا دۆزراوەتەوە، کە جیۆگرافیە نەناسراوەکانی خەواریزمی لە ساڵی 845دا کێشاویانە و بە (تەبەڵەی ئەلمەمونیانە) ناسراوە، هەروەها نەخشەکانی **بێنجامین بن حەننا** 1160-1173 و **ئەبول حەسەن نورەدین ئیبن سەعید**1274، ناوی عێراق لەسەر ناوچەی باشووری بەغدا بۆ بەرەو دەریای عەرەبی نووسراوە، بەلام باکووری میسۆپۆتامیا پێیوتراوە جەزیرە. هیچ هێڵێك نییە، کە ئەم دوو ناوچەیە لەیەك جیابکاتەوە، هەروەها هیچ ناوێکیش لەو ناوچەیە نەنراوە، کە کێشەی تێدایە. بەلام لە نەخشەکانی **ئەبو رەیحانی بیرۆونی** 1030 و ئەو نەخشەیەی پێیدەوترێ **رۆجەریانە** 1154 و نەخشەکانی **ئیسماعیل ئەبو فیدا** 1331 و **ئەبو حەسەن عەلی بن عومەر** 1230 و **ئیبن سەعید ئەلمەغریبی** 1274 و نووسەرێکی فارس لە سەدەی سیانزەیەمدا، ناوی بەیان نەکراوە، (بەلام زۆرجار لەلایەن لیلوفلەوە چاپکراوەتەوە) ناوی عێراق بە هەمان ناوچە وتراوە، کە سێ نووسەرەکەی لە سەرەوە ناویان هێنراوە

هێمایان بۆ کردووە. لە لایەکی ترەوە ئەو ناوچەیەی کێشەی لەسەرە خراوەتە ناو جەزیرەوە و سنوورێکی نزیکیی لە نێوانی ئەو دوو ناوچەیەدا وێنەکراوە بە درێژایی هیت — سامەڕا، یان بە درێژایی دیواری مادەکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا درێژدەبێتەوە بۆ باشووری تکریت. هەروەها دیواری مادەکان وەك سنووری نێوان ئەو دوو ناوچەیە لە نەخشەکەی **نەسرەدین ئەلتوسیدا** 1261 دانرا و لە 1437دا لەلایەن (ولوبەگ)ەوە پێیداچۆتەوە. بەپێی ئەوە موسڵ و هەولێر کەوتۆتە جەزیرەوە، بەڵام چیاکانی بەشێك لە ناوچەی کێشەکە، لەگەڵ تکریت، پییدەوترا (ئەرمینیا). ئەم بەشە شاخاوییانەی ناوچەی ناکۆکیەکە، لەسەر نەخشە کۆنەکانی **ئەبو حەسەن ئەلئیبن یونس میسری** 1008 و **ئەبو ئیسحاق ئیبراهیم ئیبن ئەلزەکالە**1075 ناوی جەبەلی لێنراوە. ناوەکانی جەزیرە و عێراق لە هەمان جێگادان وەك لەسەر نەخشەکانی ترە. نەخشەی عێراق، کە لە لایەن (ئیستەخری)ی ناودارەوە لە 1173دا ئامادەکراوە، کە لە (گۆتا-غوسا) پارێزراوە، بە گشتی بەرەو باکوور تا تکریت درێژدەبێتەوە. هەروەها بەشێوەیەکی ئاشکرا لە تێکستەکەیدا، کە عێراق "لە سنووری تکریتەوە درێژدەبێتەوە بۆ عەبادان لەسەر کەنداوی فارسی" .

بە هەرحاڵ، هەرچۆنێ بێت، ناکرێ لەوەی پێشەوە واتێبگەین، کە هەموو ئەو شوێنانەی لەناو ناوچەی ناکۆکیەکەدایە و لەم هەموو ئەو نەخشانەدا هاتووە، بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا و بە دڵنیاییەوە عێراقی لێبەدەر کردووە، هەرچەند لەسەر زووربەی نەخشەکان مەسەلەکە ئاوایە.

هەروەها ناوی (عێراق) لە سەردەمی خەلیفەکاندا وەك دەردەکەوێت واتایەکی تری گەیاندووە. **موقەددەسی** لە دەوروبەری ساڵی 989دا وەسفی عێراق دەکات و لیستێك بە ناوی شارەکان دیاریدەکات، کە هەموویان لە سامەڕای پایتەختەوە فەرمانڕەوایی کراون. لەم لیستەدا، تکریت و ئەلسن دەکەوێتە باکوورەوە (کە دەکەوێتە دەوروبەری لای قەڵای شەرگاتی نوێوە). بەڵام **مەسعودی بەناوبانگ** لە ساڵی 956دا، کە زۆرتر بە روونی (ئەلتنبیە- تەنبیە، لاپەڕە 36) "عێراق دەخاتە ناوچەیەکەوە، کە دیجلە و

فورات لەوێدا بەیەك دەگەن و ئەو ناوچانەی دەوروبەریشی، هەروەها ئـەوەش دەخاتـە ناوی ، لە ناو (سەواد)دا ئەو ناوچانەی کەوتونەتە نێوان سنووری زابـەکان لـە پشـتی سامەڕاوە، بە بڕی سنووری ئەلسن و تکریت، لەگەڵ ئەو بەشـەی هـەرێمی هۆلێڤـان-هۆلیوان، کە نزیکی شاخەکانە و ئەو بەشەی هیت، کە نزیکی فوڕاتە..."(ئەو بڕگەیە لە تێکستە عەرەبیەکەوە وەرگیراوە- واتە لە کتێبی تەنبیەوە) .

بەپێی ئەم نووسەرە، کەواتە، عێراق تەنیا نەخراوەتە ناوچەی نێوان تکریت و کەنـداوی فارسیەوە، بەڵام هەروەها لەسەر ئەو هێڵەشە، کە لە نێوان چـیاکان و بیابانـدا بـەرەو باکوور دەکشێت. وەك دەردەکـەوێت هـیچ یـەکێکیان ناکەونـە نـاو عێراقـەوە. ئـەم مەسەلەیەش کاتێ دەتوانری شیبکرێتەوە لەسەر گریمانی ئەوەی، کە هێڵی زەوییەکەی بابەتی پرسیارە، زەوی کشتوکاڵی بێت بە پێوانەی ئەو ناوچەیەی نێوان دوو زابەکە، لە نێوانی دەشتایی بیابان و شاخە سەختەکاندا.

ناوی (سەواد- رەش) بە دوو ناوچەی جیاواز وتراوە، ئەویش (بەڵقا-بەڵکا) و (عێراق)ە هەرچۆن بەکارهاتووە بە شـێوەیەکی گشـتی بـۆ جیاکردنـەوەی زەویـەك، کشـتوکاڵی تێداکرابێت لەچاو زەویەکدا، کە نەکێڵرابێت (چونکە خاکەکەی بە شێوەیەکی بەردەوام هەڵدەگێڕدرێتەوە، بۆیە رەنگی زیاتر تۆخترە و نزیکە لە رەنگی رەشەوە).

هەروەها ئەلسن (بیراماوزا یان باریما) بەپێی بۆچوونی **ئەل حەزومی**، شوێنی عێراق، کە **یاقوتی حەمەوی** وەك بەڵگە وەریگرتووە. **ئیستەخری** دەیخاتە جەزیرەوە، **ئیبن ئەل فاجیە و ئەبولفیدا و ئیبن روستە،** دەیخەنە ناوچەی موسڵەوە. هەروەها ئەم سێ نووسەرە تکریت دادەنێن بە سەربەخۆ و جیـاواز لـە موسـڵ، بۆیـە شـوێنەکەی لـە جـەزیرەدا دیاریدەکەن. هێڵی سنوور لەنێوان جەزیرە و عێراقـدا، بـە بۆچـوونی **ئەبولفیـدا**، کـە (قەلقەشەندی-گالگاشەندی) دایڕشتۆتەوە، کـە (نـەهری ئـەل ئایشـاجی) گـەورەترین کەناڵی باکوورییە. هەروەها (**بەکری**)یش موسڵ و تکریت لەناو جـەزیرەدا دادەنێـت. (**هو فەزل الله**) لە 1348دا دەڵێت: بەغدا پایتەختی عێراقـە و موسـڵیش پایتـەختی جەزیرەیە. قەلقەشەندی لە 1418دا ئەوە بەیان دەکات، کـە عێـراق لـە رۆژهەڵاتـەوە

سنووری بە (جیبال) شاخەکان کراوە و لـە بـاکوورەوە بـە جـەزیرە و لـە حەدیسـەوە درێژدەبێتەوە (کەمێ باکووری تکریت) بۆ عەبادان.

لەسەرو ئەم سەرچاوە بنەڕەتیانەشەوە، ئەو تێبینیانەی (میسۆ سترەینج-Le Strange ) لەم بارەیەوە وەردەگرین وەك پرسێ لە کتێبەکەیەوە "میسـۆپۆتامیا و پێرشـیای ژێـر دەستەلاتی مەنگۆلییەکان لە سەدەی چواردەیەمی زاینیدا."، کـە لـە لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵگای ئاسیاییدا بلاوکراوەتەوە، بەرگی پێنجەم، 1903.

لە سەرەتاوە **عێراقان** ناوێك بوو نرابوو لە دوو شاری گەورەی کوفە و بەسرە. بە هەرحاڵ کاتێ ئەمیرەکانی سەلجوقیەکان بە ناونیشانی سوڵتانی عێراقانەوە (واتە سـوڵتانی دوو عێراق) ناودەبران، ناوەکە لە دوو هەرێمەکە نرا، "بەلام بە شـێوەیەکی ناوبازاڕیانـە و نادروسـت"، هەرچـەند **ئەبولفیـدا** دەڵێـت: بـەم شـێوەیە، لەدەوروبـەری سـەردەمی سـەلجوقیەکاندا، عێراقـان (دوو عێـراق) بـە هەرێمـە کۆنـەکانی مـاد و باشـووری میسۆپۆتامیا دەوترا.

هێڵـە جیاکـەرەوەکانی نێـوان عێـراق و جـەزیرە، لەگـەڵ سـەردەمە جیاوازەکانـدا دەردەکەوێت. لە سەردەمی عەباسیەکاندا بەگشتی لـە ئـەنبارەوە لـە سـەر رووبـاری فوراتەوە درێژدەبۆوە، بۆ تکریت لەسەر **دیجلە**. لە سەدەی چـواردەیەمدا، لـە سـەردەمی (**حەمەداڵڵە**)ی خاوەنی کتێبی (نوزهەت ئەلقلوب)، کە (**میسۆ سترەینج**-*Le Strange*) بەشێوەکی باش شیکردۆتەوە، سنوورەکە زیاتر بەرەو باکوورە، لە خاڵی بەیەکگەیشتنی فورات و خاپوورەوە بۆ خاڵێك لەسەر **دیجلە** راستەوخۆ باشووری بەیەکگەیشتنی لەگەڵ زێی بچوکدا. تکریت و حەدیسە و داقوق لە عێراقدا بوون. ئەم قۆناغـە لـەنێوانی دوو سەردەمی داگیرکردنەکەی مەنگۆلیەکاندایە.

لەسەر نەخشەکەی (میسۆ سترەینج-*Le Strange* ) ئەوەی لـە سـەدەی چـواردەیەمدا زانراوە پێشاندراوە، ئەربیل، موسڵ، ئامێدی و موش لە جەزیرەدان و عانە و تکریت و داقوق لە عێراقدان و کوردستان دەکەوێتە رۆژهەلاتی پێرشاوە- ولاتی فارس لە داوێنی شاخەکاندا.

لە کارە زۆر گرنگەکانیدا، خاکـەکانی رۆژهـەڵاتی خەلافـەت-1905، سـترەینج- *Le Strange* ئەم کورتە بیرۆکانەی لای خـوارەوە لـەبارەی سـەردەمی خەلیفـەوە دەدات- چەرخی زێڕینی عەرەبەکان لە میسۆپۆتامیا:

"عـەرەب، میسۆپۆتامیای دابەشکردووە بەسەر دوو هەرێمـدا. هـەرێمی خـوارو، کـە بریتیە لە زەوییـە لیتەیـەکانی بـابلی کـۆن — پێیـوتراوە (عێـراق) لـە خـوار هێڵـی بەیەککگەیشتنی فورات و دیجلەوە نزیك خاڵی بەیەککگەیشـتنیان. دەشـتە بـەردەڵان و سەختەکەی باکووریی پێیدەوترا (ئەلجەزیرە). ئـەو شـاخانەی بەسـەر ئـەو دەشـتانەدا دەڕوانێت وەك (ئەلجیبال) واتە شاخ دەناسرێت، **بەشی رۆژئاوای ئەم ناوچە شاخاوییە پێیدەوترا کوردستان، کاتێ، کە کورد توانیان هەندێ هێز و ناوبانگ بە دەست بهێنن.** لە کۆتایی چەرخەکانی ناوەڕاسـتدا، (ئـەلجیبال) بـە هەڵـە بـوو بـە نـاوی (عێراقـی عەجەمی) واتە (عێراقی بێگانەکان).

ئەلجەزیرە، کە لە لایەن (مەقدەسی)یـەوە پێیـدەوترا (ئیقلـیم ئـاکور)، کـە بەگشـتی دابەشکرابوو بەسەر سێ ناوچـەدا- دیـار رەبیعـە، دیـار مـوزیڕ و دیـار بـەکر، کـە پایتەختەکانیان بە ریز موسڵ و رەقە و ئامەد بوون (ئێستا دیاربەکرە).

(جەنەراڵ ئەی. هاوتم سغیندلەر-*General A. HOUTUM-SGHINDLER* ) لە کتێبە بچکۆلەکەیدا بە ناوی (رۆژهەڵاتی عێراقی عەجـەمی) ەوە، کـە لـە لایـەن کۆمـەڵی جیۆگرافیزانانی پاشایەتیەوە لە 1896دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم هێڵکاریە مێژووییەی لای خوارەوە لەبارەی هەرێمەکانی عێراقی عەجەمییەوە پێشکەش دەکات:

بەر لە داگیرکردنەکەی عەرەب، گەورەترین بەش لەو زەوییـەی، کـە دواتـر پێیـدەوترا عێراقی عەجەمی، پاشان ناوی (فەهلوۆ) یان (پەهلوۆ)ی لێنرا، واتە(وڵاتی شاخاوی). تا سەدەی یانزەیەم، بەگشتی لەلایەن نووسەرە موسڵمانەکانەوە بە (جیبـال) شـاخاوی ناوبراوە. ناوەکەش هەمیشە لە هەمان ناوچەی هەرێمی نـەنراوە. ماوەیـەکی درێژنیـە دوای داگیرکردنەکەی عەرەب، لەناوەڕاستی سەدەی حەوتەمدا، پێرشیا- وڵاتی فـارس بەپێی دەستوور حاکمێکی گشتی بۆ کوفە دانا. لـەژێر دەسـتەڵاتی معاویـەدا سـاڵی

661-679  بەشی باشووری خستە ژێر فەرمانی حاکمی گشتی بەسڕەوە، هەروەها بەشەکانی تری وڵاتی فارس، کە تا رادەیەك ناوچەی کۆنی میدەکان دەگرێتەوە، لەژێر فەرمانی کوفەدا مایەوە. بەڵام ئەو هەرێمەی بەلای رۆژهەڵاتی زاگرۆسدایە، ناونرا عێراق یان عەجەم(عێراقی بەربەرییەکان) بۆ جیاکردنەوەی لە عێراقی عەرەبی. دوای ئەوەش ئازربایجان و ناوچەی کاسپییان لە عێراق جیاکرایەوە، کە بەو شێوەیە تەنیا ناوچەکانی تارانی دەگرتەوە، کە بریتیە لە قەزوێن، زنجان، هەمەدان کرمانشاه، لوڕستان، ئەسفەهان، کاشان و قوم. لەژێر فەرمانی خانەکانی مەغۆلدا، عێراق بەشی رۆژهەڵاتی ئەم هەرێمەشی گرتەوە، لەگەڵ ناوچەی کاسپیان. ئەمڕۆ ئەو ناوە بەکارنایەت. عێراق بەبێ سیفەتە تایبەخۆکان، ناوی ناوچەیەکی باشووری رۆژئاوایی ناوچەیەکی بچوکی (قوم)ە.

بەو پێیە ئەگەر ئێمە لە قۆناغی دەستەڵاتی عەرەب وردبینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە جگە لە هەندێ ناوچەی بچوك نەبێت، ناوچەی ناکۆکیەکە هەرگیز نەخراوەتە سەر عێراق و تەنانەت ئەو ناوچانەش نەخراوەتە سەری لە هەموو کاتێکدا و لەلایەن هەموو ئاوانی تریشەوە. هیچ بەڵگەیەکیش نییە، کە ئەوە بەشێك لە ناوچەی ناکۆکیەکە عێراقی عەجەمییە، وەك ئەوەی لە یەکێ لە یاداشتەکانی حوکومەتی بریتانیدا یاداشت کراوە.

لە دواییدا ئێمە دەبێ ددان بنێین بەوەدا، کە ناوی نوێی (عێراق) لە ناوە کۆنەکانی عێراقی عەرەبی و عەجەمییەوە گەردان نەکراوە. ئەوە هەردووکیان کۆنن و زۆر جار بۆ هەردوو ئەو ناوچانە بەکارهاتووە و زۆر جاریش وەك کورتەی عێراقی عەرەبی بەکارهاتووە. هەروەها ئەو روونکردنەوانەی پێشوو چەرخەکانی داهاتووش دەگرێتەوە و بە واتایەکی تر: ئەو قۆناغانەی دەکەوێتە نێوان داگیرکردنەکانی مەغۆلەوە.

بۆ داگیرکردنی عوسمانی و قۆناغی دوای ئەو، (کتێبی چەلەبی)ی (حاجی خەلیفە)، کە لەگەڵ شاڵاوی سوپای تورکیدا بۆ سەر سووریا و میسۆپۆتامیا رۆشتون. نووسینە ناودارەکەی، کە لە 1600دا لەوبارەیەوە نووسیویەتی و لە دەوروبەری 1700دا

بلاوكرایەوە. جیاوازی دەكات لە نێوان ناوچەكانی جەزیرە و كوردستان و عێراق. جەزیرە هەموو ئەو ناوچەیەیە، كە دەكەوێتە رۆژئاوای دیجلەوە، هەروەها درێژدەبێتەوە بەپێوانەی ئەو هێڵەی ئەو رووبارە دەگاتە رووباری فورات لە ئاستی (هیت)دا.

**كوردستانیش ئەو ولاتەی نێوان گۆلی وانە لە باكوورەوە و رووباری دیجلە لە رۆژئاواوە و داوێنی سەرەكی شاخەكان لە رۆژهەلاتدا. بەرەو باشوور دەچێ، تووزخورماتووش هێشتا لە كوردستاندایە**، بەلام كفری لە عێراقدایە، كە هەموو ناوچەی باشوور دەگرێتەوە. هەموو رۆژئاوای ولاتی فارس (پێرشیا) بە درێژایی سنووری توركیا پێیدەوترێ (عەجەمستان) و ناوی (عێراقی عەجەمی) تەنیا بەو ناوچەیەی باشووری خانەقین بۆ رێگای هەمەدان دەوترا. نەخشەیەك لە لایەن (ئەنڤیلّ-*A.NVILLE* )ەوە لە 1772دا كێشراوە، كە كەم تا زۆر دووبارەی ئەنجامەكانی (چەلەبی)یە.

هەروەها لەوانەیە ئەو سێ نەخشەیەش هێمای بۆ كرابی لە قۆناغەكانی 1040-1070، 1559-1700، لە ئەتڵەسی مێژوویی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا لەلایەن (مەیجەر محەمەد ئەشرەف) لە1913دا، كە تەنیا چەند كۆپییەكی لێراكێشراوە، هەمان شێوە رێكخستن پێشان دەدا لەگەڵ یەك، یا دوو جیاوازی كەمدا.

یەكەم (ساڵنامە)ی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە 1700دا هەمان دابەشكردنی سەرەكی دەردەخات. ولایەتی دیاربەكر دەبەشكراوە بەسەر فەرمانڕەوای دیاربەكر و موسڵ و ئورفە و ولایەتی عێراقی عەرەبیش بەسەر بەغدا و بەسرەدا دابەشكراوە.

نەخشەی ساڵنامەی 1840 تا رادەیەك هەمان سنوورەكەی چەلەبی دیاری دەكات، جگە لەوەی سنوورەكانی جەزیرە كەمێ پاڵپێوەنراوە بۆ باكووری رۆژئاوا و عەجەمستان لە پێناوی ناوی ئێران دا دیارنامێنێت.

(ئە. لیڤاسیور-*A. LEVASSEUR* )، ئاسیای عوسمانی لەسەر توركیای ئاسیا 1846دا داناوە، ئەم نەخشەیە دانە فرەنسییەكەیەتی.

راوێژمان بە زنجیرەیەكی دوور و درێژی نەخشەكێشانی نەخشە ئەوروپیەكان كرد، بەلام كەمترین نرخیان هەبوو لە رەخنەگرتن لە بەڵگە پێشكەشكراوەكان.

ژمارەیەکی زۆری جیۆگرافیزانی سەدەکانی شانزەیەم و حەڤدەیەم هێشتا بیرەکانیان لە (پتلیمۆس)ەوە وەردەگرن. بەرگە چاپکراوەکانی (ئۆرتیلیۆس) سێ ناوچە لە باکوورەوە بۆ باشوور دیاری دەکەن: "ئەرزڕوم" (چیا بەرزەکان)، "دیاربەك" (بانەکان، یان زەویە بەرزەکان) و "ئاراك" (دەشتەکان، یان زەویە نزمەکان).

نەخشە مێژووییەکان، کە زۆر هاوچەرخە، بەتایبەتی لە سەدەی هەژدەدا، هەموو جیاوازیەکانی میسۆپۆتامیا بۆ رۆژئاوای دیجلە، " ئیمپراتۆریای ئاشووریا" بۆ رۆژهەڵات و "وڵاتی بابل" بۆ باشوور. (سانسن-1637، دەلیۆ-1705، ڤاوگەندی-1752 و بواش- 1754). نەخشە جیۆگرافیەکانی هەمان قۆناغ هەمان ناوچە بە ناوە تایبەتیەکانی "دیاربەك"، "کوردستان" و "عێراق" نیشانە دەکات. لە زۆر بارودۆخدا سنوورەکانی ئەم ناوچانە دیاری نەکراوە. (دەلیۆ-1723، ئۆتنس- فەرمانڕەوایی فارسی و بۆن- تورکیای ئاسیایی). کاتێ، کە سنوورەکان نیشانەکراوە، عێراق بە گشتی دەکشێ بۆ ئەوپەڕی باکوور وەك دیواری میدیان یان کەناڵەکەی، کە تا رادەیەك هاوڕێکی (دیجلەی بچوك) دەکشێت. باکووری ئەم هێڵە، دیجلە سنووری نێوان "دیاربەك" و "کوردستان" دیاری دەکات.

بەهەرحاڵ، جیاوازییەکی زۆر هەیە، تەنانەت لای هەمان نووسەر. بەوشێوەیە بەپێی (دەلیۆ) زۆر جار دیاربەکر یان جەزیرە تا ئەوپەڕی باشووری بابل درێژدەبێتەوە (نەخشەی بابل)، هەرچەند جەزیرە هەندێك جار پێیدەوترێ هەرێمی (ئێدیسە)، کۆنتر پێیوتراوە سوریای مسۆپۆتامیا، یان (سوریا و فەلەستین- 1764) دیسانەوە کوردستانیش تەنیا بە بڕی رێگەی کرمانشاە درێژدەبێتەوە-1724(بڕوانە ئەتڵەسی ڤاو- گۆندی) و زۆر جاریش (لە ئەتڵەسی ئەوروپادا، کە (دیزاوش) پیایداچۆتەوە-1789) کوردستان لە باکووری ئامێدییەوە دەست پێدەکات. لە هەموو بارودۆخێکدا، بەهەرحاڵ، موسڵ لەناو دیاربەکردایە(هەروەها بڕوانە سوریا...قوبرس، 1726).

بۆ سنووری دیجلە و ئاستی موسڵ، وەسف و نەخشەکەی، کە (مالێت) بە ناوی — وەسفی گێتی، 1683 دایناوە - لەوانەیە نرخێکی گەورەی هەبێت. ئەو موسڵ دەخاتە

دیاربەکرەوە، **هەروەها نەینەواش دەخاتە ناو کوردستانەوە**. بەپێی (ڤان دیرا) (تورکیای ناو ئاسیا)، کوردستان بەدرێژایی چیاکانی زاگرۆس دەکشێت، "نەخشەکانی هۆمان 1737 ئیمپیریۆم توردکوم" و ڤاوگۆندی (دەوڵەتە مەزنەکان 1763) ڕێکخستنی ئاسایی لە سێ هەرێمەکەدا پێشان دەدەن، لەگەڵ زیادەکانی (ڕیجیۆ بۆچداورۆم) بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی موسڵ.

نووسەرانی تر وڵاتەکە دابەش دەکەن بۆ (بەگلەربەگ)ی دیاربەکر، موسڵ، ریقە و بەغداد (یان "عێراق")، لەو نووسەرانەش: دانکەر، DANCKER, Turcici Imp. Tab "Jaillot, 1689 سانسن- جیلۆت- *SANSON-JAILLOT*، 1694 دەوڵەتە مەزنەکان، نەخشەکانی (سانسن) زووتری شێواوە.

لەسەر یەکێکیان — دەوڵەتە مەزنەکان، 1694- ئەرزروم بە بڕی دووری دیالە درێژدەبێتەوە، دوو ناوچەکەی تر پێیان دەوترا میسۆپۆتامیا و عێراق، یان هەردووکیان پێکەوە "دیاربەکر" کەچی لەسەر نەخشەیەکی تر — ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریای تورك (لە ماریتا)- "دیاربەکر" لەناو میسۆپۆتامیا و ئەرزڕومدایە، بەڵام نەك "عێراق".

لەسەر نەخشەکەی (هاریسن) پشتبەستو بە دانڤیڵ- 1788، ناوچەی نێوان دیجلە و زاب و دیالە ناوێکی نوێی هەیە، ئەویش (گارم)ە. (ئۆلیڤیەر) لە کتێبی (گەشتێك بە سوریا)دا ناوی کوردستان تەنیا دەدات بە ناوچەی زابی سەروو، پێکەوە بە جەزیرە و عێراقیش دەڵێت میسۆپۆتامیا. بەپێی (بێڵ دوری) لە (وڵاتی جەنگ- کۆتایی سەدەی هەژدەیەم)دا جەزیرە تا تکریت درێژدەبێتەوە. (ریچارد -*REICHARD* ) لە نەخشەی عوسمانیدا هێمای بۆ ویلایەتی بچکۆلەی موسڵ کردووە، کە بە ولایەتی بەغدا دەورەدراوە، کە بەسرەشی تێدایە، هەروەها نیسێبین و ماردین و تا باکوور ناوی جەزیرەی لێناوە و (عێراق)یش تا میسۆپۆتامیای باشووریی. وەك پاشکۆیەك بۆ ئەم ڕاپۆرتە، نەخشەیەکی (گویلاوم.دەلیسل-*Guillaume Delisle* ) هاوپێچ دەکەین، کە ناوی مێژوویی کۆن پێشان دەدات. هەروەها ئەوانەش، کە لە سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا بەکارهاتوون (نەخشەی 3). ئەم نەخشەیە لەلایەن (م. ز. خانزادیان)ەوە

سەرلەنوێ هێنراوەتەوە بەرهەم، لـە ئەتڵەسـی مێـژوویی ئـەرمینیادا دەردەکـەوێت و دڵسۆزانە لەلایەن ئەوەوە خراوەتە بەردەستمان.

ئەم هەموو نەخشە ئەورووپییانە، بـە سەرچـاوەی هەمـەجۆر و شـێواوییەوە، لـە چـاو نەخشەکانی ئەرمینیا کەمتر بایەخ و نرخیان هەیە. ئەو نەخشەیەی لەلایەن (ئۆسکان -*OSKAN*)ی قەشەی کۆچنشینە ئەرمەنیەکان لە ئەمستردام- 1670، بە گشت وڵاتەکە دەڵێت میسۆپۆتامیا و بە میسۆپۆتامیای باشووریش دەڵێت "عێراق".

نەخشـەیەکی چـاپی درشـت لـە (کتێبخانـەی نیشـتمانی)دا پێشـاندراوە، کـە دەستنووسـەکەی لـە (پەرسـتگا- دێـر)ی (سـانت لازاروس) لـە ڤینیسـیا -1670 وێنەکراوە، بە هەموو بەشەکانی باکووریی هەردوو لاکەی دیجلـە دەڵێـت: ئاشـووریا و بەشە باشووریەکەشی (عێراق)، بەڵام نەخشـەکەی لـە پەرسـتگای ئەرمەنیـەکان لـە ڤینیسیا لە 1787دا چاپکراوە، بە هەموو وڵاتەکەی رۆژئاوای دیجلە دەڵێت: (سوریا)، کەچی هیچ ناوێکی نەداوە بەو هەرێمەی مشتومڕەکەی لەسەرە.

دەتوانرێت رێژەیەکی کەم زانیاری لە گەشتیارانی سەرەتاوە بەدەست بێت، بەڵام ئەوەی لەوێدایە ئەو جیاوازیە ناکات لەوەی لـە نەخشـەکاندا بـەدیمان کـردووە. وەسـفەکانی دەڵڤـین-*DAULPHIN* لـە1553دا لـەبارەی گەشـتەکانی (ئارامۆنـت)ەوە، نێـراوی فرەنسایی، کە سوڵتان فاتیح (محەمەد فاتیح) هاورێیەتی کردبوو، هەروەها هێمای بـۆ دیواری میدەکان وەك سنووری نێوان میسۆپۆتامیا و بابل- بابیلۆن کردووە.

(تاڤینیەر-*TAVERNIER*- 1676) سنووری وڵاتە جیاوازەکان دیاری ناکـات و تـەنیا وتوویەتی موسڵ ناونیشانێکی ئاسـتێکی نـاودارە وەك سـەنتەری بازرگـانی لـەنێوان عەرەب و کوردی ئاشوریا. هەروەها لە نەخشەی هێڵکـاری گەشـتەکەی (بـییر دی لا ڤەیل)، کە لەلایەن (دو ڤاڵ-*du Val* )ەوە بڵاوکرایەوە، رێگەکەی قزلڕەبات بۆ هەمەدان دادەنێ بە سنووری باکووریی عێراقی عەجەمی، ئەو وڵاتەشی دەکەوتە بـاکووری ئـەو رێگایەوە پێیوتراوە "کوردستان".

هـەمان سـنوور لـە گەشـتەکەی (جـاکس مۆریـەر- *Jacques Morier* ) سـکرتێری باڵوێزخانـەدا دەردەکـەوێت، (نەخشـەکانی ناوچـەکەی نێـوان شـیراز و ئەسـتەنبوڵ)، ناوچەکی رۆژئاوای دیجلە پێیوتراوە "جەزیرە" ئەوەی باشـووری سـامەڕاش "عێراقـی عـەرەبی". ولیـام هیـودی ئەفسـەر -*William HEUDE* - 1820، **سـلێمانی وەك پایتەختی کوردستان هێمادەکات.**

ئەگەر ئەم سەرچاوانەمان پێکەوە وەرگرت، بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆمان دەردەکـەوێت، خاکەکە کراوە بە سێ ناوچەوە، بەپێی ئەوە "عێراقی عەرەبی" لە هیت- تکریت، یان ناوچەی چیاکانی حەمرین زیاتر بەرەو باکوور دوورتر درێژنابێتەوە.

لەبەرچاوگرتنی ئەم هەموو زانیاریانە، کارێکی ئاسان نییە تا بزانـی (کـارل ریتـەر- *Karl RITTER*) سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە وەك ئەوەی تایبەتیەکانی دۆزیوەتەوە لـە کتێبەکەیدا بەناوی (فەرهەنگی ئامـاری جیـۆگرافی- *Geographisch-Statistischer Lexikon*) دەڵێت: "عێراقی عەرەبی" بەدرێـژایی بەشـی باشـووری دیجلـە و فـوڕات ناوچەیەکی تورکیایە، هەروەها بابلی کۆن و کلدان، یان ویلایەتی نوێی بەسرە و بەغدا و موسڵ دەگرێتەوە، لەوپەڕی سنووری باکووریی تەنیا لوتکەی شاخەکانی کوردسـتان دەیبڕێت. بەڵام دوا وتە و لابردنی هەر هێمایەکی ئاشووریا، پێشنیاری ئەوە دەکـات، کە ئەو هێمای بە هەموو ویلایەتەکە نەکردووە.

لە نەخشەیەك زیاتر هەیە، کە ناوی عێـراق یـان میسـۆپۆتامیا دەدات بـە جـەزیرە، ئەوەش نەخشەی سووریا، کە بیرەوەریەکانی نـاپلیۆنی تێـدا بـەیانکراوە و لـە سـاڵی 1847دا بڵاوکراوەتەوە. بەهەرحاڵ، لەوانەیە وەك سەرچاوەی زانیاری بۆ ئـەم هەرێمـە لەبەرچاو بگیرێ، کە نیشانەی راست لە گۆشەیەکی نەخشەکەوە دەکات، کە دواتر زۆر بەگران کێشراوە.

هەموو نووسەرە هاوچەخەکان ئـەم شـیکردنەوەی لای خوارەوەیـان بـۆ ناوەکـان داوە: "عێراقی عەرەبی" سوورە لەسەر میسۆپۆتامیای باشووریی و "عێراقی عەجەمی" بۆ ناوچەی هەمەدانی وڵاتی فارس، نمونەی ئـەوەش لـە (مێـژووی عـەرەب)، نووسـینی

هوارت-*HUART* و (رۆژهەڵاتی نزیك)ی هۆگارس- *HOGARTH* هاتووە، هەرچەند ئەم دوو نووسەرە زانیاریەکی وردی ئـەوتۆیان نەگەیانـدووە- ئینسـکلۆپیدیای زمـانی ئێرانی- جگەرخوێن، هەروەها (دەوڵەتی تورك- فلیپۆسن، 1915) و (تورکیا- بانس، 1919) و ئەتڵەسەکان، وەك ئەوانەی (جـەیمس وایەڵـد-*JAMES WYLD* - 1861) و (ڤایدڵ دی لا بلاش-*Vidal DE LA BLACHE*) و (سپرونەر-*SPRUNER* و ستیلەر-*STIELER*)..تادوایی.

ئینسیکلۆپیدیای بریتانیا و ئینسیکلۆپیدیای مەزنی فرانسی خراونەتە ناو یاداشتەکانی تورکیاوە. پێناسەکانیان لەلایەن پێناسـەیەکی هاوشـێوەوە لـە کتێبێکـی بەردەسـتدا پشتگیری کراون، کە بە سەرپەرشـتی بەشـی مێـژووی وەزارەتـی دەرەوە لـە 1920دا ئامادەکراوە، (بەرگی یانزەیەم، بەشی 63 و میسـۆپۆتامیا) لـەوەی، کـە عێـراق بـۆ هەمیشە لە خوارووی میسۆپۆتامیادا ناساند، بەڵام نەك وەك هەموو میسۆپۆتامیا. بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا میسۆپۆتامیای خواروو جیاوازە لە میسۆپۆتامیای سەروو. دواتر سەرەڕای جەزیرە، نەك تەنیا موسڵ و بەڵکو هەروەها کفری، کەرکوك، هەولێر، سلێمانی و رانیەش خرانەسەری (لاپەڕەکانی 2-4 ،13،14،15).

هەمان واتا دراوە بە ناوی "عێراق" لە بەرگی یانزەدا، بەشی 58 (تورکیا لە ئاسیادا، لاپەڕە 12).

ئەگەر پەنابەرینە بەر کتێبی خوێندن، کە ئێستا لە وڵاتە عەرەبیە زۆر پێشکەوتوەکاندا بەکاردێت - میسر- ئێمە چاپکراوەکانی 1913 و 1922-1923 دەبینین، کە لەسەرو ئەوەشەوە لە شتێکی دیاریکراودا جیاوازی نییە- لەوەدەچێ جیاوازی نەکات لـەنێوان "جەزیرە یان عێراق"دا. لەم کتێبانەدا تەواوی ئەو زەوییەی نێوان فورات و دیجلـە لـە چیاکانەوە لە باکوور بۆ کەنداوی فارسی پێیدەوترێ جەزیرە یان عێراق. لـە ئەتڵەسـی ئابووری عەرەبی هەروەها لە قوتابخانەکاندا بەکاردێت، ناوچەی نێوان ئەم دوو ناوچەیە پێیدەوترێ جەزیرە، بەڵام ئەوەی بەلای رۆژهـەڵاتی دیجلەدایـە پێیـدەوترێ "عێـراق". هەروەها ئەم دابەشکردنەی زەوی وەك بە شێوەیەکی نایەکسان لە کارەکانی نووسەرانی

پێشوی وەك (ئەبوفیدا و ئیبن حۆقەل)دا دەردەکەوێت. بەپێی ئەوەی رابردوو، ئێمە لەوانەیە لەناو هەموو دەقە جیۆگرافیاییەکاندا لە دەستپێکردنی چەرخی عەرەبەوە بۆ ئەمڕۆ، ئەوە بەرئەنجام بێنین، کە تەواوی ئەو هەرێمەی مشتومڕی لەسەرە وەك گشت، هەرگیز گرنگی ئەوەی پێنەدراوە، کە وەسف کرابێ یان وەك بەشێك لە عێراق وێناکرابێت.

لە رابردوودا، ناوی عێراق لای دانیشتوانەکەی وەك ناوی وڵاتەکەیان پێی ئاشنا نەبوون. بەلایەنی کەمەوە، بەگشتی لای عەرەب زیاتر بڵاوترە لەچاو میسۆپۆتامیادا، کە ناوێکی ئەورووپیە و ناوێزەیە بەوان.

عەرەب ناوی عێراقی دابوو بە ناوچە هاوسنوورەکەی لای باشوور. وایانداناوبوو درێژبوونەوەی ناو وەك واتا درێژبوونەوەی هێزی بەغدای پایتەختی عێراقە. ئەمەش لەوانەیە لەگەڵ مێژووی ناوەکەی میسۆپۆتامیا لە سەردەمی رۆماندا بەراورد کرابێ. (سترابۆ، بەرگی شانزەیەم، لاپەڕە 746) تەنیا بەرەو باشوور تا بەربەستی (مەدین)، بەڵام (پلینی، بەرگی پێنجەم، لاپەڕە 24، پەرەگرافی 21) تا کەنداوی فارسیی دەگەیەنێت. ئاشکرایە زاراوەی لاتینی (میسۆپۆتامیا) لە واتادا بەپێی جیاوازی دەستەڵاتی رۆمان گۆڕاوە، (ئینسکلۆپیدیای بریتانیکا "میسۆپۆتامیا"، لاپەڕە 180).

هێشتا لە هەمان بەشی جیهان ورد دەبینەوە، دیسانەوە لەوانەیە پەنابەرینەوە بەر ئینسکلۆپیدیای بریتانیکا، بۆ پێشاندانی بەرزبوونەوەی ئیمپڕاتۆریای (سارگن- سەرجۆن)، کە بێگومان مەسەلەی فراوانبوونی ناوی ئەکەدە، کە (پایتەختی سارگنی مەزن بوو) بۆ هەموو باکووری بابل- بابیلۆنیا.

لەوانە نییە پێویستمان بە هێماکردنی ئەم جۆرە نمونانەی ئەورپا هەبێت وەك فراوانبوونی ناوەکانی فرەنسا، ئۆستریا- نەمسا، پروسیا و... هیتد.

لەسەرو ئەوەشەوە، نەخشەی 1848 و بڵاوبوونەوەی تاپۆکانی تورکیا، کە لە لایەن حوکومەتی بریتانیەوە وەرگیراوە، بۆچوونی هەمان پرۆسە و رێڕەوی هەیە- فراوانبوونی

ناوچەی کارگێڕیی بەغدا بۆ داپۆشینی هەموو هەرێمەکە تا زێی گەورە و فراوانبوونەکە تایبەتە بە ناوی ناوچەکەی، کە بەغدا پایتەختیەتی.

لەوە زیاترمان لە توانادا نییە، کە هێما بۆ یاداشتەکەی حوکومەتی تورکیا بکەین، بەو پێیەی، کە ویلایەتی موسڵ بوو، لە ڕێکەوتننامەکەی سایکس پیکۆدا لە عێراق بەدەرکرا، ئەمە تەنیا بەشێکی کەمی ڕاستە. سنوور، وەك ئەوەی لەم ڕێکەوتننامەیەدا داڕێژراوە، لە ڕاستیدا ناوچەی ناکۆکیەکە دابەشدەکات، ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی لە عێراقدا جێدەهێڵێ و موسڵ و هەولێریش لە سوریا. ئەم سنوورە، بەشێوەیەکی گشتی دوای هێڵی زێی بچوك کەوتووە.

تەنیا یەك پرسیاری تر هەیە، کە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. کام وڵات بوو پێیدەوترا "میسۆپۆتامیا"؟ ئەو ناوچەیەی ئەم ناوە دەیگرێتەوە لە کارەکانی هەموو جیۆگرافیزاناندا دەقاودەق نییە.

ناوچە جیۆگرافیایە سروشتییەکان هەمیشە ناوەندێکە، کە بەگشتی لەوانی تر دیارترە، کەم تا زۆر سنووری ئازاد و بەربڵاوە، بەڵام بە دەگمەن سنووری هەیە.

میسۆپۆتامیا لە کەناری دەشتەکەی، کە لەسەر لێواری چەپی دیجلەیە زۆرجار دادەنرێ بە کۆتایی ڕۆژهەڵات، بۆ باکوور لەسەر داوێنی چیا لەنێوان دوو ڕووبارەکەدا و بۆ ڕۆژئاوا لەسەر لێواری زەویە کشتوکاڵیەکەی سەر کەناری ڕاستی فوڕات. کەسانی تر ناوەکە دادەنێن وەك داوێنی گردەکان، یان تەنانەت لێژایەکانی شاخەکان بگرێتەوە، هەرگیز چیاکان خۆیان ناگرێتەوە.

گەورەترین و نوێترین ئەتڵەسی ئینگلیزی- ئەتڵەسی ڕۆماڵکردنی جیهانی تایمس (بارسۆلۆمیو، 1920)- سنووری پێشاندەدا لە جەزیرەی ئیبن عومەرەوە بەدرێژایی دیجلەدا دەکشێت لە خاڵێکی باشووری ڕۆژئاوای دوهۆکدا جێیدێڵێ، بەنێوان ئەلقوش و تەلکێفدا تێدەپەڕێ، لەنێوان هەولێر و شاخی قەرەچوخ بۆ ئاڵتون کۆپری، ڕۆژئاوای کەرکوك و بۆسەر تاوغ، پاشان بە تیژی بۆ ڕۆژهەڵات پێچدەکاتەوە، کفری بۆ ئەوپەڕی ڕۆژئاوا جێدێڵێ. هەرێمەکەی لای ڕۆژئاوای ئەم سنوورەوە پێیدەوترا "میسۆپۆتامیا" و

ئەوەی بەلای رۆژهەڵاتدا " کوردستانی باشوور" ئەگەر دواجار "عێراق" بکرێت بە "میسۆپۆتامیا" تەنیا نیوەی رۆژئاوای ناوچەی ناکۆکیەکە دەتوانرێ پێی بوترێ "عێراق"، لەگەڵ ئەوەشدا، لە لایەکی ترەوە، ئەو ناوە دەبووایە تا فورات بدرایە بە هەموو هەرێمەکە. بەهەرحاڵ، ئەوەش هەڵەیە، ناوچەی ناکۆکیەکە دابنرێت بە بەشێك لە ئەنادۆڵ، وەك حوکومەتی تورکیا دایناوە. ئەنادۆڵ زۆر دوورە. دوو وڵاتەکە بە سووریا و کوردستانی رۆژئاوا جیابۆتەوە، کە ئەوان تا رادەیەك لەسەر درێژایی چیاکانی تۆرۆسی ئەرمینیان. هەڵەی حوکومەتی تورکیا لەوانەبوو زۆر توندگیر نەبووایە ئەگەر بە سادەیی تێهەڵکێشی بکردایە لە بەکارهێنانی هەڵە لە مەرجەکاندا- بە واتایەکی تر، ئەگەر ناوی ئەنادۆڵی بدایە بە ناوچەکانی دیاربەکر و ماردین و نسێبین، ئەو کاتە ناوچەی ناکۆکیەکە هەمیشە ناوێکی رۆشتووی بەو ناوچانەوە دەبوو، بەشە شاخاویەکان، کە هەمان ناو وەردەگرن لە هەموو "کوردستان" و هەروەها دەشتەکانیش (دیاربەکر یان جەزیرە).

تەنیا یەك تێبینیمان هەیە لەسەر ئەم بابەتە. دوای پەنابردنە بەر هەموو ئەو سەرچاوانەی هێمای بۆ کراوە و ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی تریش، ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نەدۆزییەوە، کە ئەم ناوچەیە، یان هەر بەشێکی هەرگیز ناوی "تاتارستان" بووبێت، وەك حوکومەتی تورکیا سوورە لەسەر ئەوە. لەسەرو ئەوەشەوە، کاتێ ئێمە داوای زانیاریمان کرد لەسەر ئەو دڵنیابوونە، حوکومەتی تورکیا نەیتوانی وەڵام بداتەوە. لە هەرێمەکانی دراوسێدا زۆرجار ناوی تورکومانیا دەبینین، بەڵام ئەوەش هەمیشە لەسەر بەشی باکوورییە. لە سەدەی هەڤدەیەمدا بەگشتی لە جیاتی ئەرمینیا بەکارهاتووە.

لە نەخشەکەی (ڤان دێرا-*VAN DER AA* ) (تورکیا لە ئاسیا- سەدەی هەژدەیەم) ناوی "تورکومان"لە باکووری گۆلی ڤان- وان نراوە، باشووری زەریاچەی ورمێ و رۆژئاوای فورات، بەڵام نە لە جەزیرەدا یان لە ناوچەی ناکۆکیدا ناوی نییە.

تێبینیە جیاوازەکان و دڵنیابوونەکانی دوو حوکومەتەکە، لە میانەی مشتومڕی سیاسیدا، وایان لێکردین پەنابەرینە بەر ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ناچاربووین لە ئەنجامدا بە دوای بابەتەکەدا پشکنین بکەین، دەبێ ئەوەش بڵێین، کە زۆر دوور و درێژترە لە چاو ئەوەی بە بیانوی گرنگی ناوی هەرێمەکە و پەیوەندی لەگەڵ چارەنووسی داهاتوویدا.

- **رێگاوبان و پەیوەندییەکان:**

کۆمەڵەی سێیەمی بەڵگە جیۆگرافیەکان، کە پەیوەندە بە رێگاوبانەوە، دەچێتە ناو بەڵگە ئابووریەکان و لەو رووەوە بەدرێژی دەکۆڵینەوە، کاتێ دواتر بە رێکخراوی دێت بۆ ئەو چرکەساتەی ئێمە تەنیا لە دیدی جیۆگرافی تەواوەوە دایدەنێین.

حوکومەتی تورکیا رایگەیاند، کە شار و ویلایەتی موسڵ دەکەوێتە سەر ئەو هەموو رێگایانەی دەگاتە ئەنادۆڵ و سوریا و وڵاتی فارس و "گرنگییەکی گەورەی هەیە" لە دیدی پەیوەندی باشووری ئەنادۆڵەوە لەگەڵ وڵاتی فارس وسووریادا. یاداشتەکە لە لۆزان پێشکەش کراوە و هەروەها ئەوەش رادەگەیەنێ، کە بەبێ موسڵ، پەیوەندی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك بە وڵاتی دایکەوە ئەستەم دەبێت. لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانماندا، حوکومەتی تورکیا شیکردنەوەی زیاتر و وردەکاری زۆرتری پێشکەش کرد:

"وەك ئاشکرایە، بەهەرحاڵ، کە دوو رێگەی سەرەکی بازرگانی لە نێوانی ئەنادۆڵیا و وڵاتی فارسدا هەیە. یەکەم، کە بە باکووری زەریاچەی ورمێ و واندا تێدەپەڕێ و لە (ترەبیزۆند)دا کۆتایی دێت"، دووەمیش بە باشووری دوو زەریاچەکەدا تێدەپەڕێت.

ئەو رێگانەی، کە لە ترەبیزۆند کۆتاییان دێت، رێگەی پەڕینەوەی سەرەتاییە بۆ بازرگانی لەنێوان وڵاتی فارس و رۆژئاوادا، هەروەها رێگاکانی باشوور بە شێوەیەکی سەرەکی بەکاردێت بۆ هاتوچۆ لەنێوان رۆژئاوا و باشووری ئەنادۆڵیا و وڵاتی فارسدا. ئەم رێگەیەی دواییان دوای دیجلە دەکەوێت تا موسڵ (کاتێ هێڵی شەمەندەفەر دەگاتە

ئەو وڵاتە سروشتییە، کە بۆ هەمان مەست، واتە بۆ هاتوچۆ بەکاردێت)، لەوێدا دەبن بە سێ لقەوە، یەك لەدوای یەك بە رەواندزدا تێدەپەڕن بۆ کۆی سنجاق و سلێمانی.

"ئەو سنوورەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشنیار کراوە، هەموو ئەم رێگا بازرگانیانە دادەخات. هەروەها رێگاکانی زیاتر بەلای باکووردان، کە لەوانەیە بتوانرێ بازرگانی لەنێوان تورکیا و وڵاتی فارسدا پێدا بکرێت، لە زووربەی رۆژانی ساڵدا بەکەڵك نایەت، لەبەر سەختی خاکەکە و بارودۆخی کەشوهەوا."

لە بەشێکی تری هەمان وەڵامدا، حوکومەتی تورکیا رێگاکانی بازرگانی گشتی لە نێوانی ناوچەی موسڵ و بەشەکانی تری تورکیا، کە ناکۆکی لەسەر نییە، بەم شێوەیە ریزدەکات:

1. رێگای دیجلە.
2. رێگای موسڵ- ماردین- دیاربەکر- خارپوت- (سیڤاس- سیواس)- سامسۆن.
3. هێڵی ئاسنی نسێبین- ئەدەنە.
4. رێگەی موسڵ — جەزیرە- سیرید- بتلیس- ئەرزڕوم- ترەبیزۆند.
5. رێگەی موسڵ — ئامێدی- جولامەرك- باشقەڵا- (ڤان- وان).
6. رێگەی موسڵ — ئەربیل- رەواندوز- باشقەڵا- (ڤان- وان).
7. رێگەی موسڵ- فایدا- زاخۆ- بەیتولشەباب- باشقەڵا- (ڤان- وان).

زۆر ئاساییە، کە کەرکوك و سلێمانی دەبێ لە توانیاندا نەبێت پەیوەندی بکەن بە دیاربەکر، ماردین، یان هەر شارێکی تر لەو بەشانەدا، یان لەو دەوروبەرەدا، جگە لەوەی، کە بەناو موسڵدا دەڕوات، کە ئەوەش تاکە رێگایە.

دەبێ دواتر لە شیکردنەوەی بەڵگە ئابووریەکاندا هێما بۆ ئەوە بکەین، کە چۆن ئەم رێگایە لەسەر ئاستێکی فراوان بۆ کاروباری بازرگانی بەکاردێت. بەهەرحاڵ، دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت، کە سلێمانی و کەرکوك لەناو ئەو هەرێمەدان، کە مشتومڕی لەسەرە، بۆیە ئەو بەڵگانەی لەوبارەیەوە دەخرێنە روو هێزێکی ئەوتۆیان نییە.

بەگوێرەی بەڵگـەی فـراوانترەوە، کـە ویلایـەت و شـاری موسـڵ دەبـێ وەك ناوەنـدی تێپەڕبوون (ترانسێت) و شوێنی پاکسازیی شـتومەك (clearing-house)کـار بکـات، هۆشەکارییە، کە بڵێیت موسڵ گرنگیەکی مـەزنی هەیـە لـە بازرگـانی ئـەنادۆڵیا و سووریا و وڵاتی فارسدا. ئاشکراشـە، کـە موسـڵ لـە بازرگـانیی نێـوان ئـەنادۆڵیا و سووریادا نەکەوتۆتە لیستی پەیوەندیدارەوە. لە بازرگانی نێوان سووریا و وڵاتی فارسدا و موسڵ، رێگاوبانەکان بەناو رەواندوز و سلێمانیدا دەچێت بۆ وڵاتی فارس، لە هەموو قۆناغێکـدا ماوەیـەك بەمـەوە راهـاتوون. بـەکارهێنانیان، بەهـەرحاڵ، هەمیشـە بەراوردکردنێکی بێبایەخە لەگەڵ ئەو رێگاوبانانەی نێوان ئێران و عێراق.

وەکو دەروازەی مەدین رێگای خانەقین و رێگا کۆنەکە بۆ ئیلام بەناو سوسا(شوستەری هاوچەرخ) (دی. کارۆسەرس، 161-167). بۆ بازرگانی بـەرەو باشـوور لـە بـاکووری سووریا و ئەنادۆڵیاوە، ناوەندی سەرەکی ئەوەی، کە بەئاسـایی لـە میانـەی بەشـێکی گەورەی قۆناغێکی مێژووییدا حەڵەبە، کە رێگای بازرگـانی سـەرەکی بـووە، رێگـای کاروانی گەورە بووە و (تاڤەرنیەر–*TAVERNIER* ) هێمای پێکردووە، کە بە بیابانـدا چووە بۆ بەسرە بە هێڵێکی هاورێکی فوراتدا، لەگەڵ لقێك، کـە دەچـوو بـۆ بەغـدا و ئینجا بۆ ئەو دوو رێگا سەرەکیەی، کە بە داوێنەکانی زاگرۆسدا دەپەڕینەوە بۆ وڵاتـی فارس. ئەم رێگایە بەهۆی کەناڵی سوێسەوە گرنگیەکی زۆری خۆی لە دەست دا، ئیدی بووە هۆی کەمی گواستنەوە لەبەر گومانی سەلامەتی هاتوچـۆ تێیـدا، لـەو کاتـەوە بازرگانی بەلای راستی رووبارەکەدا گوزەری دەکرد.

رێگاوبان چەند جۆرێکی هەیە، **یەکەم** رێگای ئاو، کە دەتوانرێ تـەنیا بـەرەوخوار بـە رووبارەکەدا بەکاربێت، **دووەمیش** رێگای ناچاریی، بەڵام لە هەندێ بەشـیدا مـەودای تێپەڕبوونی ئامێری گواستنەوەی نەبوو، ئەمەش سێ رێگەی لەبری ئەوە لەنێوان موسڵ و نسێبیندا هەبوو، **سێیەم**، رێگای ئاسن، کە تـا ئـازاری 1925 کـەڵکێکی ئـەوتۆی نەبوو، کاتێ پردی فوڕات بیناکرایەوە، **چوارەم** رێگایەکی زۆر سەخت بوو، بەتایبەتی لە بەشی جەزیرە- سیرید- بتلیس، **پێنجەمیش** زۆربەی بەشەکان و بە واتایـەکی تـر لـە

دوهۆکەوە بۆ ئامێدی و دوورتریش- ڕێگەیەکی تا بڵێی سەختە، **شەشەم** تا ڕادەیەك بۆ ئامێری گواستنەوە باش بوو تا **دێرا**، بەڵام دوای ئەو ڕێگەیەکی تا بڵێی سەخت بوو لە هەندێ ناوچەیدا و لە زستاندا هاتوچۆ مەحاڵ بوو، **حەوتەم** تا زاخۆ باش بوو، کە دوای ئەوە دەبوو بە ڕێی پیادەڕۆشتن.

حوکومەتی بریتانیا تەنیا ڕێڕەوی ڕێگاکانی لە ڕووی ئابوورییەوە هێما کردووە و ئێمە دواتری دەگەڕێینەوە بۆی. ئەو وەکو بابەتێکی شارستانی باسی ئەو ڕێگایە دەکات. لە وەسفکردنی هەندێکیاندا دەڵێت موسڵ بە ڕێگایەکەوە پەیوەندە، کە بۆ ئامێری گوستنەوە لەبارە لەگەڵ تەلەعفەر و سنجار، لەگەڵ شەرگات، لەگەڵ دوهۆك و زاخۆ، عەین سیفنە، عەقرە لەگەڵ هەولێر. هەولێر پەیوەندە بە شەرگات و سنجار و ڕەئسو ئەلعەینەوە. لە هەولێرەوە ڕێگایەکی باش هەیە بۆ ڕەواندوز. موسڵ و هەولێر و ئاڵتون کۆپریش ڕووباریان هەیە وەك هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ باشووردا.

ئێمە سێ ڕەخنەمان هەیە، لە ئاستی یەکەمدا، وڵاتەکە لەکاتی تورکەکاندا بێ ڕێگاوبان نەبووە و هەندێ لەو ڕێگاوبانانەش زۆر باش بوون. ڕۆژهەڵاتناسی ناودار (م. ئیدوارد ساچاو- *M. Edouard SACHAU* ) ، کە گەشتێکی زۆری بەم ناوچانەدا کردووە، ئەو دەڵێت: وەسفی ڕێگایەك دەکات لە موسڵەوە بۆ زاخۆ، کە ئەو ڕێگایە هەرگیز خراپ نەبووە و ئەو ڕێگایەی لە چیاکانی زاخۆوە شۆڕدەبۆوە بۆ شارۆچکەکە تەواو باش بووە. (ڕەیس...سیرین، 372).

ئاستی دووەم، دەبێ ئەوەمان لە یادبێت، کە سوپای ئەڵمان و تورك و پاشانیش سوپای بریتانیا بکەین، ڕێگاکانیان تا ڕادەیەکی زۆر نۆژەن کردەوە لەکاتی جەنگدا بۆ مەبەستە ستراتیجیەکان. بۆ نمونە، لە موسڵەوە بۆ شەرگات، ئەڵمانیا ڕێگایەکی دروستکرد، کە بەشێکی گەورەی زۆر نایاب بوو، لەگەڵ ئەو پردانەی بە شێوەیەکی باش بیناکرابوون. ڕێگاکانی تر، وەکو ئەوانەی لە موسڵەوە بۆ هەولێر و کەرکوك و لەم شارانەی دواییەوە بۆ سلێمانی و ڕەواندوز، لەلایەن سوپای بریتانیاوە لە کاتی جەنگ و

شۆڕشدا بیناکرایەوە. کارگێڕی سەربازیی ئەم ڕێگایانەی خستەسەر کارگێڕیی مەدەنی (ڕاپۆرتی یەکەم لەبارەی عێراقەوە 1920).

پێویستە هێما بۆ ئەوەش بکرێت، کە ڕێگاکان هێشتا دوورن لەوەی "کە بە بیری ئەورووپی بۆبێتە ڕێگا". زۆریان لە وەرزی بارانبارینـدا بۆ هاتوچۆ بەکارنایەت و هەمووی جگە لەوانەی لە شەرگاتەوە بۆ موسڵ و لە موسڵەوە بۆ زاخۆ زۆر سەخت دەبێت کاتێ باران دەبارێت. ئەو ڕێگایانەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە باسکراوە، کە لە هەولێرەوە بۆ ڕەواندوزە، دەتوانرێ ئامێری گواستنەوەی تێدا بەکاربێت، ئەویش بۆ ماوەیەکی زۆر کورت (هەولێر بۆ دێرا) و هەروەها بۆ ئۆتۆمبیلێکی سوکەڵە و لە کەشوهەوایەکی خۆشدا، کاتێ لە (دێرا)وە بۆ ڕەواندوز دەبێ گەشتیاران لەسەر پشتی وڵاخ بە تولەڕێ و ڕێچکەی سواریدا بەردەوام بن، کە لە هەندێ شوێنیدا باش و لە هەندێکی تردا خراپە.

هەروەها ڕێیەکی تر-، کە لە سنجارەوە دەچێ بۆ فوڕات- یەك ڕێ بۆ ڕەئسو ئەلعەین و ڕێیەکی تر بۆ دێرەزوور- زۆر جار ناتوانرێ هاتوچۆی پیابکرێت، ئەویش بەهۆی دۆڵەکانەوە، کە ئاوەکەی لە شاخەکانی سنجارەوە بۆ دێتە خوارەوە.

رووبارەکان تەنیا لەگەڵ تەوژمی ئاوەکەدا بۆ کەڵەك لەبارە. ئەم کەڵەکانەی هەڵئەگرد و لە دیاربەکرد و زاخۆوە شۆڕدەبۆوە بەرەوخوار بۆ زێی گچکە لە تەقتەق و ئاڵتون کۆپرییەوە. جارجارەش هەندێ کەشتی هەڵم بە پێچەوانەی تەوژمەوە تا موسڵ دەچوون، بەڵام ڕووبارەکە تەنیا ڕێی دەدا بە گەشتی کورت کورت و لەوانەشە تەنیا ڕۆشتن بە پێچەوانەی تەوژمەوە بۆ چەند مانگێك بێت لە هەموو ساڵێکدا. ئێمە بە فەرمی پێیان ڕاگەیاندین، کە پێش چەند ساڵێك لەوەبەر ڕووبارەکە بەتەواوی بۆ داخرا، ئەویش بەهۆی نوقوم بوونی بەلەمێکەوە بووە و ئیدی کەناڵەکە وەك پێویست لەو ساتەوە چاکنەکراوەتەوە.

**دووەم: شیکردنەوەی کاریگەریی رەچەڵەکی:**

هەردوو حوکومەتەکە بەدرێژیی پرسی نەتەوایەتیان تاووتوێ کرد، کە زۆر ئاشکرایە ئەوەش زۆر گرنگە. دەرکەوتنی پرسێك لەژێر ئەو ناونیشانەدا لەوانەیە بۆ سێ گوروپ جیاکرێتەوە:

- کۆی ژمارەی دانیشتوان و رێژەی سەدیی نەتەوە جیاوازەکان.
- دابەشبوونی ناوچەیی نەتەوەکان.

هەروەها ئەم بەندە ئەو دوو پرسیارە تایبەتیەش لەخۆ دەگرێت، کە گرنگییەکی سەیری هەیە.

1. کاراکتەری نەتەوایەتی لە شاری موسڵ.
2. کێشەی کۆچکردنەکان و نیشنگەی دەشتەکیەکان.

- سروشتی پەیوەندی نێوان نەتەوە جیاوازەکان.

لەسەرو ئەوەشەوە، هەندێ خاڵی دیاریکراوی تر هەیە پەیوەندە بە شێوازی ژیانی خەڵك و پرسی خاوەنداری تاك و کۆمەڵەوە. بەهەرحاڵ، ئەمەش نەبۆتە هۆی مشتومڕێکی زۆرتر.

- **کۆی ژمارەی دانیشتوان و رێژەی سەدیی نەتەوە جیاوازەکان:**

**ا. ئەو سەرژمێریانەی لە یاداشتەکانی هەریەك لەو حوکومەتانەدا هاتوون.**

سەرژمێری تورکیا و بریتانیا لەبارەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچەی ناکۆکیەکە بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە، وەك لەم خشتەیەی لای خوارەوە دەردەکەوێت.

## ویلایەتی موسڵ

| | رۆژمێری فەرمیی ویلایەتی موسڵ | سەرژمێری دانیشتوانی تورکیا، کە پێشکەشی لۆزان کراوە | ئەو خەمڵاندنانەی لەلایەن کاربەدەستانی بریتانیاوە لە 1919دا کراوە | ئەو خەمڵاندنانەی لەلایەن کاربەدەستانی بریتانیاوە لە 1921دا کراوە | ئەو سەرژمێریانەی ئەم دواییەی حوکومەتی عێراق لە ساڵی 1922-1924 |
|---|---|---|---|---|---|
| کورد | | 263.830 | ئەم خەمڵاندنانە | 424.720 | 494.007 |
| عەرەب | | 43.210 | لەسەر بنەمای ئایینە | 185.763 | 166.941 |
| تورک | | 146.960 | نەك نەتەوایەتی | 65.895 | 38.652 |
| مەسیحی | | | | 62.225 | 61.336 |
| جولەکە | | 31.000 | | 16.865 | 11.897 |
| یەزیدی | | 18.000 | | 30.000 | 26.257 |
| کۆی دانیشتوانی نیشتەجێ | 503.000 | | | | |
| خێڵەکۆچەرییەکان | 170.000 | | | | |
| کۆی گشتی | | 673.000 | 703.378 | 785.468 | 801.090 |

## لیوای موسڵ

| | سەرژمێری دانیشتوانی تورکیا، کە پێشکەش… لۆزان | ئەو خەمڵاندنانەی لەلایەن کاربەدەستانی | ئەو خەمڵاندنانەی لەلایەن کاربەدەستانی بریتانیاوە لە 1921دا کراوە | ئەو سەرژمێریانەی ئەم دواییەی حوکومەتی عێراق لە ساڵی 1924-1922 |
|---|---|---|---|---|
| کورد | 104,000 | ئەم خەمڵاندنانە لەسەر بنەمای | 424,720 | 494,007 |
| عەرەب | 28,000 | ئایینە نەك نەتەوە. | 185,763 | 166,941 |
| تورک | 35,000 | | 65,895 | 38,652 |
| مەسیحی | | | 62,225 | 61,336 |
| جولەکە | 31,000 | | 16,865 | 11,897 |
| یەزیدی | 18,000 | | 30,000 | 26,257 |
| کۆی دانیشتوانی نیشتەجێ | 216,000 | | | |
| خێڵەکۆچەرییەکان | ؟ | | | |
| کۆی گشتی | 350,378 | | 432,468 | 295,964 |

سەرژمێریەکان لەگەڵ لیواکانی تردا بەراورد ناکرێت، لەبەرئەوەی دابەشکردنەکانی کارگێڕی پێشو لەژێر فەرمانی تورکیادا لەگەڵ جیاکەرەوەکانی ئێستادا نایەتەوە.

بە شێوەیەکی سروشتی هەر یەکێ لەو دوو حوکومەتە رەخنەی قورسی هەبوو لە راست و دروستی ئەو ژمارانە، هەریەکەیان رەخنەیان لە رێبازی کارکردنەکەی ئەوی تریان دەگرت.

حوکومەتی بریتانیا لەوە دڵنیادەبێتەوە کە:

(1) لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بەر لە جەنگ، سیستمی سەرژمێری دانیشتوان بەپێی نەتەوە نەبووە- سەرژمێری دانیشتوان تەنیا لەسەر بنەمای ئاینییەکان کراوە.

(2) هەرگیز نەخشەیەکی زۆر وردی ئیمپراتۆریای تورکیا دەرنەچووە.

(3) ئەو لیستانە بۆ مەبەستی سەربازگیری کراوە و مەحاڵە، کە ورد و دروست بێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر خەڵك دەبێ هەمیشە سەرکەوتوبووبێتن لە دەربازبوون و هەڵهاتن لە سەربازی.

(4) سەرژمێری تورکیا مەحاڵە باوەڕپێکراوبێت. لەبەرئەوەی حوکومەتی تورکیا هەرگیز بە کردەوە دەستی نەگرتووە بەسەر کارەکەدا، جگە لە چەند شارۆچکە و گوندێك نەبێت. هەروەها حوکومەتی بریتانیا ئەوەشی بەیان کرد، کە بەهای ئەو سەرژمێریانەی حوکومەتی تورکیا پێشکەشی کردووە، تا رادەیەکی زۆر دووچاری گومانمان دەکات، چونکە ئەم سەرژمێریانە هیچ مێژوویەکیان لەسەر نییە.

حوکومەتی تورکیاش بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرژمێرییەکەی بریتانیا و شێوازی بەڵگەکان، کە تەنیا سەردانی کورت کورت بووە لەلایەن هەندێ ئەفسەری سیاسییەوە، کە بەس نەبووە بۆ کۆکردنەوەی داتای ئاشکرا و ورد. لەسەرو ئەوەشەوە، ئەفسەرانی بریتانیا لە تواناکانیاندا نەبووە بگەنە سلێمانی.

حوکومەتی بریتانیا وەڵامی ئەم رەخنەیەی حوکومەتی تورکیای داوەتەوە، کە بەرپرسانی سیاسی بریتانیا بە وریاییەکی زۆرەوە سەردانی هەموو لایەکی ناوچەکەیان کردووە، هەروەها ئەفسەرانی بریتانیا لە سلێمانی بوون لە ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەمەوە بۆ نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەمی 1917- 1921 و، کە لە 1922دا دیسانەوە بۆ ئەو شوێنە گەڕانەوە. کەچی حوکومەتی تورکیا لە توانایدا نەبووە هیچ زانیارییەك لەو سەردەمەدا بەدەست بێنێت.

حوکومەتی بریتانیا روونکردنەوەی زیاتری دا بۆ ئەو جیاوازیانەی، کە لە نێوانی خشتەکانی سەرژمێریەکەدا لەوەی بەدەستهاتووە لە 1919 و 1921 هاتووە. کۆی خەملێنراو لە 1919دا 703.000 بووە و بۆ 1921 -کە زۆرتر بە وریاییەوە کارکراوە- بۆتە 785.000 نیشتەنی.

ئەو جیاوازیانە بەتەواوەتی:

(1) گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی خزمەتی سوپای تورك و عەرەبیان کردووە.

(2) گەڕانەوەی خێزانەکان بۆ ناو گوندەکانیان، کە لەکاتی جەنگ و پێش داگیرکردنی بریتانیا کۆچیان کردبوو.

(3) گەیشتنی ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی ئاسووری.

بۆ رەخنەکەی حوکومەتی بریتانیا، حوکومەتی تورکیا وەڵامیدایەوە، کە سەرژمێریەکانیان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەئاگاوە جێبەجێکراوە بەر لە جەنگ و دواتریش دوور لە لایەنگیری سیاسی و لەو ساتەدا، کە بۆ مەبەستی سەربازگیری کراوە، ئەوەش پێویستی بە زانیاری ورد هەیە لەسەر جوڵەی دانیشتوان، بۆیە ئەم داتایانە وردە.

ئەوەی بۆ ئێمە دەرکەوتووە، بەهەرحاڵ، ئەو زانیارانەی سەرەوە هێشتا بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانین فەرمان بەسەر نرخی سەرژمێریە جیاوازەکاندا بدەین، بۆیە داوای وردەکاری زۆرترمان کرد.

حوکومەتی تورکیا ئاگاداری کردین، کە سەرژمێریی دانیشتوان لە ساڵی 1906، 1916دا لە ویلایەتی موسڵدا کراوە. بێبەختانە سەرژمێریی دانیشتوان لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا هەرگیز لەوەپێش نەکراوە، کە لەلایەن کۆنفرانسێکی سەرژمێریی نێودەوڵەتییەوە دەستووری بۆ دانرابێت. بۆیە هیچ سەرژمێرییەکی تاك یان خێزان لە دۆسیەی ئیمپراتۆریاکەدا لە ئارشیفدا بەرچاو ناکەوێت. ئەو سەرژمێریانەش، کە پەیوەندە بە موسڵەوە، لە ئەنجامی پشکنین و خەمڵاندندا، کە بۆ مەبەستی سەپاندنی هەندێ باج یان سەربازگیری دانراوە.

هەروەها حوکومەتی تورکیا وەسفێکی دوور و درێژی ئەو باجانەی نارد، بەڵام لەو بڕوایەدا نین، کە ئەو جۆرە داتایانە بتوانێ هیچ بیرێکی ورد لە بارەی دانیشتوانەوە پێشکەش بکات و بەگوێرەی نەتەوەیشەوە بەهایەکی ئەوتۆیان نییە.

حوکومەتی بریتانیا ئەم زانیارانەی لای خوارەوەی پێگەیاندین: سەرژمێریی دانیشتوان- دروستره بڵێین خەمڵاندن- لە 1919دا لە کۆتایی ساڵدا کرا، بە واتایەکی تر: لە کاتی وەرزی سارد و سەرمادا، کاتێ کۆچەرییەکان لە هەواری زستانەدا بوون. هەندێ کۆچەریی عەرەب لە دەرەوەی سنووری هەرێمەکە بوون، بەڵام خرانە سەر ژمارەکان، ئەویش بەپێی ئەو خەمڵاندنانەی لە ساڵانی رابردوودا کراوە. ئەوە بەتایبەتی پێویستە تێبینی بکرێت، کە ئەو رێگەیەی گرتویانەتە بەر رێی سەرژمێریی دانیشتوان نەبووە: پرسەکە تەنیا بەدەستهێنانی خەمڵاندنێکە. هەرێمەکە دابەشکراوە بەسەر چوار ناوچەدا، لە هەموو ناوچەیەکدا بەرپرسێکی سیاسی لەگەڵ 2-10 یارمەتیدەر، هەر یەکە لەوانە سەردانی ئەو شوێنە دەکات، کە پێیدراوە وەك گوندێك، کە دانیشتوانەکەی زۆرتر بێت و ئەو بتوانێ بۆی بچێ یان بیگاتێت. ئێمە زانیاری ئەوەمان بە دەم پێدرا، کە زۆرترین ژمارەی گوندەکان لەلایەن کاربەدەستانەوە سەردانی کراوە لە ژمارە سێ سەد بۆ چوارسەد بووە. ئەو کاربەستانە پرسیاریان لە دانیشتوان کردووە، ماڵەکانیان سەرژمێری کردووە و هەروەها پەناشیان بردۆتە بەر بەڵگەی فەرمیی سەرژمێریی دانیشتوانی تورکیا. هەرچەند خەمڵاندنی 1921 لەسەر بنەچەی

نەتەوایەتی بوو، کەچی خەملاندنی 1919 لەسەر بنەچەی ئایینی کراوە. خەملاندنی 1921 تەنیا لە لیوای- پارێزگای موسڵدا کراوە. بە گوێرەی لیواکانی ترەوە، لەگەڵ ئەوەشی، کە دەستەڵاتداران باوەڕیان وابوو، کە دانیشتوان زیادی کردووە، کەچی هەروەك ساڵی 1919 مایەوە.

لە میانەی دوو ساڵ یان سێ ساڵی رابردوودا حوکومەتی عێراق دەستیکرد بە کۆکردنەوەی ئەوەی دەبێ بە چی و تەمەنناى دەکرد، یەکەم تۆمارێکی سەرژمێریی دانیشتوانی عێراق هەبێ (کە ناوچەی ناکۆکیەکەشی تێدابێت). ئەو سەرژمێریانە هێشتا تەواو نییە. بەتایبەتی لە بیابان و ناوچە شاخاوییەکاندا زۆر ناتەواوە، بەڵام بۆ لیواکانی موسڵ و کەرکوك داتاکان بە شێوەی باشترین خەملاندن کۆکراوەتەوە، کە تا ئێستا کراوە. ژمارەکان بۆ ئەربیل و سلێمانی، هەرچەند ئەوەندە تەواو نییە وەك ئەوانەی بۆ پارێزگایانەی تر کراوە، بەڵام لەوانەیە بەکاربێت بۆ خەملاندنێکی سەرەتایی دانیشتوان و دابەشبوونی نەتەوەکان. کۆی گشتی ژمارەکان، بەپێی ئەم خەملاندنە زۆر زۆرترە لەوەی لە ساڵانی 1919 و 1921دا بەدەست هاتووە. بەدڵنیاییەوە دانیشتوان زیادیان کردووە، بەڵام حوکومەتی بریتانیا واهەست ئەکات ئەگەر بەدواداچوونی زۆر وردتر بکرێت دەردەکەوێت، کە ژمارەی کوردەکانی ئەربیل و سلێمانی زیادەڕۆیی تیاکراوە. هەرچەندە کۆی گشتی بۆ ویلایەتەکە باشترین خەملاندنێکە، کە تا ئێستا کراوە. لە وڵاتێکی وەك عێراقدا، کە دانیشتوانەکەی هێشتا رانەهاتووە لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانێتی هاوچەرخدا، ناکرێ سەرژمێری یان خەملاندنی دانیشتوان لە شێوەیەکی نزیکیی زیاتر بێت. سەرژمێریەکانی دانیشتوانی تورکیا یارمەتیدەر نەبوو بۆ چاودێری رەوشی عێراق، چونکە بە یاسای سەرژمێریی دانیشتوانی تورکیا هەموو کەس لەسەر بنەمای ئایین تۆماردەکرێ نەك نەتەوە. نوێنەری تورکیا لە لۆزان ئاشکرای کرد، کە ئەو داتایانە پشتبەستە بە سەرژمێریەکانی دانیشتوان بەر لە جەنگ. ئەو سەرژمێریانەی لەلایەن نوێنەرانەوە پێشکەش کراوە، ژمارەی 216.000 دەدات بە دانیشتوانی لیوای موسڵ، هەرچەند لیستی سەرژمێریی دانیشتوان بەر لە جەنگی

تورك بۆ هەمان سنجاق، یان لیوا ژمارەی 211.000 كەس دیاریـدەكات وەك كەسـی نێر بە تەنیا. ئەوە زۆر ئاسانە تێیبگەیت، كە لە تواناماندا نەبوو سـەرژمێری گشـتی دانیشتوان بكەین و نەدەمانتوانی لـە هـیچ شـوێنێك ئـەو كاتـەمان هـەبێ هـەموو دانیشتوان بە وردی سەرژمێر بكەین. بە هەرحاڵ ئێمە توانیمان لە هەندێ شوێن، كـە كات و بارودۆخەكان گونجاو و لەبار بوون خەملاندنێكی زۆر ورد بەرهەم بێنین.

ئێمە تەنیا دەتوانین باری سـەرنجی خۆمـان ئاشـكرابكەین و دواتـر دەگەڕێینـەوە بـۆ هەڵسەنگاندنی هەندێ وردەكاریی تایبەتی، كە لەلایەن دوو حوكومەتەكەوە هێمای بۆ كراوە.

ئەوە ئاشكرایە، كە نەك تەنیا ئەو سەرژمێریی دانیشتوانەی لەلایەن توركیاوە كـراوە، بەڵام بە هەمان شێوە ئەو سەرژمێریی دانیشـتوانەی لەلایـەن ئەفسـەرانی بریتانیـا و حوكومەتی عێراقیشەوە كراوە، مەحاڵە بەراورد بكرێت لەگەڵ سەرژمێریی دانیشتوان، كە بەپێی بنەماكانی نوسینگەكانی سەرژمێری نوێ كرابێت.

گەورەترین جیاوازی لەنێوان خەملاندنەكانی 1919-1921 و ئەوانـەی 1922- 1924 بەڵگەیەكی تەواوە، كە ژمارەیەك لە بارودۆخەكان كۆبۆتەوە بـۆ ئـەوەی ئـەم ژمارانـە والیێبكات باوەڕیان پێنەكرێت. بۆ نمونە، ئێمە باش دەزانین، كە ئەستەمە تەنانەت وا لە هەندێكی دانیشتوانی ئـەوروپا بكـەیت لـەوە تێبگـات، كـە سـەرژمێری دانیشـتوان لەوانەیە بۆ هەر مەبەستێكی تریش بەكاربێت، جگە لە سەپاندنی سیسمی باجی نـوێ یان بۆ سەربازگیری، بۆیە كاتێ خەملاندنی نوێ دەكرێت، ژمارەیـەكی دیـاریكراو لـە خەڵك بێگومان خۆیان دەشارنەوە، هەروەها لەوانەشە بە پێوانەیەكی زۆر بچوكتر بێـت لەوەی كاتی سەرژمێری دانیشتوانەكەی توركیا روویدا، بەتایبەتی لەبەر تیشكی ئـەو راستەییەی، كە حوكومەتی عێراق نەگەشتبوو بە ئاستی ئێستای. خزمەتی سەربازیی زۆرەملـێ. لە راستیدا، بەڵگەی سەلمێنراومان هەیە. ئەو هەڵبژاردنەی، كە لە سەرەتای ئەم ساڵدا لە عێراق روودەدات لەوانە نییە بكرێت، چونكە ژمارەی دەنگـدەرانی، كـە تۆماركراون، ژمارەی دانیشتوانی عێراق (لەگەڵ ئەوەی لـە ناوچـەی ناكۆكیەكەدایـە)

دەکات بە 10 ملیۆن لە جیاتی ئەوەی نزیکەی 3 ملیۆن بێت. ئەوەش بەهۆی ئەو راستییەوەیە، کە سەرەك خێڵەکان ژمارەیەکی خەیاڵییان بۆ خێڵەکانیان داوە بۆ ئەوەی کاریگەر و ئاستی پلە و پایەی سیاسیان زیاتر بێت.

داوامانکرد دەفتەری تۆماری سەرژمێریی دانیشتوان ببینین. لە وەڵامدا، پێمان وترا، کە لەوە دەچێ خەمڵاندنە بنەچەیەکە لەلایەن شارۆچکە یان یەکەی کارگێڕییە بچوکەکانەوە نەپارێزرابن، بۆیە ناتوانری بخرێتە بەردەست لیژنەکە. ئێمە کوتوپڕ، تەنیا دەفتەری تۆماری تاوغ و چەمچەماڵمان بینی. ئەوانەی تاوغ تا ئەمڕۆش زۆر بە باشی پارێزرابوو. ئەوانەی چەمچەماڵیش، کە لەم دواییەدا کۆکراوەتەوە، تەنیا بریتی بوو لە ناوی دەنگدەران. لە هیچ یەکێ لەو دەفتەری تۆمارکردنەدا زانیاری لەبارەی رەگەزی (مێ)وە بەیان نەکراوە.

بۆیە هەرچۆنی بێت ستەم بوو راو بۆچوونێکی دڵنیا وێنابکرێت لەسەر وردی ئەم سەرژمێری دانیشتوانە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە ددان بەوەدا بنێین، کە سەرژمێری دانیشتوانی ئەم دواییە لە راستییەوە زیاتر نزیکە، تەنیا لە بەراوردا لەگەڵ ئەو خەمڵاندنانەی، کە لە هەموو هەرێمەکەدا بەگوێرەی نەتەوەوە کراوە.

خەمڵاندنی 1919 پڕاوپڕ لەسەر هەمان رێڕەوی سەرژمێری دانیشتوانی تورکیا کراوە-بەگوێرەی ئایینەوە. خەمڵاندنی 1921 بە گوێرەی نەتەوەوە تەنیا لە لیوای موسڵدا کراوە. بڕی ژمارەی لیواکانی تر لە خەمڵاندنی 1919 وەرگیراوە و (نەتەوایەتیەکان) گۆڕاوە بە (ئایینەکان) بە رێگەیەك، کە واهەست دەکەین زیاتر ستەمکاری بێت.

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە بەراوردە:

| | | ئەربیل | | کەرکوک | | سلێمانی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1919 | 1921 | 1919 | 1921 | 1919 | 1921 |
| 1919 | سوننی | 96.100 | | 85.000 | | 153.900 | |
| | شیعە | -- | | 5.000 | | -- | |
| | ئاینەکانی تر | 1000 | | | | -- | |
| 1921 | عەرەب | | 5100 | | 10.000 | | |
| | تورک | | 15.000 | | 35.000 | | 1000 |
| | کورد | | 77.000 | | 75.000 | | 152.900 |
| | کۆی گشتی | 97.100 | 97.100 | 90.000 | 90.000 | 153.900 | 153.900 |
| | مەسیحی | 4.100 | 4.100 | 600 | 600 | 100 | 100 |
| | جولەکە | 4.800 | 4.800 | 1.400 | 1.400 | 1000 | 1000 |
| | کۆی گشتی | 106.000 | 106.000 | 92.000 | 92.000 | 155.000 | 155.000 |

ئەگەر تەماشای ئەو ژمارانەی سوننە و شیعە و ئاینە جیاوازەکانی تر لە ساڵی 1919دا بکەین، هاوتای ژمارەکانی کورد و عەرب و تورکە لە ساڵی 1921دا. بۆیە سەرژمێرییەکانی ساڵی 1921 ناکرێ وەك بنەچەیەك دابنرێت بۆ خەملاندنی بەراوردی نێوان نەتەوە جیاوازەکان لە ناوچەی ناکۆکیەکەی سەرەوەدا.

هەرچەند ئەم تێبینیانە هەروەها سەرژمێری دانیشتوانەکەی تورکیاش دەگرێتەوە، کە ژمارەی کۆچەریی چارەکێکی هەموو دانیشتوانەکەی بۆ دانراوە، بەبێ دیاریکردنی جیاوازیی نێوان عەرەب و کورد. نرخی هەموو سەرژمێرییەکانی لەلایەن هەردوو لاوە لە لۆزان پێشکەش کراوە، بەپێی ئەوەی زۆر کراوەیە بۆ گفتوگۆکردن. بۆیە هەموو بەڵگەکان پشتبەستە بەو ژمارانە، کە بە یەکسانی کراوەیە بۆ قسە لەسەرکردن.

لەلایەنی تورکیاوە، ئەوەی بە دەستی هێناوە پشتبەستە بە بنەچەیەکی تەنانەت زۆر بێ باوەڕ، چونکە لە تاووتوێکردنی بابەتەکەدا، نوێنەری تورك بۆ ئەوەی بەراوردی نەتەوەکان بکات، رێژەی سەدی بەکارهێناوە بۆ دانیشتوانی نیشتەجێ، بۆیە یاداشتەکانی بریتانیا بە شێوەیەکی راست بەرەنگاری بۆتەوە.

بۆ نمونە، حوکومەتی تورکیا هێما دەکات بە 43.000 عەرەب، تا بەراوردی بکات بە 146.960 تورك، کەچی زووربەی کۆچەریەکان عەرەبە و کۆچەری لە تورکیادا نییە- راستیەکە ئەوەیە، تەنانەت بەپێی سەرژمێریەکانی تورکیاش، بڕی ژمارەکان بۆ هەردوو نەتەوەکەش دەبێ بە کردەوە هاوتابن. بگەڕێینەوە بۆ هۆی دژەوەستانی حوکومەتی بریتانیا، لە هەموو حاڵەتێکدا سەرسام دەبین بەو تێبینیانەی (ساڵنامە)ی فەرمیی تایبەت بە ویلایەتی موسڵ بۆ ساڵی کۆچی 1335، بەرامبەر 1917، کە بۆ لیوای موسڵ 193.848 کەس رەگەزی نێری دیاریکردووە، کەچی لەو یاداشتانەی لە لۆزاندا پێشکەشکراوە کۆی 216.000 کەس رەگەزی نێر بەیانکراوە.

بە کورتی، لەنێوان هەموو سەرژمێریەکانی دانیشتواندا، دوا سەرژمێریی، کە لەلایەن دەستەڵاتی عێراقییەوە بەئەنجام گەیەنراوە، کە لەوانەیە داتای نزیکتر لە راستییەوە

بەیانبکات، لەگەڵ ئەوەی، کە نرخی ئەو داتایانەش تەنیا ڕێژەییە و داتاکان خۆیان دەبێ هەمیشە لەگەڵ هەموو بڕە ژمارەکانی پێشوتردا بەراورد بکرێن.

**ب. درێژەی پەیوەندیدار بەو سەرژمێریانەوە، کە لە یاداشتەکاندا هاتووە:**

هەر حوکومەتە و چەردەیەك بەڵگەی تایبەتی هێنایە پێشەوە، بۆ خستنەڕووی هەڵەی سەرژمێریەکانی حوکومەتەکەی تر. هەردووکیان بەوپەڕی سەربەستیەوە سەرژمێریەکانی، کە لەوەپێش بڵاوکراوەتەوە هەیانبوو، حوکومەتی بریتانیا ڕاپۆرتە فەرمیەکانی ساڵانەی ویلایەتی موسڵی وەك سەرچاوە وەرگرتووە، هەرچەند حوکومەتی تورکیا زۆر گەڕاوەتەوە و هێمای کردووە بە سەرژمێریەکانی، کە لە بەرگی 36 (میسۆپۆتامیا) لە کتێبی (ڕابەر)ی وەزارەتی دەرەوەدا وەرگیراوە.

هەوڵمان دا تێبینیە تایبەتیەکان کۆبکەینەوە، کە پەیوەندە بەم مەسەلەیەوە و لە هەموو یاداشتە جیاوازەکاندا پەرش و بڵاوبۆتەوە، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد، کە هەر پرسە و بە تەنیا و بە دوورودرێژی تاقیبکرێتەوە. ئەم خاڵانە زۆر جار گرنگییەکی ڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام زۆر جاریش تەنیا ڕێنمایی وردی یان ناوردی داتا پێشکەش دەکات.

- **عەرەب و تورك لە سلێمانی:**

بۆ ئەوەی هەڵەی سەرژمێریەکان بسەلمێنێ، کە لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە لە لۆزان پێشکەشکراوە، حوکومەتی بریتانیا سەرنجی ئەنجومەنی بەلای ئەو ڕاستیەدا ڕاکێشا، کە سەرژمێریەکانی تورکیا 7.000 عەرەب و 32.900 تورك لەسەر لیوای سلێمانی دادەنێت، لە کاتێکدا حوکومەتی بریتانیا ئەوەی بەیان کرد، کە تاکە عەرەبێك و بەکردەوەش تورکێك لە سەرتاپای لیواکەدا نییە.

لە وەڵامی پرسیارەکەماندا، حوکومەتی تورکیا وەڵامی دایەوە، کە عەرەبەکان لە لیوای سلێمانیدا دەچنەوە سەر تیرەی (طی) و لە دەوروبەری

تانجۆر و دیالەدا سەرقالّی ولاّخدارین. حوکومەتی تورکیا ئەوەشی بەیانکرد، کە ئەگەر ئەو عەرەبانە لەو ناوچانەدا نەمابن، ئەوا گەڕاونەتەوە ناو خێلّە سەرەکیەکەیان، کە لە ناوچەی نسێبین- ماردین نیشتەجێن. ئەو گریمانەی دواییان لەوانەبوو لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە بسەلمێنرێ، چونکە تیرەی (طی) لە نسێبین لەناو هەرێمی تورکیادان، هەرچۆن لەلایەن سەرۆکەکانیانەوە دلّنیاکراینەوە، کە ئەوان ئاگاداری ئەوە نین بەشێك لە خێلّەکەیان لە ناوچەی سلێمانی دەژین. کاتێ لیژنەکە لە سلێمانیدا مابۆوە، لێمان پرسین، لەو نامەیەی رۆژی 28/فێبریوەری/شوبات بۆ نوێنەرانی تورکیا، تا ئەو عەرەبانەیان پێشان بدات، کە لە لیوای سلێمانیدا دەژین.

نوێنەرانی تورکیا وەلاّمیان دایەوە، کە ئەو زانیاریە لەوەدەچێ هەلّە بووبێت. بەپێی سالّنامەی کۆنی ویلایەتەکە، ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە، کە سەرچاوەی ئەوەی حوکومەتی تورکیا بەیانی کردووە-، کە لەم حالّەتەدا بە راستی وەرنەگیراوە. لە لاپەڕەی 285 لە سالّنامەی سالّی 1330 کۆچی بەرامبەر 1912، ئەوەمان خوێندەوە، کە ئەوەی لە لیوای سلێمانیدا دەژی هەمووی کوردە، بێجگە لە کەمینەیەکی بچوکی عەرەبی ناسراو بە (شەمران) نەك (طی)، هەروەها کەمێ جولەکە و مەسیحی. بە پشتبەستن بە نەخشەی رووماڵی هیندیی، ژمارە/2 رۆژهەلاّتی سلێمانی، ناوی ئەو تیرەیە لە دەوروبەری دیالە نزیك شێخ مەیدان لە لیوای سلێمانیدا دەبینرێ، بەلاّم لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەی لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە داوادەکرێ. هەروەها لە یەك یان دوو تورك زیاتر لە سلێمانیدا نییە، پرسیارمان لە هەموو پیاوە دەرکەوتووەکانی ئەم شارە کردووە و تا رادەیەکیش هەموو سەرۆکی خێلّەکانی لیواکە ئەو راستیە دووپات دەکەنەوە، کە تەنیا کورد لەم لیوا- پارێزگایەدا دەژین.

- **تورکەکانی ئاشەری شەیبا، لە شێخان و ناحییەی موسڵ.**

مەسەلەیەکی تر، کە حوکومەتی بریتانیا سەرنجمانی پێڕاکێشا، ئەوەش دانیشتوانی ناحییەی شێخان (ئاشەری شەیبا) و هەروەها موسڵ بوو.

حوکومەتی تورکیا بەیانی ئەوە دەکات، کە ئەو دوو ناحییە بریتین لە 146 گوند و تەنیا تورك تێیدا نیشتەجێیە، لە کاتێکدا ناحییەی موسڵ، کە بریتیە لە 77 گوند و دانیشتوانەکەی زووربەی تورکە.

حوکومەتی بریتانیا بەرپەرچی ئەو سووربوونە دەداتەوە و دەڵێت:، کە ناحییەی شێخان بریتیە لە 42 گوند، بیست و سێیان یەزیدین، یانزەشیان عەرەبە، شەشیش تێکەڵەی یەزیدی و عەرەبە و دوو گوندیشیان کوردن.

ناحییەی ئاشەری شەیبا بریتیە لە 73 گوند، کە زووربەیان کوردن.

بیست گوندێکی چۆڵکراوە و چەند گوندێکیش، کە ئاسوورییە ئاوارەکانی تێدا نیشتەجێ بوون. ناحییەی موسڵیش بریتیە تەنیا لە 29 گوند، کە دەیان عەرەبە، هەشتیان تێکەڵەی عەرەب و تورکومانن، چواریش تێکەڵەی عەرەب و شەبەکن و حەوت گوندیش چۆڵکراوە.

تێبینی ئەوەمان کرد، کە لە ناحییەی شێخان 200 عەرەبێکی لێیە، بەڵام تورکیان تێدا نییە. ئێمە خۆمان نەمانتوانی سەردانی ناحییەکە بکەین، بەڵام نوێنەری تورکیا لە نامەیەکی فەرمیدا ئەوەی بۆ ئێمە بەیانکرد، کە ناحییەکە تورکی تێدا نیشتەجێ نەبووە.

سەردانی ناحییەی ئاشەری شەیبامان کرد. ئەوەمان خەمڵاند، کە کورد لەم ناوچەیەدا 90 لە سەدی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنێ (نزیکەی 2.000) و هەروەها لەسەرو ئەوەشەوە 200-250 مەسیحیشی تێدایە.

بە گوێرەی ناحییەی موسڵیشەوە، ژمارەی تورکەکان و دانیشتوانەکەی ئەم ناوچەیە لە بنەڕەتدا تورکن، واپێدەچێ زۆرتر بێت لەوەی لە یاداشتەکانی

بریتانیادا پێشان دراوە، بەڵام دوور لە پێکهاتەی زووربەی دانیشتوان، وەك حوکومەتی تورکیا بەیانی دەکات.

حوکومەتی تورکیا ناوی ئەو گوندانەی وەرگرتووە، کە بنەچەیان تورکە. ئەو ناوانە وەك پێویست ئەوە ناسەلمێنن، کە دانیشتوانەکەی لە بنەچەدا تورك بن، هێشتا کەمترە، کە بەگشتی تورك بن. بە تەنیا ئەم ناوانە هیچ سەلماندنێك پێکناهێنن. حوکومەتی بریتانیا سالنامەی فەرمی تورکیای 1912/1330 وەرگرت بۆ سەلماندنی هەڵە و کاراکتەری بێبایەخ لە داتاکانی تورکیادا، لاپەڕە 187، لەوێدا بەیانی ئەوە دەکات، کە بەشی رۆژئاوای (کەسا) ویلایەتی موسڵە، بەگشتی عەرەب تێیدا نیشتەجێیە، جگە لە هەندێ کورد و، کە بەشی رۆژهەلاتی لەلایەن عەرەب و تورك و کورد و کلدان و یەزیدیەکانەوە نیشتەجێیە، هەمووشیان بە زمانی خۆیان دەدوێن و لەگەڵ ئەوەشدا بە زمانی عەرەبیش. لە لیستی ناحییەکاندا هێما بۆ ئەوە کراوە، کە ناحییەی شێخان و دەوروبەری 68 گوندە و ئاشەری شەیبا و دەوروبەریشی 78 گوندە. بەدواداچوونمان لەوەدا کرد و سەلماندمان، کە دەقاودەق راستە.

- **تورکی تەلەعفەر:**

حوکومەتی تورکیا گرنگیەکی مەزن دەدات بە شارۆچکەی تەلەعفەر، کە دەڵێت، هەموو دانیشتوانەکەی، کە 10.000 کەسە، تورکن. حوکومەتی بریتانیاش بەیانی ئەوە دەکات، کە تەنیا 5.500 تورك لە ناحییەی تەلەعفەردان بە شارۆچکەکەشەوە و هەمووشیان بە زمانی عەرەبی ئاخاوتن دەکەن.

ئێمە توانیمان ئەو راستیانەمان بۆ بسەلمێت، چونکە خەڵکێکی زۆر لە شارەکەدا لە زمانی عەرەبی تێدەگەیشتن. دانیشتوانە دیارەکانیان دەڵێن، کە ئەوان تورکن، جگە لە چەند حاڵەتێك، کە کەسانێك تێیدا دەیانوت، کە ئەوان بە بنەچە تورکن، بەڵام ئێستا

بوون بە عەرەب. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە واهەست ناکەین، کە ئەو جۆرە وتانەی ئەو کەسانە بە تەواوی لە کاریگەریی دەرەکییەوە دووربن.

## سەرژمێرییەکانی پێشو:

1. ئەو سەرژمێرییانەی لە نوسراوە سەرچاوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەدا هەیە.

حوکومەتی تورکیا سەرنجی ئێمەی بۆ نوسراوی ژمارە 68 "میسۆپۆتامیا" لە 1920دا راکێشا، کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە بڵاوکراوەتەوە. لەو سەرژمێریانەوە، کە لە لاپەڕە هەشتی ئەو نوسراوەدا هاتووە، ئەم ژمارانەی دانیشتوانی میسۆپۆتامیا وەرگیراوە:

کورد.................. 380.000

تورك و تورکومان ..... 110.000

ئاسوورییەکان ......... 60.000

یەزیدییەکان .......... 21.000

شەبەکەکان ........... 10.000

حوکومەتی تورکیا بەپێی ئەو نوسراوە ئەوە زیاد ئەکات، کە دانیشتوانی تورك بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی موسڵدا چڕدەبێتەوە، لە تەلەعفەر و ئەو شارۆچکانەی بەدرێژایی رێگەی ئەربیل — کفری. هەروەها دەڵێت ئەو 10.000 شەبەکە دەبێ لەگەڵ تورك و تورکومانەکاندا ئەژمارکرێن، چونکە لە بنچەدا تورکن. بەو پێیە کۆی گشتی دەبێتە 120.000 کەس لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا، ئەویش بەپێی نووسراوی بریتانیا، لە راستیدا نزیکەی 130.000 کەسە، چونکە چەند هەزار تورکێك لە بەغدا نیشتەجێن. لەبەرئەوە لە نووسراوەکانی وەزارەتی دەرەوەدا 120.000 تورك وەك دانیشتوانی ناوچەی ناکۆکیەکە دیاری دەکات، کەچی ئەو سەرژمێریانەی لە لۆزاندا پێشکەش کراوە تەنیا 56.000 دیاری دەکات.

کاتێ لەبارەی ئەو خاڵەوە پرسیارکرا، حوکومەتی بریتانیا هێمای کرد، کە نوسراوەکەی بابەتی پرسیارە، مامەڵە لەگەڵ هەرێمێکی زۆر گەورەتردا دەکات لەچاو پێشوتری

ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسرەدا، هەرچۆن سەلمێنراوە بە پێناسەی "میسۆپۆتامیا" ئەو دەربڕینەش لە پەرەگرافی یەکی نوسراوەکەدا هاتووە و هەروەها لە سەرژمێریی گشتی دانیشتواندا، کە بریتیە: لەگەڵ نەتەوەکان و ژمارەکانی، کە لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە بەیانکراوە، ئەم نەتەوانەی لای خوارەوەشی بەیانکردووە:

عەرەب ................ 1.450.000

فارس .................. 70.000

جولەکەکان ............. 60.000

ئەرمەنیەکان ........... 57.000

چەرکەسەکان ........... 8.000

سابینەکان ............. 2.000

نەتەوەکانی تر ......... 10.000

ژمارەی ئەرمەن و چەرکەسەکان بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەوە پێشان دەدات، کە سنووری ناوچەکە زیاتر بەرەو باکووری رۆژئاوا و باکوور درێژدەبێتەوە.

دژە بەڵگەی بریتانیا بە تەواوی دەیسەلمێنێت، لەگەڵ ئەوەشی، کە سنووری هەرێمەکە بەتەواوی لە نووسراوەکەدا دیاری نەکراوە. پێناسەکەی لە برگەی (1)دا زۆر نادیارە، بەڵام لە لیستی شارۆچکەکاندا لەوەدەچێ روون بێت، کە هەرێمەکانی دیاربەکر، ماردین و تەنانەت ئورفەشی تێدایە. بۆیە مەحاڵە ئەو ژمارانە بەدەست بێت، تەنانەت ئەگەر سەرژمێرییەکی وردی دانیشتوانیش جێبەجێ بکرێت. بەڵام لە هەر بارودۆخێکدا ئەوان داوای ناوچەیەکی گەورەتر دەکەن لەو ناوچەیەی ناکۆکی لەسەرە.

2. **سەرژمێرییەکانی لەساڵنامە فەرمییەکانی ویلایەتی موسڵدا هاتووە.**

حوکومەتی بریتانیا وەك بەڵگەیەك ساڵنامەی فەرمیی ویلایەتی موسڵ/ 1912/1330 ی وەرگرتووە، بەتایبەتی لە دیدی سەلماندنی کەسایەتی عەرەبییەوە و ناتورکەکانی وڵاتەکە. ئێمەش پشکنینمان لەو هەڵسەنگاندنانە

کرد و راست و دروست بوون. ئەوەش تەنیا بەشێکی ساڵنامەی 1912/1330 نەبوو، بەڵکو ساڵنامەی (1906/1324)یش بوو.

ئێمە لە شوێنی تردا دەگەڕێینەوە بۆ ئەم داتا گرنگانە و ئەو بەرئەنجامانەی لەوێدا لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە کێشراوە.

- دابەشبوونی ناوچەیی نەتەوەکان.

1) نەخشەکان.

### ❖ نەخشەکانی ئەتنۆگرافی

بە پەیوەست لەگەڵ یاداشتی 14/ئۆگۆست/ئاب/1924، حوکومەتی بریتانیا نەخشەیەکی ئەتنۆگرافی پێشکەش بە لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد، بە تایبەتی ئامادە کرابوو بۆ یارمەتی خوێندنەوەی یاداشتەکە (نەخشەی 4).

ئەو نەخشەیە بەپێی سیستمی روماڵە رەنگیەکانی کۆن ئامادە کرابوو- بە واتایەکی تر، چڕی دانیشتوانی لەبەرچاو نەدەگرت. نەخشەکە ناوچە جیاوازەکانی بە رەنگی جیاواز پیشان داوە بەپێی زۆربەی نیشتەجێبووانی هەرێمەکە، هەردووکیان، واتە ناوچەی ناکۆکیەکە و ئەو ناوچانەی راستەخۆ بەدەوریدایە.

ناوچە زۆر تێکەڵاوەکە رەنگ نەکرابوو، بە درێژایی دیجلە هێڵێکی سپی نەخشەکەی دەبڕی.

وامان هەست کرد، کە پێویستە پرسیار لە حوکومەتی بریتانیا بکەین، نەخشەکە لەسەر چ بنەچەیەك کێشراوە- گەر رەنگکردنی تەنیا بەکارهێنراوبێ بۆ دیاریکردنی زۆرینەی نزیکەی 100٪ی لە کوێدایە، یان بەپێی بنەچەکەی لەکاتی کۆنفرانسی ئاشتیدا جێبەجێکرا- واتە، ئەو کەمایەتیانەی 20٪ کەمتر بوون پشتگوێ خراون، یان نەخشەیان لەسەر بنەچەی تر بۆ ئامادەکراوە.

هەروەها پرسیارمان کرد، ئایا کۆچەریە عەرەبەکانیش ئەژمارکراوە؟، وەك دەزانین لە زستاندا خێڵی شەمەر زووربەیان لە دەرەوەی ناوچەی ناکۆکیەکەدا دەژین. هەروەها لەبەر هەمان هۆ پرسیارمان کرد، کە لە کاتێکی ساڵدا داتاکان هێمای بۆ کراوە.

حوکومەتی بریتانیا وەڵامی دایەوە، کە رەنگە جیاوازەکان هێمایە بۆ نەتەوەیەکی جیاواز، کە زۆربەی کاتەکانی ساڵ لەوێدا دەژین و هەروەها خێڵە کۆچەریەکانیش دەگرێتەوە، کە لە 80٪ دانیشتوان یان زیاتر لەوێدا پێکدەهێنێت. بەڵام ئەو ناوچانەی لە 80٪ کەمتر بن، هەرێمەکە بە چۆڵی جێدەهێڵرێ. عەرەبە کۆچەرییەکانی کەناری راستی دیجلە خراونەتە ناو ژمارەکانەوە. حوکومەتی بریتانیا ئەوەشی خستەسەر، کە هیچ نەخشەیەکی بۆ هیچ سەردەمێکی دیاریکراوی ساڵ نەکێشاوە. جوڵەی کۆچەرییە عەرەبەکان کاریگەریی لەسەر رێژەی سەدی ناوچەکە نەبووە. هەروەها حوکومەتی بریتانیا تێبینی ئەوەی کرد، کە کۆچکردنی هەندێ خێڵی کورد کاریگەریی لەسەر رێژەی سەدی هەیە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی لە 80٪ دانیشتوانەکەی زیاتر یەزیدین.

هەرچۆن حوکومەتی تورکیش لەو سەردەمەدا هیچ نەخشەیەکی ئەتنۆگرافی پێشکەش نەکردووە، ئێمەش بڕیارمان دا پێویستە داوای بۆچوونیان بکەین لەبارەی ئەو داتایانەی لە نەخشەکەدا هەیە، کە لە لایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەش کراوە.

حوکومەتی تورکیا لە وەڵامەکەیدا وتی، کە ئەو نەخشەیەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەش کراوە، بە دڵنیاییەوە لایەنگرە، لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبی ئامادەکراوە، **لە گرنگی نەتەوەی کوردیش کەم دەکاتەوە** و لەسەرو هەمووشیانەوە دەیەوێ لە نەتەوەی تورک دابەزێنێت بۆ ئاستی هیچ.

بەگوێرەی هێڵە سپییەکەی لە نەخشەکەی بریتانیادایە، حوکومەتی تورکیا هێمای بۆ ئەو خاڵە رەنگ قاوەییانە کرد، کە لە هەموو لایەکی ئەو هێڵەدا بڵاوبۆتەوە، ئەوە لە راستیدا 146.000 دانیشتوانی تورك دیاریدەکات، بۆیە ئەو خاڵانە تا رادەیەکی زۆر بچوکە تا لە نەخشەکەدا وەك بنکەیەکی گرنگی تورك نیشانە نەکرێت، وەکو توزخورماتوو، تاوغ، قەرەتەپە و تازە خورماتوو، هەروەها لەسەر نەخشەکە بەو رەنگەی بۆ تورك تەرخان کراوە دیاری نەکراون، لەگەڵ ئەوەی لە یاداشتەکەی بریتانیادا هێمایان بۆ دەکات، کە تورك تێیدا نیشتەجێیە. ئەگەر ئەو هەڵەیە راستبکرێتەوە و شوێنەکانی تر رەنگ بکرێن، بۆ باکوور، کە تورکیان تێدا نیشتەجێیە (وەك لە ناوی

گوندەکانەوە دەردەکەوێت) بە رەنگێکی گونجاو تا دەرکەوێت هێڵە سپییەکە، کە پێیدەوترێ (کورد- عەرەبی) بەشێوەیەکی گشتی تورکی تێدا نیشتەجێیە. ئەو تورکانەی ماوەیەکی دوورودرێژە لەوێدا نیشتەجێن، کۆمەڵێکی پتەو وێنادەکەن...

حوکومەتی تورکیا ئەوەشی زیادکرد، کە ئەو تورکانە وەبەرهێنەری سەرەکی گەنمەشامین لەم ناوچە دەوڵەمەندەدا و، کە کورد و عەرەب ولاخەکانیان دێنن بۆ ئەوێ تا بیگۆڕنەوە بە گەنمەشامی تورکیا. حوکومەتی تورکیا وێنەیەکی هێڵکاری هاوپێچ کردبوو تا ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت.

لە ناردنی ئەم وەلامەدا، حوکومەتی تورکیا نەخشەیەکیشی هاوپێچ کردبوو، کە کۆمەڵەی جیۆگرافییانی مەلەکیی لەندەن لە 1910دا (نەخشەی 5) بلاویانکردۆتەوە. ئەم نەخشەیە لە زۆر خاڵی جیاوازدا لەگەڵ ئەو نەخشەیەی، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەشکرابوو جیاوازبوو.

حوکومەتی تورکیا سەرنجێکی تایبەتی راکێشاین بۆ راستییەك، کە هەمان رەنگ لە نەخشەی کۆمەڵەی جیۆگرافییانی مەلەکیدا بۆ یەزیدیەکان و هەروەها کوردیش بەکارهاتووە، کەچی لە نەخشەکەی حوکومەتی بریتانیدا بە رەنگی جیاواز دیاریکراون. ئەمەش پرسیارێکی ترە و ئێمە دواتر بۆی دەگەڕێینەوە. جیاوازیەکانی تری نێوان دوو نەخشەکە زۆر گرنگترن.

بۆ ئەوەی بەراوردی ئەم جیاوازیانە بکەین، لە هەردوو نەخشەکەدا تەنیا ئەو بەشەمان وەرگرت، کە هەرێمی ناکۆکیەکە پێشان دەدا و هەمان رەنگمان بەکارهانی بۆ هەر نەتەوەیەك لە هەردوو نەخشەکەدا. بە هیچ شێوەیەك مەحاڵە نەخشەکان بگۆڕین، جگە لەو راستیەی، کە وامان هەستکرد پێویستە هێڵە سپیەکە بگۆڕین، کە هێمای دانیشتوانی تێکەڵەی کورد و عەرەب دەکات، بە رەنگی سەوز و زەرد- بە مانایەکی تر: واتە رەنگی ئەو دوو نەتەوەیە- ئەوەی ئێمە دۆزیمانەوە شوێنەکانی تر بوو لە نەخشەکەدا، کە بە دڵنیاییەوە کەسی تێدا نیشتەجێ نییە، لەوانەیە بە ئاسانی ببێتە هۆی چەواشەبوون.

هەردوو نەخشەکەی لەلایەن هەردوو حوکومەتەکەوە پێشکەش کران، لەسەر بنەمای کۆن ڕێکخراون، کە لە ڕەنگکردنی ڕووبەرەکاندا بەکارهاتووە، ئەوەش هەڵەیەکی کاریگەر دەبێت: بۆ نمونە، 102.400 کەس لە دانیشتوانی شار و ناحییەی موسڵ بە خاڵێکی ڕەنگدار هێماکراوە، کە نزیکەی 1.140 ملیمەتری چوارگۆشەیە. کەچی بۆ 25.000-24.000 کەس نیشتەجێ و عەرەبە کۆچەرییەکانی، کە لە باشووری هێڵی سنجار – تەلەعفەر دەژین، بە خاڵێکی ڕەنگدار هێماکراوە، کە 17.600 ملیمەتر چوارگۆشەیە.

بۆیە بە پێویستمان زانی نەخشەی سێیەم وێنەبکەین، لەسەر سیستمی پێشاندانی هەردوو چڕی دانیشتوان و دابەشبوونی نەتەوەکان (نەخشەی 6).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم شێوازە، لە ڕووی هونەرییەوە، کە لە هەمان نەخشەدا هاتووە و لە کاتی بەراوردکردنی ئەم نەخشەیە لەگەڵ نەخشەی تۆبۆگرافییە دووروودرێژەکەدا ( 1:250.000) ئەوە دەردەخات، کە پەڵە ڕەنگدارەکە لەسەر نەخشەکە بەرامبەر شوێنی نیشتەجێبوونە. شاخەکان و بیابانەکان- ناوچە نانیشتەنیە فراوانەکان- بە بەتاڵی دەمێنێتەوە (واتە بە سپێتی دەمێنێتەوە). هەموو نیشتەنییەکیش بۆ هەر گروپێکی 100 نیشتەجێبوو بە ملیمەترێکی چوارگۆشەی ڕەنگدار نیشانەکراوە.

بەهەرحاڵ، ئەوە تاکە هۆ نەبوو، کە بۆچی پێویست بوو نەخشەی سێیەمی نوێ بکێشین. ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی ئەو سەرژمێریانە کراوە، کە پێشکەش بە کۆنفرانسی لۆزان و کۆمەڵەی نەتەوەکان کراون، بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنێ، کە نەخشەکانی تایبەتە بەو سەرژمێریانەوە، تەنانەت ئەگەر زیاتریش لەسەر بنەمای زانستی ڕێکخرابن، ناتوانێ وێنەیەکی نزیکی ڕاستەقینەی بارودۆخەکە پێشکەش بکات.

هەرچۆن ئێمە هۆکاری جێبەجێکردنی سەرژمێریەکی نوێی دانیشتوان شك نابەین، ئەم نەخشەیەمان بەپێی داتای دوا سەرژمێری دانیشتوان کێشاوە، کە لەلایەن دەستەڵاتی عێراقییەوە جێبەجێکراوە، کە لە سەرەوە هێمامان بۆ کردووە، لەوە دەچێ زیاتر لە ڕاستیەکە نزیك ببینەوە.

### ❖ نەخشەی پێشاندانی چڕیی دانیشتوان

ئەو نەخشە تۆبۆگرافیانەی پێشکەش کراون بە روونی چۆنیەتی دانیشتوانی ناوچەی ناکۆکیەکە پێشان نادات، کە چۆن بەگشتی لە هەموو لایەکی ئەم ولاتەدا دابەشکراوە. بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی نەخشەیەك بکێشین- تەنانەت ئەگەر بۆ بەکارهێنانی تایبەتی خۆشمان بێت- ئەو نەخشەیەی چڕیی دانیشتوان پێشان دەدات (نەخشەی 7)ە.

ئێمە دەبوو بە ئاسایی ئەم نەخشەیە ئامادە بکەین بۆ ناوچەیەکی فراوان، کە دەوروپشتی ناوچەی ناکۆکیەکە بێت. ئەم نەخشەیە، کە هاوپێچکراوە بە راپۆرتەکەوە، ناکرێ دابنرێت بە نەخشەیەکی زۆر ورد، بۆ زانیاری خۆمان، لە سەرچاوەی جیاوازەکان وەرگیراوە، هەمیشە نرخێکی یەکسانی نییە.

داتاکانی ناوچەی ناکۆکیەکە، لەوانەیە زیاتر راستر بێت لەوانی تر، ئێمە هێمامان بە پلەی وردی سەرژمێریەکان کردووە، لە رووی ئەو زانیاریانەی پشتی پێبەستووە.

بەگوێرەی دەوڵەتی عێراقەوە، حوکومەت بە شادمانییەوە نەخشەی هێڵکاریی سنووری ناحیەکانی خستە بەر دەستمان، لەگەڵ ئەو لیستەی رووبەری ناوچەکانی ناحیەکانی بە کیلۆمەتر چوارگۆشە و ژمارەی دانیشتوانەکانیانی تێدا بەیانکراوە. ئێمە بێگومان هێما بۆ ئەوە دەکەین، کە ئەو داتایانەی تایبەتە بە ناوچەکانەوە هەڵەی ئاشکرای تێدابوو، تەنانەت هەڵە لەسەر ئاستی زۆر گەورە، بۆیە نەمانتوانی کەڵك لە لیستەکە وەربگرین. بەڵام پێوانەی رووبەری ناوچەی ناحیەکانمان لەسەر نەخشەکە کرد، کە خرابووە بەردەستمان. بەسادەیی ئەم شێوازە پێویستی بە هاوکۆلکەیەکی دیاریکراو هەیە لە هەڵە.

بە گوێرەی هەرێمی سووریای فرەنسایی دراوسێوە، سەرۆکی سەربازی ئەو ناوچەیە زۆر پیاوانە داتا پێویستەکانی خستە بەر دەستمان.

بۆ ناوچەکانی کۆماری تورکیا، کە لەسەر نەخشە پێشاندراوە، داتاکانمان لە حوکومەتی تورکیاوە لە رێی راوێژکاری کۆمیتەی تورکیاوە پێگەیشتووە.

ئەمە هێڵکاریی سنووری قەزاکان و لیستی ژمارەی دانیشتوانیش دەگرێتەوە. نەمانتوانی ئەو نەخشەیە بەدەست بێنین، کە هێما بۆ سنووری ناحییەکان دەکات.
هەوڵیشمان نەدا لە ئێراندا هاوشێوەی ئەو زانیارانە بە دەست بێنین، کە تایبەتە بە ناوچەکانی وڵاتی فارسی هاوسێوە و کەوتۆتە پشتی شاخەکانەوە.

2. **لێکۆڵینەوەی پرسە تایبەتیەکان سەبارەت بە دابەشبوونی دانیشتوان:**
دابەشبوونی ناوچەیی دانیشتوان تەنیا بەم نەخشانە وێنە نەکراوە، بەڵکو هەروەها لە یاداشتەکاندا وتووێژێکی دوورودرێژی لەبارەوە کراوە.

- **مەودای ناوچەی عەرەب:**

مەودای ناوچەی عەرەب یەکێکە لە پرسیارە سەرەکیەکان، کە قوتبۆتەوە. حوکومەتی بریتانیا هەمیشە بەردەوامە لەسەر ئەوەی، کە هەموو کەناری لای راستی دیجلە (جگە لە یەزیدیەکانی سنجار و دەوروبەری، شارۆچکەی تورکیای تەلەعفەر و دەوروبەری و شاری موسڵ) و کەناری لای چەپی دیجلە تا ئەربیل- کەرکوك — رێگای کفری، هەروەها ناوچەکانی باکوور تا داوێنی گردەکان عەرەبییە.
بەڵگەکەی تورك، کە لە زۆر بۆنەدا پێشکەش دەکرا، بەوەی، کە دانیشتوانی عەرەبی ناو ویلایەتەکە لەو ناوچانەدا چڕبۆتەوە، کەوتۆتە ناو ئەو سێگۆشەیەی، کە کەناری راستی دیجلە و هێڵی گەیارا- سنجار وێنای کردووە، جگە لە هێڵێکی تەسکی زەوی، کە لە فەتحەوە لەسەر کەناری لای چەپەوە بۆ کەرکوك درێژدەبێتەوە. حوکومەتی تورك ئەوەشی زیادکرد، کە ئەو ناوچەیە، لەگەڵ ئەوەی فراوانە، کەسیشی تێدا نیشتەجێ نییە.
ئێمە دواتر دەگەڕێینەوە بۆ پرسی شاری موسڵ. بەگوێرەی پرسیارەکەی ترەوە راستی دەکەوێتە ناوەڕاستی دوو مشتومڕەکەوە.

نەخشەی تۆبۆگرافیەکەی ئێمە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا ئەوە پێشان دەدات، کە حوکومەتی بریتانیا تەواو راستە لە باسکردنی ئەوەی، کە کەناری لای راستی دیجلە بەشێوەیەکی گشتی عەرەبی تێدا نیشتەجێیە، جگە لە یەزیدیەکانی سنجار، تورکەکانی تەلەعفەر و چەند هەزار کورد و مەسیحیەکان، کە ئەژمار نەکراوە. بەهەرحاڵ، جگە لە شاری موسڵ و دەوروبەری، دانیشتوانی عەرەب زۆر بچوکترە لەوەی لە نەخشەکەدا دەربکەوێت. بەبێ ئەوەی شاری موسڵ ئەژمارکرێ لەو ناوچەیەدا بەپێی سەرژمێرییەکانی عێراق 36.010 عەرەب، 16.374 یەزیدی، 9.635 کورد، 5.979 تورك و 4.477 مەسیحی هەبوون؛ کە کۆی گشتی دانیشتوان دەکاتە 72.745.

لەسەر کەناری لای چەپ، لە ناوچە شاخاویەکانەوە بۆ باکووری موسڵ بەرەوخوار بۆ سنووری باشووری ناوچەی ناکۆکیەکە عەرەب دەبینرێت. بۆیە حوکومەتی تورکیا هەڵەی تێدا دەکات. بەڵام تەنیا لە یەکێك یان دوو جێگەدا ئەم دانیشتوانی عەرەبە دەگاتە ئەربیل- رێگای سەرەکی کفری. لە لیوای ئەربیلدا راستەوخۆ لە کەناری رووبارەکەدا چڕبوونەتەوە و کۆمەڵە نەتەوە پتەوەکانی کورد لە ئەربیل و رێگای ئەربیلەوە دەکشێن بۆ زیاد لە 40 کیلۆمەتر بەرەو دیجلە. هەروەها بۆیە یاداشتەکەی بریتانیا زیادی پێوەناوە.

- **ژمارە و دابەشبوونی تورکەکان:**

راو بۆچوونی جیاواز لەبارەی دانیشتوانی تورکەوە لە نێوان هەردوو حوکومەتەکەدا هەبوو، کەسایەتی، هێزی ژمارەیی و رێژەی سەدی، کە لە کۆی گشتی دانیشتوانی ناوچەی ناکۆکیەکە پێکدێن. دواتر ئێمە بەدوای پرسیاری یەکەمدا دەگەڕێین، واتە ئەو جیاوازییەی دەکرێ لەنێوان تورك و تورکومانەکاندا دیاری بکرێت.

بە گوێرەی هێز یان زەبری ژمارەییەوە، حوکومەتی تورکیا راستە لە تێبینی ئەوەی، کە نەخشەکەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەش کراوە، بۆچوونی هەڵە و کەم و

کورتی لەبارەی ئەم زەبرەوە هەیە و سەرکەوتو نەبووە لەوەی، کە ژمارەیەکی گونجاو بۆ کۆمینیتی تورك پێشان بدات. بەڵام نەخشە هێڵکارییەکەی لە (ئەنگۆرا- ئەنکەرە) پێشکەشی لیژنەکە کرا، لە لایەکی ترەوە زۆر زیاد رۆشتووە. هەموو ناوچە بە پیتەکان لە باشووری موسڵدا پێشان دەدات، هەرچۆن زووربەی دانیشتوانەکەشی کۆمەڵەیەکی پتەوی تورکن. ئەوەش هەڵەیەکی سەرسوڕهێنەرە.

یاداشتەکەی بریتانیا سوورە لەسەر ئەوەی، کە دانیشتوانی تورك یان تورکومانی تەنیا یەك لە دوانزەی دانیشتوانی گشتی ویلایەتەکەیە و بەوەش دانیشتوانی تورك یان تورکومانی بچوکترە لە دانیشتوانی عەرەب، تەنانەت لەسەر ئاستی شاری موسڵیش بە تەنیا.

پێشتر رای خۆمان بەرامبەر سەرژمێریەکان دەربڕیوە. ئەوەی دەبینرێت سەرژمێریەکانی ئەم دواییە تەنانەت تورك لە ئاستێکی کەمتردا پێشان دەدات. هەروەها تێبینی ئەوەشمان کرد، کە ئەو کەسانەی خۆیان بە عەرەب دادەنێن، ئێستا ددان دەنێن بەوەی، کە لە بنەچەدا تورکن و کێشە زیاتر دەخەنە بەردەم خەملاندنی نەتەوەکاندا لە ناوچەی دانیشتوانی تێکەڵدا، بەتایبەتی لەو ناوچانەی تێیدایە، وەکو دۆڵی دیجلە و ناو شاری موسڵ و دەوروبەرەکانی، تێکەڵبوونی نەتەوەکان و کۆچکردن زۆر تێبینی دەکرێت.

هاوسەرگیری لەنێوان کەسانی هەمان ئاییندا، بەڵام لە نەتەوەی جیاواز دووبارە دەبووەوە، ئەمە لەوانەیە زۆر جار بۆ کەسێك ببێتە هۆی ئەوەی بەپێی ئارەزووی خۆی نەتەوەیەکیان هەڵبژێرێت. زۆر جاریش هەڵبژاردنەکەی بە فەرمانێکی هەڵپەرستانەیە، بەتایبەتی ئەگەر هەستی نەتەوایەتی زۆر بەهێز نەبێت. لە رۆژهەڵات، کە جیاوازی ئایینی هەمیشە فاکتەرێکی زیاتر یەکلایی کەرەوەیە، هەستی نەتەوایەتی ناتوانێ ئەوەندە بەهێزبێت تا پەرەبسێنێت وەك ئەوەی، کە لە ئەوروپادا هەیە و لە راستیدا لە هیچ شوێنێك بەو شێوەیە نەمانبینیوە.

کاریگەریی سیاسی بە ئاسایی لە شاری موسڵ و دەوروبەریدا بەهێزە. حوکومەتی بریتانیا لە یاداشتەکەیدا سەرنجمان بۆ ئەو راستییە رادەکێشێ، کە لەژێر فەرمانی

تورکیادا خەڵکانێکی زۆر داوای ئەوە دەکەن، کە بن بە تورك، چونکە لەوە دەچێ لە بەرژەوەندییان بێت. ئەو بەڵگەیە بەرپەرچی نادرێتەوە، بەڵام واهەست دەکەین، کە لەوانەیە هەروەها لەژێر کاریگەریی حوکومەتی عێراقیدا لەم کاتەدا رێکخرابێت.
بەراوردی ژمارەکان لەو سەرژمێریانەی لە 1921دا لە لۆزان پێشکەش کرا، ژمارەی تورکەکان بە 65.895 دیاری دەکات و ژمارەکانی، کە لە سەرژمێریەکانیساڵی 1922-1924 هاتووە، کە راستەوخۆ دراوە بە لیژنەکە، ئەو ژمارەیە تورك بە 38.652 دیاری دەکات، لەوە دەچێ بۆ دڵنییابوونی ئەم خاڵە بێت.

- پێناسەی تورکێتی کەرکوك و شارەکانی تر، کە کەوتونەتە سەر رێگای گشتی

دیسانەوە حوکومەتی تورکیاش بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنجی راکێشاین بۆ گرنگی شارە تورکیەکانی وەك کەرکوك، ئەربیل و شارۆچکە بچوکەکانی تر، کە کەوتونەتە سەر رێگای گشتی بەرەو باشوور. هێمای بەوە کرد، کە حوکومەتی بریتانیا خۆی بە دڵنیاییەوە ددانی ناوە بە پێناسەی تورکێتی ئەو شارانەدا، ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی بەیانەکانی بە زمانی تورکی.
حوکومەتی بریتانیا وەڵامی ئەم خاڵەی دایەوە، کە لە 1919دا هەموو بەیانەکانی بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە هەندێ بەیان- بەتایبەتی بەیانی یەکەم- هەروەها بە تورکیش بڵاوکرابێتەوە، ئەگەر ئاراستەی بەرپرسانی تورك کرابێتن. بەڵام تەنانەت ئەگەر واشبێت، ئایا تەنیا دەکرێ لە کەرکوك و ئەربیلدا رووبدات. هەروەها لە موسڵیشدا، لەوانەیە ژمارەیەك لە بەیانە سەرەتاییەکان لە پێناوی بەرپرسەکانی پێشودا بە زمانی تورکی بڵاوکرابێتەوە.
هیچ کام لە نوێنەران لە تواناییاندا نییە، کە هیچ یەکێ لەو بەیانە سەرەتاییانەمان پێشان بدەن و ئێمەش لە توانامان‌دا نەبوو هیچ بەیانێك دیاری بکەین، کە بە تورکی بڵاوبووبێتەوە یان نا.

بە گوێرەی پێناسەی تورکێتی شارۆچکەکانەوە، نەمانتوانی ڕێژەی سەدی دانیشتوانی تورك بەدەست بێنین، بەڵام لە شوێنێکی تردا روونمان کردۆتەوە، کە ئاسان نییە راستیەکان بە ژمارە دەربڕین. بەهەرحاڵ ئەوە ئاشکرایە، کە بنەچەی دانیشتوانی ئەم شارانەی لەسەر ڕێگای گشتین بە تورك ناسراون. پیاوە ناودارەکان تورکن و لە ماڵی زۆریاندا تێبینی ئەوەمان کردووە، بەبێ ئەوەی لێیان بپرسین، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیاندا بە تورکی دەدوان. ئێمە دەبێ ئەوەش بڵێین، کە تەنانەت مەسیحیەکانی کەرکوك لەناو خۆیاندا بە تورکی دەدوێن. هەندێ نمونەی هێشتا زیاتر بۆ روونکردنەوەی بارودۆخەکە لەوانەیە یارمەتیدەربێت.

شاری ئەربیل دابەشکراوە بەسەر حەوت گەڕەکدا. چاومان بە موختاری ئەو گەڕەکانە کەوت. کاتێ پرسیمان قەومیەتیان چییە، پێنجیان وەڵامی دایەوە، کە تورك بوون، یەکێکیشیان ئەوەندەی تورك بوو ئەوەندەش کورد بوو، حەوتەمیشیان جولەکە بوو.

لە کەرکوك تەنیا یەك رۆژنامە هەیە لە هەفتەیەکدا دوو جار لەژێر چاودێری حوکومەتدا دەردەچێت، بە زمانی تورکی چاپ دەکرێت. چالاکیە فەرمیەکان بە تورکی و عەرەبی بڵاودەکرێتەوە، بەرپرسی بریتانیا بە تورکی دەدوێ، بەڵام نە عەربی دەزانێ و نەکوردیش.

زمانی تورکی بە درێژایی ڕێگای گشتی لە هەموو شوێنێکی گرنگدا قسەی پێدەکرێ.

شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری بە دڵنیاییەوە تورکن. دانیشتوانی توزخورماتو، جگە لە چەند خێزانێکی جولەکە، هەمووی تورکە یان تورکومانە. بە وتەی سەرۆکی شارەوانی، 35 لە 405 دەربکە، کە خێزانی جولەکەن. دانیشتوانی قەرەتەپە دەخەملێنین، کە 75% تورك و تورکومانن، 22% کوردن و 3% عەرەبن. هەروەها تازەخورماتو و تاوغ بەشێوەیەکی سەرەکی تورکن.

بەگوێرەی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری ئەم شارانەوە، تورك تەنیا کەماتیەکی پەرشوبڵاو پێکدەهێنێ. ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان لە شارەکاندا زیاترە لە ژمارەی

تورکەکان، هەروەك زیاترن لە نەتەوەی عەرەب لە بەرەوپێش چوونیان بۆ دیجلە، لە کاتی چوونە پێشەوەیاندا رووبەری زەوی کشتوکاڵییان فراوان دەکرد.

- **خێڵەکانی تورك:**

حوکومەتی تورکیا لە ئەژمارکردنی خێڵە کۆچەرییەکاندا، زەنگەنە، بەیات، دەلەڤیەکان و تاتراکان وەك خێڵی کۆچەریی تورك دادەنێت. ئێمە دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە، بە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کۆچەرییان بە گشتی، بۆ پرسی ئەوەی ئایا ئەم خێڵانە لە راستیدا کۆچەرین یان نا. بەڵام لێرەدا ئەوەی لێیدەکۆڵینەوە تەنیا لە رووی نەتەوایەتییانەوەیە.

وەڵام لە حوکومەتی بریتانیاوە گەیشت، کە ئەم زانیاریە تایبەتانەی ئەم خێڵانەی تێدایە:

زەنگەنەکان خێڵێکی کوردن و لە خودی نووسراوی ساڵانەی فەرمیی ویلایەتی موسڵ بۆ ساڵی 1912/1330 هێمای بۆ کراوە.

دابونەریتێك لەبارەی بەیاتییەوە هەیە، کە گوایە لە نەتەوەی هەندێ تورکومانی خۆراسانەوە هاتبێتن، بەڵام بەپێی تێکەڵییەکی زۆری خوێنی عەرەب تێیاندا، لە نەتەوە و لە شێوازی ژیانیاندا ئەوان بوونەتە عەرەبێکی تەواو.

نووسراوی ساڵانەی فەرمیی تورکیا دەڵێت، کە ئەوانە بە عەرەبی و تورکیش دەدوێن و بەگوێرەی (قەزا)وە، کە لە کفری نیشتەجێن، نووسراوی ساڵانەکە بەیانی ئەوە دەکات، کە دانیشتوانەکەی تێکەڵەیەکن لە عەرەب و کورد. هەروەها لە ویلایەتی موسڵ خێڵی تاتراڵ نییە. کاکەییەکانیش کوردن و دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی بەرزنجیەکان-بنەماڵەی شێخ مەحمود. ئایینی تایبەتی خۆیان هەیە، کە لەوانەیە وەك شەبەکەکان وابن، کە حوکومەتی تورکیا سوورە لەسەر تورك بوونیان، بەڵام زمانێکی هاوشێوەی کوردی دەدوێن. زاراوەی (دەلەڤەس) رەنگە حوکومەتی تورکیا بیداتە پاڵ (دەلۆ)کان-، کە خێڵێکی کوردن و لە نزیك کفری دەژین، لەوانەشە بنەچەیان لە سنەوە هاتبێت.

ئێمە دەمانتوانی دڵنیابین لەوەی زەنگەنە و دەلو (دەلەڤەس)، کە بە تەواوی لە نەتەوەی کوردن. هیچ دابونەریتێکیان نییە بە تورکەوە بیانبەستێتەوە. هەروەها نەمانتوانی هیچ خێڵێك بەناوی (تاترالْ) ببینینەوە. بەگوێرەی زەنگەنەشەوە، نووسراوی ساڵانەی 1324کۆچی/1906زاینیی بەیانی ئەوە دەکات، کە ئەوانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناحییەی "گل" دەژین، کە دانیشتوانی ئەو ناحییە بە تەواوی کوردن.
بەیاتەکان تێکەڵن لە نەتەوەی عەرەب و تورك. ئەوان خۆیان دەیخەملێنن، کە ڕێژەی 65٪ تورك و 35٪ عەرەبن. گشتیان بە هەردوو زمانەکە دەدوێن و تێکەڵن لەناو گوندەکانیاندا. بەبێ گوێدانە نەتەوە هاوسەرگیری لەگەڵ یەکدی دەکەن، بۆیە خەریکە جیاوازی لەنێوانیاندا نامێنێت، بەهەرحاڵ، هێشتا کەسانێك هەن تەنیا یەکە زمان دەدوێن، تەنانەت سەرۆك خێڵێکمان بینی، کە تەنیا لە زمانی تورکی تێدەگەیشت.
کاکەییەکان خۆیان ڕایانگەیاندووە، کە لە نەتەوەی تورکن. (سالیەکان) لە هەردوو کەناری خوارووی زابی سەرودا نیشتەجێن و پێیان ڕاگەیاندین، کە بە دڵنیاییەوە هەمان نەتەوەی کاکەین. کوردەکان پێیان دەڵێن سارلیەکان، بەڵام ئەوان خۆیان بە کاکەیی دادەنێن.
ئەم سارلیانە- ئەوانەی لەم ناوچەیەدا دەژین هەموویان زۆر باش ئەو زانیارییەیان هەیە -، کە ئایین و زمانی خۆیان هەیە، بەڵام هەردووکیان بە نهێنی پاراستووە. ئەوان دەڵێن، کە موسڵمانن و بەگوێرەی زمانەکەیانەوە پێیان وتین، ئەوان هەمیشە بە زمانی ئەو خەڵکانە دەدوێن، کە تێکەڵییان دەکەن و پێکەوە دەژین، بۆیە ئێستا بە کوردی ئاخاوتن دەکەن. کەسانێکمان لەناویاندا تێبینی کرد، جۆرێکی تایبەت، کە لە (حیتییەکان) دەچوون، بەڵام ئێمە نامانەوێت بگەینە هیچ ئەنجامێك لەو جۆرە رووماڵکردنە سادەیەدا. ئێمە بەو پێیە هیچ خێڵێکی تورکمان نەدۆزییەوە، نە کۆچەریی و نە نیشتەنی، جگە لە بەیاتەکان. وەك ئەوەی وتمان، تورکەکان لە شارەکاندا ژمارەیان زۆرە. هەروەها بە دڵنیاییەوە لە کێڵگەکاندا بە درێژایی ڕێگای گشتی هەن، خاوەندارەکانیان تورکە زۆر دیارەکانن. بەڵام مەحاڵە لەم ساتەدا ڕێژەی سەدییان

بخەملێنرێت و شوێن بنەچە و نەتەوەی خەڵکەکەی بکەوین، کە بە کردەوە دابونەریتێکیان نییە. کوردێتییان لە دیدە راستیەکەوەیە، کە دوو نەتەوەی زۆر نزیك راستەوخۆ لەم ناوچەیەدا پێکەوە دەژین، ئەوە کردەیەکی سروشتیە، کە گەشەکردن، زۆر بە خێرایی بەردەوامە. پێشتر باسی ئەو خەڵکە ناودارانەی تورکمان لە شارەکاندا کرد، کە زۆرجار زۆریان ژنی کوردیان هێناوە. هەروەها ئەوەشمان تێبینی کرد، کە دەستوپێوەندی ئەو خانەدانانە بە شێوەیەکی گشتی لە کوردەکان پێکهاتووە.

- **دانیشتوان بە درێژایی سنووری باکوور.**

هەروەها هەردوو حوکومەتەکە باری سەرنجی دژ بەیەکیان بەگوێرەی بنەچەی مرۆڤایەتیی ناوچەی باکوورەوە پێشکەشکرد- سنوورەکەی لەلایەن بریتانیای مەزنەوە داواکراوە- و هێڵی بارودۆخی سەردەم لەلایەن ئەنجومەنەوە لە برۆکسلدا دیاری کراوە.
حوکومەتی تورکیا هەوڵیدا پەردە لەسەر ئەو راستیە هەڵماڵێت، کە سنووری باکووریی بە گوێرەیی ژینگەوە دابەش نابێت بەسەر نەتەوەی جیاواز لەیەکتریدا و بۆ سەلماندنی ئەم بەڵگەیەش، ئەو نەخشە ئەتنۆگرافیایەی وەك سەرچاوە وەرگرتووە، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیا خۆیەوە پێشکەش کراوە.
دواتر درێژەی وەسفی ناوچەی باکووری پێشکەشکردین، بۆ جیۆگرافیایەکەی، کە ئێمە هێمامان بۆ کردووە. بەگوێرەی ئەو چوار بەشەی هێمای بۆ کراوە ( بڕوانە شیکردنەوەی یاداشتە جیۆگرافیاییەکان)، بەشی یەکەم: کورد و مەسیحیەکان تێیدا نیشتەجێیە، کە هەموویان خۆیان بە ئەندامی خێڵی سیندی دەزانن. کەمێکیان ئەم ناوچەیەیان جێهێشتووە، تەنانەت پێش جەنگ، بەهۆی هێرشی (گۆیان)ەکانەوە. لە کاتی جەنگیشدا هێشتا زیاتر پەرشوبڵاو دەبوونەوە. ئەمڕۆ لە 150 کەس زیاتر نین، کە 50٪ مەسیحین و لەژێر دەستەڵاتی ستەمکاریی کوردەکاندا دەژین. بەشی دووەم: ئەم ناوچەیە بەر لە جەنگ تا رادەیەك بە شێوەیەکی گشتی ئاشووریە مەسیحیەکان تێیدا نیشتەجێن. وەك ئەنجامێکی جەنگ، کە ئاشووریەکان تەواوی ناوچەکەیان جێهێشت لە

کاتی هەڵهاتنیاندا. لەم کاتەدا سێ خێڵی بچوکی کورد لە ناوچەکەدا بە تەنیا ماونەتەوە. حوکومەتی بریتانیا لیستی گوندە مەسیحیەکانی پێشکەشکرد. بەشی سێیەم: لەم ناوچەیەدا ژمارەیەکی زۆر گوندی مەسیحی هەبوون، کە لە کاتی جەنگدا کۆچیان کردووە. ناوچەکە بە خێڵە کوردەکانی دۆسکی، هەرکی و گەردیەکان پڕکراوەتەوە. بەشی چوارەم: ئەم ناوچەیە چۆڵکراوە.

حوکومەتی تورکیا لیستی ئەو خێڵانەی پێکەشکردین، کە لە ناوچەی هەکاری نیشتەجێن، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە داواکراوە و تێیدا ژینگە و ژمارەی ئەندامانی، کە خێڵەکەی لێپێکهاتووە بەیانکراوە.

| ناوی خێڵەکان | ناوچەی، کە تێیدا نیشتەجێیە | ژمارەی کەسەکان |
| --- | --- | --- |
| گلی-گۆیان | باشووری رۆژئاوای بەیتول شەباب | 12.000 |
| جیرکی | باشووری بەیتول شەباب | 2.000 |
| پونیانیە | ناوچەی چاڵ | 2.500 |
| بەرواری باڵا | باکووری رۆژئاوای ئامێدی | 15.000 |
| ئۆرامار | لەنێوانی جولامەرك و شەمسدینان | 2.000 |
| تۆڤی/تووی | لەنێوانی جولامەرك و شەمسدینان | 2.000 |
| هەرکی | رۆژئاوای شەمسدینان | 1.500 |
| دۆسکی | باکووری زێبار | 800 |
| گەردی | باشووری شەمسدینان | -- |

*تێبینی:* کۆچەریەکان نەخراونەتە سەر ئەم لیستە.

جگە لە زاخۆ، ئێمە سەردانی ئەم ناوچەیەمان نەکردووە، کە زۆر گرانە بیگەیتێ. ئاسانیش نییە داتاکان بە پرسیارکردن بەدەست بێنی، ناوی گوندەکان لەسەر نەخشەکان لەگەڵ ئەوانەی ناو لیستەکاندا هاوتانین.

بەهەرحاڵ، ئەوان دڵنیان، کە هەردوو لای سنووری پێشنیارکراوی باکووریی وەك هەمان نەتەوە دەدوێن.

ناوچەی ئاشووریەکان و بەتایبەتی ئەو بەشەی، کە دانیشتوانێکی چڕوپڕی تێدایە (چاڵ، تیاری خوارو، تیاری سەرو و سکاوما) بەهۆی سنووره پێشنیارکراوەکەوە دەبێت بە دوو بەشەوە. مەسەلەی کۆچکردنی بەشێ لە دانیشتوان پرسێکی سیاسییە و بۆیە لە بابەتێکی تردا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

کۆچەریە کوردەکان پەڕینەوەی سنووریان کردۆتە خوویەك و ئێمەش ئێستا دەکرێ باسێکی کۆچکردنیان بکەین.

کوردە نیشتەجێکان بەشێکیان دەگەڕێنەوە سەر ئەو خێڵانەی کۆچەرین، هەروەها بەشەکەی تریش دەگەڕێنەوە سەرخێڵە خزمەکان. ئەگەر پەنابەرینە بەر نەخشەی تۆبۆگرافیا، کە ناوی خێڵەکانی بەیانکردووە، تێبینی ئەوە دەکەین، کە باکووری وڵاتەکە و باشووری سنوورەکە تەنیا کوردی تێدا نیشتەجێ نییە، بەڵکو ئەو کوردانەشی تێدایە، کە بەشێکیان دەچنەوە سەر هەمان خێڵەکان یان کۆمەڵەکان.

**3. کاراکتەری شاری موسڵ.**

لە هەموو یاداشتەکاندا، هەردوولا بە ناکۆکییەکی توندەوە سەرقاڵ بوون بەگوێرەی مۆرکی نەتەوەیی شاری موسڵەوە.

حوکومەتی تورکیا دەڵێت، کە لە موسڵدا زمانەکانی تورکی و عەرەبی و کوردی هەمووی ئاخاوتنی پێدەکرێت. ئەوانەی لەناو دانیشتوانەکاندا لەم کاتەدا بە زمانی عەرەبی دەدوێن و دادەنرێن بە عەرەب، ئەوانە لە راستیدا تورکن، کە ماوەیەکی دوورودرێژە لەگەڵ کورد و عەرەبدا لە پەیوەندیدان، هەروەها ئەو دوو زمانەش فێربوون. لە هەموو یاداشتێکدا، حوکومەتی تورکیا ئەمە دووبارە دەکاتەوە و دوای ئەوە ئەوەشی بۆ زیاد دەکات، کە دانیشتوانی موسڵ هەرگیز خۆیان بە عەرەب، یان وەك پێکهاتەیەك لە دانیشتوانی عێراق دانانێن. لەو یاداشتەی پێشکەشی ئەنجومەن کرا، حوکومەتی تورکیا ددانی نا بەوەدا، کە دانیشتوانی شاری موسڵ بەگشتی کورد و

تورکن. دەڵێت لەسەرو ئەوەشەوە، زووربەی زۆری دانیشتوان بێگومان لە بنەچەی تورکن و ئەوەشە، کە هەموویان تەواو شارەزای زمانی تورکین.

حوکومەتی بریتانیا وەڵامی ئەم بۆچوونانەی دایە بەوەی وتی: جگە لەو بەشە زانیارییە فراوانەی ئەفسەرانی بریتانیا لەماوەی ئەو چەند ساڵە کەمەی رابردوودا لەبارەی دانیشتوانەوە توانیویانە بە دەستی بهێنن، موسڵ هەمیشە بۆ گەشتیارانیش وەك شارێکی مەزنی عەرەبی ناسراوە. " شارێکی عەرەبییە و عەرەب بینای کردووە، کە بە درێژایی ئەو سەدانەی، کە لەژێر دەستەڵاتی تورکدا بووە، مۆرکی عەرەبیی خۆی لە دەست نەداوە." حوکومەتی بریتانیا تێکرای دانیشتوانەکەی بە زیاد لە 70.000 کەس دەخەملێنێت (سەرژمێریەکەی ئەم دواییە دایدەنێت بە 74.000 کەس)- ئەم ژمارەیەش، کە حوکومەتی بریتانیا دەڵێت بەرزترە لە ژمارەی هەموو تورکەکانی تەواوی ناو ویلایەتەکە.

حوکومەتی تورکیا وەڵامی هەندێ لە بەرپەرچیەکانی حوکومەتی بریتانیای دایەوە، کە ئەگەر ئەم دانەپاڵەی ئەم دواییەی بەکارهێنانی زمانی تورکی لە موسڵدا، بۆ ئەو راستیە بچێت، کە تورکیی زمانێکی فەرمییە —ئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە- هەروەها بەکارهێنانی کوردی لە دەوروبەری گوندە کوردیەکاندا، کە موسڵ بازاڕە بۆیان، هەمان بەڵگەیە، کە لەوانەیە بەکاربێت بۆ دەربڕنی ئەوەی، کە چۆن تورکەکانی موسڵ فێری زمانی عەرەبی بوون.

ئێمە دەمانەوێ بەیانی ئەوە بکەین، کە لەیەك کاتدا باری سەرنجمان زۆر راست و رەوانە- شاری موسڵ بێگومان مۆرکی عەرەبیی پێوەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەشی بۆ زیاد بکەین، کە ئێمە ناتوانین پشت ببەستین بەو سەرژمێریەی ئەم دواییەی لەلایەن حوکومەتی عێراقەوە کراوە، کە 74.000 عەرەب، 20.000 مەسیحی و 4.000 جولەکە وەك دانیشتوی موسڵ دیاری دەکات.

لە یەکەم تێڕوانیندا تەواو ئاشکرایە، ماحاڵە یەك تورك لەو شارەدا نەمابێت، کە ماوەیەکی دوورودرێژ لەژێر دەستەڵاتی تورکیادا بووە، کە خێزانی ئەفسەران و

بەرپرسانی تورکیا تێیدا ژیاوە و ماونەتەوە و تێکەڵ بوون لەگەڵ دانیشتوانەکانی تردا و لە دەوروبەرەکەیدا ژمارەیەکی دیاریکراو گوندی تورك یان تورکومان هەیە و تەنانەت شارۆچکەی بچوکیش.

ئێمە لەوانەیە بۆ پشتەبەستن بەم بۆچوونەوە پەنابەرینە بەر راوبۆچوونی گەشتیارانی ناوداری پێشو. بۆ نمونە (ئۆلیڤیەر)، کە لە 1809دا سەردانی موسڵی کردووە- لە کاتێکدا، کە پرسی نەتەوایەتی هێشتا دەرنەکەوتبوو- ئەو ئەم خەملاندنانەی لای خوارەوە بۆ دانیشتوانانی ئەو شارە دیاری کردووە:

کرستیان- مەسیحی (نیستۆریەکان- یاقوبیەکان) ........ 8.000-7.000

جولەکەکان ........................................ 1.000

عەرەبەکان ........................................ 25.000

کوردەکان ........................................ 16.000 -15.000

تورکەکان ........................................ 16.000 -15.000

یەزیدیەکان ........................................ هیچ

کۆی گشتی دانیشتوان .............................. 64.000

لە ئاماری نوێتری گەشتیاراندا سەرژمێریی تەواو نابینیەوە.

لە موسڵدا ژمارەیەك کەس هەن، کە بنەچەیان تورکە و لە تورکی تێدەگەن، بەڵام دڵنیابوونی حوکومەتی تورکیا لەوەی، کە هەموو کەسێك ئەو زمانە تێدەگات، ئەمە دوورە لە راستیەوە. ئێمە لەکاتی سەردانەکەماندا گوێمان لە قسەکردن نەبووە بە تورکی، بەڵام ئێمە لە دیدی ئەو پشێوییە چالاکە سیاسیە بەهێزەی بەرپا بووبوو، نەمانتوانی بە روونی نیشانەی ئەوەمان دەست بکەوێت. زۆربەی کات نوێنەرەکەی تورك وەرگێڕ- تەرجومانی زمانی بەکاردەهێنا. تەنانەت ئەگەر بشمانتوانیایە، کە هەموو کاریگەریی سیاسی و ترس و گومان لابەرین، هێشتا مەحاڵ بوو بتوانی رێژەی سەدی نەتەوە جیاوازەکان لە شارەکەدا دیاری بکەین و تەنانەت زیاتریش گران بوو رێژەی سەدی نەتەوە و بنەچەکانی دانیشتوان بخەملێنین. لە شارێکدا، ژن و ژنخوازی بە

تێکەڵاوی زۆر باوە، ئارەزووی خۆپەرستی زیاتر بەهێزە و تێکەڵاوبوون تێیدا زۆر گەورەترە لە هەر بەشێکی تری وڵاتەکە.

### 4. کۆچەرییان

پرسی کۆچەرییان تەنیا لە گفتوگۆکانی لۆزان و لە یاداشتەکاندا هێمای بۆ کراوە، کە پێشکەش بە کۆمەڵەی نەتەوەکان کراوە بە پەیوەندی لەگەڵ سەرژمێریی دانیشتواندا، ئێمەش پێشتر هێمامان بۆ ئەمە کردووە.

بەهەرحاڵ، لیژنەکە بە پێویستی زانی هەندێ خەمڵاندن بە گوێرەی ژمارەی کۆچەرییانەوە دیاری بکات، هەواری زستانە و هاوینەیان، ئەو رێگایانەی دەیگرنەبەر و سروشتی کۆچکردنیان، ئەوەمان زانی، کە هەردوو کۆچەرییانی عەرەبی بیابان و کوردی چیاکان، سنوورەکان تێدەپەڕێنن و هەندێکیان پەیوەندیان هەیە و کەسوکار و خزمەکانیان لەناو خێڵە نیشتەجێکاندایە و لە هەردوو بەری سنووردا دەژین. هەروەها ئەوەشمان بۆ دەرکەوت، کە پێویستە دڵنیابین لەو ناوەندە بازرگانیانەی، کە لەلایەن ئەم خێڵانەوە سەردانی کراوە.

لیژنەکە لەبارەی هەموو ئەم خاڵانەوە پرسیاری لە هەردوو حوکومەتەکە کرد.

حوکومەتی بریتانیا وەڵامێکی زۆر دوورودرێژی لەبارەی هەموو پرسیارەکەوە بۆ ناردینەوە، هەروەها زانیاریش لەبارەی خێڵە جیاوازەکانەوە. ئێمە تەنیا کورتەی خاڵە پێویستەکان دیاری دەکەین.

هەواری زستانەی کۆچەرییە کوردەکان، کە بەشێکی زۆری ساڵ (نزیکەی دوو بەش لە سێ بەشی ساڵ) وەکو خانو وماڵی هەمیشەیی دادەنرێت. کۆچکردنیان تەنیا گەشتە بۆ گەڕان بەدوای لەوەڕگەی بەرزتر یان زیاتر سەوز لەکاتی مانگەکانی مەی/مایس و جون/حوزەیران و جولای/ تەموز و ئۆگۆست/ئاب.

کۆچەرییە کوردەکان رێگەوبانە رێکوپێکەکان دەگرنەبەر و لەمەدا لە کۆچەریی عەرەب جیاوازن، کە کۆچکردنیان زۆر ناوێزەیە.

کۆچەریی کورد تەنیا لەوەدا لە کوردە نیشتەنیەکان جیاوازن، کە دوو ماڵیان هەیە-یەکێکیان لە دەشتەکاندا یان لە دۆڵە مەزنەکاندا لە نێوانی چیاکاندا، کە لە سێپتەمبەر/ئەیلولەوە تا ئەپریل/نیسان تێیدا دەمێننەوە و ئەویتریان لە داوێنی شاخە بەرزەکاندا و بەتایبەتی گردە بەرزەکان، کە هاوینی تێدا بەسەردەبەن.

ژمارەیەك لەم خێڵانە، لەلایەن حوکومەتی عێراقەوە هان دراون بۆ کشتوکاڵ کردن، کە تا رادەیەك بوون بە، یان دەبن بە نیشتەنی لە هەوارەکانی زستانەیاندا، لەو شوێنانە موڵك دەکڕن و گوندەکان بینا دەکەن. بەڵام هەندێ بەشیان ناوبەناو بەردەوامن لە کۆچکردن.

بەگشتی ئەوانەی زستان لە رۆژئاوای زێی گەورە بەسەردەبەن، لە هاویندا دەچن بۆ شاخەکانی سەر سنوورەکەی، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشنیار کراوە. ئەوانی تر بەسەر سنوورەکاندا تێدەپەڕن بۆ ناوچەی تورکیا. ئەوانەشی لە زستاندا لە رۆژهەڵاتی زێی گەورەدا هەڵیانداوە دەچن بۆ وڵاتی فارس.

لە راستیدا ئەو چەند بەشەی، کە بەسەر سنوورە پێشنیارکراوەکەدا تێدەپەڕێت هیچ کێشەیەك نە بۆ تورکیا و نە بۆ عێراق دروست ناکەن. کاتێ، کە سنووری نێوان تورکیا و ئێران دیاریکرا، بڕگەیەکی تایبەتی خرایە پەیماننامەکەوە بۆ پەیڕەویکردنی لە هەر پرسیارێك، کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئەو کۆچکردنانەی کۆچەریەکاندا قوتبێتەوە.

بڕگەکە وەك ئەمەی لای خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

" لەسەر ئەوە کۆکین، خێڵە تورکەکانی، کە راهاتون بە بەسەربردنی هاوین لەم دۆڵانەدا، لە سەرچاوەکانی گادیر و لاڤەنە بەردەوام دەبن لە بەکارهێنانی ئەم لەوەڕگەیانە وەك لەوەبەر."

کۆچەریە کوردەکان، ئەوانەی هەموو ساڵێك دوای هەمان رێگەوبان دەکەون و سەردەکەون و لە هەمان لەوەرگەوە دێنەوە خوارەوە، سەرپەرشتیکردنیان زۆر ئاسانترە لەچاو کۆچەرییە عەرەبەکان، کە دەوارەکانیان لە هەمان شوێندا بۆ دوو ساڵی لەدوای یەك دانامەزرێنن.

ئەمە بینراوە لە حاڵەتی سنووری عێراق-سووریا چەندین ناکۆکی بەرپا بووە لە ئەنجامی دیاریکردنی سنوورەکە- بە هەرحاڵ بە شێوەیەکی ئاشکرا- بەناو بیابانی عەرەبیدا. بۆ ئەو مەبەستەش، ئەو هێڵی سنوورییەی لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە پێشنیارکراوە بەناو بیاباندا- ناوچەیەکە، کە خێڵە عەرەبەکان پێیدا کۆچ دەکەن- بەکارنایەت و ناجۆرە. کوردەکان ژمارەیەك دەربەندی ناودار بەکاردێنن، بۆیە ئاسانە چاودێری بکرێن. حوکومەتی تورکیا تێبینی یەکەم ئەوە دەکات، کە خێلێکی کورد نییە لە ویلایەتی موسڵ نیشتەجێ بێت، بەشە شاخاوییەکە جێبهێڵێت بۆ ئەوەی دابەزێ بۆ دەشتەکانی میسۆپۆتامیا، یان ناوچەی تورکی-کوردی لە نەخشەی پاشکۆدا (نەخشەی کۆمەڵەی جیۆگرافی مەلەکی) جێبهێڵێت تا بپەڕێتەوە بۆ ناوچە عەرەبییەکە، کە کەوتۆتە ئەوپەڕی باشوورەوە.

حوکومەتی تورکیا دوای ئەوە زانیاری بە گوێرەی ناوەندی بازرگانییەوە دا، کە خێڵە جیاوازەکان راهاتبوون بە سەردانکردنی، جگە لە جاف، زەیدەکی، ئەتروش، هەرکی و هەجان، کە نیمچە کۆچەرین، هەموو خێڵە کوردەکان بە کردەوە نیشتەنین. بە پێچەوانەوە خێڵە عەرەبەکان بە کۆچەری دەمێننەوە.

هەردوو حوکومەتەکە زانیاری تەواویان لەبارەی ژینگەی زستانە و هاوینەی کۆچەریە جیاوازەکان پێشکەش کردین و ئەو رێگایانەش، کە لەکاتی کۆچکردنیاندا دەیگرنەبەر. روانیمان، ئاسانترە ئەو داتایانە لە نەخشەکانی بەراوردکاریدا بەرهەم بێنینەوە (نەخشەی 8) و نەخشەی سێیەمیشی بخەینە سەر، کە زانیاریەك دەدات، کە ئێمە لە تواناماندایە راستەوخۆ کۆیانبکەینەوە لەبری ئەوەی بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دەست بکات بە جیاکردنەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر، کە زۆر جار گەلـێ گرانە لەسەر نەخشەی تۆبۆگرافیا جیایبکەیتەوە (نەخشەی 8). ئێمە تەنیا ئەو خێڵە کوردانە ناو دەبەین، کە حوکومەتی بریتانیا هێمای بۆ کردوون: شەریفان، زەیدەك، گاڤدان، ئەتروشی و محەمەدان، سەیدان، جیرافی، سورکی، کاشووری و هەجان، هەموویان تایبەتن بە

یەکێتی ئەرتوشییەوە. هەرکی خایلانی، پیران، پشدەر، ئاکۆ و بۆڵی، ئیسماعیل ئوزێری، بڵباس و جافەکان.

حوکومەتی تورکیا، هێمای بۆ ئەم خێڵانەی لای خوارەوە کردووە وەك ئەوە، کە کۆچەرین.

- کوردەکان: ئەرتوشی، هەجان، سورکی، هەرکی و جافەکان.
- عەرەبەکان: شەمەڕ، ئال عوبەید و قەسییە.
- تورکەکان: کاکەیی، زەنگەنە و دەلەف، بەیات و تاتراڵ.

نەخشە هاوپێچەکە ئەو زانیاریانە پێشان دەدات، کە تایبەتە بە ژینگە و ڕێگاوبانی کۆچکردنەوە، کە لەلایەن هەردوو حوکومەتەکەوە پێشکەش کراوە و تا رادەیەك لە وردەکاریدا جیاوازن. هەروەها لە زانیاری تریشدا جیاوازن، کە ئێمە خۆمان دەتوانین دەستبەجێ لە سەرچاوەکەیەوە کۆیبکەینەوە. بەڵام بە هەرحاڵ، ئەم جیاوازیانە چەند گەورە بێت، لەبەر دوو هۆ گرنگیەکی بنەڕەتی نییە.

هەموو کەس دەزانێت، کە کۆچەریی کورد سنووری شاخەکان دەبڕن، وەك دیاریکراوە لەگەڵ وڵاتی فارسدا و هەروەك حوکومەتی بریتانیا پێشنیاری ئەوەشی کردووە، کە لەگەڵ تورکیاشدا بیچەسپێنێت. هۆی دووەمیش: ژمارەی کۆچەریەکان لەم دواییەدا تەواو کەمی کرد- بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی رابردوودا-، کە کۆچەریی کورد تەنیا ڕێژەیەکی سەدی زۆر بچوك لە دانیشتوان پێکدەهێنێ.

دابونەریتی کۆچەریی کورد بە شێوەیەکی فراوان جیاوازن لە عەرەبەکانی بیابان. عەرەبەکان ئەسپ و وشتر و مەڕ پەروەردە دەکەن. ئەوان کشتوکاڵ ناکەن، بە بیاباندا بەپێی بارودۆخی گۆڕاو و باری کەشوهەوا دەگەڕێن، کە لە ساڵێك بۆ ساڵێکی تر هەمان شوێن و هەمان لەوەڕگە نامێنێ و دەگۆڕێت. ژیانی کۆچەریی عەرەب بەگشتی بەندە لەسەر دیاردە سروشتیەکان، کە ژیانی خۆی لەسەر راهانیوە، بەڵام هەرگیز ئەوە نازانێ وەرزی دابێت لەکوێ دەبێت و دەوار و هەموو کەلوپەلەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و دەیگوێزێتەوە.

کەچی کۆچەریی کورد هەواری زستانەی دیاریکراوی خۆی هەیە، هەروەها هەوار و لەوەڕگەی هاوینەش. هەرچەند خێڵە عەرەبەکانی بیابان مافیان هەیە لەسەر ناوچەی لەوەڕگەکان و بیرەکان، بەڵام ئەم ناوچانە گەورەترن لەوەی بە ڕێکوپێکی سەردانی بکرێت.

پێشنیارەکەی بریتانیا زۆر ورد نییە، کاتێ دەڵێت، کە کۆچەریی کورد تەنیا لەگەڵ کوردی نیشتەنیدا جیاوازە بەو راستییەی، کە دوو ماڵیان هەیە لەجیاتی ئەوەی وەك کوردێکی نیشتەنی، کە یەك ماڵی هەیە. لە ئاستی یەکەمدا، ناتوانرێ پێناسەیەکی روون و ئاشکرا بدرێ بە کۆچەریی کورد، کە بۆ هەموو خێڵێك و هەموو قۆناغەکان بگونجێ، لەبەرئەوەی ئەوە دیاردەیەکە و دەگۆڕێت. پێشکەوتنێکی وردە وردە هەیە بەرەو حاڵەتی زیاتر نیشتەجێبوون. ئەم ئارەزووی بوون بە نیشتەنیە بەشێکی سروشتیە و بەشێکی دروستکراوە، لەبەر ئەوەی لە هاندانی حوکومەتەکانەوە سەری هەڵداوە. ئێمە دەزانین حوکومەتی تورکیا لەو رووەوە هەوڵیداوە، کە پێکهاتەی خێڵەکی لاواز بکات، بۆ ئەوەی دەست بەسەراگرتن و توانای زیاتر راستەخۆی حوکومەت بەسەر خەڵکیدا هەبێت و هەروەها بۆ بەرفراوانکردنی ناوەندی زەویوزاری کشتوکاڵی. حوکومەتی عێراقی هەمان سیاسەتی بۆ هەمان هۆ سیاسەکان بەرجەستەکرد.

نیشتەجێبوونە تایبەتیەکانی خێڵەکان وەك لای خوارەوەیە:

کۆچەریی زەوی لەو شوێنانەی هەواری زستانەی لێ هەڵداوە دەکرێت و هەروەها لەو شوێنانەش، کە هەواری هاوینەی لێهەڵدەدات. بۆ کۆچەریی راستەقینە، هەرچۆن زەوی هەوارەکەی هەیە، کە تا رادەیەك دەتوانرێ لەسەر نەخشە دیاری بکرێت- بە واتایەکی تر، ئەوانە هەمیشە لە هەمان ناوچەدان و زۆر جاریش بە ویژدانەوە دیارییان کردووە- لەوەرگەکەی بەگشتی تەنیا کرێیە، هەروەها ئەوەش راستە، کە هەندێ جار تایبەتە بە سەرۆکی خێڵە کۆچەریەکان خۆیانەوە. دوابەدوای پرۆسەی بەرەوپێشچوون لە هەندێ بارودۆخدا، بەشێك لە خێڵەکە نیشتەجێ بووە، لەکاتێکدا بەشەکەی تر زستان لەگەڵ بەشە نیشتەنیەکەدا بەسەردەبات و بەڵام بە کۆچەریی دەمێنێتەوە. خێڵ هەن، لە

هەندێ دەوروبەردا بە تەواوی نیشتەجێ بوون. لە بارودۆخی تردا بەشێك لە خێڵێك رازییە لە شوێنی هەوارە کۆنەکەی زستاندا نیشتەجێ بێت، لەکاتێکدا بەشەکەی تری هەمان خێڵ لە شوێنی هەواری پێشوی هاوینەدا نیشتەجێ بوون.

قۆناغێکی دواتر هەیە، کە تێیدا بەشێکی کۆچەریی خێڵەکە، کە هەمیشە، بەو بۆنەیەوە، مەڕومالآتی ئەندامانی نیشتەنی خێڵەکەش لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ لەوەڕاندن، ئیدی ئەمانە وردە وردە کەم دەبنەوە، تەنانەت ئەو بەشە کۆچەرییە ناتوانرێت پێیبوترێت بەشێکی کۆچەریی، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵێك شوانکارە زیاتر نین، کە سەرۆکاری لەوەڕاندنی ئاژەڵ دەکەن. ئەو شوانانە سەرەتا رانی خێڵەکە لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، بەڵام دواتر هەروەها مەڕومالآتی گوندنشینەکانیش دەبەن، کە لە نزیکی شوێنە کۆنەکەی هەواری زستانەیانەوە دەژین، یان بەو ناوەدا بڵاوبوونەتەوە. پاشان مەڕومالآتی خاوەندارە گەورەکانیش لەگەڵ خۆیان دەبەن، لەو شارانەی، کە پێیدا تێدەپەڕن.

کۆچەریی کورد، تەنانەت کاتێ، کە تەواو کۆچەریشە، هەر زۆر جیاوازە لە کۆچەریی عەرەب. کۆچەریی شاخاوی ملکەچە لە دیاریکردنی رێگەوباندا بەگوێرەی سەختی وڵاتەکە و بەناو ئەو شوێنەی، کە دەبێ پێیدا تێپەڕێت. هەروەها پێویستە رێگاوبانی خۆی شارەزابێت و زانیاری باشی هەبێت لە ناوچەی ژینگەکەی، لە زستان و لە هاویندا، لەناو شاخەکاندا، کە پڕە لە سەختی و مەترسییەکان. ئەوان کاتێ، کە دەڕۆن کەلوپەلێکی کەم، کە بیتوانن لەگەڵ خۆی دەبەن، بۆیە هەمووساڵێك هەواری زستانە بۆ هەمان شوێن دەگەڕێتەوە و دەوارە سەنگینەکانیان لەلای نیشتەنیە ناسیاوەکان، یان هاوڕێیانی هەمان خێڵ، یان گوندەکانی ئەو دەوروبەرە جێدەهێڵن.

بۆ وەرزی هاوین دەوارە سوکەڵەکان هەڵدەگرن و هەندێ جاریش تەنیا سەرۆك خێڵ دەواری هەیە. هەندێ خێڵ ناوەندێکی تەختی شوێنی کۆبوونەوەیان هەیە، کە گوندە بچوکەکانی ناو هەردوو شوێنی هەواری زستانە و هەواری هاوینەن. لە ئەنجامی ئەم پرۆسەی نیشتەجێبوونەدا، ژمارەی کۆچەرییان بەئاسانی زۆر کەمی کردووە. ئەوە

پرۆسەیەکە، کە کاتێ دەستی پێکرد- بەتایبەتی کاتێ هاندرا- ئیدی بارودۆخی کۆچەرییان زۆر زۆر سەخت بوو.

لە هەرکوێ کۆچەریزم و ئاژەڵداری هەبێت، شان بە شانی زەوی کێڵاندن و کشتوکاڵ، ئیدی ناکۆکی بەرپا دەبێت، بەڵام ئەو شێوازەی پەنای بۆ دەبەن هەمیشە ئاشتیخوازانە نییە. لە ساڵە خراپەکاندا کۆچەرییان ناچاردەبن ماڵاتەکانیان بۆ دوورتر بەرن بۆ گۆڕینەوەی چەندێتی بە جۆرێتی لە لەوەرگەکاندا. هەمان شت بەگوێرەی شوێنە جێگیرەکانیشەوە روودەدات، شوانی ئاژەڵەکان دەستدرێژی دەکاتە سەر موڵك و ماڵی جوتیاران- زەوی کشتوکاڵ کراو و دانەوێڵەی گەنمەشامی- هەروەها لەبەر ئەوەی نیشتەجێبووەکان دەستەڵاتی کارگێڕی پارێزگارییان لێدەکات، ئیدی کارێکی ئاسایی دەبێت، کە کۆچەرییەکە تاڵاوەکەی بچێژێت.

بەڵام، ئەوە تەنیا هۆ نییە، کە هاوبەشی کردبێت لە کەمکردنەوەی کۆچەریی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا. جەنگە مەزنەکەش کارەسات بوو بۆ کۆچەرییەکانی کورد، کە لە باکووری ناوچەی ناکۆکیەکە و ناوچەکانی دەوروبەر دەژیان، هەروەها ئەوانەشی، کە لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون لەوە بەدەر نەبوون. لەکاتی جەنگدا، کاتێ سوپای رووس تا سنووری جۆلامێرك هات، نەرڤا و فاراشین، کاتێ (ئۆرامار)یان سوتاند و پاسەوانەکانیان گەیشتنە هەرکی لەلای ئامێدییەوە، کوردێکی زۆر، بەتایبەتی شەرافان، شیدا، مەرگەوەڕ و شوکاکی، لە زاخۆ و رەواندوزەوە دێنەخوارێ بەرەو گردەکان و دەشتەکانی دوهۆك، موسڵ و ئەربیل. ئەمە لە کاتی زستانێکی زۆر سارد و سەختدا روودەدات، هەروەها دەواریان بۆ ماوەیەکی زۆر نەبووە، ئەو خەڵکە نارەحەتی زۆریان کێشاوە. دەڵێن سێ بەشیان لە سەرما و نەخۆشیدا لەناوچوون. هیچ لەوەڕگەیەك نەماوە و ئاژەڵەکانیان مرداربوونەتەوە، هەروەها ئەو تاڵانیەشیان لەدەست دا، کە لە شاخەکاندا لە مەسیحیەکانیان زەوتکردبوو، تەنانەت لەسەر رێگەی ئەربیل بۆ رەواندوز لە (دێرا هەریر) گۆڕستانێکی گەورەی لێیە.

هەروەها، وەك لە میانەی (ماسۆن)ەوە، کە (گۆڤارێکی جیۆگرافییە- ناوەندی کوردستان، 1919) دەزانین، **هێزی ئەرمەنییەکان، کە لە پایزی 1916دا لەگەڵ رووسەکاندا بوون، نزیکەی 5.000 پیاو و ژن و منداڵی کوردیان کوشت و فڕێیان دانە ناو کەندەڵانەکانی گەرووی رەواندوزەوە.**

ئەوەی سەرەوە یارمەتی روونکردنەوەی ئەوەمان دەدا، کە ئێمە چەندە زانیاری زۆر جیاوازمان لە داتاکانی پێش جەنگ کۆکردۆتەوە، کە پەیوەندی بە ژمارەی کوردە کۆچەرییەکانەوە هەیە. بۆ نمونە (سێر مارك سایکس) ژمارەی 3.000 خێزان بۆ (شەرافان- ئەرتوشی) لە لیستەکەیدا لە خێڵەکانی کورد دیاریدەکات (گۆڤاری ئەنستیوتی ئەنسرۆپۆلیجیای مەلەکی، 1908)، کە بەڵگەیەکی زیاتر باوەڕپێکراوە لەبارەی ئەو خێڵانەوە. ئێمە لەلایەکی ترەوە، بە دەمیی پێیان راگەیاندین، کە خێڵەکە تەنیا 200 خێزانی کۆچەریی لە مەسەلەی محەمەدان، ژمارەکان لەدوای یەك 200 خێزان و 50 خێزانە، بۆ گاودان 300خێزان و 60خێزان، بۆ هەجان 500 خێزان و 300 خێزان بۆ هەرکی، سایکس ژمارەی 3.000 خێزانی داناوە. 200 خێزانی کۆچەریی بۆ ئێمە بەیانکراوە، بەڵام زانیاریەکان بە سەختی باوەڕی پێدەکرێت. (های) لە کتێبەکەیدا لە دوای جەنگ باسی 20.000 کەس دەکات، 8.000 لەوانە لە هەواری زستانەدان لە نزیکی (دێرا).

بارودۆخی خێڵی گەورەی نیمچە کۆچەریی باشوور-جاف — زۆر جیاوازە. ئەوان لە کاتی جەنگدا ناخۆشییان نەچەشتووە و رێکخراویی خێڵەکە هەمیشە بەهێزتر بوون و زۆرتر یەکگرتوو بوون لە بەراوردا لەگەڵ زووربەی خێڵەکانی تری کورد. (سایکس) دایاندەنێ بە 10.000 خێزان و راپۆرتێکیش دراوە بە ئێمە، کە 12.000 جەنگاوەریان هەیە، بەوەش ئەو ژمارانە کەم تا زۆر هاوتایە.

بە کورتی، ژمارەی کوردە کۆچەرییەکان بەخێرایی لە کەمبوونەوەدایە و سنوورکێشانیش نابێتە کۆسپێك نەتوانرێت بەسەریدا زاڵبێت، چونکە کورد رێگاوبانی کۆچکردنی تایبەتی جێگیری هەیە. پرسی کۆچەریی ئەوەندەی پەیوەندە بە کۆچەریی

کوردەوە، زۆر کەم بایەخە لە ناکۆکیەکەدا. ئەوەندەش، کە پەیوەندە بە کۆچەریی عەرەبەوە، لەو بڕوایەداین، کە راپۆرتەکانی حوکومەتی بریتانیا دەربارەی سەختی سنوور کێشان بەناو ئەو خاکەی، کە کۆچەرییان بەدوای لەوەڕگەکاندا دەگەڕێن تا رادەیەك زیادی پێوە نراوە. لە راپۆرتی ئەم دواییەدا لەسەر کارگێڕی عێراق (1923-1924) ئەوەمان خوێندەوە، کە دەکرێ، تەنانەت لەسەر سنووری عێراق- سووریا، بگەنە رێکەوتنێك، کە ئەوپەڕی کاریگەریی لەسەر ئاشتی و ئاسایش هەبێت تا ولاتەکە ببێتە شوێنی نیشتەجێبوونی خێڵەکانی بیابانیش (لاپەڕە 39-41).

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کە ئەم سنوورە هێڵێکی راستە و بە هیچ شێوەیەك سنووری سروشتی یان رووی رێکوپێك لەبەرچاو نەگیراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێڵەکە تەواو نادیارە، بە دوورودرێژی جێگیرنەکراوە و لە هەموو لایەکی درێژیەکەیدا زۆر نادیارە. بۆیە لە هەندێ شوێنیدا نە خێڵەکان و نە دەستەلاتەکانیش ناتوانن سنوور دەسنیشان بکەن و جیایبکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دوای ئەوەی دانوسانێکی تەواو ئالۆز بە نێتی باش و گیانی یەکسانی کرا، مەندوبانی سامیی سووریا و عێراق لە فێبریوەری/شوبات/1924دا سەرکەوتووبوون لە پێکهێنانی دادگایەکی ناوبژیوان، کە بریتی بن لە دوو نوێنەری کارگێڕی و خێڵە جیاوازەکانی هەردووبەری سنوورەکە. ئەم دادگایە لە توانایدا بوو بگاتە بڕیار لە مەسەلە تەواو گرنگەکاندا، ئەو بڕیارانەی، کە -ئەمەش خالێکی پێویستە- لەلایەن خێڵەکانەوە پەسەند و تێبینی کراون.

بەو پێیە پرسی عەرەبە کۆچەرییەکان هەروەها ئەوە نییە، کە پێویست بێت سنوورێکی دیاریکراوی بۆ بکێشرێت. ئەوەی، کە عەرەبە کۆچەرییەکان بەگشتی دەیانەوێت، لەسەرو ئەوەشەوە، هەموو پرسەکان چارەسەردەکرێ و هێڵە سنووریەکانی نێوان تورکیا و عێراق، عێراق و سووریاش جێگیردەکرێت. ئەوەش یارمەتی خێڵی شەمەر و خێڵەکانی تر دەدات، کە دیسانەوە وەك جاران گەرمیان و کوێستان بکەنەوە، زۆرتر بەرەو باکوور، تەنانەت تا ئەوپەڕی سنووری نیسێبین.

لەوانەیە راپۆرتەکەی تورك، کە دەڵێت خێڵی شەمەر خەڵکی ئەم ناوچەیە نین، بەڵکو لە دەوروبەری نەجدەوە هاتوون، ئەمە لەوانەیە هەڵەبێت. راستە لە بنەچەدا شەمەر دەگەڕێتەوە بۆ نەجد، بەڵام، ئەگەر زانیاریەکانمان راست بێت، ئەو خێڵانەی دەپەڕینەوە بۆ ناوچەی ناکۆکیەکە، بەر لە دوو سەدە نەجدیان جێهێشتووە و لە زستانیشدا لە ناوچەی دەشتە پانوبەرینەکانی عێراق زیاتر ناکشێنەوە بەرەو باشوور — بە واتیەکی تر ویلایەتی بەغدای پێشو.

ئێمە هێشتا لە پرسی تورکە کۆچەرییەکانداین.

حوکومەتی بریتانیا لە وەڵامدانەوەی ئەم دواییەیدا دەڵێت کۆچەریی تورك نییە و ئەو خێڵانەی حوکومەتی تورکیا وەك نمونە دیاریکردوون- زەنگەنە، دەلەڤی، بەیات، تاتراڵ و کاکەیی- نە تورکن و نە کۆچەرییشن.

ئێمە پێشتر باسی پرسی نەتەوەیی ئەو خێلانەمان کردووە. بەگوێرەی دابونەریتی کۆچەرییانەوە، تێبینی ئەوەمانکرد، کە زەنگەنە و بەیات و دەلو (دەلەڤ) نیشتەجێن. زۆر جار لە بەهاردا دەچنە دەوارەوە، بەڵام هەرگیز لە ماوەی دوو یان سێ کیلۆمەتر زیاتر لە گوندەکانیانەوە دوور ناڕۆن. خێڵێکی زۆری کورد هەن، کە لە بەهاردا گوندەکان جێدەهێڵن، مەڕومالاتیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن تا بەدووریان بگرن لە زیان گەیاندن بە کێڵگەکانی جۆ و گەنمەشامی. هەروەها کاکەییش نیشتەجێیە، لە لیوای- پارێزگای کەرکوك لە شەش گوندا کۆبوونەتەوە، کە 10-40 ماڵ دەبن. کۆی گشتییان لە 1.000 کەس تێناپەڕێت. کاتێ، کە سەردانمان کردن نزیکەی هەموویان لەسەر هێڵی ئاسنی کفری — کەرکوك بوون. لە دەوروبەری گوندەکانیشیان زەوی کشتوکاڵی باش و ژمارەیەك رانە مەڕومالاتیان هەیە. ئێمە هیچ خێڵێکی تاترالمان نەبینی و نوێنەرەکەی تورکیش نەیتوانی یەك دانەمان پێشان بدات.

- **رەفتار و وێکچوونە نەتەوەییە جیاوازەکان.**

1) **کورد**

**بێگومان گەورەترین بەشی دانیشتوانی ناوچەکانی ناکۆکیەکە کوردە (ئەوان نزیکەی پێنج لە هەشت بەشی کۆی گشتین). لەبەرئەوە کورد لە رووی ژمارەوە فاکتەرێکی زۆر گرنگە. هەروەها فاکتەرێکی سەرنج راکێشەرە، چونکە نە تورکن و نە عەرەبن و پرسی بنەچە و مێژوو و پەیوەندی رەسەنایەتیان بە نەتەوەکانی ترەوە، کە لە چواردەوریانن، بێگومان لە پرسە هەرە گرنگەکانە.**

یاداشتەکانی بریتانیا ئەوە ئاشکرا دەکات، کە کورد ئێرانین و لە هەمان خوێنی تورك نین، لەبەرئەوەی لە راستیدا نزیکایەتیەی لەگەڵ تورکدا وەك ئەو وێکچونە کەمەی نێوان تورك و چاینی- صینی وایە، ئەوان بە زمانی ئێرانیەکان ئاخاوتن دەکەن، کە راستەوخۆ پەیوەندی دەکەن، یان تەنانەت زمانەکەیان دیالێکتێکە لە فارسی. ئەوان لە هەموو داب و نەریت و هەڵسوکەوتێکیاندا لە تورك جیاوازن- بە شێوەیەکی تایبەتی، ئاستی ژنەکانیان زۆر جیاوازە. هەروەها لە یەکێ لە یاداشتەکانی بریتانیادا هێما بۆ جیاوازی دەرکەوتنی سروشتی نێوان کورد و تورك دەکات، دەڵێت ئەو جیاوازییە ئەوەندە گەورەیە، کە هەموو گەشتیارێك لە یەکەم تێڕوانینەوە دەتوانێ لە یەکیان جیابکاتەوە. یاداشتەکان ئەوەش دەڵێت، کە کوردەکانی ناوچەکانی ناکۆکیەکە سۆزی هاونەتەوەیان بەرامبەر هاونیشتمانیان لە وڵاتی فارس زیاترە لەوانەی لە ناوچەی تورکیادا دەژین.

یاداشتەکانی تورکیا دەڵێت، کە کورد ئێرانی نییە، بەڵکو دەچنەوە سەر بنەچەی تۆرانیان. بۆ ئەوەش پشت دەبەستێ بە ئینسکلۆپیدیای بریتانیا، کە باسی (کودو) دەکات، ئەوانەی لە زۆر کۆنەوە لە چیاکانی وڵاتی ئاشووریدا نیشتەجێ بوون، وەك تۆرانی جیاکراونەتەوە. هەروەها حوکومەتی تورکیا ئاشکرای دەکات، کە لە نێوان تورك و کورددا جیاوازی نەتەوایەتی، یان ئایین، یان دابونەریت نییە، چونکە لە بنەچەیەکن، هەرچەند بە دوو زمانی جیاواز دەدوێن.

یاداشتەکانی بریتانیا وەڵامیدایەوە، یەکەم، ئینسکلۆپیدیای بریتانیا لە هەڵە بەدوور نییە و رۆڵی تەنیا رای دەستەڵاتێکی تاك و تەنیای سەرچاوەیەك دەبینێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە دەستەڵاتەکانی تر لە دیدێکی جیاوازەوە دەیبینن. یەکێ لە وەڵامدانەوە زۆر نوێکانی حوکومەتی بریتانیا زانیاریەك دەدات، کە لە وتاری (کوردستان) لە ئینسکلۆپیدیای بریتانیاوە وەرگیراوە " پاش روخانی نەینەوا ئەوانەی (گودو) لەگەڵ میدەکان بوون بەیەك و لەگەڵ هەموو ئەو نەتەوانەی لە بەرزاییەکانی ئاسیای بچوك و ئەرمینیا و وڵاتی فارسدا نیشتەجێن، بوون بە یەك و وردە وردە بوون بە (ئارییەکان) بەهۆی کۆچکردنەوە لەم قۆناغەی مێژووی خێڵەکان بە ژمارەیەکی هێجگار زۆر، کە لە هەر گۆشەیەکەوە هەڵقوڵابێتن، بە دڵنیاییەوە دەچنەوە سەر خێزانی ئارییەکان".

یاداشتەکەی بریتانیا ئاشکرای کرد، کە ئەوەی لە ئینسکلۆپیدیادا هاتووە لەجیاتی ئەوەی راستی بسەلمێنێت، کەچی بەرپەرچی بەڵگەکانی تورکیا دەداتەوە. لەوەش زیاتر، هێمای ئەوەش دەکات، کە وشەی "کورد" لە "کاردۆ" یان "گاردۆ"وە گەردانکراوە، ئەمەش هیچ ناسەلمێنێت، ئەم وشانە لە ئاشووریدا بە واتای (دانیشتوانی چیاکان) دێت و لەوە ئەچێ کوردەکانی ئێران ئەم ناوەیان لەوەوە بۆ مابێتەوە، کە ئاشووریەکان ئەوانیان پێناوبردووە، تەنانەت بەرلەوەی کورد ببێتە چیانشین.

ئێمە ناتوانین زۆر بە وردی و دیاریکراویی بۆچوونێکی تەواو دڵنیا لەسەر بنەچەی کورد پێشکەش بکەین- کێشەکە بۆ ئێمە لەوەدەچێ، کە نە تەواو روونە و نە زۆر سادەشە بتوانرێ چارەسەرکرێت.

وادیارە دانیشتوانی خێڵە رەسەنەکانی، کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە لەناو ئەو چیایانەدا ژیاون، کە دەڕوانن بەسەر ئیمپراتۆریای ئاشووری، بابل و بەرزاییەکانی ئێراندا، هەندێ لە باووباپیری کوردەکان پێکبهێنن- بە واتایەکی تر، هەروەها بنەچەی نەتەوەی کورد، یان پێکهاتەکەی، ئەو توخمەش دەگرێتەوە. تەختە بەردە مسماریەکانی ئاشووری و بابلی هێما بۆ شاخەوانان دەکات، کە لەوانەیە دانیشتوانی سەرەتایی چیاکان بن، وەك

"گوتو" و "گوتی"، واتە بەگشتی، دانیشتوانی ئەو ناوچانەی ئەمڕۆی وەك خانەقین، کفری، کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەریانی پێدەناسرێت. پاشاکانی ئاشووری بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دژی ئەم خێلانەی چیا جەنگاون و ئێمە ئەوە دەزانین، کە دوا هێرشیان گەیشتووەتە بابل، تەنانەت پێش کاتی حامورابی.
ئینسیکلۆپیدیای بریتانیا و هەروەها ئەو پەیڕەونامەیەی لە بەشی مێژوویی وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی 1920، (ژمارە 62، ئەرمینیا و کوردستان، لاپەڕە 4) دەڵێت، کە ئەو خەڵکانە (گودو) لە بنەچەی تۆرانین و پاشان بوون بە ئاریی. ئێمە بەڵگەی بێگومانمان لەبارەی بنەچەی تۆرانی ئەو خەڵکانەوە لەبەردەستا نییە، لە راستیدا ئێمە هێشتا ناتوانین هیچ بیرێك بە دڵنیاییەوە بەگوێرەی بنەچەیانەوە بە دەست بهێنین.
سێر هێنری هاوەرز- *Sir Henry HOWORTH* (گۆڤاری جیۆگرافیا، فێبریوەری/شوبات 1924، لاپەڕە 93)، لە وتووێژێکدا، کە لەلایەن کۆمەڵەی جیۆگرافیای مەلەکی لە لەندەن سازکراوە، رای خۆی دەربڕیوە، کە هەموو چیانشینەکان- لە دەوروبەری ناوچەی تفلیسەوە بەرەوخوار بۆ ناوچە شاخاویەکانی بەشی باشووریی، کە ئێستا بە لوڕستان دەناسرێ- لە سەردەمەکانی پێشوی مێژووییدا تاکە نەتەوەیەك پێکهاتبوو، کە زمانەکەیان لەوانەیە ئەوە بێت لەسەر نەخشەکانی (وان-ڤان)ە، کە لەلایەن پرۆفیسۆر (سەیس)ەوە خوێندراوەتەوە. دوای ئەوە، لەوانەیە باشوور زمانەکەیان گۆڕابێت بە زمانی ئاریی و ئەوەش لەژێر کاریگەریی دەستورێکی بیانیدا، ناوەند بە خێڵە ئەرمەنیەکان داپۆشرابوو، تەنیا باکوور پارێزگاری لە زمانە بنەڕەتیەکەی خۆی کرد، کە لەوانەیە زمانەکەیان، زمانی جۆرجیای هاوچەرخ بێت. لەو کاتەوە زووربەی بۆچوونی زۆر باوەڕپێکراو لەوە دەچێ بیردۆزی سەربەخۆیی تەواو لە کۆمەڵەی زمانەوانی جۆرجی پەسەندکراوبێت، بۆیە ئیدی ئەوە راست نییە باسی بنەچەیان وەك تۆرانی بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، مەحاڵە بەڵگەیەکی تەواو لەبارەی یەکگرتنی بنەچەی نەتەوە شاخاویەکانەوە بدۆزێتەوە، کە لەنێوانی تفلیس و زەریاچەی وان و ناوچەی خانەقیندا نیشتەجێن. پێدەچێ بەرای سێر مارك سایکس پیکۆ-

**تەنیا کورد لە ناوچەکانی نێوان زەریاچەی وان و زەریاچەی** *Sir Mark Sykes-Picot* **ورمێ و دیجلە و دەشتەکانی عێراقدا نیشتەجێ بوون و لە هەمان بەرەبابی پێشینەوە هاتون- واتە کاردۆچیی گەزنەفۆن، یان زەنەفن.**

ئەو کاردۆچیانە، (گۆردواییە)ی (ستراب‌ۆ) و نووسەرەکانی پێشو تر، دەڵێن لە چیاکانی باکووری موسڵ ژیاون، بەڵام لە گەرووی زاخۆدا بوو هێرشیان کردە سەر 10.000 جەنگاوەرەکەی گەزنەفۆن. لەم دواییەدا وتوویژێکی تەواو لەبارەی ناسینەوەی کورد و کاردۆچیەکانەوە کراوە. (( *NOLDEKE in Festschrift fur H.Kiepert and in Realenzyklopadie der Allertumswissenschaften*)) ئەو وایدادەنێت، کە ناوی کاردوچیەکان بە کەسێك وتراوە، کە لای ئاشووریەکان بە (گوتو) ناسراوە. کاردۆچی بە تەواوی لە دانیشتوانی ناوچەك دەچێ، کە لەلایەن ئەرمەنیەکانەوە پێیان دەوترێ (کوردوك) و لەلایەن ئاشووریەکانیشەوە پێیان دەڵێن (کاردو).

گەڕانەوە بۆ مەسەلەی زمانی بنەڕەتی دانیشتوانی سەرەتایی، ئینسکلۆپیدیای زانستی زمانناسی ئێرانی (*"GETGER -KUHN" Grnndriss der iranischen Philology*) 1895-1904، دیسانەوە گومانی هەیە لەوەی، کە زمانی ئێرانیان هەمیشە لە (گۆردیین) قسەی پێکراوە. (ئەی. سۆسن- A. *SOCIN*) نووسەری ئەم بەشە لەو بڕوایەدایە، کە لەوانەیە لەکاتی سەردەمی مادەکان و فارسەکاندا، هەندێ خێڵی ئێرانی بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کردووە. ئەوانە لەوانەیە ئەو خێڵانەبن، کە لەژێر فەرمانی بیانی مادەکان و فارسەکاندا پاڵیان نابێت بە دانیشتوانی بنەڕەتیەوە و بووبن بە ئاری.

ڤۆن لوسکان- *VON LUSCHAN*، مەزنترین بە دەستەڵات لە زانیاری (ئەنسرۆپۆلۆجی) یان مرۆڤناسیی ئاسیای بچوکدا، لە کتێبەکەیدا (نیشتمان و نەتەوە و زمان، 1922)، توێژینەوەی لەبارەی کوردەوە کردووە، بەتایبەتی کوردەکانی رۆژئاوا، کۆتایی بەوە هێناوە، کە ئەوانە ئارین و پێشینانیان لە باکووری ئەورووپاوە هاتوونەتە ئەو وڵاتەی، کە بەگشتی بۆچوونەکان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە شوێنی بنەچەی ئەو نەتەوانەیە، کە پێستیان سپی و سەریان درێژکۆلە و چاوانیان شینە. لە دەربڕینی

بۆچوونەکەیدا پشتی بەستووە بە توێژینەوە و پێوانەکانی ئەنسرۆپۆلۆجی، کە خۆی جێبەجێی کردووە و ویستویەتی ئەوە پێشانبدات، کە کورد لە زۆربەی ناوچە پەڕ و تەریکەکاندان (قەرەقوش و شاخی نەمرود)، کە ڕێژەیەکی زۆر پێست سپی و چاوشینیان تێدایە، کە ڕێژەیەکی بەرزترە لەچاو ئەو کوردانەی دانیشتوی ناوچەکانی ترن، ئەوانەی پێستیان ئەسمەرە و سەریان بچوکە، ئەوەش لە ئەنجامی تێکەڵاو بوونیانە لەگەڵ تورك و فارس و ئەرمەن. تاکە ئامانجی سەرەکیمان لە پەنابردنە بەر ئەم سەرچاوانە، کە بەڵگە بۆ نادڵنیایی لەبارەی ئەو بابەتەی ئێمە مەبەستمانە بهێنینەوە.

ئێمە ئەوەش زیاد دەکەین، بۆ ئەوەی رووماڵکردنەکەمان تەواو و نزیك بێت لە راستیەوە، کە بەپێی (چانترە- *CHANTRE* ) لە توێژینەوەکەیدا (کوردەکان، کۆمەڵەی ئەنسرۆپۆلۆجیی دی لایۆن، 1897)، هەندێ لە مێژوونوسانی ئەرمەنی کوردەکان دادەنێن بەوەی، کە نەوەی مادەکانن، لەکاتێکدا، ئەوانی تر دەڵێن لقێکی ئەرمەنیەکانن، بە بەڵگەی ئەوەی، کە هێشتا ناوێکی زۆر ئەرمەنییان پاراستووە. لە کۆتاییدا، بیرو رایەکی فراوان هەیە، کە دەڵێن کوردەکان ئەو کلدانیانەن، کە لە دێر زەمانەوە لە بەرزاییەکانی ئێرانەوە بەرەو دیجلە هاتونەتە خوارەوە، مەسعودیش لەو بڕوایەدایە، کە لقێکی عەرەبن، کە زمانەکەیان گۆڕاوە.

بەهەرحاڵ، پێکهاتەی نەتەوەیی نەتەوەی کورد وەك مێژووەکەی نادیارە.

(گوتوەکان) لەبەرەبەیانی مێژووی (ئورئاسیا)یمانەوە (ئاسیایی- ئەوروپی) دەرکەوتوون. ماوەیەکی دوورودرێژ بەرلەوەی لەبارەی کاردوچیەکانەوە ببیستین، ئەوان لە مێژوودا دیارنەماون. ئیدی کورد دوای ماوەیەکی زۆر دەرکەوت، کە لەوانەیە لەسەردەمی روخانی دەوڵەتی (ترەبیزۆند)دا بووبێ، کاتێ، کە کەوتونەتە ژێر دەستەڵاتی تورکەوە.

لە دیدی نەتەوەوە تەواو ئاشکرایە، کە بنەچەی چیانشینەکان-، کە هێشتا بنەچەی نەتەوەییان نادیارە- دووچاری کاریگەریەکی زۆر و تێکەڵبوون لەگەڵ یەکدا بوون پێش ئەوەی نەتەوەی کوردی ئێستا بێتە ئاراوە. ئەم کاریگەری و پێوەلکانانە وادیارە زۆر جیاوازن، ئەگەر جیاوازی ناوچەکانمان لەبەرچاوگرت و لە یەکترمان تەواو دوورخستنەوە

لەناو ئەو ناوچە فراوانەی، کە ئێستا کوردەکان تێیدا نیشتەجێن. ئەوە لەوانەیە، یان ڕەنگە، کە چینەکان یان چینە خۆپارێزەکانی ئاستی سەرەوە زیاتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە وەك لە سەرجەمی خەڵك. هەندێ لە نووسەران جیاوازی دەخەنە نێوان ئەو دوو چینەوە: چینی جەنگاوەر و چینی دەستوپێوەند- واتە "ئاشور"و"لادێیی"یان "گورانەکان" (میر،1905، 856). ئێمە ناتوانین دڵنیابین لەوەی، کە ئایا ناوی چینی یەکەم ناسراوە لەو وڵاتەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە، هەروەها ناوی دووەم وەك ناوی تیرەیەکی دیاریکراو ناسراوە.

مارك سایکس، جیاوازی لەنێوان شوانەکان و جەنگاوەرەکاندا دەکات- بابانەکان- چونکە چینی جوتیاران شێوە و ڕوخسارێکی تایبەتیان هەیە لە هەموو لایەکی کوردستانی باشووریدا. ئێمە واهەست ناکەین، کە ئەم خەسڵەتە زۆر بە توندی دیاریکراوە. لەو کاتەوە، کە خێڵەکان وردە وردە نیشتەجێ دەبن و پەیوەندی خێڵایەتیان لەلایەن هەردوو حوکومەتی تورکیا و عێراقەوە هەڵدەوەشێتەوە، هەردوو جۆرەکە بەتایبەتی لە دەشتەکاندا، لەوانەیە جیاکردنەوەیان زیاتر گران بێت. لەسەرو ئەوەشەوە، مانەوەمان لەناو ئەم خێڵانەدا زۆر کورتە، کە لە تواناماندا نەبوو بە تەواوی بچینە ناو مەسەلەکەوە.

لەنێوان خێڵەکانی کورددا لەوانەیە کەسانێك ببینرێنەوە، کە لە بنەچەدا بێگانە بن و بەئاسانی دەناسرێنەوە. دەتوانرێ دابونەریتی ئەو بنەچە بیانییە- بێگانەیە تێبینی بکرێت، ئەوەش تەواو نزیکە وابێت، هەرچۆن لە باکوردا (بەشێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ ئەرمەنیدا) و لە ڕۆژئاوا (بەشێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ تورکدا)، هەروەها لە ڕۆژهەڵات و باشووردا لەوانەیە تێکەڵاوییەکی بەهێز لە خوێنی فارس و عەرەبی تێدابێت. دیسانەوە سایکس- *SYKES* مەسەلەی میرەکانی کورد وەردەگرێت، کە پێشینانیان عەرەب بوون. ئێمە خۆمان تەنیا یەکێکمان لەوانە بینی- سەرۆکی تیرەی دیسدای، کە دایکی ژنێکی عەرەب بووە لە تیرە (طەی). هەندێ خێڵی تریش ژن و ژنخوازیان لەگەڵ خێڵەکانی عەرەبی دەوروبەردا هەیە- بۆ نمونە، دیسدایەکان لەگەڵ خێڵەکانی جبوور و

(طەی)دا- و هەروەها لەگەڵ ئەوانی تری باباندا. ئەوانی تریش وەکو شێخان (ئەوانەی یەزیدی نین)، ئەوە ناکەن لەگەڵ ئەوەشی، کە زۆر جاریش لەگەڵ خێڵی (طەی)دا هاوڕەشماڵن.

خێڵە دەشتەکیەکان (ئەوانەی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدان) و تەنانەت چەند خێڵێکی چیانشین، وەك هەمەوەند، هەندێ جار بەرگی نیمچە عەرەبی دەپۆشن، بەڵام لە چیاکاندا جلوبەرگیان زیاتر کوردیی تایبەتیە. لە باکووردا، هەندێ لای جلوبەرگیان لە شێوەی تورکیدایە، بەڵام لە باشووری ڕۆژهەڵات هەندێ شێوازی فارسی تێدایە، دیوەخان، شوێنی سەرۆکی خێڵەکان، لە دەشتەکاندا لە جۆری عەرەبییە، کەچی لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتدا لە شێوازی فارسیدا بیناکراوە.

بەڵام هەموو ئەو راستیانە لەوانەیە شیکرێتەوە بە پەیوەندیەکی جێگیر لەنێوان ئەو نەتەوە جیاوازانەدا.

واپێدەچێت لە سەردەمانی کۆندا، وەك ئەمڕۆ، کۆچکردنێکی ڕێکوپێکی جێگیری میللەتان هەبووبێت، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، واتە لە چیاکانەوە بۆ دەشتەکان، ئەوەش راستەوخۆ رابەرایەتی کردوە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ ڕەگەزی نەتەوەکانی تردا، هەردوو عەرەب و تورك، لەگەڵ تێکەڵبوونیشیاندا کەچی بە دڵنیاییەوە زیانی بە نەتەوەی کورد نەگەیاندووە. هەندێ خێڵ، وەك گەردی و زراری، لە 2-4 سەدە لەوەبەرەوە لەسەرو بەرزاییەکانی سەر سنووری فارسەوە هاتونەتەخوارەوە بۆ کەنارەکانی دەشتی ئەڕبیل. ئەوە تەنیا لە کاتی سەدەی رابردوودا بوو، کە (دیسدای)ەکان دەشتی ڕۆژئاوای ئەربیلیان داگیرکرد، کە لەوە پێش عەرەبەکان- خێڵەکانی (طەی) و ئەوانی تر- بە رانە ئاژەڵەکانیانەوە پیایدا دەگەڕان و کشتوکاڵیان بە شێوەیەکی کەم هێناوەتە ناوی.

ئەوە تەنیا چارەکە سەدەیەك لەوەبەرە، کە لە قەرەچوداغ پەڕیونەتەوە بۆ کشتوکاڵکردن بە درێژایی دیجلە. نووسەری (تورکیا لە ئاسیادا)، کە بەشێکە لە پەیرەونامەی وەزارەتی دەرەوە، (بەرگی 57، لاپەڕە 104) دەڵێت، لەسەرو ئەوەوە، لە میانەی

قسەکردن لەبارەی کوردەکانی ئەم ناوچەیەوە، "بەڵام چارەنووسی کورد لە ئەرمینیا (لەژێر دەستەڵاتی هەر رژێمێکی ئەرمینیا، کە لەوانەیە بێت) لە چاو میسۆپۆتامیای باکووریدا روو لە کزییە، هەرچەند لە دەمەدەمی راپەڕینی ئابووریشدایە. تا زەوی بەگشتی بەیاربێت، ناوچەی دەشتی پانوبەرینی رووتەنی نێوان حەڵەب و موسڵ لەژێر دەستی عەرەبدا بوو...**بەڵام کاتێ کورد و دەشتەکیەکان سەرقاڵی بوون بە زەویەوە، ئیدی کوردەکان وادەرکەوتن، کە زۆر لەوان باشترن. ئەگەر پێشکەوتنی ئابووری وڵات وردە وردە بەردەوام بێت و ئەگەر دانیشتوانی ناوخۆ نەبن بەژێر هێزی کاری دەرەکییەوە، ئەوا لەوە دەچێ باکووری میسۆپۆتامیا ببێتە خاکی کورد.**

نووسەرانی تریش هەمان تێبینی دەکەن و ئێمەش هەست بە بەڵگەیەکی هێجگار گەورە دەکەین.

بە گوێرەی زمانی کوردییەوە- گەڕانەوە بۆ بەڵگەکانی، کە پێشکەشکراوە- کەس ناتوانێ دژی ئەوە بێت، کە ئێرانییە. زیاتر لە زمانی فارسییەوە نزیکە لە بەراوردا لەگەڵ زمانە ئێرانیەکانی تردا. بەڵام ئێمەش لەگەڵ پەیڕەونامەی وەزارەتی دەرەوە و یەکێ لە یاداشتەکانی حوکومەتی بریتانیادا لە لۆزان دەڵێین، ئەوە لەبەر ئەوەی شێوەزاری بازاڕییە یان دیالێکتێکە لە فارسییەوە وەرگیراوە ئەگەر زۆر دوور نەڕۆشتبین. ئینسیکلۆپیدیای زمانەوانی ئێرانی، کە پێشتر هێمامان بۆ کردووە، دەڵێت زمانی کوردی دەستە خوشکی زمانی فارسی نوێ و فارسی ناوەڕاست نییە. بەڵکو جیاوازییەکی زۆری هەیە، تەنانەت راستەوخۆش لە فارسی کۆنەوە وەرنەگیراوە. زۆر وشەی لەخۆگرتووە، کە لە هیچ زمانێکی ئێرانیدا نییە. زاراوەیەکی زۆری فارسی، کە لەم دواییەدا کەوتۆتە زمانی کوردییەوە و لە پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەك زاراوەی عەرەبیدا، کە کورد خواستوویەتی یان بەشێکی تێدا تواوەتەوە، ئەوە سەرنج راکێشەرە ئەگەر تێبینی بکەی، کە ئینسیکلۆپیدیا دەڵێت: زووربەی ئەو زاراوانە بە فارسی یان تورکیدا رۆشتووە بەرلەوەی ببێتە بەشێك لە زمانی کوردی (گیگر کۆن، 251).

وەرگێڕ- تەرجومانەکەمان، کە شارەزای زمان بوو، ئەم زانیارانەی لای خوارەوەی داینێ، کە پەیوەندە بە خەسڵەتی تایبەتی زمانی کوردییەوە:

لە شێوازدا، زمانی کوردی ئەوەندە لە فارسییەوە نزیکە، کە بتوانرێت پۆلێنی دوو زمانەکە لەژێر یەك خێزانی زماندا (ئێرانیی ناوەندی) دابنرێت. ئەم دوو جۆرە زمانە ئێرانیە لەو سەردەمەوە، کە خێڵە ئێرانیەکان خۆیانیان لە رۆژئاوای ئاسیادا دامەزراندووە بە دوو ئاراستەی دوور لەیەك لە گەشەدا بوون. بۆ نمونە، هەندێ دەنگە گۆڕکێ لە زمانی فارسیدا روویداوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا رووی نەداوە، هەروەها پێچەوانەکەشی راستە، بەڵام ئەوە وەك پێویست بەڵگەی سەربەخۆیی زمانی کوردی نییە لە فارسی، لەم حاڵەتەدا دەکرێ زمانی کوردی دابنرێت بە دیالێکتێکی سەروپۆتەلاك شکاوی فارسی. نمونەیەکی زۆر سەرنج راکێشەر هەیە لە مۆرفۆلۆجی زمانەوە وەرگیراوە: کورد تەنیا دەتوانێ فەرمانی رابردووی تێپەڕ بە شێوەی نادیار دابڕێژێت، بەڵام فارسی برەوی بە شێوەکەی داوە بۆ سەردەمی رابردوو بۆ هەموو فەرمانێك. ئەم خەسڵەتی دواییان بەتایبەتی لای دیالێکتەکانی کوردی تێبینی کراوە لە ناوچەی باکووری رۆژئاوا. ئەوانەی، کە لە ناوچەکانی نزیك وڵاتی فارسدا قسەی پێدەکەن (بۆ نمونە شێوەزاری سلێمانی) شێوازی دەربڕینی تێپەڕە، کە لەگەڵ ئەوەشدا وەك داهێنانی کوردی تێیدەڕوانرێت لەجیاتی ئەوەی وەك خواستن لە فارسیەوە.

زمانی کوردی، وەك هێمامان بۆ کرد، زنجیرەکی دووردرێژی دیالێکتیکەکان دەگرێتەوە. هەندێ لە زماناسان جیاوازی دەکەن لەنێوانی کۆمەڵەی باکووری یان باکووری رۆژئاوا (کرمانجی)دا وەك پێچەوانە بۆ کۆمەڵەی باشووری. هەندێکی تر کۆمەڵەی باشووریی دابەش دەکەن بەسەر کۆمەڵەی رۆژهەڵاتیدا (سلێمانی و سوما؟) و کۆمەڵەی باشووریی (کرمانشا و ناوچەی بەختیاریی، کە خۆیان بە کورد دانانێن).

کۆمەڵەی باکووریی کەوتۆتە ئەوپەڕی بەرزاییەکانی ئێرانەوە و زۆر بە روونی خەسڵەتی کوردی پێوە دیارە. لە ویلایەتی موسڵ، هەروەها سنووری باشووریی کۆمەڵەی باکووریی بە تەواوی لەگەڵ ڕێڕەوی زێی گەورەدا جووتە. لەو دیالێکتانەش: شێوەزاری

زاخۆ، ئامێدی و دوهۆك زۆر بە نزیکی یەکدەگرنەوە لەگەڵ ئەوەی لە تورکیا ئاخاوتنی پێدەکرێت. تەنانەت کاریگەریی کۆمەڵەی باکووریی بۆ باشووری زێی گەورەش زیاتر هەستی پێدەکرێت لەوەی (بۆ نمونە) رەواندوز. لەسەرو ئەوەشەوە، خێڵە دەشتەکیەکان، وەك هەرکی، کە لە زستاندا بەم رووبارەدا دەپەڕێتەوە، دیالێکتە تایبەتیەکەی خۆیان دەبەن بۆ باشوور. ئەم دیالێکتە زیاتر دەچێتەوە سەر کۆمەڵەی باکووریی. لە باشووری زابدا کۆمەڵەی باشووری رۆژئاوایی دەبینین، لەم دواییەدا تەواو لایەنگیری ئەوەی پێشان دا، کە هەوڵی دەدا ناوەندی رۆشنبیریی لە سلێمانی بێت. بە هەرحاڵ، ئەوە نەبووە هۆی رێگرتن لە کورد لە هەموو لایەکی هەر گرنگیەکدا، کە دیالێکتە تایبەتیەکەی خۆی بە پاکترین و باشترین دابنێت. ئەم راستییە لە زۆر بۆنەدا تێبینی کراوە و من هەمان تێبینیم گوێ لێبووە لەلایەن ئەو کەسانەوە وتراوە، کە لە کۆی سنجاق و سلێمانییەوە دێن. هەروەها خێڵە جیاوازەکان خەسڵەتی دیالێکتیکیی تایبەتی خۆیان هەیە، وەك خۆشناو و دیسدای. لەوانەیە بوترێت هەموو دیالێکتەکانی باشووری زێی گەورە هاوشێوەن، لەگەڵ ئەوەی سلێمانیشدا، بۆ نمونە ناودارە بە فڕێدانی هەندێ کۆنسنانت- پیتی بێدەنگ لە هەندێ حاڵەتدا.

پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین، کە زمانی نووسین لەم کاتەدا لە سلێمانی لە گەشەدایە و بناغەی لەسەر دیالێکت داڕێژراوە، کە ئەم خەسڵەتانەی تێدا دەرناکەوێت (وەك ئەوەی کۆی سنجاق). بەگوێرەی سۆزەکانی کورد و هەڵسوکەوت و دابونەریتیانەوە، هەرچۆن بەراوردکراوە بەوانەی تورك و عەرەب، لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ و زیاتر گشتگیرتر لەبارەی بنەماکانی ئەتنۆگرافیا- زانستی نەتەوەکانەوە پێویستە، بەر لەوەی ئێمە بتوانین بڕیاربدەین لەسەر یاداشتەکانی بریتانیا و تورکیا.

ئەوە شتێکی سروشتییە، کە ئەو خێڵانەی لە چیاکانی رۆژهەڵات دەژین، دەبێ راستەوخۆ پەیوەندیان بە ئەندامانی هەمان خێڵەوە زیاتر هەبێت لە وڵاتی فارسدا وەك لە کوردەکانی ناو شاخەکانی تۆرۆس، ئەرمینیا و ئەنادۆڵ، ئێمە توانیمان راستی ئەو جۆرە حاڵەتە بسەلمێنین. ژمارەیەك لە خێڵە دەشتەکیەکان بەسەر سنووردا دەڕۆن تا

بگەنە لەوەڕگاکانی هاوینەیان، چەندین ڕێگەی بازرگانیش هەروەها سنوور دەبڕن و دۆڵەکانیش لە ناوچەی سلێمانی بەرەو وڵاتی فارس کراوەیە. هەست و سۆزەکان پرسێکی هەستیارە و پەی پێبردنی زۆر گرانە و زۆر زیاتر لە گۆڕاندایە. خێڵەکانی بەشی باکووریی ناوچەی ناکۆکیەکە بە کردەوە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی فارسدا نییە. ئەوان لەگەڵ ناوچە هاوسنوورەکانی لای باکوورەوە لە پەیوەندیەکی نزیکدان، ئەو ناوچانەش دیسانەوە کۆچەریەکان بە ئاسایی بە هێڵی دابەشبوونی (هێڵی برۆکسل)دا دەپەڕنەوە و خێڵەکانی سەر هەردوو بەری هێڵەکە تا رادەیەك بەیەکەوە پەیوەندن. دەتوانرێت زۆر لەو ئەنجامانە لە بەڵگەکانەوە بە دەست بێت.

کاتێ سەردانی ناوچەکانی سنوورمان کرد، سەرسام بووین لەو زانیاریە کەمەی خەڵك لەبارەی شۆڕشی کوردەوە هەیبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، کە گەیشتۆتە ترۆپك لە ناوچەکانی ئەو دیوی هێڵە کاتییەکەدا. بەهەرحاڵ، لەوانەیە ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو تەگبیرە کاتیانەی، کە کراوە بۆ هێشتنەوەی سنوور بە داخراوێ.

یاداشتەکانی بریتانیا جیاوازی نێوان کولتووری تورك و کورد دیاری دەکات و گرنگی دەدات بەو هەموو سەربەستیە زۆرەی ژنی کورد هەیەتی لە بەراوردا لەگەڵ ژنی تورکدا. گومان لەوەدا نییە، کە ئەم جۆرە جیاوازیە هەیە، بەڵام باسکردنی بەم شێوەیە، کە وردەکاری و روونکردنەوەی پێویستی لەگەڵ نییە، بەرپرسە لە گواستنەوەی باری سەرنجی هەڵە. نەدەبووایە لە وڵاتێکی موسڵماندا بیروانیایەتە ئاستی ژن، کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا گۆراوە (بڕوانە کتێبی ئەمیر عەلی، مێژووی موسڵمانان، 1921، لاپەڕەکانی 199 و 445). لێرەو لەوێ، هێشتا جیاوازی لەم کێشەیەدا لەنێوان شار و گوندەکاندا هەیە و تا ئەم کاتەش لەنێوان کۆچەریی و نیشتەنیدا زیاترە. پێویست بەوە ناکات دوور بچین بۆ دۆزینەوەی ئەو حاڵەتانە، تەنیا پێویستمان بە بەراوردی ئاستی ژن لە شارەکانی عێراق و کۆچەریی دەشتەکیەکانی دەوروبەر هەیە. لە سێ نەتەوەی گەورەی موسڵماندا(تورك و عەرەب و فارس)، کە دەووری کوردیان داوە، کورد لە

فارسەوە نزیك ترە وەك لە هەر یەكێكی تریان. لە نێوان فارسەكاندا، بەهەرحاڵ ژن بە هیچ واتایەك سەربەست نییە.

بارودۆخێكی تر، كە خۆمان توانیمان لێكۆڵینەوەی تێدا بكەین، هێزی ئەم بەڵگەیە لاواز دەبێت- ئەویش لەبەرئەوەی زۆر لە كەسانی ناوداری تورك لە شارەكانی وەك ئەربیل و كەركوك...هیتد، ژنی كوردیان هێناوە و زۆر جاریش ژنیان لە خێڵە كۆچەرییەكان هێناوە، ئەوەش راستە، كە ئەو ژنانەی دواتر كەمتر راهاتوون بە ژیانی شار. نزیكەی هەموو خێزانە توركە دیارەكان لە شارەكاندا پەیوەندی خزمایەتییان بە سەرۆكی خێڵە كوردەكانی ناوخۆوە هەیە.

لە ئەنجامی ئەوەدا، بنەچەی كورد نادیارە، بەڵام هەرچییەك بووبن، ئەوان ئێستا ئارین. هەرچۆنێ خوێنی ئاری بە كەمیش تێكەڵاو بووبێت، تەواو بەهێزە تا وایان لێبكات زمانێكی ئێرانی بە تەواوی بۆ خۆیان دامەزرێنن. هەروەها گاریگەری زۆرتریش هەبووە و ژن و ژنخوازی و تێكەڵاو بوون لەگەڵ عەرەب، تورك و نەتەوەكانی تردا، بەڵام ئاشكرایە، كە بنەچەی بنەڕەتی ئەو لە هەموو سەردەمانێكدا زیاتر بڵاوە و رۆیشتووە و تا ئێستا لە برەو و فراوانبووندایە.

**كوردەكان نە عەرەبن و نە توركن و نە فارسیشن**، لەگەڵ ئەوەشی، كە تا رادەیەكی زۆر نزیكن لە فارسەوە. ئەوان بە روونی جیاوازن لە تورك و هەروەها زیاتریش جیاواز و دوورترن لە عەرەب.

هەروەها لەبەر ئەوەی كورد شەڕكەرە و دوورە لە خۆڕێكخستن و یەكبوونەوە، بەڵام توانیویانە بە رێكوپێكی لەگەڵ نەتەوەكانی تردا بژین، كە لەو ناوچانەدا نیشتەجێن، ئەو راستییەشمان بۆ روونبۆتەوە، كە لەگەڵ ئەو هەموو نەتەوە موسڵمانانەشدا كورد زیاتر لەگەڵ مەسیحیدا بە خۆشی ژیاوە.

### 2) تورك

ژمارەی تورکەکان لە ویلایەتی موسڵدا تاکە خاڵ نییە، کە هەردوو حوکومەتەکە لەسەری پێکنایەن. هەروەها ناکۆکن لەبارەی نەتەوەی ئەم بەشەی دانیشتوانەکەوە. حوکومەتی تورکیا پێیان دەڵێت تورك، بەڵام حوکومەتی بریتانیا پێیان دەڵێت تورکومانەکان و دەڵێت ئەوانە بەگشتی جیاوازن لە نەتەوەی تورك. حوکومەتی بریتانیا دەڵێت، ئەو تورکانە عوسمانلی نین، بەڵام پێیان دەوترێ تورکومانەکان. زمانی تۆرانیش، کە قسەی پێدەکەن زیاتر وەکو دیالێکتی ئازەربایجانییە لەوەی وەك تورکیی ئەستەنبوڵی یان ئەنادۆڵی بێت. ئەوانە نەوەی ئەو تورکومانانەن، کە ماوەیەکی درێژ بەر دامەزراندنی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە ئێرانەوە هاتوون — لەوانەیە بەکرێگیراو بووبن و لەلایەن خەلیفەی عەباسییەوە بەکارهێنراون. دابەشبوونی ئەو تورکومانانە، بیردۆزێ پشتگیری لێدەکات، کە دەڵێت ئەوانە نەوەی ئەو بەکرێگیراوە کۆنانەن، کە بۆ پارێزگاری هێنراون. تەلەعفەر شارێکی تورکومانییە و پاسەوانی کەناری بیابان بوو، بەڵام هەموو تورکومانەکانی تر لە شارەکانی سەر ئەوەی ناودارە بە "ڕێگەی سەرەکی — گشتی" دەژیان.

هەروەها حوکومەتی بریتانیا دەڵێت، کە دیالێکتی تورکیی موسڵ هەمان دیالێکتەکەی ئەنکەرە نییە.

لە وەڵامی ئەم بەڵگانەدا، حوکومەتی تورکیا داوایکرد، کە هیچ بیانوویەك نییە بۆ جیاوازی نێوان تورکی ناوچەی موسڵ و تورکی ئەنادۆڵ و ئەوانەی پێشتر پێیان وتراوە تورکومان. "حوکومەتی بریتانیا دەڵێت:، کە ئاخاوتنی تورکی لە موسڵ هەمان ئاخاوتنی تورکی نییە لە ئەستەنبوڵ، بەڵام ئایا شوێنێك نییە لە هەموو ئەنادۆڵدا، کە هەمان تورکیەکەی ئەستەنبوڵ ئاخاوتن بکات؟" لەسەرو ئەوەشەوە، ئەو دیالێکتەی تورکەکانی موسڵ ئاخاوتنی پێدەکەن بە تەواوی وەك ئەوە وایە، کە لە ئەنادۆڵ پێی دەدوێن. جیاوازیی نێوانیان لەوە کەمترە، کە لەنێوان دیالێکتەکانی "ئۆك" و "ئۆیڵ" لە فرەنسادا هەیە. بە ئاسایی لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا دیالێکت هەیە تا رادەیەك

جیاوازە. هەروەها تورکەکانی ئەنادۆڵیش تورکومانین و دوو وشەی تورك و تورکومان هەمان مانای هەیە.

ناوی "تورك" دەدری بەو هەموو ئەو کەسانەی، کە لە ئاسیا و ئەوروپادا بە زمانی تورکی یان دیالێکتەکانی تورکی ئاخاوتن دەکەن. تورك ناوێکی زۆر کۆنە، لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەم و لە تۆمارەکانی چینیەکاندا بە شێوەی (توکیو) هاتووە و لە نەخشە زۆر کۆنەکانی تورکیادا، ئەوانەی ئۆرخۆن، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەم، بەڵام هەرچەند وشەی "تورکی" هەمیشە وەك ناوێك پارێزراوە بۆ هەر لقێکی ئەم خێزانە زمانییە، بەکارهێنانی وەك ناوێك بۆ دانیشتوانێك بەشێوەیەکی وردە وردە دیاریکراوە. هەروەها کاتی خۆی ناوی تورك نراوە لە چین و توێژەکانی خوارەوەی خەڵك و چینەکانی سەرەوەش ناوی تریان لە خۆیان نابوو. لە سەدەی یانزەیەمەوە هەموو تورکەکان لە جەیحون پەڕیونەتەوە و بوون بە ئیسلام و وەك تورکمان یان تورکۆمان ناسراون، هەرچۆن هەموو ئەو خەڵکانەی گەڕانەوە بۆ ئۆغوز یان خێڵی غوز، ئەوە دەگونجێ، کە دەوترێ ناوی تورکومانی جێگەی ناوی ئۆغوزی گرتۆتەوە. مانای راستەقینەی تورکۆمان روون نییە، بەڵام بە شێوەیەکی نمونەیی ناوێکی ناسراوە بۆ هەموو ئەو تورکانەی لە وڵاتی فارس و ئازەربایجان و عێراق و ئاسیای بچوك و سووریا و میسردان.

بەوجۆرە پێشینانی تورکی عوسمانلی، وەکو هەموو خەڵکی تورك لە ئاسیای بچوك، کە بەشێکی پێکهاتەی ئیمپراتۆریای سەلجوقیە لە "کۆنیا" پێکهێناوە، کە لە سەدەی سیانزەیەمدا لەژێر ناوی تورکۆماندا ناسراوە.

ئەو تورکومانانە وردە وردە دابەش بوون بەسەر چەند گوروپێکدا، کە ناوی نەتەوەیی تریان وەرگرتووە و لە ئاستی سیاسی یان جیۆگرافیاییەوە وەرگیراوە. ئەوانەی ئازربایجان ماوەیەکی دووردرێژە خۆیان بە تورکومان بانگ ناکەن و ئێستا بە "ئازربایجانی" یان "ئازەریی" بانگ دەکرێن. ئەوانەی ئاسیای بچوك کاتێ کەوتنە ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە ناوی "عوسمانلی"یان وەرگرت- بەتایبەتی دانیشتوانی

نیشتەجێ، هەندێ خێڵی کۆچەریی و نیمچە کۆچەریی لە ئاسیای بچوکدا هێشتا ناوی "تورکمان"یان هەڵگرتووە. ئەو گوروپانەشی، کە ناوی تریان لێنەنراوە پارێزگاریان لە ناوی "تورکومانی: کردووە. ئەوەش بە تایبەتی وەك ئەو حاڵەتەی تورکەکانی دانیشتوانی ناوچەی رۆژهەڵاتی دەریای "کاسپیان- قەزوێن".

هەروەها تورکی عێراقیش ناوێکی تایبەتی دانەمەزراندووە، هەرچەند ماوەیەکی دوورودرێژ پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە، لەوانەیە بە تورکومانەکان ناسرابن، لەگەڵ ئەوەشی، کە لە رووی زمان و نەتەوەیشەوە ئەوان زۆر دوورن لە تورکومانەکانی ئاسیای ناوەڕاستەوە. ئێمە نەمانتوانی ئەوە بسەلمێنین، کە خۆیان زیاتر بە تورکومان دادەنێن یان بە تورك.

لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، ناوی تورك تا نزیکەی 1900 هەمیشە لە واتای ناوەرۆکدا پەیوەندی هەبووە بە بەربەریی و کەم شارستانییەوە، کاتێ لەژێر کاریگەریی بزوتنەوەی (پان تورك- سەرجەمی تورك) دەستیکرد بەوەی وەك ناونیشانێکی شەرەفمەند دەرکەوت. لە سەردەمی لابردنی سەڵتەنەتەوە، "تورکیا" بوو بە ناوێکی فەرمی بۆ وڵاتەکە. لەبەرئەوەی ناوی عوسمانلی گۆڕاوە بە تورکیا، ئیدی ئەمە واتای ئەوە نییە ناوی تورك بنێن لە تورکەکانی، کە لە عێراق نیشتەجێن.

بەهەرحاڵ، پەیوەندیەکی نزیکیان لەگەڵ خەڵکی ئاسیای بچوکدا لە رووی- مێژوویی، زمانەوانی و تەنانەت ئەدەبیشەوە هەیە و ئەوان بەبێ جیاوازی ژیانێکی نیشتەنی دەژین، ئێمە بە دڵنیاییەوە ئەوە بە ئەنجام دێنین، کە تورکەکانی عێراق نابێت پێیان بوترێ تورکومانەکان چونکە جیاوازن لە تورکی تورکیای راستەقینە.

هەموو تورکومانەکان (بە واتای وشەی سەدەکانی ناوەڕاست) لە یەك خێڵەوە هاتونەتە خوارەوە، دەبێت بە هەمان زمانی بنەڕەتی دوابن. لەم تاکە زمانەوە، کە لەوانەیە پێیوترابێت تورکیی رۆژئاوایی، ئەو هەموو دیالێکتە تورکیانە بەرزبووبێتەوە، کە لە تورکیای ئەورووپی، ئاسیای بچوك، قەوقاز و ئازەربایجان و عێراقدا قسەی پێدەکرێت،

لەگەڵ زمانی ئەو خەڵکەی، کە ئێستا پێیاندەوترێ تورکومان (ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوێن)، بەڵام هەموویان لە گۆڕان بەسەردا هاتندا جیاوازیان هەیە.

ئەم گۆڕانکاریانە بەشێوەیەکی فراوان بەهۆی تێکەڵاوبوونیانەوە بە دانیشتوانی بنەچەیی ناوچەکەوە بووە و لە لایەکی تریشەوە بەهۆی هەڵبەزودابەزی دەستەڵاتی سیاسییەوەیە. ئەم جیاوازیە زمانەوانیانە، بەهەرحاڵ، هەرگیز ئەوەندە زۆر مەزن نەبووە، کە ببێتە هۆی ئەوەی گروپە جیاوازەکان لە یەکتری تێنەگەن.

لە سەدەی سیانزەیەمەوە دوو گوروپ لە دیالێکتی تورکی ڕۆژئاوایی بەناوبانگ بوون، ئەوانە بە عوسمانلی و ئازەریی (تورکی ئازەربایجان) ناودەبران. جیابوونەوەکە لە دەوروبەری سەردەمی سەرکەوتنەکانی مەغۆلەوە دەرکەوت. وڵاتەکانی وەك ئازەربایجان و عێراق، کە بۆ چەند سەدەیەك لەژێر دەستەڵاتی مەغۆلیەکاندا مایەوە، پەیوەندی نزیکی لەگەڵ تورکی ئاسیای ناوەڕاست زیاتر بوو وەك ئەوانەی ئەنادۆڵ، وەك چۆن بوو ئاوا تەنیا جێیهێشت و دووچاری کاریگەری دەرەکی بوو. دوای نەمانی دەستەڵاتی مەغۆلی، دیالێکتی ئازەریی کەوتە ژێر کاریگەریی زمانی فارسییەوە و ئیدی بەوەش زیاتر لە دیالێکتی عوسمانلی جیاواز بوو. هۆکەش ئەوە بوو، کە ئەم بەشەی ڕۆژهەڵات لە تورکیای ڕۆژئاوادا، لە سەدەکانی شانزەیەم و پانزەیەم و چواردەیەمدا ملکەچی ناوەندی سیاسی نەبوون لە ئەنادڵ یان لە ئەستەنبوڵ، بەڵام لەژێر دەستەڵاتی فەرمانڕەوا گچکەکانی ناوخۆدا بوون، دوا بەدوای فەرمانڕەوایی (قەرەقۆینلو- بەرخی ڕەش) و پاشان فەرمانڕەوایی فارسە سەفەوییەکان، کە هەموویان لەسەرو ئەوەشەوە شیعە مەزهەب بوون. لەژێر ئەم کاریگەرییانەدا، ئەدەبی ئازەری لە ڕۆژهەڵاتدا بەرەوپێش چوو، لە کاتێکدا ئەدەبی عوسمانلی لە ڕۆژئاوادا گەشەی دەکرد.

مەودای زمانی ئازەریی ئێستا بریتیە لە:

- قەوقاسی باشووری و ئازەربایجان،
- تورکەکانی پارێزگاکانی فارس، هەمەدان، فارسیستان، خۆراسان و تەهران،
- عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ.

له راستیدا ئەو ناوچانەی خاڵی سێیەم لە زمانی نووسیندا لەژێر کاریگەریی عوسمانلیدان، بەڵام دیالێکتەکانی ئاخاوتن پێویستە وەك ئازەری پۆلین بکرێت.
دوو گوروپەکە هەرگیز زۆر بە فراوانی جیاواز نەبوون. بەڵگەشمان لەسەر ئەوە، ئەو هەوڵە کارامانەیە، کە (فوزولی) شاعیری تورکیا داویەتی بە جیهانی ئەدەب لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، کە لە عێراقەوە هاتووە. ناوبراو لە سەدەی شانزەیەمدا لە بەغدا ژیاوە، کاتێ ئەو شارە کەوتە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەوە، ئەو ئەندامێکی خێڵی بەیات بووە، کە هەواریان لە رۆژئاوای کفری بوو.
بەیاتیەکان ئێستا بە تورکی و عەرەبیش دەدوێن و ئەوەش پاڵپێوەنەرە، لەبەرئەوەی، کە لە عەرەبەکانی ژێر کاریگەری تورکین. بە هەرحاڵ، لەوانەیە ئەوانە زیاتر لە بنەچەی تەواوی تورك بن، ناوی بەیات ناوی خێڵێك بووە لە خێڵە کۆنەکانی "غوز". هەرچۆنێ بێت "فوزولی" لەگەڵ ئەوەی تورکی عێراق بووە و بە دیالێکتی ئازەری دەینووسی، لە سەردەمانێکدا بوو بە شاعیرێکی زۆر ناودار لە ئەدەبی عوسمانیدا و هێشتا لە عێراق زۆر بەنامێیە.
ڤامبیری- *VAMBERY* لە نووسینەکەیدا(گەلی تورك، لاپەڕە 407)دا دەڵێت: "دیالێکتی تورکومانی لە پەیوەندیدا زۆر نزیکە لە دیالێکتی عوسمانییەوە لە ئەنادۆڵ". کوپروەلزادە محەمەد فوئاد- *KOEPRUELUZADE MEHME FUAD* پرۆفیسۆری بەناوبانگی ئەدەبی تورکی لە زانکۆی ئەستەنبوڵ، سێ ناوچەی زمانەوانی جیادەکاتەوە:

1) ناوچەی تورکومانیی،
2) ناوچەی ئازەربایجان،
3) ناوچەی ئەنادۆڵ و رومەیلە (Ilk Muiesauular, page 196).

جیاوازی نێوان زمانی قسەکردن لە ئەستەنبوڵ و ئەنادۆڵ کەمترە، وەك لە جیاوازی هەر یەکەیان لەگەڵ تورکومانیدا.

ئێم. کرەیمەرس- *M. Kramer’s* ، وەرگێڕ و شارەزای زمانەوانی، ئەم زانیاریانەی لای خوارەوەمان لە تێبینیەکانی خۆیەوە پێشکەش دەکات: “من توانیم لەبارەی دیالێکتی تورکییەوە، کە لە ویلایەتی موسڵ قسەی پێدەکرێت تەنیا چەند تێبینیەك بکەم. تا رادەیەك هەموو کەسێکی رۆشنبیر زۆر بە باشی شێوەزاری تورکی ئەستەنبوڵی قسەدەکەن. بەڵام توانیم بە هەمان ئاسانی لەگەڵ ئەوانەشدا بدوێم، کە لەژێر کاریگەریی شێوەزاری ئەستەنبوڵدا نەبوون، هەروەها هەندێ کەسانی بەساڵاچوو جیاوازی بە شێوەزارەکەیانەوە زیاتر دیاربوو. زمانی نووسینی خەڵك (بۆ نمونە.. نووسراوی جوێن و وتەی ناشیرین لەسەر دیوارەکان لە ئەربیل) کەمێ جیاوازبوو لە زمانی تورکیی فەرمی. هەرچۆنێ بێت، تاقیکردنەوە و شارەزایم لە زمانی ئاخاوتندا دڵنیام دەکاتەوە لە بارەی سەرنجی ئەوەی، کە ئەم دیالێکتە دادەنرێت بە زۆر نزیکتر لە گروپی ئازەرییەوە."

ئەفسەرێکی تورکی، لەبارەی تورکەکانی عێراقەوە لە بڵاوکراوەیەکی تورکیدا لە 1915دا دەنووسێت، دوو گوروپی دیالێکتەکان جیادەکرێنەوە، کە زۆر کەم جیاوازن: دیالێکتی تەلەعفەر و نەبی یەنور(کە لەوانەیە مەبەست نەبی یونس بێت...وەرگێڕ) و دیالێکتی ئەربیل، ئاڵتون کۆپری، کەرکوك و کفری. بەتایبەتی لە نێوانی ئەربیل و کەرکوکدا، وێکچونێکی نزیك هەیە، لە هەردوو ناوچەکەدا هەمان ئاواز و گۆرانی میللی ئێستا هەیە، بەڵام تورکی کەرکوك کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی توخمی بیانییەوە. هەمان نووسەر راپۆرتی لەبارەی دوو نەریتی ناوخۆی سەرنج راکێشەرەوە داوە. یەکەم، تورکەکانی تەلەعفەر لە سوپاکەی تیمورەوە(تامەرلەین- تەیموری لەنگ...وەرگێڕ) هاتونەتە خوارەوە، دووەم، کە پەیوەندییەکی کۆن لەنێوانی تورکەکانی دەوروبەری ئورفە و ئەوانەی کەرکوکدا هەبووە. نووسەرەکە ئەوەش دەڵێت، کە لە راستیدا وێکچوون لەنێوان دیالێکتەکان و گۆرانیە بڵاوەکانی ئەم دوو ناوچەیەدا هەیە.

تێبینی ئەوەمان کرد، کە نوێنەر و شارەزا تورکەکان بە ئاسانی لەگەڵ تورکەکانی ئەو ناوەدا دەدوان.

ساڵنامەیەکی فەرمیی ویلایەتی موسڵ 1330/(1912) دەڵێت، دانیشتوانی تەلەعفەر بە دیالێکتێك دەدوێن، کە لە جاگاتایی دەچێت.
بەگوێرەی بنەچەی تورکەکان یان تورکومانەوە، لەو بڕوایەداین، کە حوکومەتی بریتانیا لەو وتەیەدا راستن، کە دەڵێن، زووربەیان نەوەکانی جەنگاوەرەکانی توغروڵ و پاشماوەکەیەتی، بەکرێگیراوی خەلیفەی عەباسی و سەربازی ئەتابێگ بوون. بەڵام ئەم پرۆسەی کۆچی سەربازیە و نیشتەجێبوونە لەو خاڵەدا نەوەستاوە، هەندێکیان هەروەها لەو سەرباز و ئەفسەر و بەرپرسانەی سوڵتانەکانی عوسمانییەوە هاتونەتەخوارێ.
دانیشتوانەکەش لەبەر ئەوەی تورکۆ- تورکومان، لە بنەچەیکی زۆر جیاوازن و نەوەی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای تورکی دەگرێتەوە، بەڵام هەموویان تورکی رۆژئاوایین، ئەوانە خزمی نزیکی تورکەکانی ئەستەنبوڵ، یان ئەنکەرە نیین، بەڵام هەموویان پەیوەندیەکی پتەویان بە کۆماری تورکیاوە هەیە و ئەوەش دەکرێ وادابنرێت، کە سەر بە هەمان کۆمەڵگان.

### 3) یەزیدیەکان

لەبارەی پرسی یەزیدییەکانەوە، هەردوو حوکومەتەکە پێشنیاری تەواو پێچەوانە و دژ بەیەکیان پێشکەشکرد. لەگەڵ ئەوەی یەزیدیەکان لە ژمارەدا کەمن (21.000-30.000 بەپێی یاداشتی بریتانیا و سەرژمێری عێراق، هەروەها لە خوار 18.000 بەپێی یاداشتی تورکیا)، هەرچۆنێ بێت ئەم خێڵە پێویستە هەندێ گرنگی پێبدرێت. یەکێ لە هۆکان بۆ ئەو گرنگیی گشتییە، کە لەو خەڵکە بیستراوە، گوایە شەیتان پەرستن. دووەم، بێگومان رەگەزێکی تەواو جیاواز لە دانیشتوان پێکدەهێنن، ئەوانە یەکەیەکی یەکگرتوی زیندوون و گرنگی خۆیان هەیە لە مەسەلەکەدا، کە لەبەرچاو بگیرێت لەبەرئەوەی کیانێکی بەتین و تا رادەیەك تاکە و دانیشتوانێکی جێگیرن لە بیابانی رۆژئاوادا.

ئەگەر بڕوانینە لایەنی نەتەوەیی پرسەکە، یاداشتەکانی بریتانیا تەنیا ئەوە دەڵێت، کە لەوانەیە یەزیدیەکان لە بنەچەدا کورد بن، بەڵام بێگومان ئەوان موسڵمان نین، چونکە ئیسلام بە ئاینێکی دژ بە پیرۆزیی دادەنێن. لەسەر نەخشەی ئەتنۆگرافیاکەی، کە حوکومەتی بریتانیا پێشکەشی کرد، یەزیدیەکان بە رەنگی جیاواز لە کوردەکان دیاریکراوە. کەچی لەسەر نەخشەکەی ساڵی 1910دا لەلایەن کۆمەڵەی جیۆگرافیای مەلەکیەوە بڵاوکراوەتەوە و حوکومەتی تورکیا هەڵیبژاردووە، یەزیدیەکان و کوردەکان بە هەمان رەنگ دیاریکراون.

ئێمە داوامان لە راوێژکاری بریتانیا کرد ئەم جیاوازیانەمان بۆ روون بکاتەوە، بەڵام وەڵامەکەی هیچ شیکردنەوەیەکی نەداینێ. تەنیا راستیەك تۆماردەکرێ، کە ئەوەی لە دوو نەخشەکەدا پێشان دراوە جیاوازە.

حوکومەتی تورکیا دەڵێت، یەزیدیەکان بێگومان لە نەتەوەی کوردن و هەمان دابونەریتی وەك کوردەکانیان هەیە. ئەوانە تەنیا تیرەیەکی ئایینی جیاوازن و بە واتایەکی تر: تیرەیەکی موسڵمانن، حوکومەتی تورکیا هانی ئەوە ئەدا، کە "لە راستیدا ئەوانە تیرەیەکی دیارن و ناتوانرێ جیاوازی ئایین بکرێتە هۆ بۆ جیاکردنەویان لە کورد". ئیدی حوکومەتی تورکیا بەردەوامە لە بەراوردکردنی جیاوازیەکانی نێوان موسڵمان و ئایینی یەزیدی، کە وەك جیاوازی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتە.

بنەچەی ئەم خەڵکە نائاساییە بگرە زیاتر لە کورد نادیارترە، یەزیدیەکان خۆیان دەڵێن، کە ئەوان لە هەموو نەتەوەکانی تر لە جیهاندا جیاوازن و لە بنەچەیەکی زۆر کۆنن. بەپێی ئەفسانەکانیان، ئەوان تەنیا لە ئادەمەوە هاتوون، بەڵام هەموو کەسانی تر لە ئادەم و حەواوە هاتوونەتەخوارێ. یەزیدیەك کاتێ لەبارەی تۆفانەوە پرسیاری لێبکەیت، دەڵێ ئەوان لە نوحەوە هاتوونەتە خوارەوە، کەچی نەتەوەکانی تر لە منداڵەکانی نوحەوە هاتوونەتە خوارێ. شیعە موسڵمانەکان، یەزیدیەکان بە نەوەی یەزیدی داگیرکەر دادەنێن، ئەوەی، کە دەڵێن حەسەن و حسەینی کوشتووە و دەستیگرتووە بەسەر خەلافەتدا. لە ئەدەبی ئیسلامیدا- بۆ نمونە، لە شەهرستانیدا- وتراوە، کە ئەوانە

جەنگاوەری یەزیدی ئیبن ئەنیسا بوون، بۆیە ئەوان و بە هاوبەشی دوو کۆمەڵەی تر، مەزهەب یان قوتابخانەی ئەبازییەیان دامەزراند، ئیدی دووبەرەکیەکی ئاینی بەرپابوو بەناوی (شەڤاریدش- سەرگەردان)ەکان ناسراوە. ئەم گەڕانەوەیە بۆ بنەچەیان تەنیا بەهۆی خۆیانەوە نەبووە، بەڵکو لەلایەن زۆری ترەوە، لەوانەش مستەفا نوری پاشای والی پێشوی موسڵ، کە هەموو دەرفەتێکی بۆ رەخسابوو لێکۆڵینەوە لەبارەی یەزیدییەوە بکات و بابەتێکی زۆر سەرنج راکێشەری لەبارەیانەوە نووسی. وەك زووربەی نووسەرە هاوچەرخەکان و گەشتیارە ئەورووپاییەکان، لەوبڕوایەدایە، کە یەزیدیەکان کوردن. نووسەرانی تری وەك (ئیم. پورتوکالیان- *M. Portukalian*) بڕوای وایە، کە لە پارێزگای (یەزد) لە وڵاتی فارسەوە پەیدا بوون. یەزیدی تەنیا بە کوردی قسەدەکەن و هیچ زمانێکی تر بەکارناهێنن. ئەوەی پێویستە تێبینی بکرێت ئەوەیە، کە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چەند کتێبە پیرۆزەی هەیانە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، پێشنوێژیکەرەکەیان بە زمانی کوردی دەدوێ، شێوازی (تەعمید- پیرۆزکردنی منداڵی تازەبوو) لە لایەن شێخەکەیانەوە بە ئاشکرا بە زمانی کوردییە. سرودی شکۆپێدان و مەزنکردنی ئایینی بە زمانی کوردییە و بە پێی باوەڕی ئەوان خواش بە زمانی کوردی دەدوێت. هەروەها ئەوان دەڵێن، کە بە نەتەوە عەرەب بوون و لەو سەردەمەوە کەوتونەتە ژێر کاریگەریی کوردەوە. ئەم بۆچوونانە لەسەر راستی ئەو کتێبە پیرۆزانە دامەزراون، کە بە زمانی عەرەبییە، بەڵام بەڵگەیەکی تر نییە. بە پێچەوانەوە، هەموو بەڵگەکان بەلای بەدرۆخستنەوەی ئەو دڵنیابوونەدا دەچێت، زمانی عەرەبی لەوانەیە لە نووسیندا توانیبێتی زاڵ بێت، چونکە لەو سەردەمەدا کوردی هێشتا زمانی نووسین نەبووە. لەسەرو ئەوەشەوە، تەنیا کەمێك لە (پریس)ەکان دەزانێ و دەتوانێت زمانی عەرەبی بخوێنێتەوە. زمانی عەرەبی تەنیا بۆ مەبەستی زانستی ئاینی بەکارهاتووە و زمانێکی ئایینی نییە. یەزیدیەکان زۆر بە دیار و جیاواز لە ئاییندا ماونەتەوە و لە شێوازی سروشتیدا هەروەها بە لایەنی کەمەوە ئەوانەی ناوچەی بەعدرا- شێخ ئادی- بە روونی جیان لە کوردەکان. مەحاڵە بۆچوونێکی زانستی لەسەر بناغەی ئەو تێڕوانینە

سەرەتاییە کورتە دامەزرێت، بەڵام ئێمە ناتوانین بەربەستی تێبینی ئەو سەرسوڕمانە بکەین، کە لەو وێکچوونەی نێوان یەزیدیەکانی ناوچەی (بەعدرا) و (شێخ ئادی)دا پێشمان هات. بەتایبەتی سەرۆکەکانیان و جۆرێك، کە لەوانەیە لە پەیکەرەکانی ئاشووری بچن.

لە سەردەمە دوورترەکاندا یەزیدیەکان تەواو بە دەرکەناری دەژیان. بەپێی بڕواکەیان، مرۆڤ ناتوانێت ببێت بە یەزیدی، بەڵکو بە یەزیدی لەدایك دەبێت. بۆیە ئەوان هەوڵی گۆڕینی ئایینەکەیان نادەن و بەو پێیە خوێنی بێگانەیان تێکەڵ نابێت. ژن و ژنخوازی لەگەڵ شوێنکەوتوانی بیروڕای ئاینیی تر مەحاڵە، تەنانەت بۆ هاوسەرگیری لە نێوانی چینە جیاوازەکاندا، کە سستمێکی توندوتیژ لە یەکیان جیادەکاتەوە حەرامە. ئەم چینانەی ئاینەکە بریتین لە شێخ، پیرەکان، هەژارەکان، کاووالەکان، ئاڤانەکان و خزمەتچیەکانی گۆرستانی شێخ ئادی. ئەمیر تاکە پیاوە، کە مافی ئەوەی هەیە چەند ژنێك بێنێت و دەتوانێ بەبێ هیچ مەرجێ هەڵیانبژێرێت.

ئایینی یەزیدیەکان، کە لە هەموو کەسانی تر بەدوورگیراوە، دووچاری کێشە و چەوسانەوەیەکی زۆر گەورەیان دەکات و بۆیە ئەوانیش ئارەزووی مەرگێکی زۆر پاڵەوانانە دەکەن لە پێناویدا، ئاینێکی ئاوێتەیە، چەواشەکردنی هەموو جۆرە توخمێکی لەخۆ گرتووە. کەس سەرکەوتوو نەبووە لە پەیبردن بە نهێنیەکانی و وەسفێکی گشتی تەواویان بکات. لە فارسەوە تێگەیشتنی بیروباوەڕی خێر و شەڕیان وەرگرتووە و هەروەها بڕوای گواستنەوەی ڕۆحەکان. قوربانی کردنی ساڵانەی گایەکی سپی لە نزیك مەزاری شەمسالدین یان ڕۆژ لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن لە خوای (میسراس). لە یەهودییدا، یەزیدیەکان پێناسەی ئەهریمەنیان پێدراوە، وەك خواوەندی شەڕ، لەگەڵ شەیتان. سەردەمی کۆن دەپەرستن و هەروەها ڕێز لە سەردەمی نوێ و قورئانیش دەگرن، خەتەنە ئەکەن، کە لەوانەیە لە جولەکە یان ئیسلامەوە وەریانگرتبێ، یان لەوانەیە وەك (ویگرام) لەو بڕوایەدایە- لە سەرچاوەیەکی کۆنتری بڵاو لای هەردووکیان بیروباوەڕەکە. بەهەرحاڵ نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت لەگەڵ ئەوەی خەتەنەکردن

نەریتێکی سامیی کۆنە، کەچی ئاشوری و بابلییەکان بێبەرین لێی و نەیانکردووە. یەزیدیەکان رێز لە مەسیح و هێمای خاچەکە دەگرن، بەڵام ئەوە دەزانرێ، کە نیشانەی خاچ بە شێوەیەکی تایبەتی هێمای مەسیحی نییە بەڵکو بەر لە قۆناغی کرستیانەتی و مەسیحەوە هەیە. لەگەڵ موسڵمانانەدا هاوبەشی لە شکۆی محەمەد و شوێنە پیرۆزەکانی وەك مەکەی موکەڕەمە دەکەن. وتەکانی قورئان لەوانەیە لەسەر دیواری پەرستگاکانیان بخوێنرێتەوە. کانییە پیرۆزەکەیان، کە لە سەرچاوەیەکی نزیك پەرستگای رۆژەوە دێت، پێدەوترێ (زم زم)، کە ناوی کانیە پیرۆزەکەی مەکەیە- نەریتێك دەڵێت، کە شێخ ئادی بە موعجیزەکارێك لە مەکەوە هێناوێتی بۆ ئەو شوێنە، بەڵام لە ئاوی ئەم کانییە پیرۆزەدا شێخ منداڵان (پیرۆز دەکات- تەعمید). هەروەها ئەوەش دەتوانرێ لەسەر دیوارەکانی پەرستگای رۆژ ببینرێت، مانگ و ئەستێرەکان و لە تەنیشت دەروازەی هاتنە ژوورەوەوە وێنەیەکی گەورەی رەش مارێك هەیە. هەروەها یەزیدیەکان ئاگریش دەپەرستن و لێرە و لەوێ بێگومان هەندێ پەیوەندی بە ئاینی زرادەشتییەوە هەیە.

هەموو ئەو تۆخمانە بیانین، بەڵام هەروەها تۆخمی ناوخۆش هەبووە. یەزیدیەکان بڕوایان بە پەروەردگاری مەزن هەیە (لەوپەڕی بەرزیدا)، کە پێیدەڵێن "یەزدان"و ئەوەش لەوانەیە ناوەکەیانی لێوە وەرگیرابێت، بەهەرحاڵ، لەوانەیە لە یەکێ لەمانەشەوە وەرگیرابێت، ناوی یەزیدی داگیرکەر، یان شاری یەزد لە وڵاتی فارس. خوای مەزن، بەهەرحاڵ تا ئەوپەڕی ئاستی بەرزی بۆ پەرستنی راستەوخۆیە. ئەو لە ئاسمانەکانە و گوێ بە زەوی نادات. حەوت رۆحی مەزنی لێوە نێرراوە، یەکەم و مەزنترین، کە "مەلەك تاووس"ە، یەکێکی تر نییە جگە لە شەیتان. دووەمیش "مەلەك عیسا" مەسیحی مەزن، ئەو لەناو مەلەك تاووسدا بووە، کە خوا جیهانی دروستکردووە و بۆ ماوەی 10.000 ساڵ بەکرێ داوێتی بەو، کە 6.000 ساڵی تا ئێستا لێکەم بووەتەوە. مەلەك تاووس لەشێوەی تاووسێکی برۆنزیدا دەپەرسترێ، کە چەند دانەیەکە و لە لایەن

(کەوالەکانەوە)-چینی چوارەمی کۆمەڵگای یەزیدی- هەڵدەگیرێن و لەم گوند بۆ ئەو گوندی دەبەن و لەلایەن خەڵکەوە دەپەرسترێت.

یەزیدیەکانی سنجار لەلایەن هەمان ئەندامانی لیژنەوە سەردانیان ناکرێت وەك یەزیدیەکانی ناوچەی (بەعدرا). بۆیە ئێمە نەمانتوانی دڵنیابین لە راست و دورستی وتەکەی (سێر مارك سایکس)، کە ئەم دوو کۆمەڵەیە هیچ هاوبەشیەکیان نییە، بەڵام تەنیا ئایینەکەیان هاوبەشە. سێر مارك سایکس هیچ ئارایەك دەرنابڕێ لەبارەی بنەچەی یەزیدیەکانی بەعدرا و شێخ ئادی. لەبارەی ئەوانەی سنجارەوە دەڵێت بێگومان لە بنەچەی کوردن، نەك تەنیا لە زماندا بەڵکو هەروەها لە جۆرێتی سروشتی پێکهاتەی بەدەنیشدا. ئەو لەگەڵ کوردەکانی دەرسیمدا بەراوردیان دەکات. لە دیدی ئەوەوە، دوای داگیرکردنەکەی تەیموری لەنگ، پەنایان بردۆتە بەر چیاکانی سنجار. یەزیدیەکانی ئەمڕۆ خۆیان دەڵێن، بەهەرحاڵ، کە دانیشتوانی پێشوی ناوچەکەیان هەمیشە لەسەر ئایینی یەزیدی بوون.

ئەوە بەدی دەکرێت، ئینجا، کە ئایین و بنەچە و نەتەوەی ئەم خێڵە سەیرو سەمەرە تەمومژاوییە، بەڵام ئیدی کەمترین گومان نییە، کە ئەوانە موسڵمان نین. ئەوە ئاشکرایە، کە ئەوان بەهیچ یەکێ لە تورك یان عەرەب نزیك نین. هەندێ پەیوەندیان بە کوردەکانەوە هەیە و زۆر لەوانەیە، کە پێشینەی هاوبەشیان هەبووبێت. بەڵام هەروەها لەوانەشە بنەچەی هەردوو نەتەوەکە بەگشتی وەك یەك نەبێت.

یەزیدیەکان هەمیشە لە ئاستێکی دژواردان. قەدەغەیە ناوی شەیتان یان بڕگەیەکی ئەو ناوە بهێنن یان گوێیان لێببێت، هەروەها رەنگی شین ناپۆشن. ئەم خەسڵەت و خووە نهێنییانەی ئایینەکەیان کێشەی زۆری بۆ سازاندون بەتایبەتی لە کاتی پەیوەندیکردنیان بە خزمەتی سەربازییەوە. لە رووسیا (قەوقاس) بۆ نمونە، لە سەردەمێکدا یەزیدی بەدەردەکران لە خزمەتی سەربازی. بەهەرحاڵ لە تورکیا ئەوە بەو چەشنە نەبوو، دادەنران بە دواکەوتووانی مەزهەبێکی ئیسلامی. ئەوەش وایکردبوو هەروەها زۆر دەچەوسانەوە لەلایەن پیاوانی ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگای ئایینیەوە.

لە سەردەمانی پێشودا یەزیدیەکان ژمارەیان زۆر لە ئێستا زۆرتر بووە. لە سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا ئەوان لە ئەنجامی شەڕی نێوان ئەوان و تورك و ئەوان و عەرەبدا و ئەو قاتوقڕییە گەورەیەی بەدوایدا هات دووچاری تێکشان بوون.

لە میانەی پشکنینەکانماندا بۆمان دەرکەوت و بیرمانکردەوە، کە لەوانەیە گرنگ بێت باسکرێ، ئەوەی ئێمە باوەڕمان پێیەتی تەنیا نەخشەیەکە، کە مەودای ناوچەی پێشوی یەزیدیەکان پێشان دەدات، کە زۆر فراوانتر بووە لەمەی ئێستا. ئەوە نەخشەیەکی دەستکردە بە ناونیشانی "ئەرمینیای مەزن، بەپێی نووسەرانی ئەرمەنی"، لەلایەن وەکالەتی فرانسیەوە 1765 دووبارەکراوەتەوە. سنووری هەموو پارچە جیاوازەکانی ئەرمینیا پێشان دەدات. سنووری باشوویی ئەو ناوچەیە، کە تا رادەیەك دوای شاخەکانی جەزیرە، ئامێدی و نیری دەکەوێت و بە هەمان ئاڕاستە بەرەو رۆژهەڵات بەردەوامە. باشووری ئەم هێڵە، پارچە زەوییەکی باریکە، ئەوەش بەدرێژایی زنجیرەی چیای زاگرۆس وایکردووە، کە سنووری باشووریی نابینرێ، پێیدەوترێ "وڵاتی کوردەکان". بەشێکی بچوکی ئەم زەویە باریکە، لە کۆتایی رۆژئاوادا، جیادەبێتەوە و ناوی "موق، یان وڵاتی ماجی — مەجوس " هەڵدەگرێت. ئەمە ناوچەیەکە، کە تا رادەیەك بە موسڵ و دیجلە و ئامێدی و ئاکرێ دەورەدراوە. بە وشەیەکی تر، ئەوە ئەو ناوچەیەیە، کە پەناگای یەزیدیەکانە، ئەو خەڵکە تاك و تەنیایەی لەم ناوچەیەدا پەیوەندیان بە ئایینی مەجوسییەوە هەیە (ئەم نەخشەیە دوای ماوەیەکی کورت لە لایەن ئێم. حانزادیانەوە، لە زنجیرە نەخشە مێژوویەکانی ئەرمینیادا بڵاودەکرێتەوە).

#### 4) عەرەبی کۆچەریی و نیشتەنی.

هەندێ لە نووسەران، وەکو (کوینەت– *CUINET*)، عەرەبی کۆچەریی و عەرەبی سووریایی جیادەکاتەوە، بەڵام یاداشتەکانی بریتانیا لە ویلایەتی موسڵدا تەنیا هێما بۆ عەرەبی "رەسەن" دەکات.

حوکومەتی بریتانیا لەبارەی ئەو خاڵەوە وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە، لەگەڵ ئەوەی لە نێوانی عەرەبی کۆچەریی و عەرەبی شارەکاندا جیاوازی هەیە، ئەوە بەس نییە کۆتاییەکەی بەوە بێنینەوە، کە بنەچەیان جیاوازە، هەرچۆنێ بێت، هەمان کولتوور و هەمان بیری سیاسییان هەیە.

نەمانتوانی تێبینی هیچ جیاوازییەکی ناسراو لەنێوان عەرەبی کۆچەریی و دانیشتوی شارەکاندا بکەین، لەسەرو ئەوەشەوە، ئاسان نییە تارماییەکی لاوازی وا بدۆزینەوە بۆ جیاوازیکردن لەناو دانیشتوانێکی گەورەدا. مەسەلەکە پێویستی بە درێژەی گەڕان و پشکنین هەیە لە بوارەکانی (ئەنسرۆپۆلۆجیکاڵ- مرۆڤناسی، هیستۆریکاڵ- مێژوویی، ئیسنۆگرافیکاڵ - زانستی نیشانەکانی نەتەوە) پێش سەلماندنی جیاوازی یان بنەچەی کۆمەڵگا.

گومانی تێدا نییە، کە دانیشتوانەکە نەوەی سامیی تری تێکەوتووە. هەروەها سێر مارك سایکس - *Sir Mark Sykes* هێما بۆ دانیشتوانی ئارابۆ- ئارامیی موسڵ دەکات. ئەو نەتەوەیە، دوای ئەوەی لەگەڵ عەرەبدا تێکەڵ بوون و تەواو کاریگەر بوون پێیانەوە، بۆیە لە ئەنجامدا هەموو بنەچەی کولتووری خۆیان وون کردووە.

5) **سارلی و شەبەك.**

میستەر کرامەرس- *Mr. Kramers*، وەرگێڕ- تەرجومانی فەرمی لیژنەکە و شارەزا لە زماندا، ئەم زانیارانەی لای خوارەوەی پێداین:

لە رۆژنامەی (ئەلمەشریق)دا، کە لە کۆلیجی یەسوعییەکان لە بەیروت دەردەچێت، ئەبونە "ئەنەستاسیاس- *Anastasias* "، کە ناوداره بە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی یەزیدیەوە، چەردەیەك زانیاری کۆکردۆتەوە، کە تایبەتە بە تیرەکانی"سارلی" و "باجۆران" و "شەبەك"ەوە، کە لە دەوروبەری موسڵ دەژین (بەرگی 5، 1902، لاپەڕە 577)

ئەبونە ئەناستاسیاس- *Anastasias* ناوی گوندەکانی (تەل لابان، باساتلیبیا، کابارلی و خەراب سەڵتەنە) وەك گوندەکانی سالی ئاماژەی کردون. ئەم شوێنانە بۆ لیژنەکە ئاماژە نەکراون، بەپێی زانیاری تایبەتی خۆمان، گوندی "وارداك" ناوەند و شوێنی ژیانی سەرۆك یان مەلا تەها، یان "تەها کۆچا"یە. بەپێی بۆچوونی ئەبونە ئەناستاسیاس- *Anastasias*، زمانی سارلی بریتیە لە توخمی کوردی و تورکی و فارسی. دەڵێت، هەمان شت بۆ زمانەکانی باجۆران و شەبەکیش راستە، بەڵام ئەوەش دەڵێ هیچ یەکێ لەم زمانانە لەیەك ناچن. ئەگەر ئێمە ئەم بۆچوونانە بەراورد بکەین بەو زانیاریانەی لە (سەیفیە) بۆ لیژنەکە سازکرابوو لە 20/شوبات/1925، کە بەو پێیە "سارلی"یەکان جگە لە کوردی، زمانی تر بەکارناهێنن، ئەوەش دەگونجێ بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی ئەو زمانەی پێیدەوترێ (زمانی نهێنی) تەنیا کوردییە و تێکەڵە بە چەردەیەك دەربڕینی فارسی یان تورکیی رەسەن. زمانی کتێبە پیرۆزەکەیان لەوە دەچێت فارسی بێت.

لەسەرو ئەوەشەوە، لە کۆتایی وتارەکەیدا ئەبونە ئەناستاسیاس- *Anastasias* خۆی ئەوە دەردەبڕێت، کە ئەو سێ تیرەیە لە بنەچەدا کوردن و ئەنجامەکەی پشت دەبەستێ بە تایبەتمەندێتی پێکهاتەی بەدەنییان، وەکو کورد، ماسولکەی بەهێز و باڵای بەرز و پێستی ئەسمەر و لوت قۆقز و قژ رەش و چاو قاوەیی تێر. ئەوان نائەمین و توندوتیژ و غەدارن.

باجۆران ئەو تیرەیەن، کە لیژنەکە هەرگیز رێکەوتی نەکردون. هەڵسوکەوتی ئایینیان دەقاودەق وەك شیعە یاخیەکان وەهایە.

بەپێی بۆچوونی ئەبونە ئەناستاسیوس- *Anastasias*، گوندەکانی شەبەك بریتین لە: عەلی رەش، یەنجیجی، خارنا و فێلارا و دەکەونە نزیك چیای سنجارەوە (ئەوەش لەوانەیە هەڵە بێت، لە راستیدا ئەوان نزیك شاخی مەقلوب دەژین). شەبەك باوەڕیان بە عەلیی ئیمامی شیعەکان هەیە و زۆر رێزی دەگرن، هەروەها لە زووربەی یادەوەریە ئایینیەکانی یەزیدیەکاندا هاوبەشی دەکەن.

6) **مەسیحییەکان.**

هەردوو حوکومەتەکە سەرنجی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ باری سیاسی کێشەی مەسیحیەکان، بەتایبەتی ئاسووریە نیستۆرییەکان، کە ژینکەی بنەچەییان بەشی باکووریی ناوچەی ناکۆکیەکەیە و ناوچەکانی دەوروبەریەتی. یاداشتەکان بەگشتی هێمایان بۆ مێژووی نوێی ئەو مەسیحیانە کردووە، لەبارەی تێکۆشان و چەوساندنەوەیان لەکاتی جەنگی ئەم دواییەدا، پرسی پەنابەران و پاشان، گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان بۆ خاکەکانی دەوروبەری ئەو شوێنەی جێیان هێشتبوو.

ئەمە ئەو شوێنە نییە بۆ ئێمە تا بیر و بۆچوونی خۆمان لەبارەی ئەو پرسەوە دەربڕین. لە یاداشتەکانیاندا، هەردوو حوکومەتەکە وتیان، هیچ شتێك نییە لەبارەی بنەچەی ئەو مەسیحیانەوە، تەنانەت لە یاداشتی تایبەتی لەبارەی پەنابەرانی ئەرمەن و ئاسووریەکانی ئۆردوگای باقوبەوە، حوکومەتی بریتانیا شتێکی ئەوتۆی باس نەکردووە جگە لە هێماکردن بە مێژووی نوێیان نەبێت. بەڵام لە مامەڵەدا لەگەڵ بنەچەی نەتەوە جیاوازەکان لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا لەو بڕوایەداین، کە پێویستە لەپێناوی تەواوکردنی مەسەلەکەدا چەند وشەیەك زیاد بکەین، کە پەیوەندە بەدوو کۆمەڵە گەورەکەی مەسیحیەکانی دانیشتوی ئەم وڵاتەوە: نیستۆریەکان و کلدانیەکان هەروەها پەیوەندییان بە مەسیحیەکانی تریش، یاقوبیەکان، لاتین و کاسۆلیکە سووریەکان، ئەرسەدۆکسی یۆنانی، ئەرمەنەکان و پرۆتیستانتەکانەوە هەیە، بەڵام کەم.

مەسیحیەکانی دۆڵی دیجلە بەشێوەیەکی سەرەکی نەوەی ئارامیەکانن، کە لەسەردەمی ئەرتاسیدیەکان و ساسانیەکان زووربەی زۆری دانیشتوانیان پێکهانیبوو، کاتێ مەزهەبی "گنۆستازیمی" و پاشان ئاینی مەسیحی دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد.

نیستۆرییە ئاسووریەکانی ئامێدی و چیای تیاری و ناوچەکانی دەوروبەری بەتەواو هەمان بنەچەیان نییە. هەرچەندە هەمان زمانی (سایرۆ- ئارامی) قسەدەکەن، کە چەند توخمێکی بیانی تێکەڵ بووە و هەردووکیان هەمان زمان لە کاروباری ئایینیدا

بەکاردێنن:، کە سریانی کۆنە. بەڵام هەندێ نووسەر لەو بڕوایەدان، کە لە دانیشتوانی هەمان چیا سەرەتاییەکەوە وەك کوردەکان هاتونەتە خوارەوە و کاتێ ئیسلام یەکەم داگیرکردنی کرد، ئیدی مەسیحیەکانی دەشتی دیجلە پەنایان بردە بەر چیانشینەکان (کە لەوانەیە ئەوان گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت) و شارستانیەکی زۆر پێشکەوتویان بۆ سازاندون و زمانێکی نوێیان فێرکردون.

بەگوێرەی ئایینی نیستۆریەوە، سەردەمی کەرتبوونی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژانی بەشبوونی زانستی (لاهوت) و دەرکەوتنی (ئەو بڕوایەی دەڵێت، کە مەسیح یەك سروشتی هەیە) و (ئەو بڕوایەی دەڵێت، کە مەسیح یەك خواستی هەیە)، کە هەردووکیان بوونە هۆی بەرپابوونی گومڕایی ئایینی. پاتریارك "نیستۆریوس" لە (سەدەی سێیەم)دا لە لایەن "ئەنجومەنی ئەفیسۆس"ەوە بەوەی لە ئایین لایداوە تاوانبارکرا. لە زانیاریەکانی نیستۆریوس، دەڵێت: مەریەمی عەزرا (مەسیح)ی وەك مرۆڤ بووە، نەك مەسیح وەکو خوا (الله). ئەو و وەدوکەوتوانی دووچاری چەوسانەوە بوون لە بێزەنتییە، واتە (ئیمپراتۆریای رۆمانی رۆژهەڵاتی)، بەڵام لە دوایدا ساسانیەکان پێشوازیان کردن، کە دوژمنانی ئیمپراتۆریای رۆژهەڵاتی بوون و پاشانیش لەلایەن عەباسیەکانەوە. تەنانەت وەك پایەدارێك لە زانستی یۆنانیدا رێزیان دەگیرا و هەندێکیان گەیشتنە پۆستە بەرزەکان لە خودی بەغدادا. نزیکەی هەموو مەسیحیەکانی عەرەب و ئیمپراتۆریای فارسی بوون بە نیستۆریان و لە ماوەیەکی کورتدا کڵێسە بوو بە خاوەنی 25 قەشەی گەورە.

روخانی خەلافەت و هێرشی مەغۆل و بڵاوبوونەوەی کوێرباوەڕی موسڵمان، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی شێخ عەبدولقادری ئەلگیلانی هاشمییەوە، بارودۆخەکە گۆڕا. لە سەدەی سیانزەیەمدا، نیستۆریەکان دەچەوسانەوە و وردە وردە دەکشانەوە بۆ چیاکان. بەڵام کلۆڵی هەرە گەورەیان داگیرکردنی دووەمی مەغۆلیەکان بوو بە رابەری تەیمور. داگیرکردنەکەی تەیمور ژمارەی نیستۆریەکانی کەمکردەوە بۆ ئەو ژمارەیەی، کە ئەمڕۆ هەیە. لەو مێژووەوە ئەبونە یان (پاتریارك)ەکەیان لە بەغداوە کشایەوە بۆ

ئەلقوش، پەرستگایەك لەناو بەردە کلسیەکانی کەندەڵانەکانی باکووری دەشتی موسڵ داتاشراوە و لەلایەن قەلەندەری ناودار(رابان هورموزد)ەوە دامەزراوە. لە سەدەی شانزەیەمدا هەوڵ دراوە بۆ گەڕانەوەی نیستۆریەکان بۆ ناو کڵێسەی کاسۆلیك. جیابوونەوەیان بۆ دوو گوروپ بە کردەوە دیاربوو. گوروپی باکووریی جیابووە و ملکەچ بوون بۆ پاتریارکێکی جیاواز، کە ناودار بوو بە (مار شەمعون) لەگەڵ هەشت قەشە، کە دووانیان لە وڵاتی فارس بوون. نیستۆرانەکانی زەوییە نشێویەکان بە پلەیەکی زۆر گەورەتر، هەستیان بە پێویستی پارێزگاریی کردووە و لە 1778دا لەگەڵ ڕۆما یەکیانگرت. کلێسەی کلدانی لە ئەنجامی ئەوەدا هاتە کایەوە و حەوت گەورە قەشە لەژێر رابەرایەتی پاتریارکی بابلدا بوون، ئەوەی، کە یەکەم جار لە نزیك دیاربەکر و پاشان لە موسڵ نیشتەجێ بوو.

راپۆرتی قونسڵی گشتی نەمسا- هەنگاریا لە بەغدا، کە زۆر قوڵبۆتەوە لە پرسی نیستۆریەکان و کلدانەکاندا، لە راپۆرتەکەیدا لە 1901دا ئەم سەرژمێریانەی لای خوارەوەمان پێشکەش دەکات:

**نیستۆریەکان**

I. گوروپی تیرەی تیاری ژێر دەستەڵاتی پاتریارك مار شەمعون 2.274

II. گوروپی تیرەی چومای ژێر دەستەڵاتی گەورە قەشەی دسەکەلن 1.650

III. گوروپی تیرەی گاواری ژێر دەستەڵاتی گەورە قەشەی گاواردا 2.103

1. ناوچەی سەرەك قەشەنشین ............................. 1.067
2. قەشەنشینی مار یۆحەننا ........................... 972
3. قەشەنشینی مار یۆنان ............................. 290
4. قەشەنشینی مار گوریل ............................. 5.217

کۆی گشتی ........................................ 13.573

**کلدانەکان**

1) قەشەنشینی پاتریارکی بابل (موسڵ و دەوروبەر و کۆمەڵگایەکی بوچکی بەغدا) 2.705 ............................................................

2) قەشەنشینی کەرکوك ........................ 350
3) قەشەنشینی ئامێدی- ئاکرێ .................... 1.165
4) قەشەنشینی جەزیرە ........................ 825
5) قەشەنشینی سەرت ............................ 915
6) قەشەنشینی ماردین ............................ 70
7) قەشەنشینی دیاربەکر ............................ 200
کۆی گشتی ............................................ 6.230

بەپێی ئەم سەرژمێریانە، کە لەو بڕوایەداین زۆر بێلایەن بێت و لەوەش دەچێ پشتی بەستبێت بەو زانیارانەی لەلایەن نوێنەری پاپا و پاتریارکەکانەوە دراوە، ئێمە ژمارەی مەسیحیەکان مەزەندە دەکەین بە 80.000-90.000 و 40.000 کلدانی، لەسەر بناغەی ئەوەی هەر خێزانێك بریتی بێت لە شەش کەس.

یاداشتەکەی بریتانیا تایبەت بە پەنابەرە نیستۆریە چیانشینەکان، ژمارەی بەر لە جەنگیان دادەنێت بە 100.000 کەس. ئۆتۆنۆمی سێ گوروپەکەی نیستۆری لەلایەن پێنج خێڵی سەربەخۆوە دامەزرێنرا، لەلایەن ئاژاوەی ناخۆی نێوان خێڵەکان و دوژمنایەتی کاربەدەستانی عوسمانییەوە هەڕەشەی لێدەکرا.

بەهەرحاڵ، حوکومەتی عوسمانی هەمیشە جورە ڕێزێکی بۆ پاتریارك پێشان دەدا، تا نەهێڵێت بچێ بۆ ڕۆما، یان دیدەکەی بگۆڕێ بەلای وڵاتی فارسدا، لەکاتی یەکەم قەڵاچۆکردنیان لەلایەن بەدرخان پاشاوە لە 1840دا، پاتریارك بەشێوەیەکی کاتیی وڵاتی جێهێشت.

لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا پێنج خێڵەکە تا رادەیەکی باش ئۆتۆنۆمیان پێدرابوو، هەروەها نیستۆریەکان لەلایەن پاتریارکەوە فەرمانڕەوایی دەکران، ئەوان باجیان دەدا بە ئەو و ئەویش سەرانەی دەدا بە سوڵتان. کڵێسەکانیان و کتێبە پیرۆزە کۆنەکانیان لەکاتی دووچاربوون و قەڵاچۆکردنیاندا لە جەنگی مەزندا لەناوچوون، دوای ئەوەی بە سەدەیەها ساڵ پارێزگاریی کرابوون. نیستۆریەکان لە چیاکاندا زۆر بەباشی پارێزراو

بوون- لەناو چیاکاندا لای خێڵە کوردەکانەوە نیشتەجێ بوون- کارگێڕیی عوسمانی تەنیا جارجارە خۆی دەردەخست. کاتێ ئەوەشی دەکرد، کردەوەکەی بە گشتی لە رووی چاکخوازییەوە نەبوو، هەروەها جیاوازیەکی گەورە هەبوو لە مامەڵەکردنی پاتریارك لەلایەن حوکومەتەوە و لەگەڵ مامەڵەی پاشاکان بۆ خەڵك.

نیستۆریە شاخاوییەکان ژیانێکی زۆر هاوشێوەی کوردە شاخاویەکان دەژیان. وەك لەم دواییەدا مەڕومالاتیان پەروەردە دەکرد و بەدوای لەوەڕدا کۆچیان دەکرد، بەلام بە چاودێرییەکی بەرزەوە کشتوکاڵیان لە ناوچەیەکی کەم رووبەردا دەکرد، کە بتوانن بیکێڵن لە دۆڵ و دەشت و لاپاڵی شاخە لێژەکاندا. ئەوان بە رادەیەکی زۆر کشتوکاڵیان بە رێگەی تەلان یان پلە پلە دەکرد و ئاودێری ناوخۆیی.

جلوبەرگیان وەك جلوبەرگی کوردی وەهایە، بەلام تەواو وەك یەك نییە. کلێتەیەکی قوچەکی بچوك لەسەر دەکەن، وەك ئەوەی ئەلبانیەکان لەسەری دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچۆنێ بێت هیچ هاوبەشیەکیان نییە. ئەوانیش وەك کوردەکان جەنگاوەرن، هەمیشە خەنجەریان بە بەر پشتێنەکەیانەوەیە و تفەنگێکی نوێیان کردۆتە شانیان.

ئەو کلدانیانەی لە دەشتەکاندا نیشتەجێن شارستانییەکی زۆر پێشکەوتوتریان هەیە، لەو کاتەوە، کە زیاتر پەیوەندی دەکەن بە دانیشتوانی رۆشنبیری شارەکانەوە و ئەوان قوتابخانەیان هەیە، بەزۆری لە لایەن فەرەنسا و رۆماوە راگیراوە. پیاوانی ئایینیی کلدانەکان بەشێکی زۆریان لە قوتابخانەی ئاینیی دۆمینیکی فرانسی بۆ پەروەردەی قەشە لە موسڵ فێرکراون.

گوندە دەشتەکیەکانی کلدانیەکان بە ئاسانی دەتوانرێ لە گوندەکانی عەرەب و تورك و کورد جیابکرێنەوە. ئەویش بەو پێشوازی و بە دەنگەوە هاتنەیە بەهۆی پاکوخاوێنییەوە. بۆ نمونە تەلکێف و گوندەکانی دەوروبەر لە بەرد دروستکراوە.

لەوە دەچێت مەسیحییەکان پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ کوردەکان هەبێت. ئەوە هەروەها باری سەرنجمان بووە لەو شوێنانەی خێڵەکانی کورد و مەسیحیەکانی تێدا دەژیان.

لەم دواییەدا، بەر لە جەنگ،، ئاوارەبوونی کلدانەکان لە میسۆپۆتامیا مەودایەکی گەورەی وەرگرت. ئێمە هێما بۆ ئاستی ئێستایان لەژێر ناونیشانێکی تردا دەکەین.

**سێیەم: وەسفی جیۆگرافیا و ئەتنۆگرافیای ناوچەی ناکۆکیەکە:**

ئاسیای بچوك و ئەرمینیا و ئێران، هەموویان لەناو پشتێنەی ئاسیا- ئەوروپایی مەزندا دەپێچرێنەوە. سووریا و نیمچە دوورگەی عەرەبی دەگەڕێنەوە سەر ئەو زەوییە تەختە کۆنە فراوانەی، کە تا رادەیەك هەموو ئەفریقا و بەشی باشووریی هیند و دوورگەکانی رۆژهەڵاتی هیند و ئوستراليا دەگرێتەوە.

میسۆپۆتامیا بە مانا فراوانەکەی تری- هەموو ناوچەی نێوان دیجلە و فوڕات و ناوچەکانی سەر درێژایی کەنارەکانی ئەم رووبارانە دەگرێتەوە، لەو شوێنەوە، کە لە زنجیرەی چیا بەرزەکانەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو ناوچەیەیە، کە بە قۆناغی گۆڕاندا دەڕوات. ناوچەی ناکۆکیەکەش دەگەڕێتەوە سەر ئەم ناوچەیە، کە لە چیای "ئەمانوس"ەوە (لە سوریا)وە درێژدەبێتەوە بۆ کەنداوی فارسیی.

ئەو چیایانەی، کە دەوری دەشتی سیرۆ- میسۆپۆتامیای داوە (واتە دەشتی سووریا- دۆڵی رافیدەین) وەك پلە پلەکانی شانۆی بازنەیی رۆمانەکان بە گردۆڵکە دەورەدراو دوو سیستم دەنوێنێ- لەسەر رۆژهەڵات، کۆمەڵەی زاگرۆس، کە زنجیرە هاوڕێکە زۆرەکانی لە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتەوە دەکشێت بۆ ناوچەی باکووری رۆژئاوا و لە باکوورەوە، کۆمەڵەی تۆڕۆس، کە زنجیرەکەی لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات دەکشێت و کەوانەیەکی قۆقز بەرەو باشوور پێکدەهێنێ. لە گۆشەی باکووری رۆژهەڵاتییەوە، ئەم سیستمانە کۆدەبنەوە و لە گرێیەکدا یەکدەگرن، کە لە شێوەی مۆرفۆلۆجیکاڵی- زەمیناسی و

جیۆلۆجیکالّیدا هێشتا کەمی لەبارەوە دەزانرێت. لەسەر لای دەشتەکە هەموو ئەم زنجیرانە بە چەند کۆمەڵە گردێکی بنارشاخ دەورەدراوە.

ناوچەی ناکۆکیەکە کەوتۆتە گۆشە دوورەکەی ناوچە تەختەکەی ئەو شوێنەی زنجیرەکان و گردی بنارشاخەکان لە هەردوو سیستمەکەدا تێکەڵ دەبن. لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵات نزماییەکی مەزنە- کەنداوی فارسیی و میسۆپۆتامیای خواروو-، کە زنجیرەکانی زاگرۆس لە دەشتە بەرزەکانی عەرەبی جیادەکاتەوە. لەوەپێش، کەنداوی فارسیی تا هێڵی "هیت- بەلەد" درێژدەبۆوە بۆ ئەوپەڕی سنووری باشووریی جەبەل حەمرین. دیجلە و فوڕات بەشێکی گەورەی کەنداوی فارسییان بە قوڕو لیتە پڕکردۆتەوە. ئەم قوڕو لیتە نیشتووە ئەو خاکە بە پیتەی عێراق تا دەوروبەری بەلەد- دەشتایی زەوییە نزمەکانی پێکهانیوە.

لە ناوچەی بەلەد- تکریت، ناوچەکە لە 50-100 مەتر بەرزدەبێتەوە و دوای ئەوە باکووری تکریت، بەشێوەیەکی وردە وردە بۆ 900 مەتر لە داوێنی شاخەکانی باکووریەوە. ناوچەی باکووری تکریت-، کە بەشێکە لە ناوچەی ناکۆکیەکە- بە ئاسایی پێدەوترێ ناوچەی بەرز. لەم خاڵەوە، کە گردۆڵکەیە، کە تا ئێستا بەرەو باشوور زۆر لە یەکەوە نزیکن و هێڵەکانیان هاوڕێکە، لێرەوە یەك لەدوای یەك بەرەو ناوەوە دەست دەکات بە چەمینەوە. زنجیرەیەکی بچوك لە زاگرۆس بۆتەوە لە گۆشەیەکی تیژ و بەرەو ڕۆژئاوا دەچەمێتەوە. یەکەم لەم زنجیرە بچوکەوە جەبەل حەمرینە. لەنێوانیاندا گۆلی قەوارە جیاواز دەبینرێت و تەنانەت دەشتی گەورەش.

ناوچەی ناکۆکیەکە بەشێك لە دەشتە بەرزەکان پێکدەهێنێت، کە تا ئەوپەڕی دەچێتە ناو دوو سیستمە شاخەکەوە، ناوچەکە لەم جۆرە حاڵەتەی زۆر تێدا تێبینی دەکرێت.

هەموو جۆگاکان لە پلە پلەی چیاکان و ناوچە بەرزەکانەوە بۆ ناو چۆڕاوگەی باکوور دەڕژێنە ناو فوڕات و دیجلەوە. لە خاکە بەرزەکانی ناوچەی دەشتە بەرزەکان ئەو دوو رووبارە ئاوەڕۆگەیەکیان لە شێوەی پیتی (یو- U) دا بە قووڵی بۆ خۆیان بڕیوە، بەڵام لە زەوییە نیشتوە نزمەکاندا ئاوەڕۆگەیەکی خواروخێچ، کە تەواو یەکسانە بە دەشتە

تەختەکە، هەندێ جاریش تەنانەت لەسەرو ئاستی دەشتەکەوە لەنێوان بەربەستە دروستکراوەکاندایە. لە هیت و تکریتدا رەوشی دیجلە و فورات گۆڕانی بەسەردادێت. هەموو ناوچەی ناکۆکیەکە کەوتۆتە ناو زەویە بەرزەکانەوە، کە ئەو دوو رووبارە دوو ئاوەڕۆگەی بەردینی قوڵیان بۆ خۆیان هەڵکەندووە، ئاوەکانیان بە خێراییەکی زۆر دێتەخوارێ و زیخ و چەو لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن.

لە زەوییە بەرزەکانی باکووریی ئەم رووبارە مەزنانە لەگەڵ زووربەی جۆگە و لقەکانیان یەکدەگرنەوە. تەنیا چەند لقێکی کەم دەکەونە ناو زنجیرە چیاکانەوە، تا لە داوێنی خوارەوە بڕژێتە فوراتەوە. دیجلە لە کەناری لای راستیەوە لە ناوچە تەختانیەکەدا هیچ لقێکی تێنارژێت. لە کەناری لای چەپیەوە، ئەو جۆگایانەی لە کۆمەڵە شاخەکانی زاگرۆسەوە دێنە خوارێ، شێوە روبارێکی قوڵی بەخوڕ پێکدەهێنن.

ئەم ناوچەیە، کە ژمارەیەك رووباری زۆری تێدایە، ناوچەی ناکۆکیەکە پێکدەهێنێت.

لەوەبەر بە درێژی بنەماکانی کەشوهەوا و پەیوەندیەکانی ناوچەی ناکۆکیەکەمان بەیانکردووە، بەناوبانگترین دیاردەکانی کیشوەرییە (لەبەر ئەوەی کەوتۆتە گۆشە هەرە دوورەکەی ناوچە تەختەکەوە)، و پلەی گەرمای بێ ئەندازە و رادەی گەرمای مەزنی ساڵانە بۆ جیاوازی گەرمیی تێیدا و وشکی هاوینەکەی و زستانی باراناویی.

ناوچەی ناکۆکیەکە، کە بەشێکی زەوی تەختانە و بەشێکی گردۆڵکە و شاخە بەرزەکانە، بەگوێرەی کەشوهەواوە لەگەڵ هەموو وڵاتانی دەوروبەریدا خاڵی وێکچووی هەیە، بەڵام، وەك باسمان کرد، پەیوەندی زۆرترە بە ناوچەی گواستراوەی بەرزەوە، کە لە ناوچەی ناکۆکیەکەوە درێژدەبێتەوە بۆ چیای ئەمانوس. ئەم چیایە، کە وڵاتە تەختەکەی سووریای عەرەبی لە دەریای سپی ناوەڕاست جیادەکاتەوە، ئەوەندە بەرز نییە، کە بەربەستی دەریای سپی ناوەڕاست لە گەیشتن بە رۆژهەڵات و تەنانەت بۆ ناوچەی ناکۆکیەکەش بکات. زەوییە نزمەکان وەك باسکرا، بریتیە لە دەشتە پانوبەرینەکان، کە بە قوڕ و لیتە داپۆشراوە، لە وەرزی وشکانیدا دەبێتە تەپوتۆز، بەڵام کاتێ ئاودەدرێ زۆر بە پیتە و نمونەی نییە. شوێنە بەرزەکان بریتیە لە چینە ئاسۆییە

کلسیەکان و بەردەلمین و پێکهاتەی قوڕین، کە کەم تا زۆر بەشێکی بە چینێك لە لیتەی کۆن داپۆشراوە. بەم پێیە عێراق وڵاتێکی لیتەییە، لەکاتێکدا خاکی ناوچەی ناکۆکیەکە بەردەڵانە.

لە هەردوو هەرێمەکەدا ئەو وڵاتە تەختە لە هەردوولای باکوور و باشووردا رووەك و گژوگیای لەوەڕێکی کەم دایپۆشیوە، کە لەوانەیە تەنیا بۆ چەند مانگێك لە ساڵێکدا کەڵکی لێوەربگیرێت. بەڵام تا بەرەو باشوور بچین، هەست بە دابەزینی رووبار ناکرێت، چونکە خواروی عێراق زووربەی بریتیە لە زەلکاو و هۆڕەکان.

ناوچەی ناکۆکیەکە، لە لایەکی ترەوە، لەم دیدەوە دیسانەوە ناوچەیەکی گۆڕاوە لەنێوان دەشت و چیاکاندا.

دۆڵەکان و لوتکەی چیاکان دارودرەختی تێدایە، چنار و سپی دار بە درێژایی رووبارەکان و داری بەڕوی هەمیشە سەوز لێرە و لەوێ لە داوێنی پانوبەرینی چیاکاندا یەکدەگرن.

ناوچەی ناکۆکیەکە ناوچەی گۆڕانە لەنێوان دەشتی پانوبەرین و دەشتی رووتەندا.

دەتوانرێت بوترێ، کە لەوانەیە دیجلە سنووری ئەم دوو شێوازە بێت. شاری موسڵ کەوتۆتە ناوچەیەکی ئاودێرییەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە دیجلە وەك سنوورێکی سروشتی هەرێمەکە دادەنرێت و ناوچەی ناکۆکیەکەی لەسەرە و درێژدەبێتەوە بۆ ئەودیوی، کەناری لای چەپیش بەتەواوی یەك ناوچەی یەکگرتوی هاوشێوە پێکناهێنێت.

زنجیرە گردەکانی بنار شاخەکانی باشووری زێی خواروو جیاکەرەوەیەکی تایبەتی ئاشکرایان هەیە. چینەکانی (میۆسین- -Miocene - جبسیفیرووس - gypsiferous ) ئەم گردۆڵکانەی لێپێکهاتووە و چین لەسەر چین نیشتوونەتە سەریەك. سێ زنجیرە گردۆڵکەی سەرەکی لەوانەیە دیاری بکرێت، لەگەڵ ئەوەی، کە زۆر بەرز نین، کەچی کیوی و سەختن. بە شێوەیەکی جیاواز لە تێکەڵەیەکی کلسی و بەرد و لم و قوڕ پێکهاتوون، کە رەنگی زۆر نایابی نێوان خاکیی و سوور دەنوێنن. ئەم زنجیرانە وشك و رووتەنە، تەنیا

لە دۆڵەکاندا زەوی هەیە بۆ کشتوکاڵ بەکاردێت. بەرەو رۆژئاوا، جەبەل حەمرین کۆتایی ئەم زنجیرە بچوکانەیە، دابڕاوە و درێژدەبێتە بۆ دوور و زەوی دەشتە پانوبەرینە وشکەکان، کە بەرەو رۆژئاوا دەکشێت. لە داوێنی زنجیرەکەی تردا، هێڵە دەشتە رووتەن و وشکەکان درێژدەبنەوە بەرەو رۆژهەڵات و ناوبەناو دەگۆڕێ بە زەوی بە پیت و زیاتر کشتوکاڵیی. هەروەها لەوێدا دانیشتوانی عەرەب و تورك و کورد یەك لە دوای یەك شوێن گۆڕکێ دەکەن لە زەوی دەشتە وشکەکان و بە پیتەکاندا. ناوچەی باشوور زۆرتر وشك و گەرمە، باشووری ئاودێری زێی خوارووی زیاتر و زۆرتر پێویست دەبێت.

سیمای باکووریی ناوچەکە زیاتر بێدەنگ و ئاسایشە. هێڵی لوتکەی شاخەکە و دیجلە زیاتر پێکەوە نزیك دەبنەوە. زنجیرە مەزنەکانی زاگرۆس دەچنە ناو زنجیرەکانی تۆرۆسەوە و شێوە پلە پلەیەك پێکدەهێنن. یەکەم گرۆدڵکەکانی داوێنی چیاکان، کە بەدرێژی زنجیرە مەزنەکان درێژدەبێتەوە، لە هەندێ شوێندا یەکەم چینی ئەم پلانە پێکدەهێنێت و بەڵام ئەوانەی نزیکترن لە دەشتەکانەوە زیاتر و زیاتر بەرەو ئەوە دەچن لقیان لێبێتەوە بەرەو گردە بچوکە دەرکەنارەکان. ئەوە گۆڕانە لە گردۆڵکە نزمەکانەوە بۆ دەشتی چاڵوچۆڵ. ئەم دەشتە، کە چەند بەشێکە بەڵام کەمێ دابڕان تا رادەیەك لەلایەن چەند کۆمەڵە شاخێکی دەرکەنارەوە دروست دەبێت. ئەوەش، راستەقینەی ئیمپراتۆریای ئاشووریی کۆنە، کە زەوییەکی پڕ لە سامانی ناوداری هەیە، لەگەڵ نەینەوا و نمرود و ئەربیلا- ئێستا بە موسڵ و ئەربیل دەناسرێن-، کە درێژدەبنەوە بۆ ئەلقوش و ئاکرێ.

موسڵ دەکەوێتە ناوەڕاستی خودی ئەم پلە پلە نیمچە بازنەییەوە، کە شارێکی ناوەندییە و لە هەمان کاتدا شارێکی سەر سنوورە.

ناوەندی هەموو رێگاکانە لە زاخۆ و ئامێدی و دوهۆك و ئاکرێ و ئەربیل و رەواندوز، ناوچەکانی دەوروبەری تری لەم خاڵەدا بەیەك دەگەن. موسڵ شارێکی سنوورییە لەسەر کەناری دەشتی بیابان و ناوچەی کۆچەریی، هەروەها نیشتەجێبووانی بەکرێگیراوەکانی پێشوی تێدایە، کە بەرەو رۆژئاوا بۆ پارێزگاری لە زەویوزاری کشتوکاڵی چوونەتە دەرەوە. شاری موسڵ بازارێکە بۆ بەروبوومی ناخۆ و ئەوەی لە رێی بازرگانییەوە پێیدا

تێدەپەڕێت. شوێنی موسڵ لەسەر خاڵی بەیەکگەیشتنی خاکێکی مەزنە، ڕێڕەوی ئاوی دیجلەو ڕێگای کاروانی بیابان.

بەهەرحاڵ، گومانی تێدا نییە، کە موسڵ بەشێکە لە میسۆپۆتامیا. بەڵام کاتێ، کە لە رووبارەکە دەپەڕیتەوە و بە دەشتە بەرزونزمەکاندا تێدەپەڕین، کە تا رادەیەك هەمووی کرابوو بە کشتوکاڵ، بۆ گردۆڵگەکانی داوێن و شاخەکان، ئیدی بە شێوەیەکی ئاشکرا میسۆپۆتامیا تێدەپەڕێنین و دەکەوێتە پشتمانەوە. هەرچەند گرانە بتوانی بڵێیت بەتەواوی لە کام خاڵدا. سروشتی ناوچەی شاخاوی تەواو جیاوازە، لەنێوان زنجیرە چیاکانی، کە زۆر بەرزدەبنەوە، دۆڵی دوورودرێژ دەبینی، کە زۆر جار فراوان دەبنەوە بۆ دەرەوە لە شێوەی زنجیرە گۆل و حەوزدا، ئەم ئەستێڵ و حەوزە سەووزانە وەك مێرگێك خەڵکی تێیدا نیشتەجێ بووە. لەسەر نەخشەی ئەتنۆگرافیاکەمان، کە چڕی دابەشبوونی دانیشتوان پێشان دەدات (نەخشەی ژمارە 6) دەتوانرێ ڕێکی شوێنی ئەم دۆڵانە بەشێوەیەکی روون دیاری بکرێت. دەبینی ناوچە شاخاویەکان زیاتر دانیشتوانی پێوەیە وەك لە دەشتەکان، بەتایبەتی بێجگە لە شارە بازرگانیەکان. ئەو هۆ راستەقینەیەش ئەوەیە لە ناوچە شاخاویەکاندا ئاو زۆرە و بەشێوەیەکی یەکسان و ڕێکوپێك دابەش دەبێت. ئەو شارانەی کەوتونەتە داوێنەوە و یان بەرەو ناوەندی دەشتەکان، یان بەدرێژایی ڕێگای سەرەکی، کە هاوڕێکی دیجلەیە، بنکەی بازرگانین و تەنیا بۆ دەشتەکە نییە، بەڵکو هەروەها بۆ ئەو شاخانەشە، کە دەوری داوە. لێرەدا ئاوا پەیوەندی و پشت بەیەك بەستنێکی سروشتی زۆر تێبینی کراو لە نێوانی شاخ و دەشتا هەیە. هەروەها ئەم پشت بەیەك بەستنە بەدەستەڵاتترین بنەمایە لە مێژووی ئەم وڵاتەدا.

پێشتر وتمان، کە دوو ڕێچکەی دانیشتوانی شاخ و بیابان بەدرێژایی دیجلە بۆ ناوچە بە پیتەکان هەیە. نمونەمان لە بارودۆخی خێڵە کوردەکانەوە لەسەر ئەوە پێشکەش کرد. عەرەبی شەمەر بەر لە دوو سەدە لە نەجدەوە هاتوون و لە راستیدا، هەموو دانیشتوانی میسۆپۆتامیا لە زۆر کۆنەوە بەم شێوەیە پێکهاتوون. مێرگەکانی بیابان و

ئەستێڵ و بەنداوە بەپیتەکانی چیاکان ئەستێرکی مرۆڤە، باخچەی ساوایانی ڕاستەقینەی زیادبوون و پەرەسەندنی دانیشتوانە و لێرەوە هەوڵدەدەن دوای ئەوەی هێزی تەواویان هەبوو بۆ شەق بردنی ڕێگەکەیان بۆ گەیشتن بە ناوچەی زیاتر دەوڵەمەند. ئەوە چیرۆکێکە هەمیشە دووبارەی زاڵبوون و داگیرکردنی خەڵکە بە زیاد بوونی ژمارەیان بۆ هەوڵدانی ئەوەی دەستەڵاتیان بەسەر دەشتەکاندا زیاتربێ بەچوونە پێشەوەی یەك لەدوای یەك.

لە میانەی سەدەکاندا لێشاوی سێیەمی کۆچکردن هەبوو-، کە لە داگیرکەرانەوە لە دەرەوە: ئاشووریەکان، بابلییەکان، ئارامییەکان، ئیسلام، سەلجوقی، فارس، مەغۆلیەکان و عوسمانییەکان، کە هەموویان بە ڕێگەی بەرزاییە مەزانەکانەوە بەدرێژایی دیجلەدا هاتونەتە خوارەوە.

لەم بەشەی ولاتەکەدا، کە زیاتر بەپیتە و بۆیە زۆرتریش ئارەزوودەکرێت و سێ تەوژمە مەزنەکەی خەڵکی لێرەدا بەیەك دەگەن و دەچنە ناویەکەوە.

زۆر جار ئەو کارە بە ئاشتی جێبەجێکراوە، لە هەندێ سەردەمی تردا بۆتە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی توندوتیژ. خێڵ و شار و شارۆچکە و خەڵکانێکی زۆر لەو پێناوەدا نەماون و پاشماوەی دانیشتوانی جیاواز یان لەلایەن نەتەوە بەهێزەکانەوە قوتدراون، یان چوونەتە ناو شاخەکانەوە. هەروەها هەندێ جاریش ئەم پاشماوەیە بەردەوام دەبێت، کە ژیانی خۆی بە نهێنی بەڕێوەبەرێت، کاتێ بە سەرزارەکی گونجاوە لەگەڵ دابونەریتی دراوسێکانیدا.

لەسەر ڕێگای سەرەکی، کە دەشتە بەپیتەکان دەبڕێت، چاومان بە دانیشتوانێکی تێکەڵ دەکەوێت. نەتەوەکان دەردەکەون و دەچنە ناویەکەوە و دووچاری بارودۆخی ژیانێك دەبن ڕێبازی ژیانیان دەگۆڕێت.

کوردەکان لە چیاکانەوە دێنەخوارێ، بەتایبەتی لەو کاتەوە، کە گرنگیەکی زیاتری بە کشتوکاڵ داوە و سیستمی خێلایەتی بەهۆی ئەم گۆڕانەی شێوازی ژیانەوە لاواز دەبێت. لە دەشتدا، کاتێ لەگەڵ دانیشتوانێکی تردا تێکەڵ دەبێت، ئیدی ئەو بە دەرکەناری لە

دۆڵ و ئەستێرکەکاندا بە تەنیا نامێنێتەوە، هەروەها کاتێ زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کارگێری ناوەندەوە، کە دەیەوێ سیستمی خێڵایەتیەکەی تێکبشکێنێت، کوردەکان دەبنە جوتیار، ئیدی بنەماڵەی سەرۆك لەناودەچێ یان کاریگەریی خۆی لە دەست دەدات، ئەوسا کاری لەیەك هەڵوەشاندن تەواو دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، کوردەکان- وەك وتمان- هێشتا نەتەوەیەکی بنەچەیی بەهێز لە ناوچەکەدا پێکدەهێنن.
خاوەندارێتی زەویە بەکەڵکەکانی کشتوکاڵ وەردەگرن و چەند شارو شارۆچکەیەکیان کورداندووە. هەروەها سەدان ساڵە بەدرێژایی کەنارەکانی رووبارەکە عەرەب دەچێتەپێشەوە و نیشتەجێ دەبێت، زەوی دەکات بە کشتوکاڵ و شارەکان بنیات دەنێ و بازرگانی دادەمەزرێنێت. بازرگانە سەرەکیەکان لە موسڵدا زووربەیان عەرەبن. بنەماڵەی خەلیفە بوون، کە وەك داگیرکەر لە باشوورەوە هاتوون، ئەوان شاری موسڵیان دامەزراند و لە کۆچەرییەکانی بیابان کاریان زیاتر کرد بۆ ئەوەی مۆرکی عەرەبی پێببەخشن.
جەنگیش تورکەکانیان هێناوەتە ناوچەکەوە. ئەوان سەرەتا سەرباز بوون و پاشان بوون بە گەورەی بنەماڵەی خەلیفە، سەردەمانێك دەبووایە رێگە واڵاکەن لەبەردەم مەغۆلەکان و فارسەکاندا، بەڵام دواتر وەك باڵادەستی وڵاتەکە گەڕانەوە. ئەوانە بازرگان نەبوون، بەڵکو هەمیشە کارگێر و کاربەدەست بوون. دەستیان گرد بەسەر رێگای گشتیدا، کە خوێنبەرێکی گەورەی ئیمپراتۆریاکە بووە، گیانی سەرباز و کاربەدەستی ئۆرۆستۆکراتیان لە خۆیاندا وێناکرد و لە هەندێ حاڵەتیشدا خاوەنداری زەویوزار بوون. دواتر کورد و عەرەبیان بۆ زەوی کێڵاندن دەخستە کارەوە.
ئێمە لە بەشی شیکردنەوەی ئەم راپۆرتەدا ئەوەمان روونکردەوە، کە چۆن سێ نەتەوەکە تێکەڵ بوون و چۆن وردە وردە ئەم دانیشتوانە تێکەڵە پێکهات.
مەسیحیەکان بەر لە تورك و عەرەب لە وڵاتەکەدا نیشتەجێ بوون. ئیسلام لەکاتی سەرهەڵدانیدا قەڵاچۆی زۆر لە مەسیحیەکانی کردووە، ئایینی زۆریانی گۆڕیوە و زۆریشیانی راماڵیوە بۆ ناو شاخەکان.

یەزیدیەکانیش، ئەو خەڵکانەن، کە لەسەر ئایینە سەیروسەمەرەکەن، دوو گورووپە سەرەکیەکەیان، کە لەوانەیە لە بنەچەی جیاوازەوە پەیدا بووبن، هەروەها ئەوانیش ناچارکران بکشێنەوە بۆ دواوە بۆ ناوچە شاخاویە سەخت و تا رادەیەك دوورە دەستەکان.
لە هەموو شوێنێکدا، بە شێوەی گورووپی بچوك بچوك بە هەموو لایەکی دەشتەکەدا بڵاوبوونەتەوە، چاومان بە پاشماوەی دانیشتوان و ئایینەکانی وەك- شەبەکەکان، کاکەییەکان و سالییەکان- کەوت، کە خۆیان لەوانە شاردبۆوە، کە نامۆن بە خودی زمانەکەیان و بڕوا نهێنیەکانیان.
ئەوەش بەرئەنجامی چوار هەزار ساڵی ناکۆکی و تێکەڵبوونی نەتەوەکانە.
لە شاخەکاندا لەوەڕگای نایاب و دۆڵە بە پیتەکان هەیە. دانیشتوانی گوندەکان، ئاودێری ناوخۆیان لە دۆڵەکانەوەیە- هەروەها کەناڵەکانی ئاودێری بۆ ئاشی ئاویش بەکاردێت- و بەر لە هەموو شتێك، چیانشینەکان خاوەنی دار و درەختی بەرداری کێوین، کە پێویستی بە ئاوێکی زۆر نییە. رەشەوڵاخ پەروەردە دەکەن، کە لە لەوەڕگاکانی دەوروبەردا دەیانلەوەڕێنن و ژمارەیەکیش لە مەڕومالآت، کە لە لەوەڕگایەکەوە بۆ لەوەڕگایەکی تر دەیانگوێزنەوە.
هێمامان بۆ جیاوازی نێوان کۆچەریی کورد و کۆچەریی عەرەب کرد. لەسەر چیاکان، خێڵە کۆچەریەکان دەکرێ نیشتەجێ و جێگیر بن و لە راستیشدا ئێستا تا رادەیەکی زۆر هەموو کورد خانوی خۆی جێگیرکردووە. خێڵێکی زۆر، سەدان ساڵە نیشتەجێ و جێگیر بوون. بیابان لەگەڵ لەوەڕگە نادیارەکانیدا، کە کاریگەرە بە گۆڕنی کەشوهەوا، خاکەکەی وەك نەریتێکی کۆچەریی دەمێنێتەوە. تەنیا دەکرێ دانیشتوانەکەی بە درێژایی کەنارەکانی رووبارەکە و داوێنی سنجار خانوی جێگیر بدۆزنەوە.
کشتوکاڵ بەشێوەیەکی سەرەکی لە باشووری دەشتەکاندا بەهۆی ئاودێرییەوە دەکرێت، بەڵام لە باکووردا ئاودێریی پێویست نییە. ئەو رێگایانەی بەکاردێت و ئەو ئامرازی کشتوکاڵییەی، بەتایبەتی ئامرازی جوتکردن زۆر سەرەتاییە. خەڵکەکە تەنیا کەمێك

رووی خاکەکە دەکێڵێت یان دەڕوشێنێت، بەڵام ئەم ڕێگەیە زۆر لۆجیکیە، کە لە یەکەم بینیندا دەردەکەوێت، چونکە چینی بەردی کلس و قسلّ و کەچ و بەردی خوێی ژێر زەوی نزیکە لە رووکاری زەویەکەوە.
هەروەها لە دەشتەکاندا هاوولاتیان لە گوندەکاندا بە شێوەیەکی سەرەکی لە پێناوی سەلامەتیدا دەژین. لێرەدا، بەتایبەتی لە دەشتی هەولێردا، ژمارەیە پەناگا یان گردۆڵکە هەیە، کە زۆر جار بە شێوەیەکی سروشتی لە بەردی گەورە و رەق پێکهاتووە یان چینێکی توندوتۆل، کە لە ئاستی رووی زەوی بەرزبۆتەوە و زۆر جاریش بەشێکی یان هەمووی دەستکردە. خەڵکی لە چەرخەکانی بەر لە مێژووەوە خانووەکانیان لەسەر ئەم گردانە بیناکردووە. هەروەها لەسەر ترۆپکی ئەم گردانە دیوەخان یان قەڵای سەرکردەکانی لێبووە، قەڵاکەش خۆی بە خانووی خەڵکی دەورەدراوە، کە لە لێژگایەکەدا یان بەدەوری داوێنی قەڵاکەدا بیناکراون. بە شێوەیەکی سەرەکی گوندەکان ماوەیەك لە رێگای سەرەکیەوە بیناکراوە، کە جوتیارە خێڵەکیەکان بەوە ویستویانە لە راو و رووت و داواکاریی و دەستدرێژی هێزە سەربازیەکان بەدوور بن.
ئێمە پێشتر باسی پرسی بارودۆخی شارەکانمان کردووە. **زاخۆ** کەوتۆتە دوو ریانی دۆڵی مەزنی شاپوور و ئەو رێگەیەی لە باشووردا دەچێ بۆ ئەو دەربەندەی، کە گەزەنفۆن و دە هەزار جەنگاوەرەکەی هێرشیان کراوەتە سەر. هەروەها **ئامێدیش** لە دۆڵی شاپووردا دەکەوێتە ئەو شوێنەوە، کە تاکە رێگایە-، کە گرانە و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کردەنییە- بەرەو باکوور دەچێت، لەم خاڵەوە رێگەیەکی تر بەرەو باشوور دەستپێدەکات.
**دوهۆك**، کەوتۆتە نشێوییەکی هاوشێوەی دۆڵێکەوە، لە نێوانی رێگا کۆنەکە و رێگا سەرەکیەکەدا.
بەدرێژایی هێڵی گردەکانی داوێن، قەلای هەمەجۆری کۆنی وەك (دێرا-دەرعە)ی لێیە، یان گوندی گەورەی وەکو **ئەلقوش**، کە ماڵەکانیان لە بەردی خۆڵەمێشیی لێژگاییە کلسیە خۆڵەمێشیەکانە، یان شارۆچکەی بچوکی وەك (ئاکرێ- عەقرە).

**ئەربیل** کەوتۆتە ناوەڕاستی دەشتی ناوەندی ئیمپراتۆریای ئاشووریی کۆنەوە و (قەڵای تورەکەڕێژ) لە شێوەی قوچەکێکی بەرزدا بیناکراوە، لەناوەوە قوڵ و **چین** لەسەر **چین** شارستانیە جیاوازەکانی چوار هەزار ساڵی لەسەر کەڵەکە بووە. بەرەو باشوور زنجیرەیەك شارۆچکەیە، ماکی بنەچەییان گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە.

**ئاڵتون کۆپری،** لە شوێنێکدایە، کە رێگەکە دوو باڵی زێی بچوك دەبڕێ، لە دوورگەیەکی بچوکدا بیناکراوە، کە لە کۆمەڵە بەردی سەخت پێکهاتووە و لە ئاستی ئاوەکەوە تا ئاستێکی بەرچاو بەرزبۆتەوە. لەو شوێنەی، کە رێگاکە دەگۆڕێت بە گەرویەك لە گردەکانەوە دەردەچێت بۆ باشووری زێی بچوك، شاری **کەرکوك** کەوتۆتە ئەوێوە، کە گەورەترینی ئەو گوروپەیە. هێشتا بەرەو باشوور شارۆچکەی بچوکی **تازە خورماتو، تاووق، توز خوورماتو،** و **کفری،** لە بەپیتترین بەشی ئەم ناوچەیەدا بیناکراون، کە هێڵەکانی خاکی بەکەڵك بۆ کشتوکاڵ بۆی درێژدەبێتە بۆ دەشتەکان.

شارەکانی وەك **سلێمانی و رەواندوزو کۆی سنجاق و رانیە** کەوتونەتە ناوچە شاخاوییەکانەوە. رێگەیەك لە موسڵەوە بە سلێمانیدا تێدەپەڕێت بۆ وڵاتی فارس، کە هەروەها شارێکی سەرەکی ناوچەیەکی فراوانی کشتوکاڵییە و بەهۆی ئاستەکەیەوە بۆتە ناوەندی رۆشنبیری کورد، کە لە باشووری ناوچەی ناکۆکیەکەدایە. هەروەها **کۆی سنجاق و رەواندوز و رانیە** ناوەندێکی بەرچاون و دانیشتوانێکی چڕ و بازاڕی ناوخۆی خۆیان هەیە. رێگایەك بۆ وڵاتی فارس، کە زۆر کردەنی نییە، بە رەواندوزدا تێدەپەڕێت.

ئێمە باسی گرنگی شاری موسڵمان کردووە. تەنیا شارێکی مەزنە لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا. دانیشتوانەکەی 100.000 کەسە، گرنگی زۆر زیاترە لەبەراوردا لەگەڵ زووربەی ئەو شارانەی، کە ئێستا باسمان کردن، کە گەورەترینیان کەرکوکە، دانیشتوانەکەی لە 20.000 کەمترە. هەموو شارەکانی تریش تەنیا بازاڕی ناوخۆی خۆیان هەیە، کە پێویستە بەرهەمی ناوچەکانی خۆیان بنێرن بۆ ئەو بازاڕانەی، کە زیاتر ناوەندی دابەشکردنن.

موسڵ، کە بازاڕێکی هەمیشەیی دەشتە بە پیتەکانی دەوروبەریەتی، جیاوازیەکانی لەگەڵ بەغدادا ئەوەندەیە، کە ئەو ئەمباری سەرەکی وڵاتەکەیە. هەروەها کاریگەریی ئابووریی موسڵ، کە بنەڕەتییە لە باکووردا، بواری ئەوە ئەدات، کە لە بەغدا چۆن بەرەو باشوور بجولێین.

چوارەم: **بەرئەنجامە جیۆگرافیایەکان:**

**أ. گشتی**

ناوچەی ناکۆکیەکە بۆ باشووری هێڵی برۆکسل نزیکەی 87.890کم/چوارگۆشەیە و دانیشتوانەکەی زیاد لە 800.000 کەسە. ئەو زەوییەی نێوان هێڵی برۆکسل و سنووری ئەوپەڕی باکوور، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە داواکراوە، ناوچەکە پانتاییەکەی نزیکەی 3.500کم/چوارگۆشەیە.

سنووری ناوچەی ناکۆکیەکە تەنیا بە نزیکی وەکو ئەوەی پێشوی ویلایەتی موسڵ وایە. بەپێی حوکومەتی تورکیا، ناکۆکیەکە لەبارەی پرسی خاوەندارێتی کۆتایی ئەم ویلایەتەوە چەق دەبەستێت. بەڵام تەنانەت ئەو سنوورەی لە لایەن تورکیاوە داواکراوە لە یەك شوێندا لە پشتی سنوورەکەی پێشوی ویلایەتەکەوە درێژدەبێتەوە.

دووبارە، ئەو کێشەیەی، کە دەبی چارەسەرکرێ تەنیا دیاریکردنی هێڵی سنوور نییە، وەك حوکومەتی بریتانیا مشتومڕی لەبارەوە دەکات، بەڵکو ئەوە پەیوەندە بە چارەنووسی خاکێکی بەرفراوان و دانیشتوانێکی زۆرە.

**ب. لە دیدی زانستی تۆبۆگرافیای سنوورەوە.**

ئەو سنوورەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە داواکراوە، لە رووی تۆبۆگرافیاوە باشترین سنوورە.

هەروەها بەشێکی ئەوەی لەلایەن حوکومەتی تورکاوە داواکراوە زۆر زۆر باشە، ئەوەش لەبەرئەوەی دۆڵی سەرسار لە بیبانەکەدا بەکاری ئەوە دێت، کە سنوورێکی باش بێت،

له کاتێکدا جەبەل مەکحول و حەمرین هێڵێکی دابەشکردنی بەردەوام و زۆر بەرچاو پێکدەهێنن. زیاتر بەرەو باشوور، لە کوێدا جەبەل حەمرین ناوچەی بە پیتی کفری لەوەی باقوبە جیادەکاتەوە، سنوورێکی باش پێکناهێنێت. بەڵام رووباری دیالە هێڵێکی دیاریکردنی سنوورێکی پەسەندە. بەرەو باکوور، ئەو سنوورەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە داواکراوە تاکە سنووری باش نییە. هەموو زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکی شاخەکان دەکرێ وەك سنوورێك وەربگیرێت، بەو جۆرە، هێڵی برۆکسل و زنجیرەکانی بەرەو باشووری زاخۆ- ئامێدی- نێری هەموویان بە یەکسانی هێڵێکی گونجاون بۆ سنوورێك. بەشۆڕبوونەوە بەرەو باشوور، دەتوانین سنوورێك بچەسپێنین بە درێژایی هەر هێڵێکی یەك لەدوای یەکی لوتکەکان. دوا زنجیرە، کە دەکرێ بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێت، زنجیرەی گردەکانی داوێنە، کە لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات درێژدەبێتەوە، دوهۆك لەلای باکوور و ئەلقوش و ئامێدی لە لای باشوورەوە جێدەهێڵێت. بەڵام ئەم هێڵەی دوایی، زۆرێ لە رێگاکانی پەیوەندی دەبڕێت و بەو شێوەیە هەموو ناوچەی گردۆڵکەکانی داوێن لە دەشتەکان جیادەکاتەوە.

لە ناوچەی باشووری رۆژئاوا، سنووری جەبەل حەمرین لەوانەیە بکشێتەوە دواوە بۆ هەر هێڵێك بەناو دەشتی بەرز و نزمدا بۆ نزیکەی 50 کم باشووری موسڵ، کە زەوی کشتوکاڵیی دەست پێدەکات.

لە ناوەوەی ناوچەکە، سێ رووبارە مەزنەکە، دیجلە و زێی گەورە و زێی بچوك، رەنگە وەك هێڵێکی گشتی دیاریکردن بەکاربێت.

ج. **لە دیدی جیۆگرافیای ناوچەییەوە.**

لەگەڵ ئەوەی، کە ناوچەی ناکۆکیەکە هەرێمێکی سروشتی جیاواز پێکناهێنێت، بەلایەنی کەمەوە جۆرە یەکێتیەکی هەیە. تایبەتمەندێتیەکەی لە ئەنجامی جیاوازی نێوان بارودۆخی کەشوهەوا یان نێوان مەرجەکانی جیۆگرافیایی و نێوان ئەوانەی لە

ناوچەکانی دەوروبەردان. بەڵام بەهای جیۆگرافیایی سنوورەکانی و بەرز و نزمی هەرێمەکە، زەویەکەی وەك پلە پلە ڕێکخستووە (دەشت، گردۆڵکەکان و چیاکان).

ناوچەیەکی گۆڕاوە، کە لە بیابانی وشك و قلێشاوی (عەرەبەوە) دەگات بە ئاوی زۆروزەبەندی شاخەکانی (کورد) و لەگەڵ سامانی رووەکی سروشتی. ئەم بەراوردە دەتوانرێ لە هەموو لایەکی ئەم بەشەی ناوچەکەدا تێبینی بکرێت، لە خاڵی بەیەکگەیشتنی دەشت و چیاکان، کە کەوانەیەکیان لە باکووری سووریاوە (شاخی ئەمانوس) بۆ کەنداوی فارسی پێکهێناوە.

ناوچەی ناکۆکیەکە بەشی ناوەندی ئەم هێڵە داگیردەکات و نە لە رۆژئاوا و نە لە باشووردا بە ئاسانی لە ناوچەکانی دەوروبەری جیا نییە. بەشی باکووریی، کە ناوەندەکەی موسڵە، وێکچونی لەگەڵ ناوچەکانی نسێبین و ماردین و دیاربەکر و ئورفەدا هەیە، کەچی باشوور زیاتر وەك عێراق و لوڕستانی وڵاتی فارس وەهایە.

ناوچەی ناکۆکیەکە لە دوو رووەوە دادەنرێت بە ناوچەیەکی بارودۆخ گۆڕاو، چیاکان دەنوسێن بە دەشتەکانەوە و ناوچەی رۆژئاوا (سووریا، ئەرمینیا) دەلکێن بە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتییەوە (عێراق، لوڕستان).

ڕەنگە دیجلە باشترین هێڵی دیاریکردن لەنێوان شاخەکان و دەشتەکاندا پێکبهێنێت، بەڵام سنووری بە درێژایی دیجلە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی موسڵ و ناوچە بەپیتەکانی دەوروبەری لەناودەبات.

لەنێوان ناوچەی باکووری رۆژئاوا و ناوچەی باشووری رۆژهەڵات، لەوانەیە هێڵی دابەشکردن لەنێوان کەرکوك و ناوچەی ئەربیلدا بکێشرێت. بێگومان باشترین هێڵ ئەوەی زێی بچوکە. ئەوە لەسەرو ئەوەشەوە، هێڵەکە لە ڕێکەوتنەکەی سایکس پیکۆدا دیاریکراوە. زێی گەورە هەمان ئەو کەڵکانە پێشکەش ناکات، لەبەرئەوە هێڵی دابەشبوون لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا پێکناهێنێت. بە پێچەوانەوە، بە بەشە زۆر بەپیت و پڕ دانیشتوانی ناوچەکەدا تێدەپەڕێت.

لەگەڵ ئەوەی، کە ناوچەکە دەکرێ بەشکرێ، بەڵام وەك لەوەپێش باسمانکرد یەکەیەك پێکدەهێنێت، کە تا رادەیەك لە هەموو لایەکیەوە بە سنووری سروشتی دەورەدراوە.
تەنیا دۆڵی دیجلە لە ناوچەی باکووری رۆژئاوا و دەشتە بەپیتەکانی دیالە لە باشووردا دەبەستێتەوە بە ناوچەکانی تری، کە دانیشتوانی تێدایە. (نەخشەی ژمارە 7)
یەکێ لە جیاکەرەوە دیارەکانی یەکێتی ناوچەکە ئەوەیە، کە هەموو رێگاکان دەچێتەوە سەر موسڵ و بەشێوەیەکی تایبەتی رێگاکانی بەشی باکووریی ناوچەکە. چەندیش بەرەو باشوور بچین، ئەوەندەش زیاتر تێبین نزیکبوونەوە لە بەغداوە دەکەین.
ئەم خەسڵەتە جیۆگرافیایانە بڕیاری مێژووی وڵاتەکەی داوە. جگە لە سەردەمە زۆر کۆنەکان، کاتێ ئەم وڵاتە ناوەندی ئیمپراتۆریای ئاشووری بووە، ناوێکی تایبەتی خۆی نەبووە. لەسەر زۆر لە نەخشەکان هەرگیز ناونەنراوە. هەروەها بۆ مەبەستەکانی کارگێڕی یان هەمووی یان بەش بەش لکێنراوە بە ناوچەکانی دەوروبەرەوە.
هەندێ جار سەر بە دیاربەکر بووە و هەندێ جاریش سەر بە بەغدا بووە، لە زۆر بەڵگەنامەی جیاوازیشدا، کە پشتمان پێبەستووە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆر جار لکێنراوە بە جەزیرەوە، یان بەشێکی لە کوردستان و بەشێکی لە عێراق. بەو شێوەیە لە مێژووی رابردوودا دەبینرێت، کە ناوچەکە لەوانەیە لکێنرابێت بە هەندێ وڵاتی دەوروبەرەوە، بەڵام هەروەها دەکرێ جیابێتەوە.

**بەرئەنجامە ئەتنۆگرافیاکان:**

هەرگیز ئەو سەرژمێری و نەخشانەی لەلایەن دوو لایەنە ئاست بەرزەکەوە لە لۆزان پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرا، ئەوەندە ورد نەبووە. تەنانەت سەرژمێریەکانی ئەم دواییەی لەلایەن دەستەڵاتدارانی عێراقیشەوە ئامادەکراوە، لەگەڵ ئەوەی گومانی تێدانییە، کە باشترینیانە، دەشبێت لەگەڵ جۆرێ لە وریاییدا بەکاربێت.
حوکومەتی بریتانیا رەچاوی ئەوە دەکات، کە ژمارەی کورد لە بەشی رۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا هەندێ زیادی پێوەنراوە. ئێمەش، لەلای خۆمانەوە وایدادەنێین، کە ژمارەی

عەرەبەکان هەندێ زیادی پێوەنرابێت (بە رێژەی نزیکەی 5٪ - 10٪). کەچی بەپێچەوانەوە، بۆمان دەرکەوت ژمارەی تورکەکان بە کەمتر لەوەی، کە دەبێ ببێت دیاریکراوە، وەك بەرئەنجامێك بۆ بارودۆخی سیاسی گشتی و هەندێ هۆ، کە کاردەکاتە سەر کەسەکان.

**کوردەکان زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن. ئەوان نەتورك و نەعەرەبن. زمانی ئاریی قسەدەکەن.** تورکەکانیش لە وڵاتەکەدا لە هەمان نەتەوەن، واتە وەك ئەوانەی لە کۆماری تورکیادان.

یەزیدیەکانیش موسڵمان نین. ئەوان بە کوردەکان نزیکن، بەڵام بەهۆی ئایینەکەیان و دەرکانریەکەیانەوە، بەگشتی کەمایەتیەکی جیاواز لەوان پێکدەهێنن.

تەنیا کۆمەڵەی گەورەی دانیشتوانی ناوچە فراوانەکان کورد و عەرەبن. ئەمە تەنیا دوو نەتەوەی دانیشتوانە، کە کەڵك لە دابەشبوونیان وەردەگیرێت بۆ مەبەستی دانانی هێڵێك، کە نەتەوە جیاکان لە یەك جیابکاتەوە. ئەو هێڵە بەرەوخوار دوای دیجلە دەکەوێت بۆ خاڵی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ زێی بچوکدا-، کە موسڵ لە نزیکترین دەروازەیدا لە خاکە بەپیتەکان و پڕ دانیشتوانەکان جیادەکاتەوە. ئیدی باشووری زێی بچوك، دوای رێگەی کەرکوك- کفری دەکەوێت لەسەر رێی گشتی.

هەموو نەتەوەکانی تر بە هەموو ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە- سنوورێکی سیاسی لەنێوانی ناوچەی ناکۆکیەکە و وڵاتی فارس یان سووریادا نییە و سنوورەکەی ئێستا- یان ئەوانەی داواکراوە- لەنێوان ناوچەکە و تورکیا و عێراقدا، سنوورێکی نەتەوەیی دانامەزرێنێت.

**ئەگەر بەڵگەی نەتەوەیی بەتەنیا ئاماری لەسەر بکرێت، بەرئەنجامی پێویست ئەو دەوڵەتە کوردیە سەربەخۆیە دەبێت، کە دەبێ دابمەزرێت، لەبەرئەوەی کورد پێنج بەش لە هەشت بەشی دانیشتوانەکەیە.**

لەسەرو ئەوەشەوە، ئەگەر چارەسەری ئاوا لەبەرچاو بگیرێت، یەزیدیش، کە زۆر لە کورد دەچێت و تورکەکانیش، کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت بچوێنرێن بە کورد، دەبێ بخرێنە

ناو خەملاندنی ژمارەی کۆتاییەوە. ئەو کاتە حەوت لە دە بەشی دانیشتوان پێکدەهێنن. زۆرینەی نەتەوەی کورد زیاد لە 1.500.000 بەدەر لە کۆی نزیکەی 3.000.000، کە لە تورکیا نیشتەجێن، هەروەها 700.000 لە وڵاتی فارسە، 500.000 لە ناوچەی ناکۆکیەکەیە و هەندێکیش لە سووریایە. ژمارەیان لە عێراقدا وەك دەڵێن بە تەواوی بەگوێرەی سەرجەمی دانیشاوانەکەوە ئەوەندە نییە بهێنێ باسی بکرێت.[1] کوردەکانی، کە لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا نشتەجێن، ئەوانەیان، کە لە باکووری زێی گەورەن، بەگوێرەی زمان، وێکچوونی بنەچەیی و کەسایەتی و پەیوەندی ئابووریان زیاترە بە کوردەکانی ویلایەتەکانی هەکاری و ماردین لە تورکیادا، لە کاتێکدا ئەوانەی لە باشووری زێی بچوك نیشتەجێن زیاتر لەگەڵ کوردەکانی وڵاتی فارسدا وێکچوونی هاوبەشیان هەیە. کەواتە سنوور کێشان لەنێوان ئەو دوو رووبارەدا سەخت و گرانە. گرانیی ئەتنۆگرافیایی وەك لای خوارەوەیە:

- ئەو شارانەی زووربەی تورك یان کەمایەتیە گەورە تورکیەکانی تێدا نیشتەجێن، دەکەونە بەشی باشووریی هەرێمەکەوە، بە واتایەکی تر، ئەوەی لای عێراقەوە، بەڵام موسڵ شارێکی عەرەبیە و کەوتۆتە ناوەندی بەشی باکوورەوە.
- تاکە پەیوەندی نێوان ئەم شارە و ناوچەکانی تری عەرەب لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمێك، کە زووربەی کوردە و رێگاکە دەکەوێتە سەر شارە تورکی و کوردیەکان.
- مەسیحیەکان پەرشوبڵاون، بەڵام زووربەیان لە باکووری موسڵ دەژین.
- وڵاتەکە، کە زۆر بە دڵنیاییەوە پێناسەی کوردی بوونی سەلمێنراوە، بە واتایەکی تر، بەشی رۆژهەڵاتی ناوچەکە، تەنیا رێگەی دیجلە دەیبەستێتەوە بە باکوورەوە، ناوچەی رەواندوز تەنیا لە ئەربیلەوە بۆی دەچێت و ناوچەی سلێمانیش لە کەرکوکەوە.

[1] مەبەست ئەو بەشەی عێراقە کە لە دەرەوەی ناوچەی ناکۆکیەکەدایە... وەرگێڕ.

# تەوەرەی دووەم

# بەڵگە مێژووییەکان

**یەکەم: بەڵگەکانی بریتانیا و تورکیا.**

بیرورِا مێژووییەکان بابەتی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەکانی نێوان دوو نوێنەرەکەی لە لۆزاندا پێکهانی، تەنانەت بەر لەوەی، کە یەکەم یاداشت پێشکەش بکرێت.

" لە یاداشتەکانیدا، نوێنەری بریتانیا دەڵێت: سووربوونی تورکیا ناتوانێ پشتگیری لەو راستییە بکات، کە گوایە موسڵ بۆ ماوەیەکی مێژوویی دوورودرێژ بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی. ئەم مشتومڕە بە هەمان هێزی یەکسانەوە لەسەر بەغداش دەگونجێت. هەردوو شارەکە عەرەبیە و لەلایەن عەرەبەوە بیناکراون و هەردووکیان لەگەڵ ئەو ماوە میژووییە دوورودرێژەشدا، کە بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی، هێشتا مۆرکی عەرەبییان پێوەیە ماوە، لەگەڵ مانەوەشیاندا ئەو ماوە دوورودرێژە لەژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریای تورکیدا. پەیوەندی بەتینی نێوان موسڵ و بەغدا تورکەکان ددانی پیادا دەنێن تا ئەو ئاستەی-، کە ویلایەتی موسڵ لەوەبەر بەشێك بووە لە (پاشالیك)ی بەغدا. گۆڕینی موسڵ بۆ ویلایەتێکی جیا و پشتبەست بە ئەستەنبوڵ، تەنیا لە پێناوی ئاسوودەیی کارگێڕیدا بووە. حوکومەتی بریتانیا دەڵێت: ئەم بەڵگەیە لە مێژوودا، دەکرێ بە یەکسانی بەسەر هەر بەشێکی ئیمپراتۆریای تورکیای پێشودا بگونجێت".

" حوکومەتی تورکیاش وەڵامیدایەوە و وتی: بەڵگە مێژووییەکان لەوانەیە لە پێناوی یەکگرتنەوەی ویلایەتی موسڵدا بێت لەگەڵ تورکیادا، تەنیا سەردەمەکەی ناگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ئیمپراتۆریای عوسمانی، خۆ ئەگەر وابووایە ئەوا بەڵگەکەی تورکیا هەروەها بۆ ویلایەتی بەغداش دەگونجا. ویلایەتی موسڵ و ئەو ناوچانەی درێژدەبێتەوە بۆ سنووری باکووریی بەغدا بۆ ماوەی زیاد لە یانزە سەدە لەژێر دەستی تورکیادا بووە.

" له سەردەمی خەلیفەکانی عەباسیدا، یاداشتەکەی تورکیا دەڵێت: ئەم ناوچانە لەژێر دەستی حوکومەت و سەربازانی تورکدا بوون و دانیشتوانەکەشی تورکن. ئەو حوکومەتە تورکییانە سەربەخۆیی تەواو و مافی سەروەرییان هەبووە، یەکەمیان (ئایتاح- 229 کۆچی) بووە، هەروەها لەوانەی فەرمانڕەوایی کردووە (عەماد -ئەل-دین زەنگوی) کوڕی (ئاق سونگەر)، کە لە موسڵدا حوکومەتی ویلایەی ئەتابەگیەکانی دامەزراند.

" هەروەها چەند ویلایەتێکی تورکی لە سنجار و جەزیرە هەبوون، کە لەلایەن ئەندامانی ئەم فەرمانڕەواییەوە بەڕێوەدەبران.

دواتریش فەرمانڕەوایی ئارتیکەکان ویلایەتەکانی تورکیان دامەزراند، کە پایتەختەکانیان لە موسڵ، جەزیرە، خارپوت و ماردین بووە.

" ئەل- غازی- خان، کە یەکێکە لە بنەماڵەی هەمان فەرمانڕەوا، خاچپەرستەکانی لە تەلەعفەر وەدەرنا. تەلەعفەر ئەو کات قەڵایەکی ئارتیکەکان بوو.

" هێشتا لەم ناوچانەدا ژمارەیەك مۆنۆمێنت و کاری هونەریی دەبینرێت بۆ خێروبێری گشتی، کە لەلایەن ئەو مەلیکانەوە بیناکراون.

"پاشان تورکە سەلجوقیەکان موسڵیان گرت و شارەکەیان کردە ناوەندی شارستانیەکی بەرز. هەر دوای کۆتایی حوکمی تورکە سەلجوقیەکانە، کە تورکەکانی عوسمانی حوکمی وڵاتەکەیان کردووە.

لە کتێبە مێژووییە کۆنەکاندا، ناوچەکەی نێوان بەغدا و باشووری ویلایەتی ئێستای موسڵ لەژێر ناوی تاتارستاندا وەسف کراوە، ئەوەش بەڵگەی بوونی خێڵی تورك دەسەلمێنێت، کە لەوێدا نیشتەجێ بووە. ناوی دۆڵی (سەرسار) شوێن پێی ئەم پێناسە کۆنە پێشان دەدات.

" یاداشتەکەی بریتانیا دەڵێت، کە لە سەردەمی میدحەت پاشادا، موسڵ لکابوو بە بەغداوە، بەڵام ئەمە بەڵگە نییە بۆ پشتگیریی سووربوونەکەی بریتانیا. بەڵکو پێکەوە لکانە بەهۆی هەندێ گرنگیپێدانی کاراکتەری کەسایەتی و کارگێڕییەوە و لەسەرو

ئەوەشەوە، ئورفە و دیاربەکریش هەروەها لەژێر دەستەڵاتی کارگێڕیی میدحەت پاشای والی بەغدادا بوون."

دووەم: **بیروڕا مێژووییەکان**.

ناکرێ هەموو بەڵگەکانی تورکیا پەسەند بکرێت. ئەوەش زیادەڕۆییە، کە بڵێن موسڵ ماوەی یانزە سەدە لەژێر دەستەڵاتی تورکەکاندا بووە.

بەڵام هەروەها حوکومەتی بریتانیاش هەڵەیە، کاتێ، کە دەڵێت: پێش ئەوەی تورکەکانی عوسمانلی ئەم شارە داگیربکات، موسڵ هەرگیز لەژێر دەستەڵاتی تورکدا نەبووە.

وڵاتەکەی ئێستا پێیدەوترێ عێراق، بەدرێژایی سەدەکانی پێشو مێژوویەکی گۆڕاوی هەبووە، هەروەها ناتوانرێ بەتەواوی شوێن مێژووەکەی بکەویت تا سەدەی شانزەیەم و بەرەو دواتر.

لە سەردەمانی کۆندا گۆڕەپانی ناکۆکیەکانی نێوان ئیمپراتۆریاکانی ماد و فارس و دواتریش فارس و یونانییەکان بووە. لەو دەشتانەی نێوان موسڵ و ئەربیلدا بوو، کە ئەسکەندەری گەورە سەرکەوت بەسەر دارویشدا.

ئێمە دەزانین، کە ئیمپراتۆریاکەی ئەسکەندەر، دوای مردنی خۆی دابەشکرا بەسەر جەرەناڵەکانی خۆیدا. ئیدی وڵاتەکە لەلایەن (سەلوسید)ەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرا تا ئەوانیش بە (فەرمانڕەوایی فارسەکانی ئارسەسید)ەکان گۆڕان.

دوای ئەوەش لەکاتی ناکۆکیەکانی نێوان رۆما و فارس، دانیشتوانی دەشتەکان، کە نەوەی ئاشوورییەکانی کۆن بوون، ئارامییەکان و کۆچکەرانی فارس، زۆر جار پیکەوە هاوبەش بوون و زۆر جاریش لەگەڵ کۆمەڵانی تردا بوون. خێڵەکانی کورد، کە لە چیاکاندا دەژیان، ئەو کاتە بەتەواوی سەربەخۆ بوون.

کاتێ لە سەرەتای چەرخی مەسیحیدا، مژدەدەرە سەرەتاییەکان لە وڵاتەکەدا دەرکەوتن، دوو کڵێسەی ئەرمەنی و فارسییان دروستکرد. ئەو مەسیحیانە لەلایەن

فەرمانڕەوایانی فارسەوە پارێزران تا کاتی ئەوەی، کە ئیمپراتۆریای ڕۆمانی ئایینەکەیانی گۆڕی بە مەسیحی. دوای ئەوەش گومانی ئەوەی، کە سەر بە ڕۆمانەکانن بۆیە مەسیحیەکان دەچەوسێنرانەوە.

لە سەدەی پێنجەمدا، ناکۆکی لە کڵێسەکانی کاسۆلیکی ڕۆژهەڵاتییدا لەنێوان (مۆنۆفانیستەکان- یەعقوبیەکان)و (دیافیسیتەکان- نستۆریەکان)دا بەرپابوو. ئەم ناکۆکیانە، کە چەند سەدەیەك بەردەوام بوو، بووە هۆی گۆڕینی خەڵکانێکی زۆر و بڕواهێنان بە ئایینی ئیسلام.

کاتێ لێشاوی سەرکەوتنەکانی ئیسلام هات بەسەر ئەم ناوچانەدا، عەرەبەکانی خێڵی بەنی رەبیعە لە موسڵدا خۆیان نیشتەجێکرد، هەروەها ناوی (دیار رەبیعە)شیان دا بە هەموو ناوچەکە. نمونەیەکی هاوشێوە لە شاری ئامەد، کاتێ خێڵی بەکر داگیریان کرد، ئیدی بە دیاربەکر دەناسرا.

دەوروبەری 830-840 کۆمەڵێك لە بەکرێگیراوانی تورك دەستیان کرد بە ڕۆڵگێڕانی بەشێکی گرنگ لە ئیمپراتۆریای خەلیفەکانی عەباسیدا، بەڵام تا دوای دوو سەدە ئینجا ئەو بەکرێگیراوانە هاتن و بۆ ماوەیەك جۆرێ لە فەرمانڕەوایییان لە ناوچەی موسڵدا بینی. لە ساڵی 1056دا توغروڵ بەگی نەوەی سەلجوقیەکان شارەکەی داگیرکرد.

لە میانەی سەدەی دەیەم و بەشی یەکەمی سەدەی یانزەیەمدا، موسڵ هێشتا بەناو لە چنگی عەرەبی حەمدانیەکاندا مابووەوە (909-990)، ئۆخلیەلید (990- 1097) و زنجیرەکانی روجید، بەڵام لە ئەنجامی سەرقاڵی ئەم زنجیرانە بە شەڕی ناوخۆ و نێوان خۆیانەوە، سەربازە تورکەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕا و زۆر جار سەرگەورەکانیان دەستەڵاتی تەواویان هەبووە. لەژێر دەستەڵاتی یەکێ لەم سەرکردە سەربازیانەدا بوو بەناوی موساوە، کە دەسەڵات پەڕیوە بۆ ئۆرتۆکیدەکان (دیگویگنیس، مێژووی هەنس).

یەکەم بەشی سەدەی دوانزەیەم گەواهیی ئاوابوونی ئەستێرەی دەستەڵاتی بنەماڵەی ئۆرتۆکیدەکان بوو، کە ئاتابەگەکان شوێنیان گرتنەوە( واتە پاسەوانان، یان پارێزەران). هەروەها ئەم ئەتایەگیانەش تورك بوون و لە ساڵی 1127-1232 فەرمانڕەواییان کرد.

لەو رۆژەدا هۆلاکۆ خانی مەنگۆلی، کوڕەزای جەنگیزخان، دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەلخانی، کە موسڵی داگیر و تالآن کرد. ئیمپراتۆریا نەخۆشەکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەیەمدا رووخاو پارچەپارچە بوو، وڵاتەکەش لە ئەنجامی ئاژاوەی بەردەوامدا وێران بوو، کە لەنێوان فارس و تورك و عەرەبدا بەرپا بووبوو.

لە میانەی هەموو ئەم قۆناغانەدا، بەشی هەرە زۆری خاکەکە لەژێر دەستەڵاتی بنەماڵە تورکومانەکانی قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆدا بوو (مەڕی رەش) و (مەڕی سپی)، کە دوای وەدەرنانی ئەلخانەکان لەو خاکە، هەروەها فەرمانڕەوایی بەشەکەی وڵاتی فارسیشیان دەکرد.

لە کۆتایی سەدەی چواردەیەمدا، دووبارە موسڵ لەلایەن مەنگۆلییەکانەوە بە سەرۆکایەتی (تامەرلەین- تەیمور لەنگ) داگیرکرایەوە. ئەو شارەی لەژێر دەستەڵاتی (ئەتابەگس بەدرەدین لولو- *Atabegs Bedridden Lulu*)دا گەیشتە لوتکەی پێشکەوتنی شارستانی (ساڵی 630 کۆچی) دا، لەم قۆناغەدا دابەزی بۆ نزمترین خاڵی نوقمبوون لە مێژووی خۆیدا. جارێکی دی تالآن کراو وێران کرا و گرنگی ئابوورییەکەی لە دەست دا. ئیدی لە ئەنجامدا دەکەوتە ژێر دەستەڵاتی کەمە بنەماڵەی جیاوازەوە- زۆر جار بنەماڵەی عەرەبی، بەڵام زۆربەی جار بنەماڵەی تورك.

دواجار لە 1534دا، سوڵتان سولەیمان موسڵی داگیرکرد و بۆ یەکەم جار خستیە سەر ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەڵام تەنیا لە ساڵی 1638دا بوو، کە وڵاتەکە لە لایەن سوڵتان مورادی چوارەمەوە داگیرکرا، خاکەکەی کرد بە سێ ویلایەتەوە، موسڵ و بەغدا و کەرکوك (ئەو سەردەمە کەرکوك وەك شارەزوور ناسراوە).

دوای چەند ساڵێك، کاتێ بنەماڵەکانی ناوخۆ لەناوچوون، هەروەها بەسڕەش لکێنرا بە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە.

لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا، کەرکوك و بەسرە و موسڵ تا رادەیەك سەر بە پاشای بۆماوەیی بەغدا بوون. دواتر لەلایەن سوڵتانەوە وەبەرهەم دەهێنران، بەڵام ئەو پەیوەندییەی، کە بە ئەستەنبوڵەوە بەستبوونیەوە زیاتر رووکەش بوو لەوەی کردەنی بێت. نیمچە دەوڵەتە سەربەخۆکانی ئامێدی و کۆی سنجاق و رەواندوز...هتید، تا رادەیەك لەژێر دەستەڵاتی ئەو پاشای بەغدایەدا بوون.

لە ساڵی 1726-ەوە شاری موسڵ و ناوچە بچوکەکانی دەووروبەری لەلایەن پاشایەکەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، کە جیابوو لە بەغدا. ئەو پاشایەش سەرۆکی بنەماڵەی عەرەبە جەلیلیەکان بووە، کە تا ئێستاش لە موسڵدان. تەنیا سوڵتان دەتوانێ فەرمانێك دەربکات، کە فەرمانڕەوایی لە باوکەوە بۆ کوڕ بگوێزرێتەوە.

لە 1831دا غەزەب لە پاشای بۆماوەیی بەغدا گیرا و لەلایەن سوپای سوڵتانەوە لابرا و سوڵتانیش حاکمێکی تورکی بە دەستەڵاتی یاسایی بەسەر تەواوی وڵاتەکەدا دانا.

لە 1835دا موسڵ خرایە ژێر دەستەڵاتی پاشای بەغدا و بوو بە سنجاقێك- لیوایەك سەر بە ویلایەتی بەغدا. ئەم ویلایەتە بوو بەو وڵاتەی، کە ئێستا بە عێراق دەناسرێت، لەگەڵ ناوچەی ناکۆکیەکە. هەر لە سەرەتاوە پاشای بەغدا هەر بەناو دەستەڵاتی بەسەر سەرۆك خێڵە گچکەکاندا هەبووە. بەهەرحاڵ وردە وردە، لە 1837-1851 دواتر لاواز بوون و ناوچەکانیان خرایە سەر سنجاقەکان — لیواکانی موسڵ و کەرکوك.

بۆ ماوەیەکی کورت، لە 1835- 1850 موسڵ گەیشتە پلەی ویلایەت، دوای ئەوەش دووبارە بووەوە بە سنجاقی بەغدا. ئیدی لە 1879دا موسڵ بوو بە ویلایەت، شارەکانی کەرکوك و سلێمانیشی لەسەر بوو.

سێیەم: **بەرئەنجامەکان.**

ئەم کورتە مێژووییە پێشکەش دەکەین تا خۆمان دوور بگرین لە هێماکردنی خاڵ بە خاڵی بەڵگەکانی هەردوو لایەنەکە.

لەوەی سەرەوە دەکرێ ئەوە بەرئەنجام بێت، کە لەگەڵ ئەوەی زیادەڕۆیی کراوە، وەك حوکومەتی تورکیا، کە دەڵێت موسڵ بۆ ماوەی یانزە سەدە لەژێر دەستەڵاتی تورکدا بووە، ئەوەش راستە، کە رۆڵێکی بەرچاویان لە بەڕێوەبردنیدا بینیوە.

**ئەرنۆڵد-** *Arnold* لە کتێبی (ئەل خەلافەت)دا دەڵێت:، کە لە سەدەی دەیەمدا دەستەڵاتی خەلیفەکانی عەباسی نەگەیشتبووە ئەو دیوی سنووری بەغدا و بنەماڵەی خەلیفەکان خۆیان لەژێر رەحمەت و بەزەیی جەنەراڵە بەکرێگیراوەکانیاندا بوون، کە بنەماڵەی خۆیانیان دامەزراند.

لە 1055دا، کاتێ ئەمیر توغروڵی سەلجوقی چووە بەغداوە، ناونیشانی "سوڵتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا"ی سەپاند و سنووری دەستەڵاتی درێژ بووەوە بۆ سەر خەلیفەی عەرەب، کە بەر لە هاتنی توغروڵ، لەژێر دەستەڵاتی بنەماڵەیەکی بچوکی بویهییە فارسەکاندا بووە. بارودۆخەکە تەواو وەك ئەوەی میسر وەهابوو، کە لەوێ زیاتر بە وردی پلانی بۆ دارێژرابوو: هەروەها سوڵتانەکانی مەملوك لە سەدەکانی سیانزەیەم و چواردەیەمدا خەلیفەکانی عەباسییان خستبووە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە.

ئەوە ئاشکرایە چەند ستەمە، کە دەستەڵات بەناو لە دەستی خەلیفە بێدەستەڵاتەکاندا بێت، یان لە دەستی ئەوانەی لە راستیدا گەورەیان بوون. ئێمە ناتوانین بکەوینە گفتوگۆی ئەم جۆرە خاڵە تێبینی نەکراوانە.

لەگەڵ ئەوەی ئاشکرایە، کە نە عەرەب و نە فارس، نە تورك نە مەنگۆلیەکان دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن، کە بەشێوەیەکی بەردەوام دەستەڵاتیان بەسەر موسڵدا هەبووە، ئەوەش گومانی تێدانییە، کە شاری موسڵ وەك بەغدا و ژمارەیەك لە شارەکانی تر، لەماوەی ئەو چوار سەدەیەی رابردوودا لەژێر دەستەڵاتی سوڵتانەکانی عوسمانیدا بوون، بەڵام ئەو دەستەڵاتدارییەش خۆی لە خۆیدا کردەنی نەبووە، نە لەسەر هەموو ناوچەکان و نە لە هەموو قۆناغەکانیشدا. پاشاکان زۆر جار سەربەخۆ بوون، بەڵام خێڵەکانی کورد و عەرەب بە دەگمەن ملکەچیان بوون. تەنیا لە شارو شارۆچکەکان و بەدرێژایی رێگای

سەرەکی موسڵ- ئەربیل- کفری- بەغداد نەبێت، کە بە ژمارەیەك لە قولە و قەڵاکان پارێزگاری دەکران و کەم تا زۆر دەستەڵاتی سوڵتان سەپێنرابوو.

## تەوەرەی سێیەم:
## بەڵگە ئابوورییەکان.

هەرچۆن حوکومەتەکانی بریتانیا و تورکیا بەڵگە ئابوورییەکانیان بۆ پشتگیری مەسەلەکانیان پێشکەش کرد، ئێمە لەو بەڵگانە کۆڵینەوە و بۆ ئەو مەبەستەش رووماڵی ئابوورییەکەمان دابەشکرد بە سێ بەشەوە. لە بەشی شیکردنەوەییدا، بەرهەمی دێنینەوە و لە کوێدا پێویست بوو گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، زانیاریەکان لەلایەن دوو دەستەڵاتەکەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دراوە و لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئێمە پرسیومانە. لە بەشی دانانیشدا ئەنجامی تێبینیە تایبەتیەکانمان پێشکەش کردووە و لەگەڵ مادە ئابووریەکان بەراورد کراوە، کە لە بەڵگەنامەکانی پێش جەنگ وەرگیراوە. لەبەشی سێیەمدا، مەسەلەکە کورت دەکەینەوە و بەرئەنجامەکانی خۆمان بەیان دەکەین.

### یەکەم: شیکردنەوەکان
### یاداشتی بریتانیا

" لۆرد کورزۆن- *Lord Curzon* لە لۆزاندا وتی: چوونەدەرەوەی هەناردەی بازرگانی ویلایەتی موسڵ بۆ عێراق و بەناویدا بە پلەیەکی کەمتر بۆ سووریا بووە و بازرگانی نێوان موسڵ و تورکیا بێبایەخ بووە."

ئەم بۆچوونە راستە. هەناردە لە تورکیاوە بۆ موسڵ بەگشتی بریتی بوو لە دارو تەختە، دانەوێڵە، سەوزە، گوش، میوەی وشککراوە و بەرهەمی دەبباخی، تا رادەیەك بە

موسڵدا دەگوێزرایەوە بۆ بەغدا و دەرەوەی وڵات. هەروەها بازرگانییەکی گەورەی مەڕ و ماڵات لەنێوانی تورکیا و ناوچەی ناکۆکیەکەدا هەبوو. ئەو مەڕانە دەنێران بۆ موسڵ، جامبازە سووریاییەکان دەهاتن بۆ کڕینیان.

هەناردە لە موسڵەوە بۆ تورکیا هەمیشە بریتی بووە لە بەرهەمی چنیین، بازرگانی ئاسن و بەرهەمی بێگانە، کە لە ڕێی بەسرە یان حەڵەبەوە دەهات. ئەم شتانە دەنێرران بۆ شارەکانی سەر سنوور لە تورکیا. " ناوەڕاست و باشووری عێراق بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشتی بە بەروبوومی ناوچەی باکووریی بەستووە.

ئەمەش، کە بەشێوەیەکی تەواو هەمیشەییە. لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەی ناکۆکیەکە بەرهەمی پێویستی خواردەمەنی بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەنێرێت، نزیکی لە دەریاوە وا لەم ناوچانە دەکات، کە بتوانرێ شتومەکی خواردەمەنییان لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ بەدەست بهێنرێت. کەمی شتومەك لە باشووری عێراق لە کاتی هێرشە سەربازیەکەدا بۆ بەغدا لە ئەنجامی بارودۆخێکی ناوێزەدا بوو، ئەویش بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی هێزەکەوە بوو، کە دەبووایە خواردنیان بدرێتێ. لە میانەی ئەم قۆناخەی جەنگدا، کاتێ پەیوەندی نێوان ناوچەی ناکۆکیەکە و باشووری عێراق نەمابوو، دانیشتوانی ناوچەی ناکۆکیەکە، بەتایبەتی لە موسڵ و کەرکوك، دووچاری قاتوقڕییەك بوون، کە بەرپرسە لە مردنی زۆر کەس. ئیدی ئاسان نەبوو لەو کاتەدا خواردەمەنی لەم ناوچەیەوە بنێرێت بۆ باشوور. بەپێچەوانەوە، لەوانەبوو زۆر گونجاوتر بێت، ئەگەر خۆراك لە دەرەوە لە ڕێی بەغداوە بهێنرێت. ناوچەی ناکۆکیەکە وەك شتێکی سروشتی پیویستی بە ناوەڕاست و باشووری عێراق هەبوو، وەك بازاڕێك بۆ ساخکردنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵیەکەی، بۆ بازرگانیش ئاسان بوو بە ڕێگەی ئاودا بەناو دیجلەدا، کە کاری گواستنەوە تەواو هەرزان دەکات. بەغدا تاکە بازاڕە، کە خەڵکی ناوچەی ناکۆکیەکە بتوانن ئەو بەرهەمی کشتوکاڵییەی تێدا ساغبکەنەوە، کە لە خۆیان زیادە.

"عیسمەت پاشا لە لۆزان وتی: هەموو دانەوێڵەیەك، کە روو دەکاتە باشوور لە بنەچەدا لە دیاربەکرەوە دێت و تەنیا بەناو موسڵدا تێدەپەڕێ و دەگوێزرێتەوە."

ئەو وتەیە زیادەڕەوی تێدایە. لەگەڵ ئەوەی ئەوە راستە، کە پیشتر دانەوێڵە لە جەزیرە و ناوچەکانی دیاربەکرەوە بە درێژایی دیجلە بە رێی خۆیدا دەگوازرایەوە بۆ بەغدا، بەڵام بڕەکەی کەمتر بوو لە بەراوردا بەوەی لە ناوچەی ناکۆکیەکەوە دێت.

"توتن هەمووی دەبرێت بۆ بەغدا." ئەوەش راستە، کە تا رادەیەك هەموو توتنەکان، ئەوەی لە ناوخۆدا ساخنەبێتەوە دەنێرێت بۆ بەغدا، بەهەرحاڵ بڕی کەم کەمیش لە رێی سلێمانییەوە دەنێرێت بۆ وڵاتی فارس.

"ئەوەی پەیوەندە بە سنووری راستەقینەی پێشنیارکراوەوە، گرنگی داوە بە پرنسپڵی دابینکردنی ئەوەی، کە یەکێتیەکان لەیەك نەپچڕێن و کەمایەتیەکانی تر دانەبڕێن لە ناوەندەکانی بازاڕی بازرگانی."

دوو بازاری گەورە بۆ بەروبوومی ناوچەی ناکۆکیەکە هەیە: ئەویش بەغدا و موسڵە. لیواکانی کفری، سلێمانی، کەرکوك و بەشی باشووری لیوای ئەربیل پشت بە بازاڕی بەغدا دەبەستن. هەروەها بەشەکانی ناوەند و باکووری لیوای ئەربیل پشت بە بازاڕی موسڵ و بەغداش دەبەستن.

لیوای موسڵ بەتایبەتی پشتبەستە بە شاری موسڵ، لەگەڵ ئەوەی، کە شاری موسڵ بازاری لیوا- پارێزگاکەشە، دەبێ ئەوەش بوترێ، کە ئەوەی لە ناوخۆ زیادە بەرەوخوار بە رووباردا دەنێرێت بۆ بەغداد. ئەم جۆرە هەناردانە دەتوانرێت هەر بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر موسڵیش لە رووی سیاسییەوە لە بەغدا جیابکرێتەوە. ئەوە بەسە بۆ بەستنی پەیمانی ئابووری لەنێوانی دوو شاردا و ئەو جۆرە پەیمانانە بۆ بەغدا کەڵکبەخشە، کە هەناردەی بەروبوومی باکوور تێچوی بژێوی کەم دەکاتەوە بە گوێرەی موسڵەوە، کە بەغدا دەکاتە بازاڕەکەی.

"هێڵی سنووریی پێشنیارکراو چەند بتوانێ بە درێژایی جیاکەرەوە جیۆگرافیاییەکان دەکشێت، کە ناوچە نیشتەنیەکان جیادەکاتەوە بەوانەی لە موسڵ بازاڕیی دەکەن لەو ناوچانەی، کە خەڵکەکەی لە شارە تورکیەکان بازاڕیی دەکەن." لە ناوچەکانی، کە خەڵك بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو نیشتەجێیە و زۆر شاخاوییە و کەوتۆتە نێوان ئەو

سنوورەی بەپێی ڕێکەوتنی برۆکسل دامەزراوە و سنووری پێشنیارکراو لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە، ئەو بەروبوومەی بەرهەم دێت تا ڕادەیەك لەناوخۆدا بەکاردەبرێت. بەگوێرەی هەندێ لە دانیشتوانی ئەم ناوچە شاخاوییەوە چوونیان بۆ بازارەکانی موسڵ ئاسانە یان گرانە، بەگوێرەی بازارەکانی تورکیاشەوە هەمان شێوەیە. لە ناوچەکانی باکووری ڕەواندوز، دانیشتوانەکەی مامەڵە نە لەگەڵ موسڵ و نە لەگەڵ تورکیا دەکەن، بازرگانییان بەگشتی لەگەڵ وڵاتی فارسدایە و هەمان ڕێڕەوی شاخاوی بەکار دەهێنن، کە خێڵە کۆچەرییە کوردەکان دووی دەکەون. "سنووری باکووریی هەندێ لەوەرگای هاوینە بۆ عێراق دابین دەکات لە پێناوی خێڵە کۆچەرییەکانی کورددا، کە زستانان لە دەشتەکانی موسڵدا بەسەردەبەن." کۆچکردنی کۆچەرییەکان زۆر کارناکاتە سەر هێڵە سنووریەکان، ژمارەیەك لەم خێڵە کۆچەریانە- بەتایبەتی جافەکان، پژدەر و هەرکی- هەمیشە لەوەرگایان لە وڵاتی فارسدا هەبووە.
لە پرۆتۆکۆڵی دیاریکردنی سنووری تورکۆ- فارسیدا، بڕگەیەکی تایبەتی تێکراوە بۆ ڕێکخستی هەر کارێ، کە ڕوودات لەبارەی کۆچکردنی خێڵە کۆچەرییەکانەوە. ڕێکەوتنە هاوشێوەکان دەکرێ لەنێوان تورکیا و عێراقدا بهێنرێتە بەرهەم.

## یاداشتی تورکیا

"شار و ویلایەتی موسڵ، کەوتۆتە سەر هەموو ئەو ڕێگایانەی، کە ئەنادۆڵ دەبەستێتەوە بە سووریا و وڵاتی فارسەوە، گرنگیەکی زۆری هەیە بەگوێرەی پەیوەندیەکانی باشووری ئەنادۆڵەوە لەگەڵ وڵاتی فارس و لەگەڵ سووریادا. ئەم وڵاتە تا ئێستا گرنگیەکی زۆرتری هەیە لە ڕووی پەیوەندیەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی باشووری ئەنادۆڵ، لەبەرئەوەی لێرەوەیە ئەو ڕێگەیەی پەیوەند دەبێت بە سلێمانی، کەرکوك، دیاربەکر، ئورفە، بتلیس و سیرت...هیتد، لێرەدا بەیکدەگەن."

ئێمە وایدادەنێین، کە حوکومەتی تورکیا، کاتێ لەبارەی باشووری ئەنادۆڵەوە دەدوێ، واتە ناوچەکانی ئورفە، بتلیس، سیرت، هیتد.

پەیوەندیەکانی نێوان باشووری ئەنادۆڵ و باکووری وڵاتی فارس بە ناوچەی ناکۆکیەکەدا تێناپەڕن. لەلایەکی ترەوە، تەنیا ناوچەی ناکۆکیەکە نییە و بەڵام هەروەها ناوچە بێکێشەکانیش ئەو ڕێگایانە دەیبڕن، کە لە باشووری ئەنادۆڵەوە دەڕوات بۆ باشووری وڵاتی فارس.

پەیوەندیەکانی نێوان ئەنادۆڵ و سووریا بە ناوچەی ناکۆکیەکەدا تێناپەڕێت.

بەڵگەکان لەبارەی سووریای ژێر ئینتیدابی فرەنسا و وڵاتی فارس ناتوانرێت لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە بهێنرێتە پێشەوە، لەبەرئەوەی ئەو ڕێگایانەی ئەم دوو وڵاتە بەیەك دەبەستێتەوە لە ڕاستیدا بەناو ناوچەی ناکۆکیەکەدا تێدەپەڕێت، یان زیاتر لە باشوورەوە و بەناو خاکی تورکیادا ناڕوات. بەگوێرەی پەیوەندیەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی باشووری ئەنادۆڵ، دەبێ ئەو شەش شارەمان لە یاد بێت، کە لە یاداشتەکەی تورکیادا هاتووە، لەوانەش: سلێمانی و کەرکوك لە ناوچەی ناکۆکیەکەدان و پرسی پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو شارە ناتوانرێت بهێنرێتە پێشەوە بۆ مشتومڕ لەسەرکردن. ئەو ڕێگایانەی شارەکانی دیاربەکر، ئورفە، بتلیس و سیرت بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە ناوچەی ناکۆکیەکەدا تێناپەڕێت، نزیکترینی ئەم ڕێگایانە 100 کیلۆمەتر بە هێڵێکی ڕاست دوورە لە نزیکترین خاڵی سەر سنووری ویلایەتی پێشوی موسڵەوە.

کێشەی پەیوەندیەکانی ڕێگاوبان بەشێکی دوورودرێژ و گەورەی ئەم ڕاپۆرتەیە، کە تایبەتە بە شیکردنەوەی باری جیۆگرافیای ئەم مەسەلەیەوە، فاکتەرێکی نوێ دێتە پێشەوە بۆ پشتگیری بەستنەوەی ئابووری موسڵ لەگەڵ تورکیادا. وەك ئەنجامێکی دامەزراندنی هێڵی ئاسن، کە موسڵ ببەستێتەوە بە بەندەرەکانی دەریای سپی ناوەڕاستەوە، ئەو کاتە شارەکە زیاتر ڕاستەوخۆ بە ئەنادۆڵەوە پەیوەست دەبێت. دەریای سپی ناوەڕاست ڕێگەیەکی ئاسانتر و خێراترە لە نێوان موسڵ و وڵاتە پیشەسازیەکانی

ئەوروپادا، کە پێویستی بە دەربازگەیەك دەبێت بۆ هەناردەی مادەی خاو و هاوردەی بەروبوومی پیشەسازی. لە دامەزراندنی ئەم هێڵی ئاسنەوە، ڕێگەی کەنداوی فارسی دەبێتە پلە دوو لە رووی گرنگییەوە بۆ شارەکە.
لێکدانەوەی ئەم رستەیە لەوانەیە ببێتە رابەر بۆ لابردنی هەندێ تەمومژ: هێڵی ئاسن لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە تا ئێستا نەگەیشتۆتە موسڵ. سەری هێڵی ئاسنەکە لە نسێبینە، کە نزیکەی 200 کیلۆمەتر بە هێڵێکی راست لە موسڵەوە دوورە. لەبەرئەوە لەم چرکەساتەدا هاشەوهوشەیە، کە بوتری ڕێگەی کەنداوی فارس لە گرنگیدا بۆ وڵاتەکە پلە دووە، لەوانەیە لە داهاتوودا وای لێبێت- بەهەرحاڵ بەگوێرەی هاوردەوە- کاتێ هێڵی ئاسن لە زەویدا درێژبووەوە لەو خاکەی ژێر ئینتدابی فرەنساوە و گەیشتنی بە موسڵ. بەڵام هەناردەکان، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتیە لە دانەوێڵە، هێشتا هەر بە هەرزانترین ڕێگەی ئاودا لە موسڵەوە دەنێرێت بۆ بەغدا.

## ئەو پرسیارنامانەی لەلایەن لیژنەکەوە نێرراوە بۆ حوکومەتی بریتانیا.

## پرسیاری یەکەم

" لۆرد کوزۆن- *Lord Curzon* لە لۆزان وتی، ئاماری گومرگیەکەی حوکومەتی عێراق ئەوە پێشان دەدات، کە شوێنی چوونە دەرەوەی هەناردەی بازرگانی ویلایەتی موسڵ بۆ عێراق، یان بەهۆیەوە بە پلەیەکی کەمتر بۆ سووریایە. لیژنەکە راپۆرتەکانی ساڵەکانی (1921 و 1922)یان لەبەر دەستایە (بەشی کارگێڕی گومرگ و باجەکان)، حوکومەتی بریتانیا دەپرسێ، ئایا هیچ بەڵگەیەکی تریان لەبارەی ئاماری گومرگیەوە دەست کەوتووە. ئەگەر وایە، پێویستە، کە کۆپی ئەو دۆکۆمێنتانە لیژنەکەی لێئاگادار بکرێتەوە.
بەڵگە فەرمیەکانی عێراق، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە نێردراوە بۆ لیژنەکە، ئەم ئامارانەی لای خوارەوە بۆ ساڵەکانی 1921،1922،1923 دیاری دەکات و لەگەڵ نۆ مانگی یەکەمی ساڵی 1924، نرخی بەرهەمی هەناردە لە ویلایەتەکی پێشوی

موسڵەوە بۆ سووریا و تورکیا (بەرهەمی نیشتمانی و بەرهەمی گواستنەوە) 8.500.000 روپییە نرخی بەشێك لە شتومەکەکان (جگە لە دانەوێڵە)، کە بە تەنیا لە لیوای موسڵەوە بۆ بەغدا هەناردە کراوە. 18.600.000 روپییە یان 2.200.000، و 5.000.000 روپییە هەر ساڵە بە بەردەوامی.

کارێکی ئاسان نییە ئەو بڕە دانەوێڵەیە بیخەملێنین، کە لە موسڵ و ئەربیل و کەرکوکەوە بۆ بەغدا هێنراوە، چونکە هیچ ئامارێکی فەرمی نەپارێزراوە، کە پەیوەندبێ بە جوڵەی بازرگانییەوە لەنێوان باشووری عێراق و ناوچەی ناکۆکیەکەدا.

بەشێکی دانەوێڵە بە هێڵی ئاسنی شەرگات (باشووری موسڵ) و هێڵی ئاسنی کینگەربان (باشووری کەرکوك) دەنێرێت، بەشێکیشی بەهۆی کەڵەکەکانەوە بەرەو خوار بە دیجلە و دوو زێکەدا و بەشێکیش بەهۆی کاروانی وشترەوە.

ئێمە بەهەرحاڵ دەتوانین هەوڵی پێکهێنانی خەمڵاندنێکی نزیك بدەین.

نرخی دانەوێڵە، کە تەنیا بە هێڵی ئاسن نێراوە بۆ بەغدا دادەنرێت بە 3.000.000 روپییە (75٪ گەنم و 25٪ جۆ).

لەوەش زیاتر، لە میانەی دوو ساڵی 1922 و 1923دا شارەوانی بەغدا تۆماری 4.500 کەڵەکی بچوکی کردووە، کە گەیشتونەتە بەغدا، لەگەڵ 1.600 کەڵەکی قەوارە ناوەند و 1.100 کەڵەکی گەورە. ئەوەش دەبێ بریتیبێت لە تێکڕای 140.000 تەن بۆ دوو ساڵ، یان 70.000 تەن دانەوێڵە، بۆ نرخی 7.000.000 روپییە ساڵانە. ئامارەکانی بەشی هێڵی ئاسن پێشانمان دەدات، کە 3.000 تەن خورما لە باشوورەوە نێراوە بۆ شەرگات- شەرگات (موسڵ) لە ساڵێکدا، بۆ زانیاری زیاتر، خورما بە شەمەندەفەری کینگەربان (کەرکوك) هەناردە نەکراوە، بەڵکو خورما بە وشتر نێراوە بۆ کەرکوك، کە دانەوێڵەیان لەو وڵاتەوە هێناوە بۆ باشوور.

ئەگەر ئێمە تەنیا یەکەم دوو شێوازی گواستنەوە لەبەرچاو بگرین، دەتوانین بڵێین، کە ناوچەی ناکۆکیەکە هەناردەی دانەوەوێڵەی بۆ بەغدا 10.000.000 روپییە کەمترە لە نرخی تێکڕای ساڵانەی.

بەراوردەکانی بڕی گشتی هەناردەکانی ساڵانە بۆ بەغدا، لە لایەکەوە و سووریا و تورکیاش لە لایەکی ترەوە، تا رادەیەك بەم شێوەیەیە:

سووریا و تورکیا .................... 2.200.000 روپییە.

بۆ بەغدا .......................... 15.000.000 روپییە.

**پرسیاری دووەم**

" لیژنەکە خۆشحاڵ دەبێت، کە حوکومەتی بریتانیا ئاگاداری بکاتەوە، ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەی لەلا هەبێت، کە پەیوەندە بە بازرگانی ناوخۆوە لەنێوان بەشە جیاوازەکانی عێراقدا (ناوچەی ئێستا و ناوچەی ناکۆکیەکە.)."

وەك لەسەرەوە وتراوە، حوکومەتی بریتانیا وەڵامی دایەوە، کە هیچ ئامارێك لەبارەی بازرگانییەوە لەنێوان لیوا جیاوازەکانی عێراقدا نییە. لە پەرەگرافی پێشودا وێنای خەملاندنی بڕی دانەوێڵەمان کرد، کە بە شەمەندەفەر و لە رێگەی ئاوەوە لە ناوچەی ناکۆکیەکەوە نێرراوە بۆ بەغدا. بەگوێرەی بازرگانییەوە لە رووەکانی ترەوە، ئاماری هێڵی ئاسنی ساڵی 1924 ئەم زانیاریانەی لای خوارەوەمان دەداتێ، کە پەیوەندە بە نرخی شتومەکەوە، کە لە بەغداوە نێرراوە بۆ شەرگات (موسڵ)، ئەمە لەلایەك، هەروەها تووز و کینگەربان (کەرکوك) لەلایەکی ترەوە.

بۆ شەرگات (موسڵ).................... 10.200.000 روپییە

بۆ کینگەربان و توز (کەرکوك)........... 4.000.000 روپییە

هەروەها بڕێکی زۆر گەورەش بە کاروان دەگوێزرێتەوە.

شتە بنەڕەتیەکانی هاوردە دەکرێ، شەکر، قاوە، بازرگانی ئاسن، میوەی وشککراو، خورما، نەوت، مس، چا، سابون، شەراب، تۆوەکان، هیتد.

هەروەها ئۆفیسی توتن ئامارەکان بڵاودەکاتەوە، کە لەوانەیە بە ورد بڕی ئەو توتنانەی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا بەرهەم دەهێنرێت دیاری بکات.

سلێمانی (ناوچەی رانییەی لێبەدەربێت) 2.000 تەن بەرهەم دێنێت.

ناوچەی رانییە .................. 500 تەن بەرهەم دێنێت.

ناوچەی رەواندوز .................... 250 تەن بەرهەم دێنێت.

ئامێدی و ئاکرێ و دوهۆك ............ 250 تەن بەرهەم دێنێت.

حوکومەتی عێراق، بڕی ئەو توتنەی لە ناوخۆدا بەکاردەبرێت دایدەنێت بە 600 تەن و 2.400 تەنیش هەناردەی بازاڕی بەغدا دەکرێت.

## پرسیار سێیەم

"ئایا حوکومەتی بریتانیا هیچ بەڵگەنامەیەکی لەبارەی پەیوەندی بازرگانیی نێوان عێراق و کوردستانەوە بەردەست کەوتووە؟" حوکومەتی بریتانیا هێمای بۆ ئەوە کرد، کە بەربەستی شاخ لەنێوان ناوچەی ناکۆکیەکە و کوردستاندا، پەیوەندی بازرگانیی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا زۆر سەخت دەکات و زۆر گرنگیش نییە. سلێمانی تاکە لیوایە- پارێزگایە، کە هەرچۆنێ بێت دەتوانێ بازرگانی لەگەڵ کوردستانی وڵاتی فارسدا بکات.

لە 1912دا، کاتێ لە سلێمانیدا کارگێڕییەکی سەربەخۆی جیای لە حوکومەتی عێراق هەبوو، ئەو کارگێڕییە ئامارێکی گومرگی لە هەندێ بواردا بڵاوکردەوە، کە ئێمەش لە خوارەوە دەیخەینە روو:

نرخی توتنی هەناردە بۆ عێراق .................. 1.700.000 روپییە.

نرخی بەروبوومە هەناردەکانی تر بۆ عێراق ......... 300.000 روپییە.

نرخی هەموو بەروبوومی هەناردەی ناوچەکە (بە توتنیشەوە) بۆ ئێران 314.000 روپییە.

نرخی بەروبوومی عێراق، کە بە رێگەی گواستنەوە چووە بۆ ئێران ...600.000 روپییە

## پرسیار چوارەم

" ئایا حوکومەتی بریتانیا دەتوانێت هیچ ئامارێك بەگوێرەی بەرهەمی گەنمەوە لە بەشە جیاوازەکانی عێراقدا ئامادە بکات (لەگەڵ ناوچەی ناکۆکیەکەشدا)؟"

وەڵامی دایەوە- لەو بارەیەوە هیچ ئامارێك نەپارێزراوە.

## پرسیار پێنجەم

" لیژنەکە خۆشحاڵ دەبێت بەوەی، کە زانیاری لەبارەی شوێنی بنەڕەتی کاڵاکان و بەروبوومی کۆلۆنیاڵیەوە بەدەست بهێنێت، کە دەنێرێت بۆ موسڵ، یان لە موسڵەوە دەگوێزرێتەوە بۆ تورکیا. لە بارودۆخێکی ئاساییدا، ئایا ئەو شتومەکانە دەنێرێت بۆ یان لە موسڵەوە دەپەڕێتەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست یان بەناو کەنداوی فارسیدا؟"

وەڵامی دایەوە- هەموو پارچەیەکی شتومەك و کاڵاکانی کۆلۆنیاڵی دەگەنە موسڵ، بە بەندەری بەسرەدا لە کەنداوی فارسیەوە دێت. ئەوەش لە ئامارەکانی گومرگی ساڵانی 1921، 1922، 1923 و نۆ مانگی یەکەمی ساڵی 1924دا پێشاندراوە، کە لە میانەی ئەو ماوەیەدا شتومەکی لۆکە هاتۆتە هەموو عێراقەوە بە نرخی 281 ملیۆن روپییە، کە 280 ملیۆنی بە رێگای بەسرە- بەغدادا تێپەڕیوە.

ئەگەر دامانناا، کە دانیشتوانی ناوچەی ناکۆکیەکە 800.000 کەس بێت و دانیشتوانی هەموو شوێنەکانی تری عێراق 2.000.000 کەس بێت، بەکاربردنی کاڵاکانمان لەسەر بنەچەی هەمان رێژە لە عێراقدا دابەشکرد، ئەوا دەگەینە ئەم بەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

بەکاربردن لە موسڵدا یەکسان دەبێت بە ............. 38.200.000 روپییە.

بەکاربردن لە پاشماوەی شوێنەکانی تری عێراقدا ....... 95.500.000 روپییە.

لە هەمان سەردەمدا لە ماوەی 45 مانگدا، نرخی هاوردە لە سووریا و تورکیاوە بۆ موسڵ بریتیە تەنیا لە 600.000 روپییە. وڵاتەکانی، کە ئەم کاڵای لوکەیەی لێوە

دێت بریتانیا و هیندستانە. هەروەها ئەو وڵاتانە بەروبوومە هەمەجۆرەکانی کۆڵۆنیاڵی لێوە دێت ئەمانەی لای خوارەوەیە:

چا ................ هیندستان.

شەکر ............. ئەورووپا، هیندستان و وڵاتانی تر.

قاوە ............. هیندستان، عەرەبی، برازیل و بریتانیا.

### پرسیاری شەشەم

" یاداشتەکەی تورکیا هێما بۆ گرنگی ویلایەتی موسڵ دەکات لە رووی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و وڵاتی فارسەوە. ئەگەر ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق، بە رای حوکومەتی بریتانیا چۆن پەیوەندی بازرگانی و پەیوەندی ئاسایی نێوان ئەم دوو وڵاتە موسڵمانە دابین دەکرێت؟"

وەڵامی دایەوە- ئەگەر پێویست بکات شتومەکێك لە تورکیا و وڵاتی فارسەوە بە خاکی عێراقدا بگوێزرێتەوە، ئەوا حوکومەتی عێراق دەبێ رێکەوتننامەی بەرشەلۆنە لەبارەی سەربەستی هاتوچۆ و هەموو هۆکانی گواستنەوەوە لەبەرچاو بگرێت. هەروەها هیچ باجێك ناخرێتە سەر شتومەکەکان.

## ئەو پرسیارنامانەی لەلایەن لیژنەکەوە نێرراوە بۆ حوکومەتی تورکیا

### پرسیاری یەکەم

أ. لیژنەکە دەیەوێ زانیاری دەستکەوێت

ب. لەبارەی ناوەندی بازرگانی و بازاڕ بۆ کورد و عەرەبی جێگیر و کورد و عەرەبی کۆچەریی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا.

ج. " لەبارەی رێگاوبانی بازرگانیی نێوان ناوچەی موسڵ و ناوچە بێکێشەکان لە تورکیادا."

وەڵامی (ب) ناوەندی بازرگانی و بازاڕ بەگشتی شارە سەرەکیەکان و قەزاکان و سنجاقەکانن، کە ئەو کۆچەریانەی تێدا جێگیر بووە.

(ج) ڕێگا سەرەکیەکانی بازرگانی نێوان ناوچەی موسڵ و ناوچە بێکێشەکانی تورکیا:

1. دیجلە.
2. موسڵ- ماردین- دیاربەکر- خارپوت- سیڤاس- ڕێگای سامسون.
3. نسێبین- هێڵی ئاسنی ئەدەنە.
4. موسڵ- جەزیرە- بتلیس- ئەرزڕوم- ڕێگای تریبزۆند.
5. موسڵ- ئاوێدی- جۆلامێرك- ڕێگەی ڤان(وان).
6. موسڵ- ئەربیل- ڕەواندوز- ڕێگەی ڤان(وان).
7. موسڵ- زاخۆ- ڕێگەی ڤان(وان).

تێبینی- ئەو ڕێگەیەی بە دیجلەدا دێ، تەنیا بەکاردێت بۆ هێنانی شتومەك لە تورکیاوە بۆ موسڵ.

## پرسیاری دووەم

"وەك دەڵێن، کە زووربەی گەنم بۆ بەغدا، لە ناوچەی موسڵەوە دێت، یان لە گواستنەوەیدا بە موسڵدا تێدەپەڕێت، ئایا حوکومەتی تورکیا دەتوانێت بە لیژنەکە بڵێت (سالانی بەر لە جەنگ) بڕی بەرهەمی ڕاستەوخۆ لە موسڵ و ویلایەتی موسڵ چەند بووە و ئەو بڕانەی لە گواستنەوەیاندا بەو وڵاتەدا تێپەڕیون (ئەو وڵاتانەی هەناردەی کردوون کێن)؟"

وەڵامی دایەوە- ئەوە مەحاڵە بتوانرێت ئامارەکانی پەیوەند بە بڕە گەنمەکانەوە بە دەست بێت، کە لەم دوو پارێزگایەوە نێرراوە بۆ بەغدا، لەبەرئەوەی، بەر لە جەنگ، نەریتی کۆکردنەوەی ئامارەکان نەبووە، کە پەیوەندبێت بە بازرگانی نێوان پارێزگا جیاوازەکانەوە.

## پرسیاری سێیەم

" لە لاپەڕە/ 9، لە بەندی/ 8، لە یاداشتەکەی تورکیادا، حوکومەتی تورکیا دەڵێت، کە ویلایەتی موسڵ گرنگیەکی مەزنی هەیە بۆ پەیوەندیی نێوان تورکیا و وڵاتی فاس. ئایا دەتوانرێت حوکومەتی تورکیا داتایەك دابمەزرێنێت پشتبەست بێت بە ئامارەکانی پێش جەنگ تا پشتگیری لەم بۆچوونانە بکات؟"

وەڵامی دایەوە- ئەو ئامارە گومرگیانەی پەیوەند بوو بە بازرگانیی نێوان تورکیا و وڵاتی فارسەوە بەر لە جەنگ، بێبەختانە، نزیکەی هەمووی سووتاوە، چونکە لە 1914دا بەشێك لە بیناکانی کارگێڕیی گومرگ لە ئەستەنبوڵ وێران بوو.

## پرسیاری چوارەم

" گریمان سنوورەکە لە باشووری موسڵدا جێگیر بووە و ئەو سنوورە بەشێوەیەکی تەلیسماوی بە رووی پەیوەندی بازرگانیدا داخراوە، چۆن حوکومەتی تورکیا پێشنیاری رێکخستنی هەناردەی بەروبووم دەکات لە ویلایەتی موسڵ و ئەو بەروبوومانەی بە موسڵدا دەگوازرێتەوە، ئایا دانیشتوانی باکووری سنوورەکە لە توانایدایە، کە بەروبوومی کشتوکاڵیان هەناردە بکەن، ئەگەر کارەکە وەهایە، ئەی بەچی ئاڕاستەیەکدا ؟"

وەڵامی دایەوە- جگە لە رێگا بازرگانیەکانی لەسەرەوە هێمای بۆ کرا لە (ج1)دا، موسڵ دوو رێگەی بازرگانی گرنگی تری هەیە. ئەوانەش:

1. موسڵ- رەواندوز- هەمەدان- رێگای کرمانشاه.
2. بەغدا- بەسرە- رێگەی بۆمبای.

حوکومەتی تورکیا لە وەڵامەکەیدا هەناردە سەرەکیەکانی موسڵ بە نمونە دێنێتەوە، کە بریتیە لە: گامێش، مەڕ، بزن، ئەسپ و بەروبوومی هەمە چەشنە بۆ ئەنادۆڵ و سووریا و ئەوروپا و هیندستان. ئەوەی پەیوەندە لەگەڵ هاوردەکاندا، شتومەکی هەمەجۆر ناوبراوە، کە لە ئەوروپا و ئەنادۆڵ و وڵاتی فارسەوە هاوردە دەکرێن و ئەوەش

ئاشکرایە، کە زووربەی ئەو شتومەکانە- نەك هەمووی- بە بەندەری دەریای سپی ناوەڕاستدا تێدەپەڕێت، یان بەناو ئەنادۆڵ و وڵاتی فارسدا، بەڵام تەنیا کەلوپەلێکی کەم لە ڕێگای بەغدا و بەسڕەوە دەهێنرێت.

**تێبینی**- لە لیستی ئەو بەروبوومانەی لە موسڵەوە هەناردە دەکرێ، لە وەڵامەکەی تورکیادا دانەوێڵە لەبیرکراوە، لەگەڵ ئەوەی، کە بەشێکی هەرە گەورەی هەناردەی موسڵیشە. تێبینی ئەوەمان کرد، کە هەموو بەروبوومێکی کشتوکاڵی و زووربەی بەروبوومەکانی تر (جگە لە ڕەشەوڵاخ) دەنێرێن بۆ بەغداد. هەروەها هاوردەکان لە بەغداوە بە بیابانی سووریادا دێت بۆ موسڵ، کەمێ بازرگانی لەگەڵ ئەنادۆڵ و زۆر کەمتریش لەوە، لەگەڵ وڵاتی فارسدا دەکرێت.

## پرسیاری پێنجەم

وەك لە (لاپەڕە/10، پەرەگرافی/2)ی یاداشتەکەی تورکیادا هێما بۆ ئامارەکانی پێش جەنگ دەکات، لیژنەکە خۆشحاڵە بە بینینی ئەو ئامارانەی پێش جەنگ، کە جوڵەی بازرگانیی لە موسڵەوە زیاتر بەرەو دیاربەکرە لەوەی بەرەو بەغدا بێت."

وەڵام درایەوە- حوکومەتی تورکیا هێما دەکات بۆ ئەو ئامارانەی پەیوەندە بە بازرگانی موسڵەوە (لاپەڕەی/92،93) لە پەیڕەونامەی وەزارەتی دەرەوە، ژمارە/63، میسۆپۆتامیا. ئەم ئامارانەی لای خوارەوە وەردەگرێت، کە لە ساڵی 1910دا لەو کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە.

**هاوردە**

لە بریتانیاوە ......................... 37.850 £ نرخی شتومەك

لە هیندستانەوە ......................... 35.800 £ نرخی شتومەك

لە وڵاتەکانی ترەوە ...................... 43.890 £ نرخی شتومەك

**هەناردە**

بۆ بریتانیا ................................ 176.500£ نرخی شتومەك

بۆ هیندستان ........................ 30.000 £ نرخی شتومەك

بۆ وڵاتەکانی تر ........................ 49.980 £ نرخی شتومەك

بۆ بەشەکانی تری تورکیا .................. 352.950 £ نرخی شتومەك.

وەڵامەکەی تورکیا ئەوەشی دەخرێتە سەر، کە ئەو شتومەکانەی لە بریتانیاوە دێ، یان دەنێرێت بۆی، تا رادەیەك لە هەموو حاڵەتێکدا بە بەندەری دەریای سپی ناوەڕاستدا تێدەپەڕێت.

**تێبینی**- ئەو ئامارانە وەك پێشکەش کراوە ناتەواوە. هەر چۆن لەسەرەوە باسمان کردووە، دانەوێڵە بە پلەی یەکەم و پاش ئەوەش مەڕوماڵات بەشی سەرەکی هەناردەی وڵات پێکدەهێنێت. ئەو بڕە گەورەیە 352.950 پاوەنی ئیستەرلینی، کە وەك نرخی هەنارده دەدرێ بە تورکیا، ئەوە روون دەکاتەوە، کە لە راستیدا زووربەی ئەو هەناردانە لە موسڵەوە چووە بۆ بەغدا، کە ئێستا خاکی عێراقە و هەروەها بۆ سووریا، کە ئێستا خاکێکە لەژێر ئینتیدابی فرەنسادایە. لە 1910دا ئەو دوو خاکە بەشێك بووە لە تورکیا.

لە شوێنێکی تردا هێمامان بۆ ئەوە کردووە، کە هەڵەیە بڵێیت ئەو کاڵایانەی دەنێرێت بۆ، یان لە موسڵەوە دێت، تا رادەیەك بەردەوام بە دەریای سپی ناوەڕاستدا دەڕوات. بە پێچەوانەوە، رێگەی بەغدا زۆر زیاتر بەکاردەهێنرا، جگە لە مەڕوماڵات.

ئامارەکانی راپۆرتی ساڵانەی فەرمی تورکیا(ساڵنامە) بۆ موسڵ (1912)، کە لە بەشی پێکهێنراودا لە راپۆرتی ئابووریدا، پاڵپشتی ئەو زانیارییە دەکات.

## دووەم: پێکهێنان

ناوچەی ناکۆکیەکە- بە واتایەکی تر ناوچەکەی کەوتۆتە نێوان ئەوپەڕی سنوورەکانی، کە لەلایەن دوو حوکومەتەکەوە پێشنیارکراوە، کە لە بنەڕەتدا ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و مەڕ و بزنیش بەخێودەکەن. لەوانەشە ببێتە وڵاتێکی پیشەسازی، کاتێ دەستکرا بە پشکنینی زانستی لە چینەکانی ژێر خاکە دەوڵەمەندەکەی بە سامانی سروشتی، بەتایبەتی نەوت.

ئەو ناوچەیە، کە بەتەواوی کەوتۆتە دەوروبەری دیجلەوە، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە بە هێڵی چیاکان سنووردارە، کە لە ناوچەی ناکۆکیەکەوە 70-80 کیلۆمەتر فراوانە. بەرزایی و بانەکانی دەوروبەری زۆر جار 10.000 پێ بەرزە، ناوچەکە بەرەوخوار بۆ ناوەند شۆڕدەبێتەوە، بەوەش حەوزێکی مەزن لە ناوەندی بیاباندا پێکدەهێنێت، کە ناوچەکە لە سووریا جیادەکاتەوە.

لە بەشە شاخاوییەکەدا، بەتایبەتی لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتدا، کە چەند شوێنێکی دارستاناوییە، دانیشتوانەکان، کە ڕێژەیەکی کەمن، ئەو خواردەمەنییەی بەرهەمی دێنن بەگشتی بۆ قوتی تایبەتی خۆیانە. ئەم ناوچە دوورانە بۆ گواستنەوە دەبێ پەنابەرنە بەر کاروانیی هێستر و کەر و ئەمەش تاکە شێوەی بازرگانییە، کە بەروبوومی گران بەهای پێبگوێزنەوە بۆ شوێنە دوورەکان، کە ئەوان بەرگەی تێچوونە بەرزەکەی بگرن لە گواستنەوەیدا بە کاروان — بە واتایەکی تر، توتن، مازو، مەرەز، خووری، مێوژ و پێستە یان کەوڵی دەڵەك، ئەم ناوچە شاخاویانە هەروەها بەهۆی رووبارەکانەوە چی دارو تەختەیەك سەرئاو بکەوێت دەینێرێتە خوارێ، کە لە دەشتەکاندا کەمن.

ئەم ناوچە شاخاویانە هەواری هاوینەی خێڵە کوردە شوانکارەکانی تێدا دادەمەزرێنرێت، کە لە زستاندا مێگەلەکانیان دەهێننەوە بۆ دەشتەکان، هەروەها دانیشتوانی کورد و جولەکە و مەسیحی و یەزیدی نیشتەنی لەم ناوەدا دەبینرێت.

ئەو بەشەی، کە بە بیابان ناسراوە، لە راستیدا بیابان نییە، بەڵکو بە گژوگیا و دڕکوداڵ داپۆشراوە، کە بۆ ماوەی چوار مانگ لە ساڵێکدا بەرگەی لەوەڕی رەوە وشتر و مێگەلی مەڕومالاتی خێڵە کۆچەریە عەرەبەکان دەگرێت. ئەم خێڵانە لە زستاندا بەرەو باشوور دەچنە پێشەوە و لە وەرزی باشدا دەگەڕێنەوە بۆ باکوور.

لەنێوانی ناوچە شاخاویەکان و بیاباندا ناوچەیەکی بەپیت، لەگەڵ دانیشتوانێکی تا رادەیەك چڕ هەیە، کە خاکەکەی بە دیجلە و لقەکانی ئاودێر دەکرێن. دیجلە، بە دڵنیاییەوە لقەکانی وەك زێی گەورە و زێی بچوك، کە بۆ بەلەمەوانی بەکاردێت یان

ئەوەندە قوڵە، کە بەسبێت بۆ کەڵەك، لە ڕێڕەوی تێپەڕبوونیان بەناو ناوچەی ناکۆکیەکەدا، دەربازگەیەکی سروشتییان بۆ بەروبوومە کەمەکانی وەك گەنم و جۆ پێکهێناوە، کە دوو بەروبوومی سەرەکی ناوچەکەیە.
لە دیدی ئابوورییەوە، ناوچەی ناکۆکیەکە دەتوانرێت دابەشکرێ بە سێ کەرتەوە، کە سنوورەکانی تا رادەیەك لەو بەشە کارگێڕیانەی ئێستا بێت.
کەرتی (أ) ناوچەکە کەوتۆتە رۆژهەڵاتی زێی گەورەوە (لیوای موسڵ).
کەرتی (ب) ناوچەی نێوان زێی گەورە و زێی بچوك (لیوای ئەربیل).
کەرتی (ج) ناوچەی باشووری زێی خواروو (لیوای کەرکوك و لیوای سلێمانی).

## کەرتی (أ)

ئەم کەرتە، کە سنووردارە بە ناوچەی باشووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوچەی بیابان، باکووری بە شاخەکان لێداخراوە، کە لە هاویندا تێپەڕبوون پیایدا گرانە و لە زستانیشدا مەحاڵە. ڕێگاکە بە درێژایی 800 کیلۆمەتر لە دیمەشق و حەڵەبەوە دەست پێدەکات و دەچی بۆ موسڵ، ناوچەکە و دەریای سپی ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستێتەوە. تەنیا شوێنێکی راستەوخۆ بۆ دەربازبوون بەرەو تورکیا کەلەبەرێکی 20 کیلۆمەتری پانە لە خاڵی بەیەکگەیشتنی دیجلە و رووباری خاپوردا، کە کەوتۆتە ناوەندی بیابانی سووریای فڕەنسایی و شاخەکە- کەلەبەرەکە، کە ناوچەی ناکۆکیەکە و دەشتی جەزیرەی ئیبن عومەر بەیەك دەبەستێتەوە. ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و کەنداوی فارسدا لەم کاتەدا بە ڕێگەی (کەناری چەپی دیجلەدا) دەڕوات، بە ناوچەیەکدا، کە بەشێکی بیابانە، تا شەرگات، سەری هێڵی ئاسنی کەنداوی فارسی.
هەروەها ڕێگاوبان بە ڕێی بازرگانی و سەربازیدا مسۆگەر دەکرێت، کە بە ئەربیل و ئاڵتون کۆپریدا تێدەپەڕێ و دەگاتە دەوروبەری کەرکوك، بەو هێڵی ئاسنەی لە کەنداوی فارسەوە لە ڕێی بەغدا و کفرییەوە دێت.

پایتەخی ئابووریی ئەم کەرتە موسڵە، کە هەموو ڕێگەیەکی دەچێتەوە سەر و هەموو بەروبوومێکی ناوچەکەش دێنێت.
گەنم و جۆ و دار و تەختە لە ناوچەکانی نزیك خاپوور و دیجلەوە بەو ڕووبارانەدا بە کەڵەك دەبرێنە خوارێ بۆ موسڵ، لە کاتێکدا زۆر شتومەکی تری وەك خووری، مەرەز، مازو، مێوژ و توتن و شتی تر، بە کاروانیی هێستر یان کەر دەبرێن بۆ موسڵ، کە لەوسەرەوە کەلوپەلی پیشەسازیی ئەوروپایی یان هیندی دەهێننەوە، لەوانەش وەك قاوە و شەکر، هەروەها خوێ، کە لە سەحرادا کۆکراوەتەوە. ڕانە مەڕ وردە وردە لەوناوەوە دەبرێت بۆ موسڵ، کە بازرگان و جامبازە سووریاییەکان دێن بۆ کڕینیان.
ئەو ناوچانەی تر لەم کەرتەدا، کە بەهۆی ڕووبارەوە نەبەستراوە بە موسڵەوە- سنجار، ئامێدی دوهۆك، ئاکرێ...هیتد- بە شێوەیەکی تایبەتی بازرگانی لەگەڵ موسڵ دەکەن، کە شتومەکەکان بەهۆی کاروانەوە دەگوێزرێتەوە، بەڵام ئێستا ئۆتۆمبیلی گواستنەوە بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنرێت.
لەوەی پێشەوە دەردەکەوێت، کە هێڵی سنوور شاری موسڵ لەو خاکە سروشتیەی پشتەوەی خۆی جیادەکاتەوە، کە کاردەکاتە سەر ژیانی ئابووریی کەرتەکە، دەبێتە هۆی زیان گەیاندنێکی گەورە بە مافی خەڵکی شارەکە خۆی و خەڵکی ناوچەکانی ناویشەوە.
بە هەرحاڵ، ئەگەر ئەم ناوچانە وەك ئەوەی زاخۆ، ئامێدی، هەروەها دوهۆك، بە سنوور لە موسڵ جیاکرایەوە، ئەوا لەوانەیە بۆ ئەوەی ژیانیان بەردەوام بێت ڕووی بازرگانیەکانیان بگۆڕن بۆ تورکیا، کە وڵاتێکە تا ئێستاش ئەوان بازرگانی لەگەڵ دەکەن بەناو دەربەندەکان و لە ڕێی زاخۆوە.
لە لایەکی ترەوە، خەڵکی دەشتە مەزنەکە لە دیجلەوە دەکشێن بۆ ئاکرێ، کە هێڵی سەرەکیی پەیوەندییان لەگەڵ تورکیادا بەناو موسڵدا دەڕوات. ئەوانە لە ڕووی بازرگانییەوە ئەگەر خرانە سەر تورکیا دووچاری سەغڵەتیەکی زۆر دەبن و موسڵیش پێویستە بەردەوام بێت لە پێکهێنانی بەشێك لە عێراقدا. بە گوێرەی خەڵکی

سنجاریشەوە، تەنیا دەتوانن لە بازرگانیکردنیان لەگەڵ تورکیادا، یان لەناو شاری موسڵەوە یان بە ناوچەی ئینتیدابی فرەنسادا تێپەڕن.

راپرسییەك لەناو ژمارەیەك لە هاولاتیاندا کرا، کە ئایا لە بەرژەوەندییانە ولاتەکەیان بگەڕێتەوە سەر تورکیا؟ بەتایبەتی خەڵکی زاخۆ، ئامێدی و ناوچەکانی دوهۆك، کەچی هەندێ مەترسییان لە مەبەستی ئەوە هەبوو، کە بەهۆی سنوورەوە لە موسڵیان جیابکەنەوە.

گریمان هەموو کەرتی (أ) بە پلەی جیاواز بەستراون بە شاری موسڵەوە، ئێمە دەبێ ئێستا بڕیاربدەین، کە بە چی ئاڕاستەیەك و لەگەڵ کام ولاتدا بازرگانی گشتیی موسڵ بەردەوام دەبێت و لە رووی ئابوورییەوە دەبێ بڕیار بدرێت ئەگەر موسڵ بدرێتە پاڵ تورکیا یان عێراق.

ئەگەر بەتەواوی لە رووی جیۆگرافیاوە بدوێین، شاری موسڵ لە دەریای سپی ناوەڕاست نزیکترە وەك لە کەنداوی فارسیەوە، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیەکانی بە دەریای سپی ناوەڕاستەوە ئێستا بە بیاباندا تێدەپەڕێت، گومان لەوەدا نییە ئەگەر ئەم رێگای بازرگانیە دوورتر بگۆڕێت بۆ باکوور- بۆ نمونە بۆ نسێبین، کۆتایی هێڵی ئاسنی ئێستای، کە لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە دێت- ئیدی بە ناوچە نیشتەنیەکاندا تێدەپەڕێت و بە کوێدا بڕوات زیاتر سەلامەت تر و خێراترە. لەلایەکی ترەوە، بەهۆی رێکخستنی سنووری فرەنساییەوە لە باکووری رۆژهەلاتی سووریا، ئەم رێگەی بازرگانیەی باکوور دەبێ بە ناوچەیەکی ژێر ئینتیدابی فرەنسادا تێپەڕێت.

بەلام بە گوێرەی رێگەی بازرگانیی نێوان موسڵ و کەنداوی فارسیەوە، ئەوەی بە بیاباندا دەڕوات یان بەناو کەرکوك و کفریدا، بێگومان بە بەغدادا تێدەپەڕن. رێگەی بیابان وازی لێدەهێنرێت کاتێ هێڵی ئاسن لە بەسرە و بەغداوە بۆ کەرکوك تەواو دەبێت (کە ئێستا لەژێر کارکردندایە و درێژبوونەوەشی بۆ موسڵ پێشنیار کراوە)، ئەو هێڵی ئاسنەی ئێستا گەیشتۆتە دەوروبەری کەرکوك، لە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە

بەروبوومی کشتوکاڵیدا بەکاردێت و بە ناوچەیەکدا تێدەپەڕێت، کە دادەنرێت بە هەرێمی نەوت.

لە لێکۆڵینەوەی ڕێگاوبانە بازرگانیەکانی موسڵدا دەبێ گرنگییەکی گەورە بدرێت بە **دیجلە**. ئەم ڕووبارە ئەوەتەی هەیە بەکارهاتووە بۆ گواستنەوەی بەروبوومی وڵاتەکە، بەتایبەتی دانەوێڵە و دار و تەختە، کە لە ڕاستیدا هەرزانتر و ڕێگەیەکی زیاتر بێکێشەیە.

لە هەناردەی بەروبوومی کشتوکاڵیدا، بەتایبەتی شتومەکە هەرزانەکان، **دیجلە** گرنگیەکی گەورەی هەیە، ئەگەر هەر سێبەرێکی گومان مابێ بۆ بەراوردکردنی ڕێژەی نرخی دوو ڕێگاکە- بۆ سووریا و بۆ کەنداوی فارسی- گرێمانی بەکارهێنانی **دیجلە** پێویستە تای تەرازووەکە بەدڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی ڕێگەی بەغدا بێنێتەوە.

ئەو هاوردانەی وەك حەریر و کوتاڵ و... هیتد- بە واتایەکی تر ئەوانە خۆیان بە نرخترن لەچاو کێشەکانیاندا و لە ئەوروپاوە دێن- یان لە ڕێگەی بیابانی سووریاوە یان بە ڕێگەی بەغدادا دەگاتە موسڵ. شتومەکە سەنگینترەکان، وەکو ئەو شتومەکە کێش قورسانەی وەك ئامێرەکان، ئاسن ...هیتد، هەمووی بە بەغدادا دێت.

ئەوە ڕاستە، کە بازرگانی لەگەڵ تورکیادا زیاتر خۆی لە کڕیاری مەڕوماڵاتدا دەبینێتەوە، کە بە سنوورەکەدا دەپەڕنەوە، لە دەوروبەری جەزیرەی ئیبن عومەر و جۆلامێرکدا لە لایەن خەڵکانی ناوچە دوورەکانەوە، کە دێن بۆ فرۆشتنی ئەو گامێشانەی لە ئەنادۆڵیاوە هێناویانە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بازرگانییەکی زۆر بچوکە. هەروەها بەهەرحاڵ، بازرگانییەکی تا ڕادەیەك گەورەتر هەیە، ئەویش تێپەڕبوونی کاڵا دروستکراوەکانە بە موسڵدا بۆ تورکیا.

ئەگەر سووریا هێشتا لەژێر دەستەڵاتی تورکیادا بووایە، دەتوانرا بەشێك لە بازرگانی لەگەڵ تورکیادا بکرایە، هەر چۆن بارودۆخەکە بەر لە جەنگ وەهابووە.

بازرگانی موسڵ لەم چرکەساتەدا و هەروەها بازرگانیی گشت کەرتی (أ) شوێن دوو ڕێگەی نایەکسان کەوتون: یەکەم و تا ئەوپەڕی زۆر گرنگ، ڕێگەی بەغدایە، دووەم،

ڕێگەی سووریا. بازرگانیەکی کەم هەیە لەگەڵ تورکیا و ئەوەش لە بەشەکانی باکووری کەرتی (أ)دا چڕبۆتەوە.

**کەرتی (ب)**

ئەم کەرتە دوو ناوەندی ئابووری هەیە- ئەوانیش ئەربیل و ئاڵتون کۆپرییە. هەروەها دانیشتوانێکی کەمی پەرشوبلاو لە شاخە چەپەك و دوورە دەستەکانی باکووری ڕەواندوزدا، کە لەوێدا لەوانەیە بازرگانیەکی کەم لەگەل وڵاتی فارسدا بەردەوام بێت. بەروبوومەکانی بەشەکانی باکووریی و ڕۆژهەڵاتی و ناوەندی کەرتی (ب) بە کاروانیی دەبرێت بۆ ئەربیل، لە کاتێکدا ئاڵتون کۆپریش ناوەندی بەروبوومی دۆڵی زێی بچوکە و زیاتریش بەتایبەتی قەزای کۆی سنجاق.

بەروبوومی سەرەکی کەرتی (ب) دانەوێڵە، توتن، مێووژ، مازو و مەڕومالاَت و خووری و پێستە و مەرەز و دارو تەختەیە. هەموو ئەو شتانە لە دوو ناوەندەکەی ئەربیل و ئاڵتون کۆپرییەوە دەڕوات، جگە لە دار و تەختە، کە تەنیا لە ئاڵتون کۆپرییەوە دەڕوات.

ئەربیل، کە کەوتۆتە سەر ڕێگەی گشتیی بازرگانی لە موسڵەوە بۆ بەغدا، بەشێوەیەکی سەرەکی مەڕومالاَت دەنێرێت بۆ موسڵ و لەوێشەوە گایەلی ڕەشەوڵاخ بە ئاڕاستەی سووریادا دەبرێت. هەروەها بەروبوومی کشتوکاڵی زۆر جار دەنێرێت بۆ موسڵ و زۆر جاریش بۆ بەغدا، ئەویش بەپێی داخوازی ئەو دوو بازاڕە و نرخەکانیش بڕیار دەدەن.

کەلوپەلە دروستکراوەکان بەشێکی لە موسڵەوە دەگاتە ئەربیل، لە تێپەڕبوونی لە سووریا و بەغداوە، بەشێکیشی ڕاستەوخۆ لە بەغداوەیە.

کاتێ هێڵی ئاسن لە بەغداوە بە نزیك ئەربیلدا تێپەڕێت، کاریگەریی ئابووریی موسڵ تا ڕادەیەکی زۆر کەمتر دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخەکە لەوانەیە پێچەوانەبێتەوە ئەگەر هێڵی ئاسن لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە بۆ موسڵ ڕابکێشرێت. لەم بارودۆخەی، کە هەیە دەتوانرێ بوترێ پەرەسەندنی ئابووری لە شاری ئەربیلدا ئەوەندەی بە موسڵەوە بەندە ئەوەندەش بە بەغداوە. سنوورێك ناوچەی ئەربیل لە بەغدا جیادەکاتەوە،

کاریگەرییەکی لێقەومانی لەسەر ئەو ناوچەیە نابێت، تا رادەیەکی زۆر کۆسپ دەنێتە بەر بازرگانیەکەی، بەڵام لەناوی نابات.

ئاڵتون کۆپری لە ئاستێکی جیاوازدایە. بازرگانیەکەی، بەتایبەتی ئەوەی بە تەق تەق و کۆی سنجاقدا تێدەپەڕێت، کە لە ناوچەکانی پشتەوەیەتی، بەشێوەیەکی تایبەتی تا رادەیەك لەگەڵ بەغدا بەردەوام دەبێت، یان بە کەڵەك لە دیجلە و زێی خوارووەوە، یان بە کاروانیەکان بە زەویدا، هێڵی ئاسنیش دوای ماوەیەکی کورت دەکەوێتە گەڕ.

ئەگەر ئەم ناوچەیە لە بەغدا جیاکرایەوە، ئەوا پەرەسەندنی ئابووریی بە شێوەیەکی مەترسیدار هەڕەشەلێکراوە.

زنجیرە شاخەکەی، کە سنووری باکووریی پێشنیارکراو لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە پێکدەهێنێت، کۆسپێکی تەواو دەخاتە پێش پەیوەندی بازرگانیی نێوان کەرتی (ب) و تورکیا. لە راستیدا ئەم جۆرە پەیوەندیانە بوونیان نییە، بازرگانی نێوان ئەم دوو ناوچەیە تەنیا لە موسڵەوە دەکرێت.

بەگوێرەی کەرتی (ب)ەوە ئەوەی بە ئەنجامان هێناوە، لەگەڵ ئەوەی بەشەکانی باکووریی، ناوەندی و رۆژهەڵاتی دەتوانن لە دیدی ئابوورییەوە هاوبەشیی داهاتوی موسڵ بکەن، بەڵام ناوچەکانی دەوروبەری تەق تەق و کۆی سنجاق و دەربازگەکانیان لە ئاڵتون کۆپرییەوە، زیانێکی ئابووریی تەواوە ئەگەر لە بەغدا جیابکرێنەوە.

### کەرتی (ج)

ئەم کەرتە سێ ناوەندی ئابووریی هەیە، ئەویش کەرکوك و کفری و سلێمانییە. کەرکوك بازرگانیەکی زۆر کەم لەگەڵ موسڵدا دەکات. زووربەی لەگەڵ بەغداد دەیکەن، دوو شارەکەی تر پەیوەندی ئابوورییان نییە جگە لە بەغدا. هەروەها سلێمانی هەندێ بازرگانی کەمی لەگەڵ وڵاتی فارسدا هەیە.

هیچ بازرگانییەکی راستەوخۆ لەنێوان تورکیا و هیچ شوێنێکی ئەم کەرتەدا ناکرێت.

**کێشەی ئاودێری**: چارەسەرکردنی کێشەی ئاودێری لەبەرچاوگرتنی مەسەلەی ئابوورییە، کە لەگەڵ ئەوەی راستەوخۆ کارناکەنە سەر گەشەی کەرتی (ج) و بۆیە ناوچەی ناکۆکیەکەش گرنگییەکی زیندوی هەیە بۆ گەشەکردنی ناوچەی بەغدا. ئەگەر ئەوەی، کە وەك پرۆژەی ئاودێریی دیالە ناودەبرێت جێبەجێ بکرێت، ئەوا 2.000.000 هێکتار زەوی نێوان جەبەل حەمرین و ناوچەی کوت ئاودێر دەکرێت و بۆ کشتوکاڵ بەکاردێت.

بەپێی پرۆژەکە، ئەو زەوییەی ئاودێرییەکە دەیگرێتەوە:

500.000 هێکتاری بۆ لۆکە ئامادە دەکرێت،

500.000 هێکتاری بۆ گەنم

500.000 هێکتاری بۆ جۆ، هەروەها پاشماوەکەشی بۆ سەوزە و درەختی میوە.

پرۆژەی دیالە زۆر ساکارە، هەموو ئەوەی، کە پێویستە بەربەستی رووبارەکە بکرێت لەو شوێنەی لەگەڵ **نارندا** دەرژێنە یەکەوە، کە بەناو کفریدا دەڕوات.

هەڵکەوتی زەویەکانی نێوان جەبەل حەمرین و گردەکانی قەرەتەپە شێوە بەنداوێکی پێکهێناوە، کە لە توانایدایە بڕی 600 هەزار ملیۆن پێ شەشپاڵو ئاو بگرێت، کە ناوچەیەکی 300 میلی چوارگۆشە داگیردەکات.

ئەم کارە لە رووی رێساوە بریاری لێدراوە. گەشەی ناوچەکانی خواروو بە تەواوی بەندە بە جێبەجێکردنی پرۆژەکەوە، کە دووچاری مەترسی دەبێت، یان بەهەرحاڵ زۆر ستەمە ئەگەر بەنداوەکە بە هێڵێکی سنوور جیابکرێتەوە لە زەویەکەی، کە ئاودێر دەکرێت.

**پرسی نەوت**- لەگەڵ ئەوەی مەسەلەی نەوت لە میانەی گفتوگۆی نێوان دوو حوکومەتەکەدا خراوەتە پشتەوە، ئێمە بە پێویستی دەزانین، کە لێرەدا لەربەرچاو بگیرێت.

کۆمپانیای نەوتی تورکیا، کە ئێستا پێکهاتووە لە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی-فارسی، گروپی مەلیکی هۆڵەندی و گروپی فرەنسایی و گروپی ئەمریکی، دەرگای

وتوویژەکانیان لە رووی حوکومەتی عێراقدا کردەوە، کە بەر لە جەنگ لەگەڵ حوکومەتی تورکیادا دەستی پێکردبوو.
لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەدا، مافی بەکارهێنان درا، کە هەموو مەملەکەتی عێراقی دەگرتەوە جگە لە ناوچەی بەسرە، خاوەن ماف بەکارهێنەران مافی هەڵبژاردنی 192 میل چوارگۆشەیان هەیە، دابەشکرێ بەسەر 24 ناوچەی لاکێشەیی، کە هەر یەکەی 8 میل چوارگۆشە بێت.
کاری نەوت دەرهێنان ماوەیەکی زۆر و سەرمایەیەکی زۆری دەوێت، چونکە نابێ ئەوەمان لە یاد بچێت، کە کێڵگە نەوتیەکانی ئەم ولاتە تا ئێستا هەموو ئەوەی لەبارەی دەوڵەمەندیەکەیانەوە چاوەڕوان دەکرێت نەیسەلماندوە.
خاڵێکی گرنگ لە گرێبەستی ماف بەکارهێنانەکەدا لە دیدی نێودەوڵەتیەوە هەیە، ئەویش ئەو هەموو خاکانەی ناوخۆیە، جگە لە 24 ناوچەکەی لە سەروتر هێمای بۆ کراوە لەژێر ماف بەکارهێناندا کراوە دەبێت بۆ کۆمپانیەکان و خەڵکانی هەموو نەتەوەکان.
حوکومەتی عێراقی ماوەی سێ ساڵی دیاریکرد بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی ناوچەکە و بۆ هەڵبژاردنی 24 ناوچەی بنەڕەتی، ئەم ماوەیە لە 14/ سێپتەمبەر/ئەیلول/1925 دەست پێدەکات. دوای ئەوەش پێویستە هەموو زانیارییە جیۆلۆجیەکانی بەدەستهاتووە بخرێتە بەردەم هەموو ئەوانەی داوای ماف بەکارهێنان دەکەن و دوای ساڵێك هەر کەسێك و کۆمپانیایەك دەتوانن داوای بەدەستهێنانی مافی بەکارهێنان بکەن بۆ هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی، کە ساڵانە دەخرێنە مەزاتەوە.
لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا، ئەو شوێنانەی ئەگەری سەرەکی دۆزینەوە گرنگەکانی تێدایە، دەکەوێتە سێ ناوچەی هاوڕێکی فراوانەوە، کە لە ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتەوە دەکشێ بۆ ناوچەی باشووری رۆژهەڵات، کە لە نەخشەی ژمارە (9)دا دیاریکراوە. ناوچەی باشووریی بە مەندەلیدا تێدەپەڕێت (بە خاکی بێکێشەی عێراقدا) و دوای هێڵی جەبەل حەمرین دەکەوێت، ناوچەی ناوەڕاست بە نزیك کفری و توزخورماتودا

تێدەپەڕێت و ناوچەی باکووریش بەناو کەرکوك و موسڵدا. بۆ باکووری ئەم ناوچەیەی دواییان، لە دەوروبەری ئەلقوش و زاخۆدا، ئەو بەردە قسڵ و گەچانەی لەسەر زەوی دەرکەوتون، دیسانەوە گریمانی بوونی نەوتە.

باشترین هەلی دۆزینەوە گرنگەکان لەوانەیە لە دەوروبەری توزخورماتو، کفری و کەرکوکدا بێت. ئەو هێڵی ئاسنەی ئێستا خەریکە لەنێوان بەغدا و موسڵدا دادەمەزرێت بەم سێ شوێنەدا تێدەپەڕێت، هێڵێك لە باشوورەوە کراوە بۆ باکوور و وەك لە سەرەوە هێمامان بۆ کردووە لە مانگی مارچ/ ئازاری رابردودا تا رادەیەك خەریك بوو دەگەیشتە کەرکوك.

بە دڵنیاییەوە ئەگەر سەلمێنرا لە وڵاتەکەدا ناوچەی نەوتی گرنگی تێدایە، ئەوا کودەتایەکی سەرتاسەریی لە بارودۆخی ئابووریدا روودەدات. بۆ کردنەوە و کارکرد لەسەر بیرە نەوتیەکان پێویستی بە کرێکارێکی زۆر دەبێت و بۆ ئەوەش بڕی بەروبوومی کشتوکاڵیش دەبێ زیاد بکات، کەواتە لەم بارودۆخەدا دانەوێڵە و مەڕومالآت لە ناوخۆدا بەکاردەبرێت و جوتیار و ئاژەڵدارەکان پێ دەنێنە قۆناغێکی دەگمەنی پڕ لە خۆشگوزەرانیەوە.

تا ئێستا باسەکەی خۆمان لەناو راستیەکانی ئەم چرکەساتەدا سنووردار کردووە. بۆ ئەوەی بە تەواوی پرسی رێگەوبانی بازرگانی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا روونبێتەوە، پەنامان بردە بەر هەندێ لەو کتێبانەی پێش جەنگ بڵاوبۆتەوە و هیچ لایەنگیرییەکی تێدانییە.

تاکە سەرچاوەی زانیاریی گەورە لە راپۆرتی قۆنسولێتی ئەڵمانیدا دۆزراوەتەوە، لەبارەی ویلایەتی پێشوی موسڵەوە بۆ ساڵانی 1905-1906 و 1907 (ئێمەش سەرلەنوێ راپۆرتەکەی 1907-مان بەرهەم هێناوەتەوە، کە زیاتر تەواوە) لە ساڵنامەی فەرمی تورکیادا بۆ ساڵی 1912، هەروەها لە کتێبێکی تەواو باوەڕپێکراودا، کە لەلایەن (ڤیتاڵ کوینت- *VITAL CUINET*)ەوە لەژێر ناونیشانی "تورکیا لە ئاسیا" لە ساڵی 1892دا نووسراوە.

## راپۆرتی قونسوڵێتی ئەڵمانی ( 1907، لەگەڵ هەندێ ژمارەی ساڵی 1905 )

| هەناردەكان لە موسڵەوە بۆ: | لیرەی توركی |
|---|---|
| بریتانیا (مازو لەگەڵ شتومەكی هەمەجۆر) | 106.500 |
| هیندستان (ئەسپ و شتومەكی هەمەجۆر) | 42.500 |
| فڕەنسا (خووری و شتومەكی هەمەجۆر) | 73.100 |
| تریەستە (شتومەكی هەمەجۆر) | 14.000 |
| پێرشیا- وڵاتی فارس (شتومەكی هەمەجۆر) | 7.200 |
| حەڵەب و دیمەشق (مەڕ و وشتر) | 106.000 |
| ترابیزۆند (سەرپۆشی ژنانە) | 2.000 |
| دیاربەكر و ماردین و ترابیزۆند (خووری وحەریر) | 11.000 |
| بەغداد (گەنم و جۆ و دار و تەختە و مازو و شتی تر) | 136.000 |
| سیرت و بتلیس (شتومەكی هەمەجۆر) | 5.000 |
| سلێمانی (شتومەكی هەمەجۆر) | 5.00 |
| كەركوك (هەمەجۆر) | 9.000 |
| ئەستەنبوڵ (هەمەجۆر) | 9.500 |
| دەوروبەری موسڵ (شتومەكی دروستكراو هەمەجۆر) | 10.000 |
| كۆی گشتی | 536.800 |

| هاوردەکان بۆ موسڵەوە – لە: | لیرەی تورکیا |
|---|---|
| بریتانیا (قوماشی خووری و ئاسن و کەرەسەی ئاسن و قاوەی ئەمریکی و هەمەجۆر) | 88.000 |
| هیندستان (قوماش و شتومەکی هەمەجۆر) | 53.000 |
| فڕەنسا (شتومەکی هەمەجۆر) | 8.500 |
| ئەڵمانیا (شتومەکی هەمەجۆر) | 6.600 |
| نەمسا و هەنگاریا (فێستە و شتومەکی هەمەجۆر) | 15.000 |
| حەڵەب و دیمەشق- سووریا (سابون و شتومەکی هەمەجۆر) | 106.00 |
| رووسیا (نەوت و بەنزین)........................ بڕەکەی دیارینەکراوە | |
| پێرشیا- وڵاتی فارس (فەرش و شتومەکی هەمەجۆر) | 3.600 |
| بەغداد (خورما و حەریر و شتی تر) | 9.800 |
| دیاربەکر و جەزیرە (دارو تەختە و مازو و شتی تر) | 17.500 |
| ترابیزۆند (کەتان) | 1.500 |
| سیرت و باسکاڵ (مازو و شتومەکی هەمەجۆر) | 11.000 |
| کەرکوك و سلێمانی و دەوروبەریان (مەڕ و خووری و پێستە) | 56.000 |
| ئەستەنبوڵ (هەمەجۆر- بڕی 1907 دیاری نەکراوە).1905 | 5.700 |
| دەوروبەری موسڵ (مەڕ، خووری، گەنم، جۆ، کەرە، خوێ و شتومەکی هەمەجۆر) بڕی 1907 دیاری نەکراوە. بەڵام بڕی 1905 | 615.000 |

خوێندنەوەی وردی راپۆرتەکەی قونسولێتی ئەڵمانیا هاوجووتە لەگەڵ ئەو بەرئەنجامانەی ئێمە پێیگەیشتوین:

- کە لە رووی ئابوورییەوە مەحاڵە شاری موسڵ لە ناوچە سروشتیەکانی دەوروبەری جیابکەیتەوە.
- کە لە رووی کردەنیەوە بازرگانیەکی راستەوخۆ لەگەڵ تورکیای ئەمڕۆدا نییە,

- کە دوو ڕێگای بازرگانی بەغدا و کەنداوی فارس (ڕێگای سەرەکین)، ڕێگای سووریاش (کەمتر بەکاردێت).

### ساڵنامەی فەرمی تورکیا بۆ ساڵی 1912

**هەناردە لە موسڵەوە بۆ: ئەوروپا:**

خووری ..................2 ملیۆن هۆقە، 1 هۆقە = 1 کیلۆ و 283 گرام.

لۆکە...................... بڕەکەی ؟[2]

شتومەکی هەمەجۆر .......... بڕەکەی ؟

وشتری ئەنادۆڵیا 4.000

گامێش ...................... 1.500

وڵاخی بەرزە..................... 2.000

**هەناردە لە موسڵەوە بۆ دیاربەکر، بتلیس و ئەرزرۆم:**

میوە، قوماش، برنج و لۆکە.....بڕەکەی ؟

**هەناردە لە موسڵەوە بۆ سووریا(حەڵەب و دیمەشق و بەیروت):**

مەڕومالات....................250.000

کالای چەرم و پێستە............ بڕەکەی ؟

**هەناردە لە موسڵەوە بۆ بەغدا و بەسڕە:**

گەنم.......................10.000 تەغار، 1 تەغار = 256 کیلۆگرام

جۆ .......................6.000 تەغار

توتن.................بڕێکی زۆر، بەڵام بڕی ڕاستەقینەی دیاری نەکراوە

پێستەی بەرخ و ڕێوی و دەڵەك، زەیتون و شتی تر............... بڕی ؟

**هەناردە لە موسڵەوە بۆ هیندستان و سلێمانی:**

ئەسپ و ماین ................ 2.000 دانە

---

[2] ئەو وشانەی کە نیشانەی پرسیاریان لە لاوە دانراوە، واتە بڕی ئەو مادەیە نازانرێت، یان دیاری نەکراوە.

**هەنارده لە موسڵەوە بۆ وڵاتی فارس:**

توتن و پێستە....................بڕی ؟

**هاورده لە ئەستەنبوڵەوە (بە سووریادا)، ئەوروپا (بە بەسرەدا):**

کەلوپەلی دروستکراو..........................بڕی ؟

**هاورده لە بۆمبەیەوە (بە بەسرەدا):**

چای، بەهاراتی هیندی، فەرش و دەسماڵ............ بڕی ؟

**هاورده لە وڵاتی فارسەوە (بە سلێمانیدا):**

راخەر، چارۆکە و دەسماڵ و عەبا و تەختەدار..........بڕی ؟

**هاورده لە بەغداوە:**

قوماش، سەرپۆش...........................بڕی ؟

**هاورده لە دیاربەکرەوە:**

میوە......................................بڕی ؟

**قەزای کەرکوك:**

گەنم، جۆ، چەڵتوك، نیسك، لۆکە، گوش، فاسۆلیا و پەتاتە دەنێرێت بۆ بەغدا.

**قەزای کفری:**

گەنم، جۆ، چەڵتوك، گەنمەشاکی، نیسك، گوش و مێووژ دەنێرێت بۆ بەغدا.

**قەزای ئەربیل:**

کشتوکاڵێکی باشی هەیە، ئەم قەزایە دادەنرێت بە عەماری – سایلۆی بەغدا. گەنم، جۆ، چەڵتوك، توتن، نیسك، لۆکە و گوش دەنێرێت بۆ بەغدا و موسڵ.

**سلێمانی:**

بازرگانی ئەم شارە بەهۆی بارودۆخی ئاستی جیۆگرافیاکەیەوە، کە (کەوتۆتە سەر رێگەی وڵاتی فارس بۆ بەغدا) کەلوپەلی دروستکراو، فەرش و زین و لغاو و قایشی ئەسپ دەنێرێت.

جگە لە وشتر و گامێش و وڵاخی بەرزە، کە بەڵگەنامەکانی تورکیا هیچ بڕە ژمارەیەك بۆ بازرگانیکردن لە گەڵ ئەنادۆڵیا پێشکەش ناکات.
بەگوێرەی رێگای بازرگانیەوە، ئەو خشتەیەی سەرەوە ئەوە پێشان دەدات، کە مەڕومالآت هەناردەی سووریا دەکرێ، بەڵام زووربەی کالآکانی تر دەنێردرێ بۆ بەغدا یان ئەولاتری.
بەگوێرەی قەزاکانی کەرکوك، کفری و سلێمانیەوە، بەڵگەنامەکەی تورکیا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە بازرگانیان لەگەڵ بەغدادایە. هەروەها قەزای ئەربیل بازرگانی لەگەڵ بەغدا و موسڵدایە.
ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێ ئەوەیە، کە تێبینیە تایبەتیەکانمان تەواو هاوجووتە لەگەڵ تۆمارە فەرمیەکانی تورکیای پێش جەنگ.

### ڤایتەڵ کوینەت- *VITAL CUINET* / **تورکیا لە ئاسیادا**، 1892

ئەمەش دەقی ئەو وەرگێڕانەیە، کە لە نووسینەکەی نووسەری ناوبراو وەرگیراوە:
"ویلایەتی موسڵ بازرگانیەکی هەناردەی بەرچاوی هەیە، بەتایبەتی دانەوێڵە و ئەو دانەوێڵانەی تر، کە بۆ خواردنە- گەنم، جۆ، نۆك، نیسك...هیتد.- بالامۆنت (جۆرێکە لە بەڕوی نەرم، کە دوای گۆڕانکاریەك، کە بەسەریدا دەهێنن لە ناوخۆدا، ئیدی دەنێرێت بۆ ئەوروپا، لەوێش دەچێتە پێکهاتەی بابەتە هۆشیەکان و بوژێنەرەوەکانی وەك راکاهاوت). میوەی وشك، مازو، مادەی رەنگکردنی تر، رەشەولآخ، هەروەها خووری و پێستەش هەناردە دەکرێت، بە هەمان شێوە دارو تەختە، مەڕمەڕ و بەردەلمین و گەچ...هیتد.
"میوەی وشك، گەچ، بەردەلمین، مەڕمەڕ و داروتەختە دەنێردرێ بۆ بەغدا، دانەوێڵە و دانەوێڵەی بۆ خواردن بەکارهێنراو، کە لەوێ دەستبەجێ بەکاردەبرێت. لە موسڵەوە بە رووباردا بە کەڵەك دێت، هەمان رێ و رێبازی گواستنەوە بۆ پێستەش بەکاردێت، کە

له بەغداوە لێیدەنێرێت بۆ ئەستەنبوڵ و دەرەوە و هەندێ کاڵای تریش بۆ مارسێلیس و لیڤەرپوڵ.

" هەناردەی ساڵانە لە ویلایەتی موسڵەوە لەم خشتەیەی خوارەوەدا بەپێی سروشتی کاڵاکە و کێش و ژمارەیان دیاریکراوە. پێویستە ئەوەش باسکرێ، کە هەندێ لەو شتومەکانە، وەك دانەوێڵە، مەڕوماڵات، خووری، میوە...هیتد بەشێکی دیاریکراوی لە دوو ویلایەتی دیاربەکر و بتلیسەوە دێن لە گواستنەوەیاندا بەناو موسڵدا بەدرێژایی دیجلە.

| جۆری شتومەکە هەناردەکراوەکان | کێش بە کیلۆگرام | ژمارە |
| --- | --- | --- |
| خووری پوختە نەکراو | 1.950.000 | |
| مازوو | 1.600.000 | |
| پەموو | 800.000 | |
| موو (مووی بزن) | 500.000 | |
| کەتیرە | 80.000 | |
| ڕۆن | 22.000 | |
| سابون | 28.000 | |
| مێو | 3.000 | |
| تلیاك | 450 | |
| مەڕی زیندو | | 600.000 |
| ڕەشەوڵاخ و گامێش | | 60.000 |
| وشتر | | 28.000 |
| وڵاخی بەرزە | | 9.000 |
| گوێ درێژ | | 2.000 |
| ئەسپی ڕەسەن | | 1.000 |
| پێستەی بزن | | 200.000 |

| | | |
|---|---|---|
| پێستەی ڕەشەوڵاخ و گامێش | | 16.000 |
| پێستەی دەڵەك | | 2.000 |
| پێستەی بەرخ | | 3.000 |
| پێستەی مەڕەزی سوور و کەوەیی | | 160.000 |
| کەوڵی ڕێوی | | 3.000 |
| پێستی مەڕ، مەڕەزی سوور | | 20.000 |
| پێستی مەڕ، مەڕەزی سپی | | 20.000 |
| قوماشی لۆکە، هەمەجۆرەی ڕەنگیەکان | | 150.000 |
| قوماشی لۆکەی شین، سەرپۆشی ژنان | | 12.000 |
| گەنم | 6.000.000 | |
| جۆ | 6.000.000 | |
| چەڵتوك | 150.000 | |
| گەنمەشامی | 180.000 | |
| کونجی | 160.000 | |
| نیسك | 75.000 | |
| نۆك | 65.000 | |
| فاسۆلیا | 30.000 | |
| پەتاتە | 45.000 | |
| حەوینج | 130.000 | |
| ماشە ڕەش | 25.000 | |
| ماشە سپی | 30.000 | |
| میوەی وشکە | 45.000 | |

زووربەی ئەم شتومەکانە دەنێرێت بۆ بەغدا و کەنداوی فارس.

ژماره و بڕەکانی لە خشتەکەدا دراوە بە نزیکی لە بەرابەری پێنج ساڵی رابردودا ئەژمارکراوە.

نرخی شتومەکی هەناردەکراو بەپێی نەخشەکەی پێشوو نزیکەی بە 400.000 لیرەی تورکی[3] دانراوە.

**هاوردە**- بازرگانی هاوردەی ویلایەتی موسڵ بەتایبەتی بریتیە لە شتومەکی دروستکراو، جلوبەرگ، قەیفە و قوماشی ئاوریشم، شاڵ یان دەسماڵ، کەتان، (کەرمیس؟)، بەروبوومی کیمیایی و وردەوالا، هیتد.

کوتاڵەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەستەنبوڵەوە دەگات. ئەو وڵاتانەی بەزۆری هاوردەی لێوەدێت ئینگلتەرا و نەمسا و ئەڵمانیا و فرەنسایە.

| شتومەکی هاوردە | ئەو وڵاتەی لێوەی دێت | نرخەکەی بە لیرەی تورکی |
|---|---|---|
| دەزو و شلیلەی لۆکە | ئەستەنبوڵ- وڵاتی فارس | 14.000 |
| ئاسنی دارێژراو و شیش | تریەستە- بەلجیکا | 600 |
| ستیل | سوێد | 200 |
| بەروبوومی کیمیایی | فرەنسا- ئەستەنبوڵ | 600 |
| پێستەی خۆشکراو | فرەنسا | 400 |
| جلوبەرگ | نەمسا- ئەڵمانیا | 2.000 |
| خووری هەمەجۆر | بریتانیا- ئەڵمانیا | 3.000 |
| شتومەکی دروستکراو لە لۆکە | بریتانیا | 30.000 |
| فێستە | ئەستەنبوڵ | 4.000 |
| دروستکراو لە حەریر و قەیفە | فرەنسا- حەڵەب | 20.000 |
| کاغەز | تریەستە | 1.000 |
| خەمیرەی ئارد | ئەستەنبوڵ | 500 |
| وردەوالای ئاسن و شوشە | ئەستەنبوڵ- ئەرزرۆم | 12.000 |
| مۆم | مارسێلس- تریەستە | 150 |
| نەوت و بەنزین | روسیا | 600 |
| بۆیە | ئەستەنبوڵ | 2.000 |
| مسی بیرازکراو، چینکۆ، تەنەکە | فرەنسا- بریتانیا | 6.400 |
| شەکر | بەغداد | 2.200 |
| قاوە | بەغداد | 2.000 |
| چوکلێت و داودەرمان | ئەستەنبوڵ | 800 |

[3] لە دەقە ئینگلیزیەکەدا پاوەنی تورکی نووسراوە

| | | |
|---|---|---|
| شتی هەمەجۆرەی تر | لە وڵاتانی جیاوازەوە | 8.000 |
| | کۆی گشتی | 110.450 |

هاوڵاتیان بەپێی توانا بەروبوومی ناخۆ بەکاردەهێنێت، بۆیە هاوردەکانە زیاتر لەو خشتەی سەرەوەدا چڕدەبێتەوە، لەگەڵ خەملاندنی تا رادەیەکی نرخەکانیان بە لیرەی تورکی بۆ ساڵی 1890.

## سێیەم: کورتەی باسەکە و بەرئەنجام

### کورتەی باسەکە:

ئەم زانیاریانەی پێش جەنگ و تێبینیە تایبەتیەکانی خۆمان رابەریمان دەکەن بۆ ئەم بەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

1. بازرگانیی گشتی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا شوێن دوو کەناڵی سەرەکی دەکەوێت، کە گرنگەکەیان بەرەو بەغدا و ئەویتریان بۆ سووریا. جگە لەو بڕە بازرگانییە دیاریکراوە لەگەڵ ویلایەتەکانی ماردین، دیاربەکر و هەکاریدا، کە کەوتۆتە سەر سنوور، ئیدی بازرگانیەکی زۆر کەم راستەوخۆ لەنێوان ناوچەی ناکۆکیەکە و تورکیا لە ئاسیادا هەیە.
2. جیاکردنەوەی موسڵ لە سروشتی ناوچەکانی دەوروبەری خۆی هەڵەیەکی گەورە دەبێت، بەڵام قەزاکانی زاخۆ و ئامێدی، کە کەوتونەتە سەر سنوور، دابڕانیان لە موسڵ کەمتر کاریگەر دەبێت لەسەریان، لە بەراوردا لەگەڵ ئەوانی تردا. هەڵەی ئابووری، کە لەوانەیە بە جیابوونەوەی لە موسڵ زیانێکی گەورە دووچاری قەزای دوهۆك بێت. ئەم سێ قەزایە بە هەمان شێوە وەك ئەو شارۆچکانەی تورکیایە، کە نزیکی سنوور بوون، کە پێشتر لە کایەی ئابووری موسڵدا بوون و بە جیابوونەوەی موسڵ ئەوان ئابووریەکەیان دووچاری داڕمان نەهاتووە.

3. شاری موسڵ، بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ناوەندی بازرگانی گشتی بووە، بە جیاکردنەوەی لە عێراق وەك ناوچەکانی تر زۆر زیان ناکات، وەك کەرکوك و کفری و سلێمانی، چونکە بەغدا ناوەندی گشتیە.

4. لیواکانی کەرکوك و کفری و سلێمانی، تا رادەیەك بەشێوەیەکی تایبەتی بازرگانی لەگەڵ بەغدا دەکەن، کە ئەوێ بازاڕی سەرەکییانە، زۆر گران دەبێت ئەگەر لە بەغدا دایانبڕیت، تا بە لایەنی کەمەوە تاکە قەوارەیەك بە پارچەکانی تری ویلایەتی پێشوی موسڵ پێکنەهێنرێت و ئەو قەوارەیە بە رێکەوتنێکی ئابووری نەبەسترێ بە هەموو عێراقەوە (بەغداد).

5. بەشی باکووریی لیوای ئەربیل، تا رادەیەك لە رووی ئابوورییەوە زەرەرمەند دەبێت، ئەگەر لە بەغدا دایبڕیت، بەڵام دەتوانێت بەردەوام بێت لە بازرگانی کردندا لەگەڵ موسڵ. بەشی باشووریی ئەم لیوایە پەیوەندیەکی ئابووریی سەرەکی لەگەڵ بەغدا هەیە.

6. ناوچە شاخاویەکان و دانیشتوانە پەرشوبڵاوەکانی بەشی باکووریی ناوچەی ناکۆکیەکە، ئەگەر لە عێراق جیاکرانەوە زیان ناکەن، بازرگانیان دەتوانرێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەردەوام بێت، یان لە گەڵ عێراق یان لەگەڵ تورکیا یان وڵاتی فارس.

## بەرئەنجام

بە تەواوی لە دیدی ئابوورییەوە، لیژنەکە وا هەست دەکات ئەوانەی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا نیشتەنین، لکاندنیان بە عێراقەوە سوودمەندیان دەکات. ناوچە شاخاویەکانی باکووری هێڵی برۆکسل دەتوارێ بەبێ کەمترین کێشە لەناوچەکانی تر جیابکرێنەوە، هەروەها ئەگەر پێویست بکات قەزاکانی زاخۆ و ئامێدی و دوهۆکیش دەتوانرێ جیابکرێنەوە.

بەهەرحاڵ، ئەگەر بەهۆکاری ترەوە، جگە لەو هۆیانەی لەم چاپتەرەدا دیاریکراوە، ناوچەی ناکۆکیەکە لەنێوانی تورکیا و عێراقدا دابەش بکرێت، جێگیربوون زیاتر لە رووی ئابوورییەوە پەسەند دەبێت، سنوور بە باکووری زێی خوارووددا دەکێشرێ و قەزاکانی کۆی سنجاق و تەق تەق و ئاڵتون کۆپری بۆ عێراق جێدەهێڵێت و بەرەو رۆژئاوا بەردەوام دەبێت بەدرێژایی هێڵێك، کە ئاستە راستەقینەکەی گرنگیەکی کەمتری هەیە.

## تەوەرەی چوارەم

## بەڵگە ستراتیجیەکان

حوکومەتی بریتانیا لەو یاداشتەیدا، کە رێکخراوە بۆ بەڵگە جیۆگرافیای و ستراجیەکانی دەڵێت:

"هێڵی سنووری باکووریی پێشنیارکراو، لەبەر گرنگی ستراتیجیەکەی هەڵبژێراوە: هیچ هێڵێکی تر بە جیاکەرەوە جیۆگرافیاییەکانی و بەشێوەیەکی بڕاوە دەوڵەتی عێراقی نوێ لە تورکیا جیاناکاتەوە. جگە لە بەشێکی بچوك لە رۆژئاواوە، کە بە درێژایی کەناری لای راستی رووبارەکانی هازیل و خاپوور درێژدەبێتەوە، هێڵی بەشکردن بریتیە لە هێڵێکی بەردەوام بەسەر لوتکەکان و شاخە بەرزەکاندا، دیوارێکی بەربەست پێکدەهێنێت، لە زستاندا بەهۆی بەفرێکی زۆرەوە مەودای تێپەڕبوون مەحاڵە و لە هاوینیشدا تەنیا لە چەند دەربەندێکی کەمەوە نەبێت ئیدی تێپەربوون زۆر گرانە. بەتایبەتی لە بەشی رۆژهەڵاتدا، ئەم دیوارە هێڵێکی ئابووری و جیاکەرەوەی نەتەوەیی لەنێوان ئەو ناوچانەی سەر بە عێراقن و ئەوانەی سەر بە باکوورن پێکدەهێنێت.

"لە دیدی سەرچاوە سەربازیەکانی دەڵەتی عێراقی نوێوە بڕوانین، سنووری پێشنیارکراو لە راستیدا پێویستی بە هێزێکی کەمتر هەیە بۆ پارێزگاریکردنی لەچاو ئەو سنوورانەی لە دەشتەکانی عێراقدا کێشراون، ئەوەش گومانی تێدا نیە، کە ئەو سوپایە کەڵکی هەیە بۆ بەرگریکردن لە دوژمنانی بەهێزی وڵاتەکە، کە چەندە سوپایەکی گەورە و

دیاریکراو بێت بوونی نانرخێنرێت و له هەموو کاتێکدا هەمیشه ئامادەیه بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشه و ئاژاوەی خێڵەکان، ئەگەر ئەو سوپایه لەژێر دەستەڵاتی حوکومەتێکی دوژمنکاردا بێت.

" ئەگەر ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە پشت بەست بن به گەنمی موسڵەوە، لەو کاتەدا ئەو دوو ویلایەته دەکەونه ژێر رەحمەتی سوپای تورکیاوە، که تەنیا ئەوە نییه، که دەتوانێت بەغدا له هەموو هێنانی شتومەك له باکورەوە بێبەش بکات، بەڵام دەتوانێ لەو هێڵه هەمەجۆرانەی هێرشکردن هەڵبژێرێت و دەتوانێ به ئاسانی رێگای بەغدا بۆ وڵاتی فارس دابخات. سوپایەکی ئاوا تا ئەوپەڕی باشوور بۆ جەبەل حەمرینی داگیرکردبێت، دەتوانێ دەوڵەتێکی عەرەبی وا لێبکات زۆر به چاکی بوونی مەحاڵ بێت.

" شتەکانی تر یەکسان بوون، هێڵی سنوورێك، که بڕینی گرانه جگه له چەند رێیەکی بازرگانی دیاریکراو، که به ئاشکرا کەڵکی بۆ هەردوولا هەیه."

بەشەکەی له یاداشتەکەی تورکیادا مامەڵه لەگەڵ بەڵگه ستراتیجیەکان دەکات، وەك ئەمەی لای خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

" ئەو هێڵەی لەلایەن تورکیاوە وەك سنووری نێوان ئەنادۆڵیا و عێراق پێشنیار کراوە، له کاتێکدا ئەوە ئەنجامی پێویستییەکه له مافی رەوای تورکیا بەسەر ویلایەتی موسڵدا، که به هەمان شێوە لەلایەن دانیشتوانەوە ئەم مافه پەسەندکرا، هەروەها ئەو بایەخه هەمەجۆر و ستراتیجیانەی له سەرەوە هێمامان بۆ کردووە پەسەندکرا. ئەوە به روونی و به سروشتی بەشکردنی نێوان دوو وڵاته.

"بەڵگەی ئەوەی، که ئەم سنووره دەبێته هەڕەشەیەك بۆ بەغدا و بۆ پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتی فارسدا، قورساییەکی کەمی هەیه. بەبێ ئەوەی نمونەی ئەو پایتەخت و شاره گرنگانه بهێنینەوە، که کەوتونەته سەر یان له نزیك سنوورەکانەوەن، ئەوەندە بەسه هێما بۆ ئەو هێڵه بکەین، که لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە پێشنیارکراوە و بەغدا ناخاته ژێر مەترسییەکی لەوەش گەورەوەترەوە، که له ئەنجامی نزیکی له

سنووری ولاّتی فارسەوە دووچاری دێت. گریمانی مەترسی بۆ سەر عێراق کەمترە، چونکە مێژووی ئەو دوو سەدەیەی رابردوو راستیەکی بنیات ناوە، کە پێچەوانەی ئەو گریمانەیە.
تورکیا هەرگیز هیچ جۆرە مەترسییەك نەبووە لەسەر ولاّتانی هاوسێ. هەمیشە دووچار بووە، نەك بۆ ئەوەی پەلامار بدات، بەڵکو بۆ ئەوەی بەرگری لە میراتەکەی بکات، کە لەلایەن لایەنەکانی ترەوە چاویان تێبڕیبوو. ئەوەش کەمێ پێویستە، کە زیادبکرێت بۆ کۆماری تورکیا، دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێکهاتوو لە تورك وکورد، ئیدی بیر لە پەلاماری ناکرێتەوە و بە پلەیەکی کەمتریش ولاّتێك، کە دانیشتوانێکی لە نەتەوەی عەرەب تێدا بێت بیر لە داگیرکردنی دەکرێتەوە.
"حوکومەتی تورکیا تەمەننای ئەوە ناکات بکەوێتە گفتوگۆی ئەوەی، کە پێیدەوترێ کەڵکەکانی ستراتیجی سنوور، چونکە هیچ ئامارێك بۆ ئەو مافە روون و ئاشکرایەی تورکیا ناکات لەسەر ویلایەتی موسڵ و ئامانجی بێبەشکردنی تورکیایە لەو ویلایەتە. بەهەرحاڵ تورکیا ناتوانێت بەبێدەنگی هەموو ئەو شتانەی بەسەردا تێپەڕێت، کە بە ئاشکرا دیارە بەسەر گرنگی راستی ئەو هۆیانەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەشکراوە.
"سووربوونی حوکومەتی بریتانیا لەبارەی ئەوەی، کە ئەو هێڵە سنوورێکی نمونەییە، چونکە بریتیە لە لوتکەی چیا بەرزەکان، کە بەکردەوە لە زستاندا بەهۆی بەفرەوە بەربەستێکی توندە و لە هاوینیشدا تەنیا دەتوانرێ لە چەند دەربەندێکەوە بە سەختی تێپەڕێت، لەبەرئەوە ئەم بەربەستە هەلێکی باشتر بۆ پاراستن و برەوپێدانی باری ئاسایش دەخاتە بەردەم عێراق. ئەوەش بە شێوەیەکی ستراتیجی ئاشکرایە، کە بەهەرحاڵ سوپای هێرشبەر وەك دەستوری سەربازیی هێڵی ناوچەیەك بۆ تێپەڕبوون هەڵنابژرێ، کە سەخت و گران بێت. زیاتر دوای دۆڵ و دەشتەکان دەکەون.
"گریمان بۆ یەك چرکەسات شاخەکانی هەکاری ببێتە سنوور، لەگەڵ ئەو هەموو هۆیانەی لە بەرژەوەندی ئەو هێڵە هاتۆتە کایەوە، کە لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە

پێشنیارکراوە، بەرگریکردن لە عێراق بەوە ئاسانتر نابێت، لەبەرئەوەی ئەو هێزە سەربازییەی دەوڵەتی عێراق لەو ناوەدا دایدەنێ بۆ داکۆکیکردن، ناتوانێت بەر لە هێزی دوژمن بگرێ لە داگیرکردنی عێراق بەدرێژایی دۆڵ و دەشتەکان. لە لایەکی تریشەوە، سنوورێك، کە ئەوە سروشتەکەی بێت، هەلی ئەوە دەخاتە بەردەم دەوڵەتێکی بیانیەوە، کە ئەم ناوچە شاخاوییەی لەژێر دەستایە بۆ ئاژاوە نانەوە لەنێوان دانیشتوانی ناوچەکانی باکووردا و ئەوەش کارێکی کردەنییە. بێگومان لەژێر ئەو مەرجانەدا، سنووری نمونەیی لەنێوان تورکیا و عێراقدا لە دیدی ستراتیجیەوە ئەو سنوورەیە، کە مافی رەوای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لەبەرچاو بگرێت."

## تێبینیەکان

گومان لەوەدا نییە، کە ئەو هێڵەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیەوە پێشنیارکراوە، سنوورێکی ستراتیجی نایابە. بەهۆی شێوازی سنووری سووریاوە، کە پانی زەویەکەی بە ئاستەم بیست کیلۆمەترێك دەبێت، ئەوەش تەنیا رێگەیەکە، کە لەوانەیە سوپایەکی هێرشبەر لە ئەنادۆڵەوە بۆ عێراق بیگرێتەبەر، یان بە پێچەوانەوە.

ناوچە زۆر شاخاویەکان لەنێوان ئەم سنوورە پێشنیارکراوانەی باکوور و دەریاچەی وان و ورمێ، بۆ گردبوونەوەی هێزی سەربازیی بەکار نایەت، نزیکبوونەوە لەم ناوچەیەوە و چوون بۆ ناوچەی ناکۆکیەکە بە تەواوی لە هاویندا بریتیە لە رێگەوبانی زۆر سەخت و بەگشتیش تێپەڕبوون لە زستاندا مەحاڵە.

سوپایەکی تورکیا بیەوێت عێراق داگیربکات لەم ناوچەیەدا کۆنابێتەوە، کە پەیوەندیکردن زۆر گرانە، بەڵکو پێویستە لە ناوچەکانی دیاربەکر و بتلیس و ماردین گردبێتەوە، لە نزیك ئەو هێڵی ئاسنەی، کە کۆتاییەکەی ئێستا لە نسێبینە.

بەهەرحاڵ، دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت، کە ناوچەیەکی شاخاوی هەیە 70-80 کیلۆمەتر بە پانی لەنێوان سنووری باکووریی پێشنیارکراو لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە و دەشتی موسڵ، هەر هێزێ بۆ بەرگری لەو دەشتە بەرەو ئەو ناوچە

شاخاوییە بێتەپێشەوە هەڵەیەکی ستراتیجیە، چونکە بۆ چالاکی سەربازی بەهۆی پێکهاتەی خاکەکەیەوە گونجاو نییە و دابینکردنی پەیوەندیە لاوەکیەکانیش مەحاڵە.
ئێمە لەوانەیە دانی پیابنێین، کە هێڵی برۆکسل تا رادەیەك هەمان کەڵکە ستراتیجیەکانی سنووری باکووریی پێشنیارکراو لە لایەن حوکومەتی بریتانیاوەی تێدا دەردەکەوێت و هەموو هێڵەکان بە تەنیا بەدرێژایی داوێنی چیا هاورێکە، هەرچۆن لەبەشە جیۆگرافیاییەکەی ناو راپۆرتەکەدا هێمای بۆ کراوە، لەوانەشە هەروەها بە سنوورێکی ستراتیجی پەسەند دابنرێت، لەگەڵ ئەوەی تا بەرەو باشوور بچێت نرخی خۆی لە دەست دەدات.
بەگوێرەی ئەو سنوورەی لەلایەن تورکیاوە پێشنیارکراوە، دەکەوێتە دوو بەشەوە، بەشێکیان رۆژئاوای دیجلە، کە بەناو بیاباندا دەڕوات لە ناوچەیەکدا، کە خاکەکەی چاڵوچۆڵ و بەرزونزمە، بەشەکەی تریش لەنێوانی دیجلە و سنووری وڵاتی فارسدایە، لە ناوچەیەکی پڕنیشتەنی و سەرچاوەیەکی ناوخۆیی باشیشی هەیە.
بیابانیش خۆی لە خۆیدا سنوورێکی ستراتیجی باش پێکدەهێنێت، هەرچۆن بەزۆری لە کاتی جەنگە مەزنەکەدا ئەوە سەلمێنراوە. بەگوێرەی بەشی رۆژهەڵاتی دیجلەوە، نرخی ستراتیجیەکەی ناجۆرە، رێگەی گشتی لە زاخۆوە بەناو موسڵ و ئەربیل و کفریدا بۆ بەغدا، کە لە باکوورەوە دەپەڕێتەوە بۆ باشوور، لەلایەن زەنەفۆن و 10 هەزار جەنگاوەرەکەی و سەربازەکانی ئەلێکساندەر- ئەسکەندەری گەورە و هەروەها لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا بۆ کاری سەربازیی لەم وڵاتەدا بەکارهێنراوە.
بەرزایی شاخاکان بەهۆی دۆڵەکانەوە لە یەکتری جیادەبنەوە، کە زۆر جار پانییان گەلێ فراوانە، بەتایبەتی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا، لە ناوچەی باکووری رۆژئاواوە بۆ ناوچەی باشووری رۆژهەڵات دەکشێت، لەم دۆڵانەدا رووباری تەنکی تێدایە، کە هیچیان نابنە کۆسپی تەواو لەبەردەم پەڕینەوەدا. ئەوەش ئاشکرایە، بۆیە، کە هەر سنوورێك بەرەو باشووری موسڵ کێشرابێت دوای رێڕەوی ئاو کەوتووە و بە واتایەکی تر: بەگشتی بۆ بەرزایی شاخەکان سەردەکەوێت، کە دەبێتە سنوورێکی لاواز لە رووی ستراتیجیەوە.

## تەوەرەی پێنجەم
## بەڵگە سیاسییەکان

1. **بیرورای دانیشتوان:**

حوکومەتی تورکیا گرنگیەکی گەورەی دابوو بە ئارەزووەکانی دانیشتوانی ناوچەی ناکۆکیەکە. ئەو بەڵگەیەی، کە بەشێکی قورساییەکەی خستۆتە سەر ئەوەیەی، کە ناوچەکە دەبێ وەك خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەوە خواستی دانیشتوانەکەیە. دەڵێن ئەو کوردانەی لەگەڵ تورکەکاندان، زووربەی دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن، پێیان چاکە لە تورکیادا بژین، وەك سەدان ساڵە بەو شێوەیەن. هەروەها لەوانەشە عەرەبیش بەلای تورکیادا مەیلان بێت، هەرچۆنێ بێت، عەرەب گەر لەگەڵ ناموسڵمانەکانیشدا دابنرێن تەنیا کەمایەتیەك پێکدەهێنن و ئەوەش نادادوەریانە دەبێت، کە لەسەر بناغەی بوونی ئەو کەمایەتیە عەرەبە لە ناوچەکەدا داوای موسڵ بکرێت بۆ عێراق.

هەروەها حوکومەتی بریتانیش زۆربەی بەڵگە ساسیەکانی لەسەر بیروبۆچوونی خەڵك دامەزراندووە، وەك بیری لێکردونەتەوە. دەڵێت، کە عەرەب وەك پێکهاتەیەك زۆر سوورن لەسەر ئەوەی، کە بچنە سەر دەوڵەتی عەرەبی عێراق و هەروەها یەزیدی و جولەکەش لە هەمان ئارەزوودا هاوبەشی دەکەن، لە هەمان کاتدا مەسیحیەکانیش لەوە تۆقیون، کە بدرێنەوە دەست ئەنکەرە، (لۆرد کورزون- *Lord Curzon* لە لۆزان، 23/کانونی دووەم /1923).

بە گوێرەی کوردەکانیشەوە، حوکومەتی بریتانیا دەڵێت ئەوانە تەمەننای ئەوە ناکەن، کە لەگەڵ تورکەکاندا بژین، وەك بە شۆڕشە بەردەوامەکانیان و بە راپرسیەکەی ساڵانی 1919 و1921 سەلمێنراوە.

له بەشی پێشوی ئەم راپۆرتەدا لیژنەکە بەڵگەی بۆ گریمانی بەستنی راپرسیەکی گشتی وەك ئارەزووی حوکومەتی تورکیا هێنایەوە. بەهەرحاڵ بەپێی توانا هەوڵی دا بۆ هێنانەدی دید و بۆچوونی خەڵکە بە پەرۆشەکە. بۆ ئەم مەبەستە پرسیار له ژمارەیەکی زۆری خەڵك کرا، کە زووربەیان لەو لیستانە هەڵبژێراون، کە لەلایەن نوێنەرانی بریتانیا و تورکیاوە پێشکەشکراوە. له ناوەندە سەرەکیەکانی ناوچە گەورەکانی وڵاتدا و بەتایبەتی له شاری موسڵدا، هەوڵدرا بۆ هێنانەدی بیروڕای هەندێك له کەسانی رۆشنبیر و دەستڕۆیشتو، وەکو دەرکەوتوانی ئەنجومەنی شارەوانی له میانەی ئەو بیست ساڵەی رابردوودا، سەرکردانی ئایینی، هەڵبژێراوە ئامادەییەکان (لەژێر فەرمانی تورکیادا، هەڵبژاردن لەسەر سیستمی ناڕاستەوخۆ کراوە)، خاوەندارانی موڵك و ماڵ و گوندەکان، هیتد. هەروەها دیدار لەگەڵ ئەو کەسانەدا سازکراوە، کە ناویان لەلایەن دەستڕۆیشتووەکانەوە وەك شایەت پێشکەشکراوە. لیژنەکە بۆ ئەوەی ئەو شایەتانە دڵنیابن، وریاییەکی تەواوی پێشان دا بۆ پاراستنی نهێنی ئەو بیروڕایانەی دەریدەبڕن. سەرجەمی گشتی خەڵکەکە پرسیاری بەشێوەی تاك تاك لێکرا، کە نزیکەی 800 کەس بوون.

لەسەرەتای کارەکانیدا، لیژنەکە خۆی لەبەردەم دووچار بوونی بە کێشە مەترسیدارەکان بینیەوە، کەمێکی بەهۆی ئەوەوە بوو، کە شایەتەکان رقیان لەوە بوو بیروڕای خۆیان دەربڕین و بەشێکی تریش له راستیدا بە هۆی کاریگەری فاکتەرە جیاوازەکانەوە هاتۆتە کایەوە، کە بۆتە هۆی هەندێ گومان له راستەقینەیی وەڵامەکان. لەگەڵ ئەوەی لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەوە بەڵێنی ئەوە درا بە شایەتەکان، کە بەڵگەکانیان بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵام مەترسی کاری تۆڵەکردنەوە زۆر گەورە و تەواو فراوان و بڵاوە. ترسی کردەوەی تۆڵەکردنەوە لەلایەن دەستەڵاتی ئێستاوە له وڵاتدا لەلایەن شایەتێك زیاترەوە هێمای بۆ کراوە، دوای وتووێژیکردنی تایبەتی و بە چرپە له بەرژەوەندی تورکیا، کەچی بە دەنگی بەرز خۆی له بەرژەوەندی حوکومەتی عێراق ئاشکرا دەکرد تا ئەوانەی له دەرەوە

چاوەڕێن گوێیان لێبیبێت. هەروەها گومانی تێدا نییە، لە هەندێ بارودۆخدا، ئەم نادڵنیاییە بۆ دەربڕینی رایەك بەهۆی ترسی کردەوەی تۆڵەلێکردنەوەوە لەلای تورکەکانەوە ئەگەر ئەوانە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ناو تورکیا، بەڵام ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە ئەو ترسە رێگریی لە هیچ شایەتێکی مەسیحی نەدەکرد بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆی. ئەم نادڵنیاییەش وردە وردە کەمتر دەردەکەوت. خەڵکەکە لە سەرەتاوە لەو بڕوایەدا بوون، کە لیژنەکە دەستەیەکی شاراوەی حوکومییە، کەچی لە پڕ تا رادەیەك بڕوای تەواوی خەڵکی بەدەست هێنا، ئیدی کەس لە را دەربڕین سڵی نەدەکردەوە و لە دوا بەشی لێپرسینەوەکەدا تەنیا چەند شایەتێك رای خۆیان دەرنەبڕی.

گومانی تێدانییە، کە لە چەند حاڵەتێکدا بەرژەوەندی تاکە کەس کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر ئەو وتانەی پێشکەشکراوە. ئەو کەسانەی، کە خۆیان بیانەوێ لە لایەن دەستەڵاتەوە پەسەند بکرێن پشتگیری عێراقیان دەکرد، لە کاتێکدا ئەوانەی، کە تێدەکۆشان بۆ بەدەستهێنانی پۆستێکی حوکومی یان هەر بەرژەوەندیەکی تر ئەوا وەك هەواداری تورکیا خۆیان پێشان دەدا. هەروەها بیروبۆچوونەکان کاریگەربوو بە ململانێی سەرۆکانی خێڵەکان. لە هەندێ بارودۆخدا شایەتەکان ناوی کەسێکی تایبەتییان لە ئەندامێکی لیژنەکە دەپرسی، تاکو بتوانن دەنگ لە بەرژەوەندی لایەنی پێچەوانە بدەن.

لە هەندێ ناوچەدا سیفەتی کەسایەتی بەرپرسەکە یان هەندێ هەڵسوکەوتی کارگێڕیی ئاشکرابوو (وەك دانانی بەرپرسانی عەرەب یان کورد لە ناوچە کوردییەکاندا) ئەوا خەڵکی لە بەرژەوەندی عێراق و دەستەڵاتی ئینتیداب دەنگیان دەدا.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکە کاریگەرییەکی باشی هەبوو لەسەر هەڵوێستی زووربەی زۆری خێڵەکیەکان و جوتیاران. لە ژمارەیە حاڵەتی زۆردا بە ئاسایی لایان دەدایین بەلای سەرۆکانی خێڵ و خاوەن گوندەکاندا. لەبەر ئەو هۆیە، ئێمە بە زۆری

دەبووایە بگەڕاینایەتەوە  بۆ لای ئەو کەسانە، چونکە نوێنەری ژمارەیەکی زۆری خەڵك بوون، بەڵام نەماندەتوانی دڵنیابین لەوەی، کە خواستی خێڵەکیەکان یان جوتیاران هەمیشە بە دڵسۆزییەوە لەلایەن سەرۆکەکانیان یان خاوەندارەکانیانەوە لێکدەدریتەوە.

ژمارەیەك شایەتی زۆر دەستەپاچە بوون لە حوکومدانی پرسەکەدا، کە لە راستیدا هەرگیز لەوەبەر ئەوەیان نەبیستووە، لە یەکێکمان پرسی، پێی وتین خۆزگە دەنگی وەك ئەو دوو کەسەی تر بدایە، کە ناوی هێنان، لەگەڵ ئەوەشدا لە راستیدا ئەو دوو کەسە لە دوو دیدی جیاوازەوە دەنگیان داوە. لە حاڵەتی تردا، کاریگەریی پڕوپاگاندە، کە دەستوپێوەندی هەندێ لە دەستەڵاتداران بڵاویان دەکردەوە تەواو ئاشکرابوو، کە وای لێدەکردین گرنگی نەدەین بە بیروبۆچوونی ئەوانەی بەوەوە پەیوەندن. لە هەندێ بۆنەدا، لە راستیدا ئەندامانی ئەو نوێنەرانەی، کە هاتوون بە خواستێکی بەهێزەوە بچنە پاڵ عێراقەوە، بە شێوەیەکی تایبەتی وتیان ئەوانە رازییان کردوون لایەنگیریی تورك بن. لەبەر ئەوە بڕیارمان دا هیچ گرنگیەك نەدەین بەو نوێنەرانە یان ئەو داواکاریانەی پێشکەش دەکرێت.

هەندێ لە شایەتەکان، ئەوانەی دوو جار راپرسییان کردوون، لە چاوپێکەوتنی دووەمدا پێچەوانەی ئەوەیان دەربڕی، کە لە رۆژی یەکەمدا وتوویانە. لە زۆر بارودۆخدا جوتیارەکان دەیانوت، کە ئەوان تەمەنناى ئەوە دەکەن بچنە سەر هەمان وڵات وەك پایتەختی لیواکەیان.

بە کورتی، خەملاندنی گرنگی شایەتە جیاوازەکان و نرخی وتەکانیان ئاسان نەبوو. وەك دەستورێکی گشتی ئێمە داوامان لە شایەتەکان کرد، کە هۆی داواکانیان پێشکەش بکەن. ئەو هۆیانە زۆرجار بۆ جیاکردنەوەیە و هەندێ تیشك دەخاتە سەر ئاستی هۆشیاری شایەتەکە و رەسەنایەتی بیروبۆچوونەکەی. زۆر لە شایەتەکان هۆی راستەقینەی ئەو ئەمن و ئاسایشەی ئێستا بەرقەرارە، لەچاو ئەو کاتەی

لەژێر دەستەڵاتی تورکیادا بوو، هەروەها چاکبوونی ئاستی هۆشیاری، بەزۆری دەگێڕایەوە بۆ دەستەڵاتەکانی بریتانیا لە ناوچەکەدا.

دوو یان سێ شایەت هۆی پشتگیری خۆیانیان بۆ عێراق ئاشکراکرد، نەهێشتنی خزمەتی زۆرەملی سەربازی. بەڵام ئەوانی تر دەیانوت هۆی لایەنگیریان بۆ عێراق ئەوەیە، کە دەوڵەتی عێراق بێگومان دەبێ بەهێز بێت، چونکە لە داگیرکردنی وڵاتەکەدا سەرکەوتوبووە و باشتریش وایە خەڵك بچێتە پاڵ دەوڵەتی بەهێزەوە.

ئێمە بە ئاسانی تێگەیشتین، کە هەندێ لە سەرۆکی خێڵەکان لە ناوچە دوورەکاندا حوکومەتی تورکیایان پێ چاکتر بوو، چونکە لەژێر دەستەڵاتی تورکیادا زیاتر هەستیان بە سەربەخۆیی کردووە.

بەڵگە ئابووریەکان بەزۆری پێشکەش دەکرا- زیاتر لەلایەن ئەو کەسانەی کەمێ هۆشیار بوون. بەشێکی زۆری ئەم بەڵگانە لە بەرژەوەندی عێراق بوون، کە پشتبەست بوو بە گرنگی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ بەغدا. بەهەرحاڵ، دەبێ ئەوەش بوترێ، کە دڵسۆزی ئەم جۆرە بەڵگانە هەمیشە گومانی لێدەکرێت. ئەو بەڵگە ئابووریانەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەشکراوە، لە ناوچەکەدا زۆر ناوداره و زۆر جار بۆ ئەوەی کێشێ بدات بە وتەکانی شایەت. لە یەك حاڵەتدا گەورەی خێڵ رازی نەبوو وەڵامی پرسی ئابووری بداتەوە- پەیوەندە بەو رێگەوبانەی، کە مەڕومالاتی لێوە هەناردە دەکرێ- لێرەدا ئەو پرسیارە زیاتر پرسێکی سیاسییە.

تورکەکان و ژمارەیەکی زۆری کورد و عەرەب کاریگەرن بە هەستی نەتەوایەتی- یان روونتر، بەهۆی هۆشیاری نیشتمانی زۆرەوە، لایەندارییان زیاتر دڵسۆزانەترە، لەگەڵ ئەوەی ئەمەش هەمیشە هەڵقوڵاوی کاریگەریی بیرو بۆچوونێکی پێگەیشتو نییە.

لە کۆتاییدا ئێمە دەبێ ئەوەشی بۆ زیادکەین، کە لە هەندێ بارودۆخی دەرکەناردا، تاکە هۆی پێشکەشکراو ترسی حوکومەتە. تێبینی ئەوەمان کرد، کە جوتیارانی

یەك ناوچە، کە نوێنەرانیان بەگشتی دەنگیان لە بەرژەوەندی عێراق داوە، شادمانیەکی زۆریان پێوە دیارە، بە رێکەوت لە هەلی چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوێنەری تورکیا لە لیژنەکەدا.

با ئێستا بڕوانینە ئەنجامی بەدواداچوونی لیوا جیاوازەکان. ئیدی دوای ئەوەش هەوڵدەدەین بۆ پێشنیارکردنی بەرئەنجامە گشتیەکان، کە دەبێ لە بیروبۆچوونی شایەتەکانەوە کورتکرێتەوە.

ئەوە لە لیوای سلێمانیدایە، کە بیروبۆچوونەکانی دانیشتوانەکەی زیاتر بە دڵنیاییەوە دەربڕاوە. پێکهاتەی بنەچەیی لیواکە بەپێی سەرژمێریی ئەم دواییەی دانیشتوان وەك ئەمەی لای خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| عەرەب | 75 |
| کورد | 189.900 |
| جولەکە | 1.550 |
| | 191.525 |

خەڵکێکی زۆر کەم، کە لەم لیوایەدا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن، دەنگیان لە بەرژەوەندی حوکومەتی عێراق دابوو. ئاراکان تەنیا لە قەزای چەمچەماڵدا دابەش دەبوو، کە دراوسێی لیوای کەرکوکە و لە رووی کارگێڕییەوە سەر بەوە.

لیژنەکە لە راستیدا بڕوای وایە، کە خەڵکی سەربەستانە رای خۆیان دەربڕیوە. لەگەڵ ئەوەی هیچ ئارەزوویەکی تایبەتییان بۆ حوکومەتێکی عەرەبی پێشان نەداوە، هەروەها چوونە ناو تورکیاشیان پەسەند نەکردووە و حەزیان لە یەکیەتیەکی ئابووری هەیە لەناو عێراقدا. بزوتنەوەیەکی بەهێز هەبوو بۆ ئۆتۆنۆمییەکی ناوخۆ، کە رێبدات بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەروەردە و فێرکردن و کارگێڕیی و دادگادا. هەروەها سوور بوون لەسەر پێویستی مانەوەیان لەسەر یارمەتی راوێژکارانی بریتانیا بۆ ماوەیەکی درێژتر و توانای بوونی حوکومەتێك بەبێ پشتگیریی ئەوروپا بەتەواوی خرایە لاوە. لەم پارێزگایەدا

هەستی نیشتیمانپەروەری کوردمان بۆ دەرکەوت، هەرچەند تا ئێستا هەرزەیە، بەڵام تەواو شیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی دەیانوت، کە خواستی بەرزیان سەربەخۆیی تەواوە، دانیشیان دەنا بە کەڵکەکانی ئەوەی بسپێردرێن بە دەوڵەتێکی بە تواناو هۆشیار. گومانی تێدانییە، کە توانا و حوکمی باشی بەڕێوەبەرانی بریتانیا لەم پارێزگایەدا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر بیر و هۆشی خەڵکی.

لە لیوای کەرکوکدا ئاراکان کەمتر گشتیە و هەروەها زیاتریش گرانە بۆ شیکردنەوە. پێکهاتەی نەتەوەیی لیواکە وەك لای خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| عەرەب | 35.650 |
| کورد | 47.500 |
| تورکومان | 26.100 |
| مەسیحی | 2.400 |
| | 111.650 |

هەرچۆن لە ناوچەکانی تردا هەموو مەسیحیەکان لە بەرژەوەندی عێراق دەنگیان دا( بە هەندێ مەرج، کە لە دوایدا بۆی دەگەڕێینەوە)، تورکەکان، زووربەیان لەناو شارەکەدا دەژین و لە شوێنەکانی نزیك ڕێگەی ئاڵتون کۆپری بۆ کفری، زووربەیان لە بەرژەوەندی تورکیا دەنگیان دا، هەرچەند کەمینەك عێراقیان لەسەر بنەمای ئابووری لا پەسەندتر بوو.

لەنێوان ئاراکانی شایەتەکانی عەرەب و کورددا دابەش دەکرێت. چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت، کە زووربەی عەرەب پێیان باش بێت بچنە ناو عێراقەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەیەکی زۆریان لایەنگیری بەرژەوەندی تورکیان. ئەگەر ئەنجامەکانی کوردمان تەنیا ئەژمارکرد بەبێ ئەوەی شییان بکەینەوە، دەبێ بەزۆری لایەنگیریەکی بەهێزی تورکمان بۆ دەرکەوێت. لە لایەکی ترەوە، بانگدان و بڵاوکراوەی سەرۆکە مەزنەکانی کورد وا پێشان دەدەن، کە زیاتر هاوسۆزن لەگەڵ عێراقدا. بەهەرحاڵ، دەبێ تێبینی ئەوە

بکرێت، کە هەندێ لەو سەرکردانە وتویانە، کە ئێستا یارمەتی لە حوکومەتی عێراق وەردەگرن بۆ چاودێریکردنی رێگەوبانەکان.
وەك دەستورێکی گشتی دەنگدان لەوە دەچێت بە شێوەیەکی ئازادانە درابێت و هەروەها لەوەش دەچێ، کە کاریگەریی دەستەڵاتەکان تا رادەیەکی زۆر هەستی پێنەکراوە. لیوای ئەربیل بە بڕی گشتی بریتیە لە:

| | |
|---|---|
| عەرەب | 11.700 |
| کورد | 170.650 |
| تورك | 2.780 |
| مەسیحی | 3.900 |
| جولەکە | 2.750 |
| | 191.780 |

لەم لیوایەدا دیدی سیاسی گەورەترین بەشی قەزای کۆی سنجاق جیاوازە، زوورىەی خەڵکی هەمان بۆچوونی ئەوانەی سلێمانیان هەیە و بریتین لە چەند سەرکردەیەکی رۆشنبیری باش. دانیشتوانی ئەم قەزایە بریتیە لە 60.000 کەس، کە زوورىەی زۆری کوردن.
لە ناوەندی قەزای ئەربیلدا، خەڵکی شارە سەرەکیەکە، بەشێوەیەکی گشتی هەموو دانیشتویەکی لە بنچینەدا تورکن و لە بەرژەوەندی تورکیا دەنگ دەدەن و ژمارەیەکی زۆریش لە کورد و عەرەب لەم دید و بۆچوونەدا هاوبەشییان دەکەن. هەندێ سەرکردەی خێڵەکانی کورد، هەرچۆنێ بێت، گوێ لە هیچ ناگرن، جگە لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەژێر چاودێریی ئەورووپادا- بۆ ئەو مەبەستەش باشترە بریتانیا بێت-. هەروەها هەندێ کورد هەبوون، کە تەمەنناى ئەوەیان دەکرد ببەسترێنەوە بە عێراقەوە و لەو بارودۆخەدا لە بەرژەوەندی درێژخایەنیی ئینتیدابی بریتانیا بوو. ئەگەر ئەو مەرجە نەهاتە دی، ئەوان تورکیایان لە حوکومەتی عەرەبی پێباشترە. ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بڕوانینە مەسەلەکە، ئەوە دەبینین، کە زوورىەی ئاراکان لایەنگیری

تورکیایە. هەروەها قەزای ڕەواندوز، نزیکە لە سنووری تورکیاوە، دانیشتوانەکەی لەوانی تر دواکەوتوترن. زووربەی شایەتەکانیان لایەنگیری بەرژەوەندی عێراق بوون، بەڵام بۆ ئێمە زۆر گران بوو بڕی تێگەیشتنیان لە پرسەکە بخەملێنین. هەرچۆنێك بێت، بەهۆی باری جیۆگرافیاوە، ئەم قەزایە پێویستە هاوبەشی لە چارەنووسی قەزای ناوەند بکات. جولەکە و زووربەی مەسیحیەکان لە هەموو لایەکی لیواکەدا لایەنگیری بەرژەوەندی حوکومەتی عێراقن لەژێر سیستمی ئینتیدابدا.

پێکهاتەی لیوای موسڵ زیاتر تێکەڵە و بەم شێوەیەیە:

| | |
|---|---|
| عەرەب | 119.500 (74.000 لەناو شارەکەدا) |
| کورد | 88.000 |
| تورك | 9.750 |
| مەسیحی | 55.000 (19.250 لەناو شارەکەدا) |
| یەزیدی | 26.200 |
| جولەکە | 7.550 (4.000 لەناو شارەکەدا) |
| کۆی گشتی | 306.000 (96.250 لەناو شارەکەدا) |

زووربەی شایەتەکانی عەرەب لایەنگیری خۆیان لە بەرژەوەندی عێراق بەیانکرد. ئەندامانی پارتی (ئیستقلال)، کە لە شاری موسڵدا زۆر بەهێزن، بەشێوەیەکی توند سوورن لەسەر ئەوەی ئینتیداب و پەیمانی عێراق - بریتانیا پێویستە بە زووترین کات کۆتایی بێت. هەندێکیان دەڵێن، کە ئەوان تورکیایان پێباشترە لە دەوڵەتێکی عەرەبی، کە بخرێتە ژێر ئینتیداب یان لەلایەن ڕاوێژکارانی کارگێڕیی بیانییەوە کۆمەك بکرێن.

ژمارەی شایەتەکانی عەرەب، کە لایەنگیری تورکن لە شارەکەدا- 53 لە کۆی 188، 102 دەنگی داوە بەبێ مەرج بۆ عێراق، 22 بۆ عێراق لەگەڵ هەندێ مەرجدا، 8 دڵنیانەبوون و 3 دەیانوت ئەوان تەنیا حوکومەتێکی موسڵمانیان دەوێت.

" ئاستی کۆمەڵایەتی شایەتەکان ئاماری لەسەر دەکرێت، بەهەرحاڵ، زووربەی زۆری هەڵبژێراوان لە کەسانی پلە دوون، کە ئەندامانی ئەنجومونی شار بوون لە میانەی

بیست ساڵی رابردوودا و هەروەها سەرکردەی ئایینی ئیسلامین، کە لە بەرژەوەندی حوکومەتی عەرەبیە. لە لایەکی تریشەوە، ئەندامانی چینە هەژارەکان، زوورجار لە بەرژەوەندی تورکیایە. هەستی دژە بیانی و پەیمانی بریتانیا بەشێکی گەورە رۆڵی لەنێوان عەرەبدا گێڕا.

ئەوە بە تایبەتی لە سەرەتادا نیمچە مەحاڵ بوو، کە دید و بۆچوونی کوردەکان لە لیواکەدا ئاشکرا بێت، چونکە شایەتەکان بە پڕوپاگەندەیەکی بەهێزی نەتەوەییە توندڕەوەکانی عەرەبی موسڵ ترسێنرابوون. ئەو پڕوپاگاندانە، کە زۆرجار هەڕەشە دەکات لە ئەنجامێکی مەترسیدار، بێ بەختانە زوربەی جار لەلایەن دەستەڵاتی کارگێڕییەوە هاندراوە.

لێرەدا هەستی نیشتمانی کورد زۆر کەمترە لەوەی لە باشووری ناوچەکەدایە. لە راستیدا لە بەشی باکووری رۆژهەڵاتی لیواکەدا هەر بوونی نییە. لەوێ بە دڵنیاییەوە لە هەندێ ناحییەدا زووربەی زۆری لە بەرژەوەندی تورکیایە، لەوانی تردا بێکەڵکە بتەوێ بە ئەنجام بگەیت، لە کاتێکدا هێشتا ناوچەی کوردی هەیە عێراقیان پێباشترە.

تورکەکانی دەوروبەری موسڵ هاوسۆزن لەگەڵ لایەنگیریی تورکیادا، بەڵام ئەو مەترسییەی دوچاری بوون کەمتر نییە لەوەی کوردەکان. لە لایەکی ترەوە، لەگەڵ بوونی پارێزەرێکی سەربازی بەهێزیشدا، خەڵکی شارۆچکەی تەلەعفەر خۆپیشاندانێکی گەورەی لایەنگیریی تورکیایان کرد.

یەزیدیەکانیش بە شێوەیەکی سەرەکی لایەنگیری بەرژەوەندی عێراقن لەژێر ئینتیدابی ئەوروپادا. هەندێ کەسی کارتێکراو دەڵێن ئەوان حوکومەتی تورکیایان پێباشترە لەبەراوردا لەگەڵ حوکومەتێکی عەرەبی بەبێ ئینتیداب. لە هەندێ شوێندا یەزیدی لایەنگیری تورکیاش هەیە.

مەسیحیەکان و جولەکە هەموویان لایەنگیری حوکومەتێکی عەرەبی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆکەکانیان مانەوەی ئینتیدابی ئەوروپاییان بە پێویستی دەزانی، ئەگەر ئەو جۆرە کۆنترۆڵە دەبێ کۆتایی بێت، ئەوا ئەوان لەو بڕوایەدان حوکومەتی تورکیا

باشتربێت، لە بەراوردا لەگەڵ حوکومەتێکی عەرەبی تەواو سەربەخۆدا، چونکە بێوەیترە. لەوە دەچێت لە هەموو لایەکی ناوچەکەدا ئەمە بیروبۆچوونی گشتی بێت لەنێوان سەرۆکانی مەسیحیەکاندا.

دوو شوێن لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا هەبوون، کە ئێمە نەمانتوانی بەگوێرەی خواستە سیاسیەکانیانەوە راوێژکاریی بکەین. ئەوانەش ناحیەکانی لیوای سلێمانی بوو، کە بەهۆی جوڵانەوەکەی شێخ مەحمودەوە دامەزراوەی کارگێڕییان تێدا نەبوو، هەروەها ناوچەی نێوان هێڵی برۆکسل و دوورترین سنووری پێشنیارکراو لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە. ئەم ناوچەیەی دواییان زۆر شاخاوییە، بۆیە لەو کاتەدا ئاسان نەبوو دەستبەجێ لیژنەکە بگاتە ئەوێ. یەکەم ناوچە گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، تەنانەت ئەگەر بەتەواوی لایەنگیری تورکیاش بن- ئەوەش زۆر گومانی تێدایە- ناشتوانێ کاربکاتە سەر بیروبۆچوونی گشتی بەگوێرەی لایەنگیریی سیاسی لیوای سلێمانیەوە.

ناوچەی دووەم تا رادەیەك چۆڵە لەو کاتەوە، کە ئاسووری و نیستۆریەکان زووربەی دانیشتوانەکەیان پێکدەهێنا و ناچاربوون ماڵەکانیان جێبهێڵن. ئاسووریەکان حەزیان دەکرد سەربەخۆ بن، وەك ئەو کاتانەی بەر لە جەنگ. داوای ئەوەیان دەکرد بخرێنە ژێر چاودێریی و پاراستن یان ئینتیدابی ئەوروپاوە- بریتانیا بێت باشترە- ئەگەر هەموو خۆزگەکانیان نەیەتە دی، ئەوا ئامادەن باج بدەن بە دەوڵەتی خاوەن دەستەڵات لەو ناوەدا بە مەرجێ ئۆتۆنۆمیەکی ناوخۆی بەرفراوانیان هەبێت. بەهەرحاڵ ئەوان دژی ئەوەن دووبارە بچنەوە ژێر دەستەڵاتی تورکیا.

یەکەم ئەنجامی بەدواداچوونەکە ئەوەیە، کە هەستی نیشتیمانی عێراقیی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا نییە، جگە لەو عەرەبانەی کەمێ رۆشنبیرییان هەیە و ئەوەش هەستی عەرەبییە بە نیشتمانپەروەری داپۆشراوە و زیاتر لەوە دەچێ دژی دەستێوەردانی بێگانە بێت. **لەنێوان کوردەکاندا هۆشیاری نیشتمانی گەشەی دەکرد، بە دڵنیاییەوە وەك ئەوەی، کە کوردە نەك بۆ عێراق**، ئەم هەستە زیاتر لە باشووردا پەرەی سەندووە و تا بەرەو باکوور بچی کەم دەکات و تا لە دەشتی موسڵ و شاخەکانی ئاکرێدا

لەناودەچێت. ئەم هەستی نیشتیمانپەروەرییە لە ویلایەتەکەدا هەروەها لەناو تورکەکانیشدا زۆر بەهێزە.

نەبوونی هەستی نیشتیمانپەروەریی عێراقی ژمارەیەك مەرجی زۆر لێکدەداتەوە، کە باسمان کردووە. زووربەی عەرەبە نەتەوەییەکان دەڵێن، ئەوان تورکیایان پێباشترە لە چاو عێراقی ژێر کۆنترۆڵی بێگانەدا. لە لایەکی ترەوە، ژمارەیەکی زۆری سەرانی مەسیحیەکان دەڵێن، کە ئەوان ترسیان لە تورکیا کەمترە لە بەراوردا لەگەڵ عێراقێکدا بێ کۆنترۆڵی ئەوروپی. هەمان ئارا لەناو یەزیدیەکانیشدا بەدی دەکرێت. کوردەکانی سلێمانی داوای ئۆتۆنۆمیەکی بەرفراوان دەکەن لەژێر چاودێریی راوژکارانی بریتانیدا. بە شێوەیەکی گشتی وەریگریت، ئەو ئارایانەی لە بەرژەوەندی عێراقە لە زووربەی حاڵەتەکاندا پشتبەستە بە خواستی تایبەت یان خواستی کەمایەتیەك، نەك لەسەر خواست و خۆشەویستیی نیشتیمانی هاوبەش بێت. لەگەڵ ئەوەی دەبێ بە ویژدانەوە ئەوەش بڵێین ئەو هەستی لایەنگیری عێراقە زۆر ساردوسڕە، بەڵام لە هەمان کاتدا بێگومان ئەو بانگەشانەی حوکومەتی تورکیاش هەڵەیە، کە گوایە هێما دەکات بۆ ئەوەی زووربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە توندی دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر تورکیا. بیروبۆچوون لەنێوان کوردەکاندا دابەشبووە، گروپێك لە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری، کە داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن لەناو دەوڵەتی عێراقدا نزیکەی نیوەی کۆی گشتی کوردی دانیشتوانی ویلایەتەکەیە. تەنانەت لەناو تورك خۆیاندا هەواداری بەغدایان تێدایە. کەواتە بە چاوپۆشین لەو سووربوونەی حوکومەتی بریتانیا، کە نەتەوە و زمان لە دیدی سیاسیەوە هەمیشە بەڵگەی سەلمێنراو نین. ژمارەیەکی زۆر لە عەرەب، بەتایبەتی ئەوانەی لە چینە هەژارەکانن، لایەنگیری تورکیان و زۆرجار سۆزەکانیان بە وتەی کاریگەریش دەردەبڕن.

خاڵێکی تریش ئەوەیە، کە بێجگە لە لیوای سلێمانی، ناوچەیەکی تر نابینرێت بریتی بێت لە چەند ناحییەیەکی هاوسنوور، کە هەر شتێك بەگشتی لە بەرژەوەندی لایەنێك لەم دوو لایەنە بتوانرێت تێبینی بکرێت.

ئەم بەرئەنجامانەی کۆتایی، لەگەڵ ئەوەی ئاڵۆزیشە، بەڵام لاوازی بەڵگەکانی تورکیا بە شێوەیەکی ئاشکرا پێشان دەدات لە داواکردنی هەموو ویلایەتی موسڵدا، لەگەڵ ئەوەی ئەگەر ناوچەکان و نەتەوەکان بە جیا وەربگیرێن، ئەوا پشتگیری ئاراکانی بریتانیاش وەك گشت ناکات

**دووەم: کێشەی ئاسووریەکان**

- **کورتەی بەڵگەکان**

پرسی گەڕانەوەی ئاسووریە نیستۆریانەکان بۆماڵەکانی پێشویان لە باکووری سنووری ولایەتی موسڵ لە کۆنفرانسی لۆزاندا بەرزنەکرایەوە.

لۆرد کورزون "لە یاداشتەکەیدا لەبارەی موسڵەوە"، کە لە 14/دیسەمبەر/کانونی یەکەم/1922 ئاڕاستەی عیسمەت پاشا کراوە، تەنیا هێمای بۆ ئەوە کردووە، نستۆرییەکان، کە بە هێزی تورك لە ناوچەی جۆلامێرك و سنووری فارسی لە کاتی جەنگدا دەرکراون، کە هەزارانیان لـێ مردووە لەکاتی هەڵهاتنیاندا بۆ عێراق و لەوێ نیشتەجێ بوون، هەروەها لە پێناوی مانەوەیاندا دەجەنگن، لەجیاتی ئەوەی رێ بدرێن بە گەڕانەوەیان سەرلەنوێ بۆ ماڵەکانیان، کەچی ئەوان بە دەست خەڵکانێکەوە دەناڵێنن، کە هێمای ستەم و چەوسانەوەن. عیسمەت پاشا وەڵامی دایەوە بەوەی کاتێ ویلایەتی ڤان/وان لەلایەن سوپای داگیرکەری روسیاوە داگیرکرا، نیستۆریەکانیش بە هەمان شێوەی دژایەتی ستەمیان بەرامبەر موسڵمانەکانی هاونیشتمانییان کرد، لەگەڵ ئەوانەی سەدان ساڵ بوو پێکەوە لە ئاسایشی تەواودا دەژیان، بە دڵنیاییەوە ئەوانە دەبی لەگەڵ رووسەکاندا وڵاتەکە جێبهێڵن لە کشانەوەدا. (یاداشتی عیسمەت پاشا بۆ لۆرد کورزن- *Lord Curzon* ، لە رۆژی 23/دیسەمبەر/کانونی یەکەم/ 1922، روداوەکانی کۆنفرانس، بەشی یەکەم، لاپەڕە282).

لە کۆنفرانسەکەی ئەستەنبوڵدا بوو لە (مەی/مایس/1924)، کە پرسەکە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە وەك بەڵگەیەك بۆ درێژکردنەوەی سنووری عێراق خرایەوە روو.

له سەرەتای ئەپریلٚ/نیسان/1924، حوکومەتی بریتانیا حوکومەتی عێراقی ئاگادارکردەوە، کە نیازی وایە بەشێك لە ناوچەی ئاسووریەکان بخاتە سەر عێراق. لە هەمان کاتدا کەلٚکەکانی روونکردەوە، کە عێراق دەستی دەکەوێت لە بوونی ئەو جەنگاوەرانەی لە ناوچەکانی سەر سنووری باکووری ولاٚتدان، دەلکێن بە دەولٚەتی عەرەبیەوە بە پەیوەندیەکی دۆستانە و پێزانینەوە و پرسیاریان کرد، کە ئایا حوکومەتی بەغدا ئامادەیە گەرەنتی ئەوە بدات، ئەو ئاسوورییانەی هێشتا نیشتەجێ نین و لەگەلٚ ئەوەی پێویستە، کە بتوانن هەندێ زەوی بەکارنەهاتوو لە ناوچەکانی باکووردا بەپێی مەرجە لەبارەکان بەدەست بهێنن. دواتر حوکومەتی بریتانیا پرسی، کە ئایا حوکومەتی عێراقی ئامادەیە هەمان ئۆتۆنۆمی بدات بە هەموو ئاسوورییەکان وەك چۆن بەر لەجەنگ لەژێر دەستووری تورکیادا هەیانبووە. وەلاٚمەکەی حوکومەتی عێراق، کە لە 30/ئەپریلٚ/نیساندا بوو، رەزامەندی بوو.

پێشنیاری نوێی بریتانیا، کە لە کۆنفرانسی ئەستەنبولٚدا لە 19/مەی/ میس/1924دا روونکرایەوە، لەلایەن (سێر پێرسی کۆکس-*Sir Percy Cox* )ەوە، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە وتی:

" لە سەرو ئەوەشەوە، لەو کاتەی رێکەوتنەکەی لۆزان هەلٚوەشاوەتەوە، کێشەیەکی تا رادەیەك گەورە هاتۆتە گۆرِێ، کە لە دیدی حوکومەتی خاوەن شکۆدا گرنگی هەیە. ئەو کێشەیەش چارەنووسی ئاسوورییەکانە جگە لەوانەی لە بنەچەدا فارسن. حوکومەتی خاوەن شکۆ هەست دەکات پێویستیەکی بەهێزی سەرشانێتی هەولٚی مسۆگەرکردنی نیشتەجێکردنیان بدات بەپێی داواکاریە گونجاوەکان و خواستی بەرزی نەتەوەکەیان.

بانگەوازێکی تەواویان کرد، واتە حوکومەتی خاوەن شکۆ ناتوانێت ئەوە پشتگوێ بخات، تا لە مالٚەکانی پێشوی خۆیاندا لەژێر چاودێریی بریتانیادا دایانەزرێنێتەوە.

بەهەرحالٚ زۆر لەم چارەسەرانە بە شێوەیەکی گشتی بانگەشەی بۆ مەسیحیەت ئەکرد، حوکومەتی خاوەن شکۆ لەبەر هەندێ هۆی جیاواز ناتوانێت بەرپرسیارێتی خۆی لەو

بوارەدا زیاتر فراوان بکات. لە کاتێکدا هەرچەند ئامادە نییە بەدەم هەموو خواستەکانی ئاسووریەکانەوە بچێت، بەڵام حوکومەتی خاوەن شکۆ بڕیاری دا تێبکۆشێت بۆ پاراستنی ئەنجامی وتووێژەکان، هەروەها ئەو سنوورە بەدەست بهێنێت، کە هەموو پێویستیە باشەکانی تێدابێت، لەو مەرجانەی بە پێی پەیمانێکی بەستراو، کە سنوورێکی باشی تێیدایە، لە هەمان کاتدا رێدەدات ئاسوورییەکان بە یەکپارچەیی کۆبنەوە، لەناو سنووری ئەو وڵاتەی، کە لەژێر ئینتیدابی حوکومەتی خاوەن شکۆ و دەستەڵاتی کۆمەڵەی نەتەوەکاندایە، ئەگەر نەکرا لە هەموو حاڵەتێکدا لە شوێنی نیشتەنی پێشویاندا دابنرێنەوە، ئەوا هەرچۆنێك دەبێت لە ناوچە گۆنجاوەکانی دەوروبەردا نیشتەجێ بکرێنەوە. ئەم سیاسەتی نیشتەجێ بوونەی ئاسووریەکان سۆزی تەواو و پشتگیری حوکومەتی عێراقی هەبوو، کە لە لای خۆیانەوە ئامادەبوون یارمەتی پێویست پێشکەش بکەن تا کاریگەربێت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو کارە.

"بۆ ئەو مەبەستەیە، کە فەرمانم پێدراوە لە پێناوی داوای سنوورێك، کە لەسەر نەخشەکەی ئێستا دەینێمە بەردەستان هێمای پێکراو."

لە وتەکانیدا بەردەوام بوو، سێر پێرسی کۆکس- *Sir Percy Cox* وتی: وای بیردەکردەوە، کە حوکومەتی تورکیا ئامادەیە پێشوازی لە خواستەکانی حوکومەتی بریتانیا بکات، چونکە کارگێڕی و کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچە سەختە و ئەو کۆمینیتیەی لێرەدا ژیاون، بابەتی سەغڵەتبوونێکی جێگیر بووە بۆ حوکومەتی تورکیا و سەرچاوەیەکی بەرهەمداری بەریەککەوتنی هێزە رۆژئاواییەکان بووە. ئینجا تێبینی ئەوەی کرد، کە پێشنیارەکە نوێنەرایەتی تەواو ناکات، کە بتوانێت لەبری کەمایەتیە مەسیحیەکان پێشکەشی بکات. لە راستیدا، ئەو هێڵە ئەوە بوو، کە وەك خواستێکی بەهێز پێشنیارکراوە بۆ پێشوازی کردنی خواستەکانی حوکومەتی تورکیا بەپێی توانا. ئەگەر نەگەینە رێکەوتنێك لەبارەی ئەو پێشنیارانەی، کە هەر ئێستا خراوەتە بەردەم حوکومەتی تورکیا، ئەوا حوکومەتی بریتانیا پارێزگاری لە تەواوی سەربەستی خۆی

دەکات لە کارکردندا لەبارەی ئەو سنوورەی، کە لەوانەیە لەبەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکاندا داوای بکات.

لە کۆبوونەوەی 21/مەی/مایسدا، فەتحی بەگ لە وتەکەیدا لەبارەی مەسەلەی ئاسوورییەکانەوە ئەم وەڵامانەی لای خوارەوەی دایەوە:

"بەڕێزتان، دوای ئەوەی دەخوازن وتووێژ لەو خاڵانەدا بکرێتەوە، کە لۆرد کورزون- *Lord Curzon* لە لۆزاندا جێیهێشتن، ئێستاش واز لەو هەڵوێستە دێنن و مەسەلەیەکی نوێ دێننە پێشەوە، کە مەسەلەی چارەنووسی ئاسوورییەکانە. بۆ دابینکردنی چارەنووسیان، داوای پارێزگاریان دەکەن لەژێر چاودێری بریتانیادا، لە هەندێ ناوچەدا، کە ئێستا بەیداخی کۆماری تورکیای تێدا دەشەکێتەوە. ئەگەر بڵێم سەرسام نیم لەم داوایەتان، ئەوا لە وتەکەمدا راستگۆ نابم.

"**سەرۆکی شاندی بریتانیا لە لۆزان هێمای بۆ ئەوە کرد، کە حوکومەتی خاوەن شکۆ دەخوازێ، کە ئۆتۆنۆمی دەبێ بدرێت بە کوردەکان.** کەچی بەڕێزتان مەسەلەی ئاسووریەکان دێننە پێشەوە. تۆ بەهەرحاڵ لەوانەیە رێم بدەی هێما بۆ ئەوە بکەم، کە ئەوەی ئێوە ئێستا داکۆکی لێدەکەن بیرتان چووە، کە ئاسووریەکان کەمایەتیەکی بچووك لە موسڵدا پێکدەهێنن و ئێوەش لە بەرگریتان لە بەرژەوەندی ئەو کەمایەتیانە بە چاوێکی پڕ لە وریایی پێویستەوە ناڕواننە خواستی زووربەی زۆر- واتە تورکەکان و کوردەکان.

"نوێنەرانی تورکیا ناتوانن باوەڕبکەن، کە بگونجێت سەدان هەزار تورك و کورد لە وڵاتی دایك دابڕێن بۆ ئەوەی چەند هەزار ئاسوورییەك بخرێنە ژێر چاودێری بریتانیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەندێکیشیان ئاوارەی وڵاتی فارسن.

"ئاسووریەکان مەسیحین و من بە تەواوی دەزانم بۆچی حوکومەتی بریتانیا بیر لەوە دەکاتەوە، کە شایستەی پیشتگیری تایبەتن.

بەهەرحاڵ، نوێنەری تورکیا هێمای بۆ ئەوە کرد، کە هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئایین، هەمان مافی هەیە و لە دیدی ئەوانەوە ئارەزوی نەتەوایەتی، کە لە

سینەی هەموو میللەتاندا جۆش دەخوات و ناتوانرێت بخنکێنرێت و پێویستە بەسەر هەموو بیروڕاکانی تردا زاڵ بێت. بەم جۆرە، کاتێ خواستی مرۆڤایەتی حوکومەتی بریتانیا بە پەیوەندی لەگەڵ پارێزگاریکردن لە مەسیحیەکان دەنرخێنێت، نوێنەری تورکیا بە دڵنیاییەوە هەست ئەکات دەبێ ئەوەش بڵێت، کە ناتوانێت لەوە بگات بۆچی حوکومەت دەبێ قوربانی بە بەرژەوەندی موسڵمانان بدات بۆ ئەو مەبەستە. من تەواو سوپاسگوزارم بیرتان هێنامەوە، کە کارگێری و کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە سەختە هەمیشە سەرچاوەی ئاڵۆزی بووە بۆ حوکومەتی تورکیا. من ناتوانم هیچ کێشەیەکی تەواوم بیرم بێتەوە، کە دوچاری کارگێڕیی تورکیا بووبێت، کە سەدان ساڵە لەو ناوچەیەدایە و کارێکی مەحاڵە کارەساتێ بێتەوە یاد، کە دوچاری فەرمانبەرانی تورك بووبێت لەوێ، جگە لە پێزانین و رێزگرتن نەبێ. بەهەرحاڵ ئەگەر ئاڵۆزی کارگێڕیی ببێتە هۆی بەدەستەوەدانی ناوچەك، ئەوا من لای خۆمەوە ئەوە دێنمەوە یادتان، کە تاوانکاری و یاخیبوون، کە بە فراوانی لەکاتی چوار یان پێنج ساڵی رابردودا لە عێراق دوچاری کارگێڕیی بریتانیا بووە.

"هەروەها من حەزدەکەم ئەوەش بڵێم، کە نیستۆریەکان هێشتا لە خاکی تورکیادا دەبنیت، کە لەوپەڕی ئارامی و گەشەکردندا سەدان ساڵە ژیان بەسەردەبەن، بە مەرجێ ئەو هەڵەیەیان دووپات نەکردبێتەوە، کە بەهاندانی بێگانە، لە سەرەتای جەنگە مەزنەکەدا کردیان."

لە کۆبوونەوەی 24/مەی/مایس، سێر پێرسی کۆکس- *Sir Percy Cox* لەسەر یاداشتەکەی فەتحی بەگ لەبارەی کێشە نوێکەوە، ئەم تێبینیانەی لای خوارەوەی هەبوو: "دێتەوە یادم، کە بەڕێزتان هێماتان کرد بۆ ئەو بەڵگانەی لەلایەن لۆرد کورزنەوە لە لۆزان پێشکەشکراوە، کە ناکرێ بکرێتە پاڵپشت بۆ ئەو هێڵی سنوورییەی ئێستا داوادەکرێت. من دەمەوێت ئەوەت بێنمەوە یاد، کە لۆرد کورزن- *Lord Curzon* ، کاتێ هەڵوێستی خۆی لەبارەی ویلایەتی موسڵەوە بە پاکی راگرتبوو، هەوڵی ئەوەی نەداوە وەسفی هێڵی دیاریکراوی سنووری باکووریی بکات، ئەو ئەرکەی بە مەبەست

جێهێشتووە بۆ شارەزایانی هەردوو لا. هەرچەندە وا پێویستی دەکرد کەمێ گۆڕانکاری لە پلانەکەدا بکرێت، کە لۆرد کورزن- *Lord Curzon* لە لۆزان کێشاوێتی، وەك ئەنجامی دیاریکردنی بەیاناتی زیاتری داتای تۆپۆگرافیاکەی لەم دواییەدا بەدەست هێنراوە و زۆر پێویستە بۆ پاراستنی چارەنووسی ئاسووریەکان. حوکومەتی خاوەن شکۆ بڕیاری دا ئیدی داوای ئەو هێڵە بکات، کە من لە دووەم کۆبوونەوەماندا خستمە بەر دەستان."

سێر پێرسی کۆکس- *Sir Percy Cox* ئینجا وتی، کە نیاز نەبووە ئەو ناوچانەی بابەتی پرسە بخرێنە ژێر چاودێری بریتانیاوە، **یان قوربانی بە بەرژەوەندی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی کورد بدرێت لە پێناوی بەرژەوەندی ئەو کەمایەتیە مەسیحیەی ویلایەتی موسڵ.**

**کوردەکان بەتەواوی رازی بوون بە ئۆتۆنۆمی ناوخۆ، کە پێیان دراوە** و مەسەلەی ئاسووریەکانیش لەوەوە وەرگیراوە، بە ئاوێتەکردنی لەگەڵ سەلمێنراوە پەسندەکاندا لە رووی تۆبۆگرافیا و ستراتیجیەوە و ئەوەش پشتبەستە بە داواکەی حوکومەتی بریتانیا بۆ هێڵی سنوورێك، کە کەمێك دەچێتە پشتی هێڵی بنەچەیی پێشنیارکراو، کە ئەو هێڵە لەوانەیە کۆمەڵگایەکی تەنیا دامەزرێنێت، یان لە راستیدا لەماڵە کۆنەکانی خۆیاندا یان لە دەوروبەریدا، لەو ناوچەیەی، کە پەیوەندە بە ئینتیدابی بریتانیاوە لەژێر چاودێری کۆمەڵەی نەتەوەکاندا. فەتحی بەگ بە ئاشکرا وتی، کە نیستۆرییەکان لە خاکی تورکیادا هەموو ئارامی و پێشکەوتنێکیان هەیە، کە لە کۆنەوە لەگەڵیدا دەژین، بە مەرجێ ئەو چالاکیانەی سەردەمی جەنگ دووپات نەکەنەوە، ئەوەش لەگەڵ ئارای تایبەتی نیستۆریەکاندا ناگونجێ. دیمەنی ئەو ستەمەی لە رابردوودا بە دەست تورکەکانەوە چەشتویانە هێشتا لە بیرو هۆشیاندا زیندووە، ئەوەش تەواو پێچەوانەی ئەوەیە، کە فەتحی بەگ دەیڵێت.

ئەو وتووێژانەی لە دوا رۆژی کۆنفرانسەکەدا کرا، لەبارەی هەندێ بۆچوونی تایبەتەوە بوو لە چەند روویەکەوە.

فەتحی بەگ وتی، کە کۆنفرانسەکە بەپێی مادەی سێی پەیمانی لۆزان بەستراوە بۆ گەیشتن بە رێکەوتنێکی هاورێیانە لەبارەی سنووری نێوان تورکیا و عێراقەوە، وتەکەی بەوە دەستی پێکرد، کە "سنووری باکووریی عێراق بە شێوەیەکی گشتی، وەك هەموو کەس دەزانن، هاوجوتە لەگەڵ ئەو هێڵەی خراوەتە بەردەمی کۆنفرانس." بۆ گەواهی وتەکەی، ئەوەی لە ئینسیکلۆپیدیای بریتانیاوە وەرگرتووە.

ئینجا وتی " تا دەگەینە رێکەوتنێك بە گوێرەی دیاریکردنی سنوورەوە، ویلایەتی موسڵ، لەگەڵ ئەوەی لەژێر دەستەڵاتی کاتیی بریتانیادایە، بەپێی یاسا بەشێکە لە تورکیا.

لە کاتێکدا نوێنەری تورکیا تەنیا مەسەلەکەی خستە روو، کە بڕیارە لە چوارچێوەی پەیمانەکەدا لێیبکۆڵرێتەوە، کەچی نوێنەری بریتانیا لە میانەی داوای دەست هەڵگرتن لە ناوچەیەکی تری سەر بە تورکیا، کە ویلایەتی هەکارییە و بەوەش مەسەلەیەکی نوێی هێنایە پێشەوە، کە کەسی تر بە بیریا نەهاتووە لە کاتی کۆنفرانسی لۆزاندا مەسەلەی ئاوا بوروژێنرێ و کەس ناتوانێ لە ناوەرۆك، یان لە دەقی پەیمانەکەوە ئەوە بەرهەم بێنێت. ئەگەر حوکومەتی بریتانیا سووربێت لەسەر ئەوەی، کە لە ئامانجی کۆنفرانسەکە بچێتە دەرەوە، لە میانەی دارشتنی داواکاری نوێ و بیبەستێتەوە بە ویلایەتی هەکارییەوە، ئەوا دەتوانین بەکورتی بڵێین بریتانیا حەزدەکات کۆنفرانسەکە سەرکەوتو نەبێت. بڵاوکراوەی حوکومەتی بریتانیا مافی خۆیەتی داوای مەسەلەیەکی گشتگیرتر و زیاتر لەجیاتی عێراق پێشکەش بکات، بەڵام کاتێ ناکۆکیەکە خرابێتە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئیدی ناتوانێت هیچ شتێکی تر لە دەرەوەی سنووری بابەتی مەسەلەی ناکۆکیەکە بێنێتە کایەوە، ئەم جۆرە جارِدانە پێچەوانەی برِگەی سێی پەیمانی لۆزانە.

کاتێ تورکیا رازی بوو بە ناوبژیوانیی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ناکۆکیەکەدا، بە هیچ جۆرێ ئامادە نییە بەرەنگاری داواکاریی بێسنووری ناوچەیی تر بێتەوە و هەروەها ناتوانێت رازی بێت لەسەر وتووێژی هەر پرسێك، کە مادەی سێی پەیمانی لۆزان

نەیگرێتەوە. لە راستیدا بەپێی مادەی 16، تورکیا وازی لە هەموو ماف و داوایەك هێنا، کە پەیوەندە بە عێراقەوە، بەپێی ڕێبازی پەیمانەکە ئەوە بە بنەما دانانرێت تا سنووری نێوان تورکیا و عێراق دیاری نەکرێت. لەبەرئەوە راست نییە واز لە پارچە زەوییەکی تر بهێنرێت، کە کەوتبێتە لای باشووری سنوورێکەوە هێشتا دیاری نەکراوە یان نەناسێنراوە.

ئیدی ئەوە ئاشکرابوو، کە نوێنەری بریتانیا پرسێکی نوێی هێنایە پێشەوە، لەوەپێش کەسی تر بە بیریدا نەهاتووە و بەهیچ جۆرێ پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە تا بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکان.

سێر پێرسی کۆکس- *Sir Percy Cox* وەڵامی جارنامەکەی فەتحی بەگی لە میانەی لێکۆڵینەوەکەدا بەم شێوەیە دایەوە، بەو تێبینیە دەستی پێکرد، کە ئەگەر هەرکەسێ واهەست بکات سنووری باکووریی عێراق دەبێتە سنووری باکووریی ویلایەتی بەغدا، ئەوا ناکرێ بیروبۆچوونەکەی بە هەند وەربگیرێت.

"عێراق، کە ئێمە تاوتێی مەسەلەکەی دەکەین، ئەو خاکەیە، کە دوای جەنگ خاوەن شکۆی بریتانیا بەرپرسیارێتی ئەوەی پەسەند کرد تا بیخاتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکان و ئەو ناوچەیەی لە لۆزاندا وتووێژی لەبارەوە کراوە، تا هەندێ گۆڕانکاری لاوەکی پێویست لە ناوچەکەیدا بکرێت- ئەو گۆڕانکاریانەی، کە حوکومەتی خاوەن شکۆ پێی رازییە، لەسەر رۆشنایی پشکنین و بەدواداچوونەکانی ئەم دواییە."

بەهیچ جۆرێ مەسەلەیەك نەبووە، کە ویلایەتی موسڵ بۆ تورکیا بگێڕێتەوە.

بەپێی بۆچوونی فەتحی بەگ، داواکردنی خاکێك، کە دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتی هەکاری پێچەوانەی ناوەرۆك و دەقی پەیمانەکەی لۆزانە. بەڵام سێر پێرسی کۆکس- *Sir Percy Cox* وەبیری فەتحی بەگی هێنایەوە، کە لۆرد کورزۆن- *Lord Curzon* هەرگیز سنوورێکی تەواوی لە لۆزاندا دیاری نەکردووە.

لەبەرئەوە دڵنیایە لەوەی، کە ئەو هێڵەی بۆ نوێنەری تورکیا پێشنیارکراوە هاوجووتە لەگەڵ ناوەرۆك و دەقی پەیمانەکەدا.

لە ئەنجامی ئەوەدا، وتی: ئەوەندەی ئەو دەیزانێت، هێڵی سنووری باکووریی ویلایەتی موسڵ هەرگیز بە هیچ شێوەیەکی هەمیشەیی یان کۆتایی دیاری نەکراوە. مەرجەکانی خێڵ و بارودۆخی سیاسی وای کردووە، کە پێویستە ئەو هێڵی دابەشبوونە ناجێگیر و شیاوی گۆڕان بێت. هەروەها لەسەر کاریگەریی دەستەڵاتی والی - حاکمە جیاوازەکان وێستاوە، لەسەر کارگێڕی و زوربەی بیروڕا کاتییەکانی تر. لەسەرو ئەوەشەوە، بەشی کارگێڕیی نێوان دوو پارێزگا لە هەمان وڵاتدا لە بنەچەدا جیاوازە لە سنووری نێودەوڵەتی لەنێوان دوو ویلایەتدا و ئەوەشی دووپاتکردەوە، کە سنووری هەمیشەی و کۆتایی هەرگیز دیاری نەکراوە. کەواتە تەنیا بۆ ئەو مەبەستەیە، مەحاڵە ئەو بیروبۆچوونە پەسەند بکرێت، کە داوای ئەوە دەکات وەك فەتحی بەگ بە بەشێك لە ناوچەی هەکاری دادەنێت، گوایە لەگەڵ مادەی سێی پەیمانی لۆزاندا ناگونجێت.

فەتحی بەگ وەڵامی دایەوە، ناتوانێت ئەوە پەسەند بکات، کە سێر پێرسی کۆکس- *Sir Percy Cox* بە گوێرەی گۆڕانکاری سنووری ویلایەتی موسڵەوە دەیڵێت، هەروەها وتی: ئەوەندەی ئەو دەیزانێت حاڵەتی ئاوا هەرگیز رووی نەداوە. مەسەلەی ئاسووریەکان دیسانەوە لەلایەن هەردوو حوکومەتەکەوە بەرزکرایەوە، کاتێ، کە ناکۆکیەکە خرایە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان. لەژێر ناونیشانی بەڵگە سیاسیەکاندا، یاداشتەکەی بریتانیا لە 14/ئۆگۆست/ئاب/1924دا، بۆ دیاریکردنی ناوچەی ئاسوورییەکان چەند بتوانرێت بۆ عێراق، ئەم هۆیانەی لای خوارەوەی دیاری کردووە:

لەگەل ئاستی دەرکەناریەکەی لە ناوجەرگەی وڵاتدا لەژێر فەرمانی تورکیادا، گەلێکی بچوکی وەك ئاسووریەکان، لە سەرەتای رۆژانی یەکەمەوە لە جەنگە مەزنەکەدا بڕیاری دا بچێتە پاڵ هاوپەیمانەکان، تا هەلێك بەدەست بێنن بۆ جیابوونەوە لە دەستەڵاتی ئەوانەی، کە مێژووی رابردوویان رابەری کردوون بۆ ئەوەی وەك چەوسێنەری هەمیشەیی بیانبینن. بەرگەی ئازارێکی زۆریان گرتووە وەك ئەنجام بۆ ئەو بڕیارە. ئەوان لە ولاتی خۆیان راودەنران و لە هەڵهاتنیاندا بۆ عێراق بە هەزارانیان لێدەمرد.

لەم سەردەمەی ئێستادا بەشێکیان سەرکەوتون لە جێگیربوونیاندا لە بەشی باشووریی وڵاتی تایبەتی خۆیاندا و بەشێکی تریان لەنێوان کورد و مەسیحیە کۆنەکانی نەوەی بنەچەیی وڵاتەکەدان، کە راستەوخۆ کەوتۆتە باشووری ژینگە کۆنەکەیانەوە.

حوکومەتی بریتانیا هەست دەکات لەژێر بەهێزترین وابەستەییدا بۆ دابینکردنی نیشتەجێبوونیان بەپێی ئەو جاڕدانە گونجاوانە و خوازیاریی نەتەوایەتییان. داوای دامەزراندنی پاراستەیی بریتانیایان بۆ هەموو ژینگە کۆنەکانیان دەکرد.

حوکومەتی بریتانیا نەیاندەتوانی تەواوی ئارەزووەکانیان بهێنێتەدی و ئەوەش لەبەر چەند هۆیەك، بەڵام هەوڵی دا سنوورێکیان بۆ دابین بکات، کە هەندێ مەرج جێبەجێ دەکات و ئێستا داوا لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکەن بۆ دامەزراندنی ئەو سنوورە. دواتر، لە کاتێکدا پێویستی سنوورێکی باشتر بەپێی پەیمانەکە جێبەجێ دەکرا، لە هەمان کاتدا پێویستە بەپێی ئەو هۆیانەی لەبەردەستایە بڕیار بدات، کە ببنە کۆمەڵگایەك لەناو سنووری ناوچەیەکی دیاریکراودا، کە ئینتیدابی حوکومەتی بریتانیای بەسەرەوەیە لەژێر دەستەڵاتی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، ئەگەر لە هەموو حاڵەتێکدا لە ماڵەکانی باوباپیرانی خۆیاندا نەبوون، هەرچۆنێك بێت لە ناوچە گونجاوەکانی دەوروبەردا دەبن. بۆ کێشانی هێڵێکی زیاتر بەرەو باشوور لەو ناوچەیەدا، جگە لە زیانەکانی ئابووری و ستراتیجی، ئەو جۆرە مەترسیە لەنێوان ئاسووریەکاندا هیچ چارەیەکی بۆ نادۆزرێتەوە، بەڵام یا دەبێ پەنابەرنە بەر کۆچکردنی بەکۆمەڵ یان بجەنگن تا مردن، لە پێناوی ئەوەی بەرگریی لە رەسەنایەتی خۆیان بکەن. کەواتە ئاسایش و گەشەکردن لەسەر ئەم بەشەی سنوورەکە مەحاڵ دەبێت.

لەنێوان بەڵگە جیۆگرافیایی و ستراتیجیەکاندا، یاداشتی بابەتی پرسەکە هۆی تر بۆ پشتگیری لە سنووری پێشنیارکراو پێشکەش دەکات- واتە، گەلی ئاسووری جەنگاوەر دەیانویست لایەنگیریی عێراق بەپێی چەند مەرجێك بکەن و کۆمەڵگایەکی سەر سنووری گرنگ بۆ دەوڵەتی عێراق پێکبهێنن.

یاداشتەکەی تورکیا لە 5/سێپتەمبەر/ئەیلول/1924، دەڵێت: داواکردنی بەریتانیا بۆ ئەو ناوچانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری ویلایەتی موسڵەوە، بەشێوەیەکی ئاشکرا زیادەڕۆیی سنووری پرسەکەیە، کە هەردوولا رازی بوون بیخەنە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان. ئەنجومەن بەپێی ئەوە تەنیا پێویستە بڕیار لەسەر داوای بریتانیا بدات بە بڕی ئەوەی، کە لە سنووری پرسەکەی، کە بابەتی لێکۆڵینەوەیە.

بۆ پشتگیری لەم بیروبۆچوونەی، کە لە یاداشتەکەدا بە دەربڕینی جیاواز لەلایەن لۆرد کورزۆنەوە بەکارهاتووە، ئەوە پێشان دەدات ناکۆکیەکەی نێوان هەردوو لایەنەکە بە شێوەیەکی تایبەتی پەیوەندە بە ویلایەتی موسڵەوە. بە هێماکردن بۆ ئەو بەڵگانەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیەوە پێشکەکراوە، یاداشتەکە تێبینی ئەوە دەکات هەر سۆزێك، کە حوکومەت هەیەتی بۆ ناموسڵمانەکانی ناو ویلایەتی موسڵ، کە لە کاتی جەنگدا چوونە پاڵ هاوپەیمانەکانەوە، ئەو سۆزە ناتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی ناوچەیەکی فراوان لە تورکیا بکاتەوە، کە یەك بەش لە حەڤدە بەشی دانیشتوان پێکدەهێنێت. لە سەرو ئەوەشەوە، نیستۆریە ئاسووریەکان نەوەی ویلایەتی موسڵ نین. ئەگەر ئەوان ناچاربوون وڵاتی بنەچەیی خۆیان لەکاتی جەنگدا جێبهێڵن، هۆکەی ئەوەیە، کە چەکیان دژی هاوڵاتیە موسڵمانەکانی خۆیان هەڵگرتووە. هەرچەند ئەوان لە ژمارەدا کەمن، بەڵام سەدان ساڵە لە ژیانێکی پڕ لە گەشە و ئاسایشدا لەنێوان هاوڵاتیانی موسڵماندا ژیان بەسەردەبەن.

پێشنیاری حوکومەتی بریتانیا بۆ کۆکردنەوەی ئاسووریەکان و کردنیان بە یەك پارچەی یەکگرتو لەسەر سنووری نێوان تورکیا و عێراق، (وای پێشان دەدا)کە مەبەستێکی دیاریکراوی لەو خواستانەی ئەو کۆمەڵگەیەدا نییە، لە راستیدا ئەو خواست و ئارەزووانە هانی داوە بۆ ئەو پێشنیارانە و نەك شتێکی تر. کۆکردنەوەی دروستکراو لەسەر سنووری ئاسووریەکان، کە دژی کوردەکان بەکاردێت و، کە لەلایەنی گیانی دوژمنایەتیەوە دژی تورکیا بەکاردێت، بە دڵنیاییەوە ناتوانرێ چاوەڕێی ئەو بەرئەنجامەی لێبکرێت، کە حوکومەتی بریتانیا تەمەننای بەدەستهێنانی دەکات- واتە

دامەزراوەی ئاشتی هەمیشەیی لەم ناوچانەدا، پەیوەندی باش لەنێوان تورکیا و عێراقدا و توانای پاراستنی بوونی ئاسایش بۆ ئاسووریەکان.

- **بڕیارەکان و بەرئەنجامەکان**

ئاستی ئاسووریەکان لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا لە بەشێکی تری ئەم راپۆرتەدا روونکراوەتەوە. ئێمە لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە، کە ئەوان لەژێر دەستەلاتی سەرۆك قەشەکانیان، یان (پەتریارك)ەکەیاندا هەستیان بە سەربەستیەکی تەواو کردووە، هەروەها کاربەدەستانی تورکیا بە دەگمەن سەردانی ولاتەکەیانی کردووە. ناکۆکی نێوان کورد و ئاسووریەکان بەهەرحاڵ لەوەدەچێت بەردەوام بێت.

سالێك پێش جەنگ پڕوپاگاندەی روسیا لەسەر ڕێڕەوی ئاینیی دەستی پێکرد و بە روونی دەبینرا، لە بەهاری 1915دا هێزی روسیا بەرەو جۆلامێرگ هاتەپێشەوە و پەیوەندی کرد بە ئاسووریەکانەوە، کە بە هاندانی سەرکردەی روسەکان هێرشیان کردە سەر تورکەکان. کەمێ دوای ئەوە، کاتێ، کە روسیا کشایەوە، ئاستی ئاسووریەکان لەبەردەم مەترسی هێرشێکی گەورە و فراوانی هێزی تورکادا لاوازبوو، بۆیە ناچاربوون دوای شەش مانگ لە شەڕێکی سەختدا لەگەڵ خێزانەکانیاندا بکشێنەوە بۆ ناو ولاتی فارس.

بە گەیشتنیان بۆ ولاتی فارس، هەرچۆنێ بێت یارمەتی روسیایان پێگەیشت، کە چەند هێزێکی ئاسووریان لێپێکهێنان. ئەم هێزانە لەژێر رابەرایەتی سەرکردە روسیەکاندا دەجەنگین، تا سوپای قەیسەری هەڵوەشایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەتالیۆنێك راستەوخۆ لەژێر دەستەلاتی پەتریارکی ئاسووریەکاندا بوو. لە سەرەتای یەکەم بەشی ساڵی 1918 دامەزراوەکانی ئاسووری چوونە ناو هێزێکی نادەستوورییەوە، کە لەژێر فەرمانی سەرۆکێکی روسیدا لە ولاتی فارسدا مابووەوە، ئەمانە بەرگرییان لە دەشتەکانی ورمێ و سەڵماس دەکرد دژی تورکیا. ئاستەکەیان تا دەهات سەخت تر دەبوو، بەشێکی بەهۆی ناکۆکیەکانی نێوان ئەوان لەگەڵ کوردەکان و بەشێکی تریان لە ئەنجامی دەست

تیۆەردانی دەستەڵاتی فارسەوە، کە دەیویست ئەو هێزەی لە وڵاتی فارسدا چالاکی دەکەن چەکیان بکات. دەوروبەری کۆتایی مانگی گەلاوێژ ئاسووریەکان ناچاربوون بەر لە هێرشی تورك و کورد و فارس بکشێنەوە و ویستیان پەنابەرنە بەر ناوچەیەك، کە لەلایەن هێزەکانی بریتانیاوە داگیرکراوە. ئەو ئاسووریانەی، کە لە وڵاتی فارسدا نیشتەجێ بوون، وەك رێکخراوەکانی ئەرمەنی، لەسەرەتاوە هاوبەشیی جەنگیان دژی تورك کرد، هەمان چارەنووسی ئازاراویی ئاسووریەکانی تورکیایان هەبوو.

لە میانەی گەڕانەوەیاندا، ئاسووریەکان دووچاری گەورەترین ئازار و ئەشکەنجە بوون، زۆریان لە شەڕدا کوژران، ئەوانی تر لە برسا و لە بێدەرامەتیدا مردن، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی 50.000 کەسیان سەرکەوتو بوون لە گەیشتنیان بە هەمەدان لە نیوەی ئۆگۆست/ئاب/1918. لە هەمەدانەوە وردە وردە دەیانناردن بۆ سەربازگەی باقوبە لەسەر رووباری دیالە، کە نزیکەی 50 کیلۆمەترە لە بەغداوە. دەستبەجێ دوای ئاگربەست، پلانێك پێشنیارکرا بۆ گەڕانەوەی ئاسووریەکان بۆ نیشتمانی خۆیان، بەڵام ئەوەی سەلمێنرا مەحاڵ بوو ئەوە رووبدات، بە زۆریی بەهۆی ئەو ئاژاوانەی نێوان کوردەکانەوە. وەك بەرئەنجامی ئەو ئاژاوانەی لە ئامێدی لە جولای/ گەلاوێژ/1919، حاکم یان بەرپرسی شارستانی پێشنیاری بۆ دەستەڵاتی سەربازیی کرد، کە ئەوان پێویستە هەموو موسڵمانە کوردەکان لە ناوچەی ئامێدی دووربخەنەوە تا شوێن هەبێت بۆ ئەو ئاسووریانەی لە باقوبەدا کۆبوونەتەوە. لەو حاڵەتەدا دەکرێ هەموویان لە ویلایەتی موسڵدا نیشتەجێ بکرێن. ژمارەی خێزانە کوردەکان، کە دەگوێزرێنەوە بە 2.000 خێزان دیاری دەکرێت. بەهەرحاڵ حوکومەتی بریتانیا لەو کاتەدا نەیدەویست هیچ بڕیارێکی هەمیشەی لەبارەی ئەو پرسەوە بدات. ژمارەی ئاسووریەکان لە باقوبەدا لە کۆتایی 1919دا 35.000 کەس بوون، کرابوون بە دوو بەشەوە، بریتی بوون لە ئاسووریەکانی هەکاری و ورمێ لە وڵاتی فارس.

لە بەهاری 1920دا پەترۆس ئاغا، کە یەکێکە لە چیانشینەکانی ئاسووری لە خێڵی باز، ئەوەی وەك فەرمانڕەوای بەشێك لە هێزی ئاسووری رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە کاتی

جەنگدا، بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاسووری لە مێشکدا بوو لەسەر سنووری تورکیا و وڵاتی فارس، تا ماوە بدات بەوانەی، کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان لەناو چیاکانی ویلایەتی هەکاریدا. ئەو پلانە بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی عەرەب لە 1920دا، (واتە شۆڕشی بیست لە عێراق) دەست نرایە بینی و لە ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەمدا ئەو بیرە بەهۆی بێتوانایی پەترۆس ئاغا و بەرگری کوردەکان لە ناوچەی باکووری ئاکرێدا پوچەڵ بووەوە. هەروەها **لە کاتی شەڕدا ئاسووریەکان زۆر ناوچەی کوردنشینیان تالآن کرد، کە ئەوانە هەرگیز هاوبەشی ئەو دوژمنایەتیەیان نەکردبوو.**

دوای ئەوە حوکومەت ناچاربوو هەوڵی تر بدات. بڕیاری دا چارەسەری مەسەلەی خێڵە ئاسووریەکان بە خێڵەکان بکات و وردە وردە ناوچەکەیان بەرەو باکوور درێژ بکاتەوە. لە هاوینی 1921دا 7.500 کەس بەو جۆرە نیشتەجێ کرا، هەندێکیان لە دەوروبەری زاخۆ و دوهۆك و ئامێدی و هەندێکیش لە ناوچە زیاتر باکووریەکانی بەرواری باڵآ و تیاریی سەرو و خوارو. ژمارەیەکی زۆر لە ئاسووریەکان چوونە ناو هێزی لیڤیەوە (لیوی). حوکومەت زیاد لە 1.900 چەك و بڕێکی دیاریکراو لە تەقەمەنی لەناو خێڵە ئاسووریەکاندا دابەشکرد، کە گەڕابوونەوە ماڵەکانی خۆیان لە باکووری سنووری ویلایەتی موسڵ.

لە ئەپریل/نیسان/1924دا، ژمارەی ئەو ئاسووریانەی لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون، کە لەژێر کارگێڕیی عێراقدایە و ئەو ناوچە باکووریانەی ئێستا داوادەکرێت بەم شێوەیە دەخەملێنرێت:

| | |
|---|---|
| لە وڵاتی فارسەوە | 5.000 |
| لەو ناوچەیەی لەم دواییەدا داوادەکرێت | 14.000 |
| لە ناوچەی تورکیاوە باکووری ئەو ناوچانە | 6.000 |
| کۆی گشتی | 25.000 |

ئەوانەی کۆمەڵەی دووەم، 7.500 کەس پێشوتر لەو ناوچەیەی لەلایەن ئەستەنبوڵەوە داوادەکرا نیشتەجێ بووبوون. گەڕانەوە بۆ لای باشوورهێڵی پەیمانەکە، کە لە ئەنجامی

ڕووداوەکانی، کە لە 1924دا ڕوویدا. ئەوە خواستی حوکومەتی بریتانیش بوو، کە چەند خەنگاوێ بنێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئاسووریانەی لە وڵاتی فارسەوە هاتوون بیانگێڕێتەوە بۆ وڵاتەکانیان. پەیوەندی نێوان ئاسوورییەکان و خەڵکە موسڵمانەکە هەمیشە وەك پێویست ئەوەندە باش نەبووە. لە دید و بۆچوونی دەستەڵاتەکانەوە، بەشێکی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوەیەی، کە ئاسوورییەکان خۆیانی پێ دەردەخەن، کە ڕەوشتێکی شەڕەنگێزییان هەبووە و لە هەڵسوکەوتدا توند و تیژ بوون. لە ئۆگۆست/ئاب/1923دا، شەڕێك لە نێوانی عەرەبەکان و سەربازە ئاسوورییەکاندا لە بازاڕی موسڵدا بەرپا بوو. لە هەمان مانگدا خۆپیشاندانێك دژی ئەو 800 ئاسووریە کرا، کە لە ئەستەنبوڵەوە گەڕێنرابوونەوە بۆ نیشتمان. لەوەش مەترسیدارتر یاخی بوونی ئەو دوو بەتالوینە ئاسووریە بوو لە سەربازگەی کەرکوك. ئەو ڕووداوە، کە لە مەی/مایس/1924دا ڕوویدا، لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان سەربازانی ئاسووری و بازرگانانی موسڵماندا بەرپابوو. لەگەڵ ئەو هەوڵ و کۆششەی ئەفسەرەکانیان و ئەوانەی پلەی ئەفسەرییان نەبوو، کەچی سەربازە ئاسوورییەکان دەرپەڕینە دەرەوە بۆ ناو شار و تەقەیان لە هەموو موسڵمانێك دەکرد، کە دەیانبینین و ماڵ و دوکانەکانیان تالان کردن. خەڵکێك بریندار بوون، هەندێ کوژران و هێزی بریتانیاش دەبووایە فڕۆکە بنێرێت تا بارودۆخەکە ئارام بکاتەوە. ئەمەی، کە لە خوارەوە دێت ئەو سەربەستییەیە، کە ئاسوورییەکان لە عێراقدا هەیانبووە: ناکۆکییەکانیان لە لایەن حاکمانی هاوڕەگزیانەوە دابین دەکرا، سەرۆکەکانیا ئاستی فەرمی یان نیمچە فەرمییان هەبووە و دە یەکی باجی ڕەشەوڵاخیان بە یارمەتی پۆلیس کۆدەکردەوە، کە خۆیان لە خێڵە تایبەتیەکانی خۆیان هەڵیاندەبژاردن. ئەم بارودۆخە، بەهەرحاڵ، دەبوو بگۆڕایە بەهۆی دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لێیان وەك ئەنجامی ڕووداوە سنوورەکان، کە لە پایزی 1924دا ڕوویدا.

ئەو خێزانانەی نازناوی سەرەك پەتریارکیان هەڵگرتبوو، تاکە دەستەڵاتی ئاسووری بوون، کە لەلایەن بریتانیا و دەستەڵاتی عێراقەوە دانی پیادا نرابوو.

مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغدا، لیژنەکەی لە خواستەکانی ئەو حوکومەتە ئاگادارکردەوە، لە کاتێکدا ئەو سنوورەی داوادەکرێ دەبێ بدرێت بە عێراق. ئەو ناوچەیەی راستەوخۆ دوای باشووری سنوورەکە دێت، دووبارە دەبێ لەلایەن خێڵە ئاسووریەکانەوە بەکاربێتەوە، کە لەوەپێش تێیدا ژیاون. لەم چرکەساتەدا ئەو ناوچەیە 10.500 کەسی تێدا دەژی، کە 750 کەسی مەسیحین. ئەو ئاسووریانەی ماڵەکانیان لە باکووری سنووری پێشنیارکراوە، لە دەوروبەری دوهۆك و ئامێدی نیشتەجی دەکرێن- لە مەودایەکی دیاریکرودا لە سنوورەوە. بەو جۆرە ئەوان دڵخۆش ناکرێن بە گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان لەناو خاکی تورکیادا، بۆیە دەبێتە هۆی بەرپابوونی رووداوەکانی سەر سنوور.

کۆی گشتی ئاسووریەکان، کە نیشتەجی بکرێن تەنیا نزیکەی 20.000 کەسن، ئەگەر ئاسووریەکانی وڵاتی فارس بگەڕێنرێتەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

بەپێی هەواڵێکی ئەم دواییە لە روسیادا ژمارەیەکی زۆر (نزیکەی 30.000) ئاسووریە تورکەکان تەمەننای ئەوە دەکەن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان بە مەرجێ لەژێر دەستەڵاتی تورکیادا نەمێنێت.

هەروەها دەستەڵاتی بریتانیا لیژنەکەی ئاگادارکردەوە، کە چارەسەری چارەنووسی بۆ ئاسووریەکان بەگشتی بەندە بەو بڕیارەی پەیوەندە بە سنوورەکەوە. ئەگەر ئەو ناوچەیەی لەلایەن ئاسووریەکانەوە بەکاردێت تایبەت نەبێت بە عێراقەوە، ئەوا ئەوان مەحاڵە هیچ ئۆتۆنۆمیەکیان پێببەخشن، چونکە لەو حاڵەتەدا نیشتەجێبوونیان لەگەڵ کەماتیە نەتەوەییە جیاوازەکاندا نییە. ئەگەر سنوورەکە بەرەو باشوور راکێشرا، ئەوا بەشێکی بچوکی خاکی پێشووی ئاسووریەکان دەکەوێتە عێراقەوە، ئەو کاتە مەحاڵە خاکێك بۆ ئاسووریەکان لە عێراقدا پەیدا بکرێت. پلانی نیشتەجێبوونی ئاسووریەکان بەندە بە پەسەندکردنی ئەو سنوورەی لەلایەن بریتانیاوە پێشنیارکراوە. تەنانەت ئەگەر خاکێکیشیان بۆ دیاریکرێت، ئاسووریەکان ناتوانن لە دەشتەکاندا بژین بەهۆی بارودۆخی ژینگەییەوە. کێشەکانی تر بەهۆی جیاوازی دابونەریتی نێوان عەرەب و

ئاسووریەکانەوەیە، کە کاردەکاتە سەر پەیوەندی نێوانیان، بەڵام دابونەریتی ئاسووریەکان و کوردەکان زۆرتر نزیك و هاوشێوەیە.

لیژنەکە دان دەنێت بە پێویستی پاراستنی گەلی ئاسووریدا، تا بتوانن بژین لە بارودۆخێکی زیاتر ئارام و گونجاودا، کە بتوانرێت بۆیان دابینکرێت.

بەهەرحاڵ، لیژنەکە واهەست ناکات، کە ئەو چارەسەرەی حوکومەتی بریتانیا پێشنیاری کردووە هاوجووتە لەگەڵ بڕوای یەکسانی، کە دەبێ فەرمانی پێبکرێت لە نیشتەجێکردنێکی شیاودا.

لە ئاستی یەکەمدا، رەخنەکانی حوکومەتی تورکیا بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانی ناوچەیەکی نوێ دوای کۆنفرانسی لۆزان بە هەموو پێوانەیەك بنەچەیەکی نییە. لە بەڵگەکانی کۆنفرانسەکەدا دەردەکەوێت، کە لە سەرەتاوە مەندوبی بریتانیا داوای سنووری باکووریی ویلایەتی موسڵی دەکرد وەك سنووری عێراق. ئەگەر هەر گۆڕانکاریەك باسکرێت ئەوانە گۆڕانکاریەکانی پەیمانی سیڤەرە، بەڵام بەپێی بڕیارەکانی ئەو پەیمانە قەزای ئامێدی دەبووایە بخرێتەوە سەر تورکیا.

لە نامەیەکی تردا لە رۆژی 26/دیسەمبەر/کانونی یەکەم/1922، لۆرد کوروزن- *Lord Curzon* داوا لە عیسمەت پاشا دەکات، کە شارەزایان دیاری بکەن بۆ تاوتوێکردنی وردەکاریەکانی سنووری باکووریی ویلایەتی موسڵ، کە لە پەیمانێکدا لە داهاتودا وەك سنووری نێوان تورکیا و عێراق دەچەسپێت. ئەوەش لەوە دەچوو بۆ پێشاندانی ئەوەبێت، کە هیچ شتێ بەخەڵدا نەهاتووە، جگە لە راستکردنەوەیەکی کەم، کە دەتوانرێت لەلایەن لیژنەی دیاریکردنەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بەهەرحاڵ، پێشنیارەکانی حوکومەتی بریتانیا، وەك لە ئەستەنبوڵدا خرایە روو، تا رادەیەکی زۆر تەنیا بەسەر راستکردنەوەکاندا تێپەڕیووە. بەپێی ئەوەی دەردەکەوێت هەندێ هۆ هەیە وا بۆی دەچێت، کە ئەو پێشنیارانەی لە ئەستەنبوڵدا خرایە بەردەست، مەسەلەیەکی نوێ دێنێتە پێشەوە و حوکومەتی تورکیا زەمینەیەکی باشی هەیە بۆ دانەدواوەی قسە لەسەرکردنی ئەوە.

ڕەخنەیەکی تر لە چارەسەرەکەی، کە حوکومەتی بریتانیا پێشنیاری کرد، ئەویش پەیوەندە بەو بارودۆخەی، کە بۆتە هۆی چەك هەڵگرتنی ئاسووریەکان دژی تورکیا. گومانی تێدا نییە، کە ئەو خەڵکەی هەستاون بە شۆڕشێکی چەکداری دژی حوکومەتی یاسایی بە هاندانی بێگانە و بەبێ هیچ وروژاندنێکە لەلایەن دەستەڵاتی تورکیاوە. هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە، کە بارودۆخی ژیانی ئاسووریەکان لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا لە راستیدا باشتر بووە لە بارودۆخی ژیانی مەسیحیەکانی تر، کە ئۆتۆنۆمی ناخۆیی بەرفراوانیان پێدان لەژێر دەستەڵاتی پەترپارکەکاندا.

لەم بارودۆخەدا بێویژدانیە گەر ناوچەیەك لە تورکیا بسێنیت، کە تایبەتە بەوەوە بەشێوەیەك، کە شیاوی قسە لەسەرکردن نییە، بۆ ئەوەی لەو ناوچەیەدا خەڵکانێ نیشتەجێ بکرێت، کە چەکیان دژی حوکومەتی خاوەن شکۆیان هەڵگرتووە. ئەوەش پاڵ بە لیژنەکەوە دەنێت بۆ ئەو ئەنجامەی، کە چارەسەری نمونەیی ئەوەیە، کە ئاسووریەکان ئەوەی لەلایەن نوێنەری تورکیاوە لە کۆنفرانسی ئەستەنبوڵدا پێشنیاری کردووە پەسەندی بکەن، بەوەی، کە ڕێگە بدرێن تا بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی پێشویان. لەم حاڵەتەشدا دەبێ ئەوەش زیادکرێ، کە پێویستە ئاسووریەکان هەمان ئۆتۆنۆمییان هەبێت وەك لەوەپێش و ئاسایشیان پێویستە دابین بکرێت بە دەرکردنی فەرمانی لێبوردنێکی گشتی.

### سێیەم: بەڵگە سیاسیەکانی تر

سەرەڕای بەڵگە سەرەکیەکە، کە لەسەر خواستەکانی دانیشتوان دامەزراوە، هەردوولا هەندێ تێبینی و هەڵسەنگاندنی سیاسی تریان پێشکەشکرد، کە پشتگیری لە دید و بۆچوونی تایبەتیان دەکرد.

حوکومەتی بریتانیا سوورە لەسەر ئەوەی، کە پەیوەندە بە سێ پەیمانەوە، کە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنەکانی لەگەڵ عەرەب و مەلیك فەیسەڵ و بەشێکیش لە

ئینتیدابەوە هەڵقولاوە. ئێمەش ئەم بەڵگانە چڕدەکەینەوە وەك ئەوەی لەلایەن نوێنەری حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەشکراوە:

لە کاتی جەنگدا، حوکومەتی بریتانیا رێکەوتنێکی لەگەڵ عەرەبی ناوچەکانی بابەتی پرسەکەدا کرد، پەیمانی پێ دابوون، کە نابێ دووبارە بخرێنەوە ژێر دەستەڵاتی تورکیا.

لە ئەپریل/نیسان/1920، لە سان ریمۆ، حوکومەتی بریتانیا ئینتیدابی (عەسبەی ئومەم) یان (کۆمەڵەی نەتەوەکان)ی بۆ عێراق پەسەند کرد. لە پایزی 1921دا، کۆمەڵەی نەتەوەکان هێشتا مەرجەکانی کۆتایی بۆ ئینتیداب دانەنابوو، حوکومەتی بریتانیای بانگکرد بۆ بەردەوام بوونی لە کاروباری ئیداریی لە ناوەرۆکی ئینتیدابی یەکەمدا، کە ئامادەیە بۆ بڕیاری کۆتایی ئەنجومەن.

لە ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم/1922، حوکومەتی بریتانیا پەیمانێکی لەگەڵ مەلیکی عێراقدا بەست، هەردوولا پەیمانیان دا، کە خۆیان هیچ ناوچەیەکی عێراق جێنەهێڵن یان بەکرێ نەیدەن بە وڵاتی سێیەم یان هیچ ناوچەك نەخەنە ژێر دەستەڵاتیەوە.

حوکومەتی بریتانیا بەو شێوەیە وابەستەی پەیوەندیەکی سێ قۆڵی بوو، ئەگەر موسڵ لە ناوچەی ژێر ئینتیداب جیابکرێتەوە و بدرێت بە تورکەکان، لەو کاتەدا ئەو قسەی دەشکێت.

بۆ ئەو بەڵگانە، فەتحی بەگ لە کۆبوونەوەی بیست و پێجەمینی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا لە سێپتەمبەر/ئەلول/1924، رەخنەی گرت، کە پەیمانی سێ قۆڵیی حوکومەتی بریتانیا ناتوانێت بەڵگەیەك دژی تورکیا پێکبهێنێت، چونکە لە راستیدا تورکیا بەپێی هیچ هۆیەکی نێودەوڵەتی وازی لە مافی خۆی نەهێناوە لە ویلایەتەکەدا. ئەوەش وەك ئەوە وایە، کە یەکێ ناوچەی یەکێکی تر بۆ بەرژەوەندی لایەنی سێیەم وازلێبێنێت، بەبێ رەزامەندی خاوەنە یاساییەکەی. بەڵام بە گوێرەی ئەو پەیمانانەی دراوە بە کۆمەڵەی نەتەوەکان، پێویست ناکات روونکردنەوە لەسەر ئەوە بدرێت، کە سنووری ناوچەکانی ئینتیداب لەلایەن کۆمەڵەوە دیاری نەکراوە. بە پێچەوانەی ئەوەوە، بریتانیا بە دەست پێشکەری خودی خۆی بڕیاری لەسەر مەودای ناوچەکە داوە ئەوەندەی

پەیوەندە بە سنووری باکووریی عێراقەوە. ئەو کارەش کاری یەك لایەنەیە و بە تەواوی و بەگشتی نایاساییە.

بەرزیی هێزی بەڵگەکانی تورکیا لەوەدەچێ زۆر ئاشکرابێت، بە شێوەیەك، کە نە پێویستی بە شیکردنەوەی ئەوەیە، کە هەردوو لایەنەکە پێشکەشیان کردووە و نە دەتوانرێت ددان بنرێت بەوەشدا، کە تورکیا وازی لە مافی خۆی لەبارەی ویلایەتی موسڵەوە هێناوە، چونکە لە زۆر بۆنەدا ئامادەیی خۆی پیشان داوە، کە بە تەواوی واز لەو ناوچانە دێنێت، کە تەنیا عەرەبی تێدایە. بەشێك لەو راستیە ئەوەیە، کە بەگوێرەی زووربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵەوە ناوچەیەکی کوردییە، ئەوەش ئاشکرایە، کە حوکومەتی تورکیا هەمیشە دەڵێت، کە ویلایەتەکە بەشێکی تەواوکەری تورکیایە. ئەو نە بە یاسایی و نەبە ئاکاریی بۆ بەرژەوەندی هیچ هێزێك وازی لە مافی خۆی نەهێناوە، کەچی وتەکەی حوکومەتی تورکیا، کە دەڵێت داخوازیەکەی تەنیا لەو ناوچانەدا چڕ دەبێتەوە، کە تەمەنناى گەڕانەوەیان دەکات، نیشانەی وازهێنانێکی ئاکاریی واتاییە.

بە شێوەیەکی روون، بۆیە ئەو ناوچەیەی لەلایەن بریتانیا و دەستەڵاتی عێراقەوە داگیرکراوە هێشتا بە یاسا دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا تا ئەو کاتەی واز لە مافی خۆی دەهێنێت. بەڵگەیەکی تر لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشەکەشکراوە، ئەوەش مافی داگیرکردنە، کە بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە:

ئەوە شیاوی کێشمەکێش نییە، کە هێزەکانی هاوپەیمانی ناچارکربوون بەبێ دنەدان لەلای خۆیانەوە بۆ بەرپاکردنی جەنگ بەسەر تورکیادا. جەنگیان بردەوە و هێزی بریتانیا، تورکیان لە وڵاتی میسۆپۆتامیا کردە دەرەوە. ئەوەی داوایان کرد سەرسوڕهێنەر بوو، کە هێزە بەزیوەکان دەبێ بە خواست و ئارەزووی سەرکەوتووان لەو ناوچانەی ئەوان داگیریان کردوون هەڵسوکەوت بکەن.

حوکومەتی تورکیا وەڵامی ئەو بەڵگانەی دایەوە، کە مافی داگیرکردن ئیدی لە سەدەی بیستەمدا ددانی پێدانانرێت. هەرچۆنێك بێت ئەوە بۆ ویلایەتی موسڵ گونجاو نییە، کە

دوای ئاگربەست داگیرکراوە و سەرپێچی مەرجەکانیەتی، هەر وەك چۆن لەگەڵ ئەستەنبوڵ و ئەزمیر و ئەدەنەدا روویداوە.

وەڵامی ئەم بەڵگەیەی دوایی، کە حوکومەتی بریتانیا هێمای بۆ کرد: یەکەم ، کە هێڵی ئاگربەست کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر دوا چارەسەری ئاشتیانە نییە، دووەم، کە بەپێی مەرجەکانی ئاگربەستەکە هێزی هاوپەیمانەکان رێگەدراون بۆ داگیرکردنی خاڵە ستراتیجیەکان، کە کەوتونەتە دوای هێڵی ئاگربەستەکەوە، ئەویش بۆ ئەو حاڵەتانەی ئەگەر حاڵەتێك هاتە پێشەوە و هەڕەشەی لە سەلامەتی هاوپەیمانەکان کرد. ئەوەش بوو ئەو حاڵەتەی، کە پەیوەندە بە مەسەلەکەی شاری موسڵەوە.

ئێمە بە پێویستی نازانین شیکردنەوە لەسەر دید و بۆچوونە دژەکان بکەین بەگوێرەی سەرپێچی کردنی مەرجەکانی ئاگربەستەکەوە. بەڵکو پێویستمان تەنیا بەوەیە، کە هێمابکەین بەوەی، کە داگیرکردنی شاری موسڵ و هەموو شارەکانی ناو میسۆپۆتامیا، کە قشڵە و سەربازگەی تورکیای تێدایە بەپێی مادەی 16 ی ئاگربەستەکە رێدراوە.

بەڵگەی پشتبەست بە مافی داگیرکردن، بە هەرحاڵ پرسێکە شیاوی سەرنجە، لەبەرئەوەی ماوەیەك دوای پەیمانی سیڤەر، بارودۆخی سیاسی ملکەچە بۆ ئەو گۆڕانە بنەڕەتیەی، کە وا هەست دەکرێ پێویستە کۆنفرانسێکی نوێ بێتە پێشەوە بۆ ئەوەی دووبارە بەسەر هەموو کارەکانی، کە لە سیڤەردا کراوە بچێتەوە. ئەو گۆڕانانە لە حاڵەتەکەدا لە ئەنجامی سەرکەوتنە سەربازیەکانی تورکیاوەیە، کە لەگەڵ ئەوەی ئەوان لە گۆڕەپانێکی جیاوازی جەنگدا بوون، ئاستێکی سەربازی نوێی دامەزراند بۆ هەموو ناوچەکانی، کە بەشێك بوون لە تورکیا یان گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا. ئەمە زۆر ئاشکرایە، کە یەکێکە لەو پرسانەی لە لۆزاندا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە.

بۆ بەرهەڵستی بەڵگەی مافی داگیرکردن، تورکیا بەڵگەی ئاشتی بەتینی پێشکەشکرد. ئەو بەڵگەی لە لۆزاندا پێشکەشکرا و فەتحی بەگ لە کۆنفرانسی ئەستەنبوڵدا دووپاتی کردەوە، لە هەمان کاتدا هیوای خواست، کە چارەسەرێك بۆ پرسی موسڵ بدۆزرێتەوە،

که ڕێگە واڵا دەکات بۆ تێگەیشتنێکی بەتین لەنێوان تورکیا و بریتانیادا. ئینجا وتی: (کەڵکەکانی ئاشتیەکی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتدا لە گرنگیە هەرە بەرزەکانە).

کەڵکەکانی ئاشتی هەمیشەیی ئاشکرایە گرنگیەکی هەرە بەرزی هەیە. ئەگەر ئاشتی بەردەوام بێ و ڕێگە واڵا بێت بۆ پەیوەندی دۆستایەتی، ئەوا لە بنەچەدا هیچ لایەنێك نابێ هەست بکات، کە سکاڵایەکی توندوتیژی هەیە. هەروەها ئاشکرایە، کە پێویستە دەوڵەتی عێراق، کە بوونی لە ڕاستیدا لەلایەن تورکیاوە ددانی پێدانراوە، نابێت بێبەشکرێ لە سەرچاوە پێویستەکان لەپێناوی پیشکەوتنیدا. ئەگەر بەشێك لە ویلایەتی هەکاری لە تورکیا سەندرابێت، ئەوا لەو ناوچەیەدا دەستدرێژی کراوەتە سەر مافی. خۆ ئەگەر ناوچەی دیالەش بدرێت بە تورکیا، ئەوا سەربەخۆیی عێراق دەکەوێتە مەترسیەوە. ئەگەر ئەو ددانی نا بەوەدا، کە تیۆریی ئاشتی هەمیشەیی، بەو شێوەیەی تورکیا پێشنیاری کردووە، لەوانەیە چارەسەری مەسەلەکە بێت، تاکە بەرئەنجام ئەوەیە، کە تورکیا لە هەموو ئەوانەی پێویستە دەبێ بێبەش بکرێت بۆ ئەوەی عێراق بتوانێت نەك تەنیا پەرەبسەنێت، بەڵکو هەروەها بۆ گەشەپێدانی سامانەکەشی.

### چوارەم: بڕیارەکان و بەرئەنجامەکان

ئەوەی قسەی لەسەر نییە ئەوەیە، تا تورکیا دەست لە مافەکانی خۆی هەڵنەگرێت شکۆی یاسایی خۆی بەسەر ناوچەی ناکۆکیەکەوە دەپارێزێت.

عێراق مافی یاسایی، یان مافی دەست بەسەراگرتنی بەسەر ئەو ناوچەیەوە نییە. دەوڵەتی عێراق لە کۆتایی دوژمنایەتیدا بوونی نابێت. عێراق "وەك ئەوەی لە ڕاستەقینەدا هەیە"(لۆرد پارموور- *Lord Parmoor* لە جنێڤ، 1924) تەنیا بریتیە لەو بەشەی وڵاتەکە، کە ناکۆکی لەسەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، کە لە ڕووی ڕەوشت بەرزییەوە مافی ئەو داوایەی هەیە، کە لەو کاتەی ئەو دروستبووە، پێویستە ئەو سنوورەی پێبدرێت، کە ڕێی پێدەدات بۆ ژیان، لە ڕووی ساسی و ئابوورییەوە. ئەوە لە ناوەرۆکدا، هەروەها پێویستیەکان دەخاتە ئەستۆی تورکیاوە، کە لە زۆر بۆنەدا ئەوەی

ڕاگەیاندووە، کە ئەو ئارەزوەکات عەرەب بڕیاری چارەنووسی سیاسی خۆیان بدەن. ویلایەتی پێشوی موسڵ ئێستا لەلایەن عێراق و بە یارمەتی بریتانیا دەبرێت بەڕێوە. لە نێوانی ئەو وڵاتانەدا پەیمانێکی هاوپەیمانی هەیە، کە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە 27/ سێپتەمبەر/ئەیلول/1924 شێوەی ئینتیدابی وەرگرتووە. ماوەی بەسەرچوونی ئەو پەیمانە چوار ساڵە دوای مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا. ئەگەر ماوەی پەیمانەکە تەواو بوو، عێراقیش نەبووبێت بە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا، ئەو کاتە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆی هەیە بڕیاربدات چی هەنگاوێکی تر لەو ڕووەوە بنرێت بۆ ئەوەی مادەی 22 لە ڕێکەوتنەکە کاری پێبکرێت. پێویستە ئەوەش بوترێ، کاتێ پەرلەمانی عێراق پەیمانێکی مۆرکرد، دەبێ بڕیارێك دەربکات، کە پێویستە پەیمانەکە پوچ بکرێتەوە و کاری پێنەکری لە حاڵەتێکدا، کە حوکومەتی بریتانیا سەرکەوتو نەبوو لە پاراستنی بەرژەوەندی عێراق لە تەواوی ویلایەتی موسڵدا. ئەو ڕاستیانە بەیاد دێنینەوە، چونکە بوونی ئیتیداب لەوانەیە کاریگەریی لەسەر کۆتایی هێنان بە مەسەلەکە هەبێت، لە دیدی کاریگەریە گرنگەکانیەوە لەسەر مەرجەکانی ناوخۆ لە عێراقدا.

گومانی تێدا نییە، بە بەراورد بە مەرجەکانی بەر لە جەنگ، پێشکەوتنێکی زۆر بەرچاو لە ویلایەتەکەدا بەگوێرەی سیاسەتی ناوخۆوە بەرهەم هاتووە. ئاسایشی گشتی زۆر باشتر بووە لەوەی پێشو، هەروەها کارگوزاری تەندروستی و فێرکردن چاکسازی کاریگەری تێدا کراوە و تەنیا یەك نمونە لەو ڕووەوە بەسە: ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی لە ویلایەتی موسڵدا دووچەندانە بووە و ژمارەی قوتابیان، کە ئامادە دەبن چوار ئەوەندەیە، لەو کاتەوەی ئیدارەی تورکیا کۆتایی هاتووە. بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان گومانمان لە توانای کاربەدەستانی عێراقی نییە بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش بوترێ، کە ئەو سەرکەوتنانە لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی بریتانیاوەیە.

باری ناوخۆ لە وڵاتی عێراقدا، بەهەرحاڵ، لە نائارام دەچێت. ئەوانەی، کە رابەریی حوکومەت دەکەن گومانمان لە نیاز پاکیان نییە، بەڵام توانا و تاقیکردنەوەی سیاسیان کەمە. کێشە توندوتیژەکان زیاتر بەهۆی ناکۆکی نێوان سونە و شیعەوە بەرپادەبێت، ئەمەی دواییان (واتە شیعە) دوورترە لە بیروباوەڕی چاکسازی نوێ لە چاو سونەدا. دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت، کە شیعە لە ویلایەتی بەغدا و بەسرەدا زۆرینەن، لە کاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ سونەیە. پەیوەندی نێوان کورد و عەرەبیش هەروەها نائارامە، حکومەتی عێراقی تا کاتی سەردانی لیژنەکەش نەیتوانیوە، کە ئیدارەی عێراق لە لیوای سلێمانیدا دابمەزرێنێت، کە هێشتا لەلایەن کاربەدەستانی بریتانیاوە بەڕێوەدەبرێت. لیژنەکە باری سەرنجێکی وێناکرد، کە ئینتیداب، لە شێوەی پەیمانەکانی ئێستادا و دەبێ لەو شێوازەدا پارێزگاری لێبکرێت بۆ نزیکەی نەوەیەك(جیل) لە پیناوی رێگەدان و پشتگیری و گەشەکردنی دەوڵەتێکی نوێ.

بە رای زۆر لەو خەڵکانەی راوێژمان پێکردون، مەترسی هەڕەشە لە بوونی دەوڵەت دەکات، لە کاتێکدا، کە دوای چەندساڵێك پاراستنی ئینتیدابی کۆمەڵەی نەتەوەکان بکشێتەوە.

ئەوە ئاشکرایە، بەگوێرەی ئەوەوە، کە ئابووری و کەڵکەکانی تر، کە ویلایەتی موسڵ وەك گشت لە یەکێتی لەگەڵ عێراقدا وەریدەگرێت، دەگۆڕێت بە کێشەی سیاسی زۆر توندوتیژ ئەگەر پیویست بوو ئینتیداب کۆتایی بێت بەرلەوەی عێراق بگاتە ئەو قۆناغەی بەبێ یارمەتی کۆمەڵەی نەتەوەکان وەك حوکومەتێك خۆی ببات بەڕێوە. لەو حاڵەتەدا باشترە ویلایەتی موسڵ بخرێتە ژێر پاراستنی تورکیاوە، چونکە ئەو کاتەوە بارودۆخی سیاسیی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا لە ئارامیەکی زیاتردایە، لە بەراوردا لەگەڵ عێراقێکدا ئەگەر خۆی بۆ خۆی جێیبهێڵن.

هەروەها هەستی میللی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا لەوانەیە وەك رابەرێك کاربکات لە دۆزینەوەی چارەسەردا و کاری ئەو نییە دەستدرێژی بکاتە سەر مافی هەر یەکێ لە

لایەنەکان. ئەو هەست و سۆزە لەوانەیە هەندێکی لە بەرژەوەندی عێراق بێت، ئەگەر ڕونکردنەوەکانی لە هەموو لایەکی ناوچەکەدا دراوە پێکەوە وەربگیرێت. بەهەرحاڵ، ئەو ڕونکردنەوانە بەهۆی ئەو کۆسپانەی هاتونەتە ڕێیان زۆر جیاوازن، بەجۆرێ، کە ناتوانرێت وەك تاکە بنچینەك وەرگیرێت بۆ دیاریکردنی ئاستی چارەنووسی سیاسەتی وڵات. دەبووایە بەتایبەتی تێبینی ئەوە بکرایە، کە هەڵوێستی ئەو ناوچانەی هەست و سۆزی بڵاوی بەرژەوەندی عێراقی تێدایە، ئەوە لەبەر چاوی ڕەشی عێراق نییە، بەڵکو لەبەر ئابووری و خواستی پاراستن و پشتگیری بێگانەیە، کە بەهۆی ئینتیدابەوە لە ناوچەکەدا بوونی هەیە. زۆر لە هەوادارانی دەوڵەتی عێراق هەر، کە سیستمی ئینتیداب زوو کۆتایی هات حەز دەکەن بگەڕێنەوە سەر تورکیا. بەڵگە سیاسەکانی تر، کە لەلایە هەردوو لایەنەوە پێشکەشکراوە کێشێکی کەمی هەیە، جگە لەو بەڵگەیەی پشتبەستە بە گرنگیەکی زیندوی ئاشتیەکی هەمیشەیی و پەیوەندیەکانی دۆستایەتی نێوان وڵاتانی هاوسێ. لە بەشی پێشودا تێبینی ئەوەمان کرد، کە ئەو بەڵگەیە چارەسەرێك دەسەپێنێت و ناوچەیەك دەدات بە عێراق، کە بۆ ژیان و گەشەکردنی پێویستە. بەهەرحاڵ، لیژنەکە واهەست دەکات، کە ئامادە نییە هیچ ڕایەك بدات بەگوێرەی ئەو گرنگیەی، کە پێویستە بدرێت بەو بەڵگەیەی هەرچۆن لەگەڵ ئەوانی تردا بەراوردکراوە. بۆیە ئەو لەوە زیاتر نالێت، ئەگەر ئەولەوییەت درا بەو بەڵگەیە و پێویستبوونی سەلمێنرا، ئەو کاتە دابەشبوونی ناوچەکەی بابەتی پرسەکەیە. کێشەیەکی سیاسی پێشنایەت.

## تەوەرەی شەشەم

## بەرئەنجامە گشتییەکان

لیژنەکە، کە دیاریکراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و لە پێناوی ئەوەی هەموو زانیارییەکان و تەواوی پێشنیارەکان بخاتە بەردەستی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، کە یارمەتی ئەنجومەن دەدات لە گەیشتن بە بڕیار، لیژنەکە لە خوارەوە شەرەفمەند دەبێت بە کورتکردنەی بەرئەنجامی لێکۆلینەوەکانی و دارشتنی بەرئەنجامەکانی.

**یەکەم: بەرئەنجامە جیۆگرافیایەکان**

- **تۆپۆگرافیای سنوور:**

ئەو سنوورەی، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە داواکراوە، لە راستیدا سنوورێکی زۆر باشە. بەرەو باشوور دەکرێ هەر زنجیرە شاخێکی یەك لە دوای یەك وەك هێڵی سنووردانان بەکاربێت. "هێڵی برۆکسل" بۆ ئەم مەبەستە وەك سنوورێك گونجاوە، کە

لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشنیارکراوە، تیرەغەی باشووری زاخۆ، هەمان کەڵکی بۆ ئامێدی و نیری هەیە، هەروەها، گەر پێویست بێت، هەر هێڵێکی یەك لەدوای یەك لە ترۆپکەوە دەتوانرێ وەك سنوور وەربگیرێت. تیرەغەی دواییان، کە دەتوانرێ بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێت، ئەو کۆمەڵە گردەیە، کە لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات درێژدەبێتەوە و دوهۆك لە باکوور و ئەلقوش و ئاکرێ لە باشووردا جێدەهێڵێت، بەڵام ئەم هێڵە زیانی دابڕانی ژمارەیەك رێگای گەورەی هەیە و ناوچەی گردۆڵکەکان لە دەشتەکە جیاکاتەوە. ئەو سنوورەشی لەلایەن تورکیاوە داواکراوە، بەگوێرەی بەشی رۆژئاواوە باشە، کە بە بیاباندا دەڕوات، بەڵام بەگوێرەی بەشی رۆژهەڵاتەوە زۆر باش نییە. سنووری بیابان دەتوانرێ بە درێژایی هەر هێڵێك رابکێشرێت، کە بە دەشتی فراواندا بڕوات و بە درێژیی نزیکەی 50 کیلۆمەتر بۆ باشووری موسڵ، کە خاکی بەکشتوکاڵ کراو لەو دەوروبەرەدا دەست پێدەکات.

لەو ناوچەیەدا، سێ رووباری مەزن هەیە- دیجلە، زێی گەورە و زێی بچوك-، کە دەتوانرێت وەك هێڵێکی جیۆگرافیایی سنوور دیاریکردن دابنرێت.

- **جیۆگرافیای هەرێمی**

ناوچەی ناکۆکیەکە، لە دوو تێگەیشتنەوە ناوچەیەکی گواستراوەیە: کەوتۆتە نێوان شاخەکانی کورد و دەشتەکان عەرەبەوە و نێوان ناوچەی رۆژئاوا (سووریا و ئەرمینیا) و ناوچەی باشووری رۆژهەڵات (عێراق و لوڕستان) بەشی باکووری ناوچەکە، کە موسڵ ناوەندێتی، پەیوەندی بە ناوچەی نسێیبین، ماردین، دیاربەکر و ئورفەوە هەیە، لە کاتێکدا بەشی باشووریی زۆر نزیکتر پەیوەندی دەکان بە عێراقەوە لەگەڵ لوڕستان لە وڵاتی فارسدا. هێڵی دابەشکردنی نێوان ئەم دوو ناوچەیە بە نێوانی کەرکوك و ئەربیلدا دەکشێت، باشترین هێڵ بۆ ئەو مەبەستە لەوانەیە زێی خواروو بێت.

**دووەم: بەرئەنجامە نەتەوەییەکان**

دانیشتوانی وڵاتەکە کورد، عەرەب، مەسیحی، تورك، یەزیدی و جولەکە، بەپێی ئەو ریزکردنەوە لە رووی گرنگی ژمارییەوە.

سەرژمێریەکان و نەخشەکانی، کە لەلایەن هەردوو لایەنەوە پێشکەشکراوە دوورن لە راست و دروستیەوە، دوا سەرژمێریی، کە لە لایەن دەستەڵاتی عێراقەوە سازکراوە بێگومان باشترە، بەڵام راوێژ پێکردنی دەبێ لەگەڵ جۆرێ لە وریاییدا بێت. **زۆوربەی دانیشتوانی بریتیە لە کورد، کە نە تورك نە عەرەبن و بە زمانی ئاری ئاخاوتن دەکەن.** تورکەکانی ناوچەکە هەمان نەتەوەن وەك ئەوانەی لە کۆماری تورکیادان. یەزیدیەکان موسڵمان نین، **لە کوردەکانەوە نزیکن**، بەڵام ئاینەکانیان و ئاستە دەرکەنارەکانیان کردوونی بە گەلێکی تەواو جیاواز. زووربەی زۆری مەسیحیەکان بریتین لە نستۆریەکان و کلدانەکان.

**کورد و عەرەب تەنیا دوو نەتەوەن ، کە بە کۆمەڵ لە ناوچە گەورەکاندا دەژین و تەنیا لەناو خۆیاندا هێڵی دیاریکردنی نەتەوەیی دەتوانرێ بدۆزرێتەوە یان دیاریبکرێت.** ئەو هێڵە دوای دیجلە دەکەوێت بەرەوخوار بۆ خاڵی بەیەك گەیشتنی لەگەڵ زێی خواروودا — بەو شێوەیە موسڵ لە ناوچەی بەپیتی ناوخۆ و پڕ دانیشتوان جیادەکاتەوە- و بەردەوام دەبێت لە باشووری زێی خوارو بەدرێژایی رێگای سەرەکی لە کەرکوکەوە بۆ کفری. ئێمە گەیشتینە ئەو بەرئەنجامەی، کە ئەم چەشنە سنوورە ناتوانرێ ئامۆژگاری لەسەر بکرێت بەهۆی زیانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

سنووری سیاسی بۆ ناوچەی ناکۆکیەکە لەگەڵ وڵاتی فارس و سووریادا نییە و نە سنوورەکەی ئێستا و نە ئەو سنوورەی لەلایەن تورکیاو عێراقەوە داواکراوە، دادەنرێن بە سنووری نەتەوەیی.

ئەو شارۆچکانەی تورکیان تێدا نیشتەجێیە، کەوتونەتە بەشی باشووریی ناوچەی ناکۆکیەکەوە- بەرەو عێراق- کەچی موسڵ شارێکی عەرەبیە لە ناوەندی بەشی باکوورییدا.

تەنیا پەیوەندیەك لەنێوان شاری موسڵ و دانیشتوانی عەرەبی جێگیر بەناو ناوچەیەکدا دەڕوات زووربەی دانیشتوانەکەی کوردە. مەسیحیەکان پەرشوبڵاون، بەڵام زووربەی زۆریان راستەوخۆ لە باکووری موسڵدان.

لە کۆی گشتی 3.000.000 کورد، 1.500.000 لە تورکیایە، 700.000 لە وڵاتی فارسە و 500.000 لە ناوچەی ناکۆکیەکەدایە.

ژمارەیەکی دیاریکراویش لە سووریادا هەیە، بەڵام ئەو ژمارەیەی لە عێراقدایە(واتە عێراقی بێ ویلایەتی موسڵ و ناوچەی باکووری عێراقی ئەمڕۆ...وەرگێڕ)، گرنگیەکی ئەوتۆیان نییە. ئەو کوردانەی لە ناوچەی ناکۆکیەکەدان، کە لە لایەکی زێی سەرودا دەژین، پەیوەندی دیالێکتی زمان و پەیوەندی نەتەوایەتی و پەیوەندی تایبەتی و ئابووریيان لەگەڵ کوردەکانی ویلایەتەکانی هەکاری و ماردین لە تورکیادا هەیە. ئەوانەی لە باشووری زێی خوارودا دەژین، راستەوخۆ پەیوەندیان زیاتر بە کوردەکانی وڵاتی فارسەوە هەیە.

بەو هۆیەوە، کە وا دیارە تێکەڵبوونی نەتەوەکان لە ناوچەی ناکۆکیەکەدا ئەوەندە گەورەیە تا ئاستی ئەوەی، کە ناتوانرێ هۆکارەکانی نەتەوایەتی تەواو بۆ چەسپاندن و دیاریکرنی سنوور بەکاربێت.

**سێیەم: بەرئەنجامە مێژووییەکان**

لە کاتێکدا گومان لەوەدا نیە، کە ناوچەی ناکۆکیەکە سەدان ساڵە لەژێر فەرمانی تورکیادایە، ئەو فەرمانە ماوەیەکی دوورودرێژە لەلایەن والیەکانی بەغداوە جێبەجێ کراوە.

لەو کاتەوە ناوچەی ناکۆکیەکە سەدان ساڵە لەژێر هەمان حوکومدایە و بە شێوەیەکی گەورە هەمان مێژووی وەك بەغدای هەبووە، بەڵگەی مێژوویی لەوەدەچێت بۆ پێشنیاری چارەسەر، کە جیاوازی یەکەی مێژوویی وڵاتەکە نییە- بەڵام لە راستیدا

ماردین، جەزیرە و دیاربەکر، لەگەڵ ئەوەی هاوبەشن لە مێژووی بەغدادا، ئێستاش لە ناوچەی تورکیادان.

لەوانەیە دان بەوەدا بنرێت، کە هەر سنوورێك، ئەوەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشنیارکراوە یان ئەوەی لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە پێشنیارکراوە، یان هێڵی ناوەڕاست، بە دڵنیاییەوە پەیوەندیە مێژووییەکان دەپسێنێت.

**چوارەم: بەرئەنجامە ئابوورییەکان**

مشتومڕی رەچاوکردنی ئابووری لە بەرژەوەندی یەکێتی ناوچەی ناکۆکیەکەیە لەگەڵ عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچە شاخاویەکان بۆ باکووری "هێڵی برۆکسل" دەتوانرێت بەبێ سەغڵەتیەکی کەمیش لێی جیابکرێتەوە.

جگە لە هۆکانی ئابووری، ئەگەر پیویستی کرد ناوچەی ناکۆکیەکە باشتر وایە دابەشکرێت، چەند رێیەك هەیە بۆ چارەسەر، کە لەوانەیە پەسەند بێت، هەروەها هیچ کامیان لەوانەیە لە دیدی ئابوورییەوە رەزامەند نەبێت وەك لە یەکێتی ناوچەییەکە.

1. قەزاکانی زاخۆ، ئامێدی و هەروەها دوهۆکیش، لەوانەیە لە موسڵ جیابکرێنەوە، ئەم ناوچانە ئینجا دەکرێ بخرێنە هەمان حاڵەتی هاوشێوەی ئەوەی لە جەزیرەدایە، کە پێشوتر ئەویش هەروەها لەناو خاکی باشووریی موسڵدا بووە.
2. هەروەها ئێمە لەوانەیە رەچاوی کشانی سنوور بۆ باکووری زێی خوارو بکەین، ناحیەکانی کۆی سنجاق و تەق تەق و رانیە لە عێراق جێبهێڵین، بەردەوام بێت لە رۆژئاوادا بەدرێژایی هێڵی کێشراو نزیکە 50 کیلۆمەتر باشووری موسڵ و دوای ئەوەش بە باشووری گوندەکان و خاکە کشتوکاڵیەکانی سنجاردا تێدەپەڕێت. لە راستیدا موسڵ وەك شارێکی گەورە و ناوەندی گشتی بازرگانیی بەروبوومی ناوچەی باکوور، زیاتر سەربەست ترە لە بەغدا لە بەشەکانی باشووری ناوچەکە، کە ناوەندی گشتی بازرگانیان بەغدا خۆیەتی.

3. گەر پێویست بێت ناوچەی ناکۆکیەکە دابەشبکرێت بە پلەیەکی زیاتر بەلای باشووری سنووردا، لەگەڵ ئەوەشدا باشتر وایە ئاوەڕۆگەی ناوەراستی رووباری دیالە لە عێراقدا بمێنێتەوە، چونکە ئەوە ناتوانرێ لەو حاڵەتەدا دەستی لێهەبگیرێت بۆ چارەسەری پرسی ئاودێریی. لە جەبەل حەمرینەوە دەستی پێکرد، سنوورەکە لەوانەیە بەدرێژایی رووباری (ئاق سو) بۆ خاڵی یەکبڕینی لەگەڵ هێڵی پانی 35 پلە باکوور و لەوێوە بە رێیەکی کورتردا بۆ سنووری وڵاتی فارس.

**پێنجەم: بەرئەنجامە ستراتیجیەکان**

سنوورەکەی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشنیارکراوە، سنوورێکی ستراتیجی نایابە. "هێڵی برۆکسل" تا رادەیەك هەمان کەڵکی تەواوی هەیە.

هەموو هێڵێکی سنووریی بەدرێژایی کەناری هاورێکەکانی شاخەکانی دەکشێت، هەروەك لە بەشی جیۆگرافیدا وەسفکراوە، لەوانەشە بە سنوورێکی ستراتیجی دابنرێت، بەڵام تا بەرەو باشوور بچین گرنگیەکەی دێتەخوارێ.

سنوورەکەی لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە پێشنیارکراوە، بەگوێرەی بەشی رۆژئاواوە باشە، لەوێدا بە بیاباندا تێدەپەڕێت، بەڵام بەگوێرەی بەشی رۆژهەڵاتیەوە خراپە.

**شەشەم: بەرئەنجامە سیاسیەکان**

- **یاسایی:**

لە دیدی یاساوە بە بۆچوونی لیژنەکە، ناوچەی ناکۆکیەکە پێویستە بەشێکی نەپساوە بێت لە تورکیا، تا ئەو حوکومەتە واز لە مافی خۆی دەهێنێت و دەستی لێهەڵدەگرێت.

عێراق ناتوانێت داوای ناوچەی ناکۆکیەکە بکات، ئینجا ئەوە یان بە مافی داگیرکردن بێت، یان هەر مافێکی یاسایی تر بێت. ئەو تەنیا دەتوانێ بەڵگەی واتایی پێشکەش بکات بە کاریگەری ئەوەی لەو کاتەوەی دەوڵەتی عێراق پێکهاتووە، سروشتی ناوچەکەی دەبێت وابێت، کە مەودای بدات بۆ گەشەکردنی سروشتی.

لیژنەکە لەوە ناچێت ئامادەبێت بۆ بڕیاردان، کە چ نرخێك پێویستە بدرێت بەم لێوردبوونەوە یاساییانە، کە ئەو مەسەلەیە کاری ئەنجومەنە، لەبەر ئەوە لیژنەکە لە بەرئەنجامەکانی کۆتاییدا رەچاوێکی ئەوتۆی ناکات.

- **سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەتی عێراق**

لەگەڵ ئەوەی نکوڵی لەوە ناکرێت بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی بەر لە جەنگ، کە حوکومەتی عێراق بە یارمەتی ئامۆژگاریەکانی بریتانیا توانیویەتی زیاتر بەتایبەتی لە بوارەکانی ئاسایش و تەندروستیی گشتی و پەروەردە و فێرکردندا هەنگاوی بەرچاوی بنێت. ناتوانری نکوڵی لەوەش بکرێت، کە هێشتا مەرجەکانی ناخۆی وڵاتەکە زۆر نائارامە.

لەگەڵ نیاز باشی سیاسەتمەدارانی عێراق، کە تاقیکردنەوەی سیاسیان لە ئاستی پێویستدا نییە، مەترسی ئەوە دەکرێ، کە کێشە و ئاژاوە بەرپا ببێت لە ئەنجامی ئەو ناکۆکیانەی لە هەندێ حاڵەتدا پەیوەندە بە بیرورای سیاسی نێوان شیعە لە باشوور و سوننە لە باکوور، هەروەها جیاوازی

نەتەوایەتیی نێوان عەرەب و کورد، پێویستیشە خێڵە ئاژاوەگێڕەکان کۆنترۆڵ بکرێن.

ئەم کێشانە لەوانەیە بە گوێرەی دەوڵەتەکە خۆشیەوە کوژەر و تێکدەر بێت، لە کاتێکدا ئەگەر بەبێ پشتگیری و ڕێنمایی پشتگوێ نرا. لە پێناوی گەشە و پیشکەوتنی وڵاتدا، لیژنەکە واهەست دەکات، کە پێویستە لەژێر سیستمی ئینتیدابی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بۆ ماوەی نزیکەی 25 ساڵ بمێنێتەوە.

- **خواستی دانیشتوان**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوانەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ئەوەی تایبەتە بەو بیروڕایانەی دراوە، لە ڕاستیدا لەوە دەچێ ئەوە بنیات بنێت، هەموو ناوچەکە بەگشتی وەربگریت، خواست و ئارەزووی دانیشتوان زیاتر بەلای عێراقدایە وەك لە تورکیا. بەهەرحاڵ، دەبێ پەی بەوە ببرێت، کە هەڵوێستی زووربەی خەڵکی کاریگەرن بە خواستی پشتگیریی کارا لەژێر ئینتیدابدا، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئابووری، لەجیاتی ئەوەی بچنە ناو مەملەکەتێکی عەرەبییەوە، ئەگەر ئەم دوو بنەمایە کاریگەریی لەسەر خەڵك نەبوو، ئەوانەی ڕاوێژمان پێکردون، لەوانەیە زووربەی خەڵك گەڕانەوەی بۆ سەر تورکیا پێباشتر بێت لەجیاتی ئەوەی ببەسترێت بە عێراقەوە.

- **پرسی ئاسووریەکان**

لە دیدی ئەو ڕاستیەوە، کە پرسی ئاسووریەکان تا کۆنفرانسی ئەستەنبوڵ لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە نەخراوەتە ناو ناکۆکیەکەوە و پێشتر لە گفتوگۆ و دانیشتنەکان یان لە پەیمانی لۆزاندا ناوی نەهێنراوە، هەروەها لەو کاتەوە، کە پرسی ئاسووری وەك بەڵگەیەکی سەرەکی لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەشکراوە بۆ پشتگیری داواکەی سنووری

ویلایەتی هەکاری، لیژنەکە داواکەی حوکومەتی بریتانی بۆ ئەو سنوورە بە نارەوا دادەنێت.

- **پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتەکە**

چارەسەرەکە هەر چۆنێك بێت، کە بڕیاری لەسەر دەدرێت، دەبێ بە دڵنیاییەوە کاریگەر بێت بە پێویستیی دابینکردنی ئاشتی هەمیشەیی لەم بەشەی ئاسیادا. لیژنەکە وا هەست ناکات خۆی ئامادەیە بۆ بڕیاردان لەسەر نرخی ئەم بەڵگەیە و کێشی کاریگەری، لە بەراوردا لەگەڵ تەواوی بنەماکانی تردا، بۆیە بڕیاری دا، کە ئەو مەسەلەیە تایبەتە و پێویستە بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانی جێبهێڵن.

ئەنجومەن، ئەم لێکۆڵینەوە سیاسیانە لەبەرچاو دەگرێت، پێویستە بڕیار بدات بە دابەشکردنی ناوچەی ناکۆکیەکە لەنێوان تورکیا و عێراقدا، بەوەش هیچ کێشەیەکی سیاسی پێشنایەت.

## حەوتەم: بەرئەنجامە کۆتاییەکان

ئەگەر لە دیدی بەرژەوەندی دانیشتوانە پەیوەندارەکانەوە بروانینە تەواوی پرسەکە، ئەوا بە بۆچوونی لیژنەکە چاکتر وایە ناوچەی ناکۆکیەکە دابەشنەکرێت. بەپێی ئەو بنەچەیە، لیژنەکە دوای ئەوەی نرخی ڕێژەیی بۆ هەموو ڕاستیەکان دیاریکرد، کە دامەزراوە، ئەو وا هەست دەکات، کە بەڵگەی گرنگ هەیە، بە تایبەتی ئابووری و جیۆگرافیی سروشتی و سۆزەکان (لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسکراوە) زوربەی دانیشتوانی ناوچەکە بەگشتی، کار لەسەر یەکیەتی دەکات لەگەڵ عێراقدا لە هەموو ناوچەی باشووری "هێڵی برۆکسل" بەپێی ئەم مەرجانەی لای خوارەوە:

1. ناوچەکە پێویستە لەژێر ئینتیدابی کاریگەری کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بمێنێتەوە بۆ قۆناغێك، کە لەوانەیە ماوەی بیست و پێنج ساڵ بێت.

2. **پێویستە خواستی ئەوەی لە لایەن کوردەکانەوە دەربڕاوە بە هەند وەربگیرێت، کە بەرپرسان لە نەتەوەی کورد لە کارگێڕی وڵاتەکەدا دابمەزرێن، کاروباری یاسایی ڕێکبخرێت و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا و زمانی کوردیش پێویستە زمانی فەرمی بێت بۆ هەموو ئەم کارگوزاریانە.**

لیژنەکە لەو بڕوایەدایە، کە ئەگەر دەستەڵاتی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە تەواوبوونی پەیمانە چوارساڵیەکەی نێوان بریتانیا و عێراق کۆتایی بێت و **ئەگەر جۆرە گەرەنتیەکی کارگێڕیی ناوخۆیی نەدرێت بە کورد**، ئەوا زووربەی زۆری خەڵکەکە تورکیایان پـێ چاکتر دەبێت وەك لە سەروەریی عەرەب. هەروەها لیژنەکە لەو بڕوایەدایە، کە کەڵکەکانی یەکیەتی ناوچەی ناکۆکیەکە لەگەڵ عێراقدا لەو حاڵەتەدا دەگۆڕێت، کە دووچاری کێشەی سەختی سیاسی دەبێتەوە، ئەوەش دادەنرێت بەوەی لەژێر ئەو بارودۆخەدا زیاتر بۆ ناوچەکە باشترە، کە لەژێری دەستەلاتی تورکیادا بمێنێتەوە، کە مەرجەکانی ناخۆیی و بارودۆخی سیاسەتی دەرەوە زیاتر ئارامترە لە بەراوردا لەگەڵ ئەوانەی لە عێراقدایە. هەر بڕیارێك بدرێت، بەهەرحاڵ، پێویستە عێراق ناوچەی دیالە بپارێزێت، کە بۆ چارەسەری کێشەی ئاودێری پێویستە. لیژنەکە وا هەست دەکات، کە بەڵگە سیاسی و یاسایەکان و ئەوانی تر، کە لە ڕاپۆرتەکەیاندا هێمای بۆ کراوە لێیانگەڕێت بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ هەڵسەنگاندن. هەروەها بۆ بڕیاردان لەسەر گرنگی ڕێژەیی پێویست بۆ هەر یەکێکیان بە بەراورد لەگەڵ بەڵگەکانی تردا.

ئەنجومەن دەبێ وەك ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی، بەشکردنی ناوچەی ناکۆکیەکە بە ڕەوا دابنێت، لیژنەکە پێشنیاری ئەوە دەکات، کە باشترین هێڵ ئەو هێڵەیە تا ڕادەیەك دوای زێی خوارو دەکەوێت. ئەم هێڵە بە شێوەیەکی چڕتر و لە شوێنێکی تری ئەم ڕاپۆرتەکەدا باسی لێوەکراوە.

**هەشتەم: ئامۆژگارییە تایبەتیەکان**

لیژنەکە ناتوانێ ئەم راپۆرتە دابخات بێ ئەوەی سەرنجی ئەنجومەن رانەکێشێت بۆ سێ پرسیار، کە لەوانەیە لەگەڵ ئەرکەکانی لیژنەکەشدا نەیەتەوە، کە گرنگیەکی زیندوی هەیە بۆ هێورکردنەوەی ناوچەکە و خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی.

ئەو سێ پرسیارەش:

1. کارکردن بۆ دابینکردنی ئاشتی لەناو وڵاتەکەدا،
2. پارێزگاریکردنی کەمایەتیەکان، بە شێوەیەکی تایبەتی ناموسڵمانەکان.
3. رێکخستنی کاروباری بازرگانی.

1. کارکردن بۆ دابینکردنی ئاشتی لەناو وڵاتەکەدا

لە پەیمانی لۆزانەوە، خەڵکی ناوچەکانی ناکۆکیەکە، کە زۆر زوو دەورووژێن، بەگوێرەی چارەنووسی سیاسییانەوە لە گوماندا ماونەتەوە و ئەوەش کارێکی سروشتییە، کە سۆزی میللی تا رادەیەك دەرکەوێت و تێکەڵی ئاژاوە و کاری توندوتیژی بێت، بەو پێیە، بەدواداچوونەکانی لیژنەکە یارمەتیدەربوو لە وروژاندنی مێشکی خەڵکیدا، کە بە پڕوپاگاندەی هەردوولا کاری خۆی کردبوو.

لە ئەنجامدا، دژە باڵەکان پەیدابوون و لە هەموو لایەکی ناوچەکەدا گەشەیانکرد، خەڵکانێکی زۆر، یان لەو بڕوایەدان مەترسییان لەسەرە لە دیدی دەوڵەتەوە، کە بەم نزیکانە دەکەونە ژێر دەستەڵاتیەوە. بەهەرحاڵ لەو بڕوایەداین، خەڵکی هەستیان بەوە کردبێت، کە ئەندامانی لیژنەکە هەوڵێکی پاك و بێگەردیان داوە بۆ هێنانەدی ئەوە، کە هیچ ئامانجێکی ترمان نییە، بەڵکو تەنیا خۆشگوزەرانی ئایندەیان، ئێمە لەو بڕوایەداین، کە زووربەی زۆری دانیشتوانەکە هەر بڕیارێك بدرێت پەسەندی دەکەن.

ئەو دەستەڵاتەی، کە سەروەریی خۆی بەسەر ناوچەکەدا باڵدەکێشێت پێویستە هەوڵبدات خەڵك هێوربکاتەوە، لە میانەی هەڵوێستی لێبووردەیی فەرمانبەرەکانیەوە، هەروەها پێویستە لێبووردنێکی گشتی بۆ هەموو کردەوەکانی پێشوتر دەربکات. تا ئەو ترسە بڕەوێتەوە، کە لەوانەیە لەلایەن ئەو کەسانەوە هەستی پێبکرێت، کە لەو

بڕوایەدان ئەوان بەتایبەتی جێگای گومانن، بۆیە کارێکی چاك دەبێت ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکان نوێنەرێك دیاری بکات بۆ چەند ساڵێك نوێنەرایەتی ئەو بکات تا وڵاتەکە ئارام دەبێتەوە. ئەرکی ئەوە بێت، کە سکاڵای ئەوانە وەربگرێت، کە لەوبڕوایەدان سکاڵایان هەیە یان دەچەوسێنەوە، ئەوەش لەوانەیە سەرکەتن بە دەست بهێنێت لە زاڵبوون بەسەر زۆر لە کێشەکاندا. هەروەها ئێمەش لەو بڕوایەداین، کە ئەگەر هەندێ کەس بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە دەیانەوێ ناوچەکە جێبهێڵن، نابێ لە راستیدا کۆسپ بنرێتە بەر رێیان، بەڵکو دەبێ هەموو ئاسانکاریەکیان بۆ بکرێت.

بەهەرحاڵ، تاکو دووربکەوینەوە لە هەڵوێستی هەرزەیی، لەژێر کاریگەریی تووڕەییدا، کە لەوانەیە لە دواییدا کەسانی پەیوەندیدار پەشیمان ببنەوە لێی، پێویستە کارێك رێکبخرێت، کە بانگی هەڵبژاردن نەدرێ لەماوەی شەش مانگ کەمتر دوای بڕیارەکە بەگوێرەی دەستەڵاتەوە. بۆ چوار ساڵی دوایی خەڵك دەبێ مافی هەڵبژاردنی ئەوەیان هەبێت، کە بە کام یەکێ لەو دوو نەتەوە ئارەزودەکات بمێنێتەوە، هەروەها ساڵێکی زیادەش دەدرێ بە کۆچکردووەکان بۆ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت بەدوای موڵك و ماڵەکانیاندا بچن. هەرکەسێك نەتەوەی دراوسێی لە هەر کاتێکدا لە میانەی ئەو ماوە دیاریکراوەی سەرەوەدا هەڵبژارد، دەبێ ناچاربکرێ پێش کۆتایی پێنج ساڵەکە لە ناوچەکە بچێتەدەرەوە. لەو بڕوایەداین، کە پێویستە هێما بۆ ماوەی درێژی ئاوا بکەین لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی ئەو کەسانەی ئارەزوی کۆچکردنیان هەیە، تا ناچار نەکرێن موڵکە نەگواستراوەکانیان تالان فرۆش بکەن و ئەگەر ماوەکە کورت بێت ئەوا دەرگا لەسەر هەموو جۆرە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانێك دەخاتە سەر پشت، لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە، کە هاوسێکان موڵك و ماڵی کۆچکردووان بە هەل و مەرجی هیچ و پوچ بەدەست دێنن. پێویستە نوێنەری کۆمەڵەی نەتەوەکان بە ویژدانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات، کە دەیانەوێت کۆچ بکەن و ببێتە ناوبژیوان لە ناکۆکیەکانیاندا.

2. پارێزگاریکردنی کەمایەتیەکان، بە شێوەیەکی تایبەتی کەمایەتیە ناموسڵمانەکان:

لەو کاتەوەی ناوچەی ناکۆکیەکە، هەرچۆنێك بێت دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتێکی موسڵمانەوە، بۆیە پێویستە، کە کاربکات لەسەر رازیکردنی کەمایەتیەکان- بەشێوەیەکی تایبەتی مەسیحیەکان، بەڵام هەروەها جولەکە و یەزیدی- ئەو کاروبارە پێویستە بکرێت بۆ پاراستنیان.
ئەوەی لە توانامانداا نییە ئەوەیە، هەموو ئەو مەرجانە بژمێرین، کە پێویستە بخرێتە ئەستۆی حوکومەتی دەستەڵاتدار بۆ پاراستنی ئەو کەمایەتیانە. لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەرکی خۆمانی دەزانین هێمابکەین بۆ ئەوەی، کە ئاسووریەکان پێویستە پشتگیری بکرێن بۆ بیناکردنەوەی جیاکەرەوە دێرینەکانیان، کە بە کردەوە بەر لە جەنگ هەیانبووە، ئەگەرچی فەرمی نەبووە. هەرچۆنێ بێت حاڵی ئەو دەستەڵاتە، پێویستە ئەو ئاسووریانە جۆرێ لە ئۆتۆنۆمییان پێبدرێت و ددان بە مافیاندا بنرێ بۆ دامەزراندنی بەرپرسان و کارمەندانی تایبەتی خۆیان و تەنیا سەرانەیان لێبسەنرێت، بەهۆی بریکاریی پەتریارکەکانیانەوە ئەو سەرانەیەش وەربگیرێت.
هەموو مەسیحیەکان و یەزیدیش پێویستە دڵنیابن لە سەربەستی بیروڕای ئایینیان و مافی کردنەوەی قوتابخانەیان هەبێت.
ئاستی کەمایەتیەکان وەك پێویست دەبی لەگەڵ مەرجە تایبەتیەکانی وڵاتدا بگونجێت، بەهەرحاڵ لەو بڕوایەداین، ئەو شتانەی لە بەرژەوەندی کەمایەتیەکان رێکخراوە یاسایەکی مردوو دەبێت ئەگەر چاودێریەکی کردەنی ناوخۆیی بەسەرەوە نەبێت.
دەکرێ ئەو ئەرکی سەرپەرشتیە بسپێرێت بە نوێنەری کۆمەڵەی نەتەوەکان.
3. رێکخستنی کاروباری بازرگانی:
وەك وتمان، ناوچەی ناکۆکیەکە خاکی تێپەڕبوونی نێوان تورکیا و سووریایە، ئەمە لە لایەك، هەروەها عێراق و وڵاتی فارسیش لە لایەکی تر. هەر هێزێك دەستەڵاتی بەسەر ئەم ناوچەیەدا هەبێت، ئەوە پێویستە ئەو بازگە بازرگانیانە بۆ ئەو هێزە دابین بکرێت. ئەگەر ناوچەی ناکۆکیەکە گەڕێنرایەوە بۆ سەر تورکیا، ئەو کاتە عێراق هۆیەکی ئاشکرای دەبێت بۆ ئەوەی رێکەوتنی ئابووری لەگەڵ تورکیادا مۆربکات، لەبەرئەوەی


لەو کاتەوە بەغدا تاکە دەرچەیە بۆ بەروبوومی دانەوێڵەی زیاد لە پێویست، بۆیە بە دڵنیاییەوە وڵاتی تورکیا ئەوە پەسەند دەکات و ئەو جۆرە ڕێکەوتنانە لە بەرژەوەندی دانیشتوان خۆیانە.

خۆ ئەگەر ناوچەی ناکۆکیەکە بۆ عێراق تەرخان بکرێت، پێویستە سەربەستی تەواو بدری بە دانیشتوانی بۆ بازرگانی لەگەڵ تورکیا و سووریادا، هەروەها لەسەرو ئەوەشەوە، پێویستە ئاسانکاری بۆ شارەکانی سەر سنووری تورکیا بکرێت بۆ بەکارهێنانی ڕێگای موسڵ بۆ هەناردەی بەروبوومەکانیان و هاوردەی کەلوپەلی دروستکراو.


ڕێکەوتنی هاوشێوە پێویستە بێتەبەرهەم ئەگەر ناوچەی ناکۆکیەکە لەنێوانی عێراق و تورکیادا دابەشکرا.


جنێف، 16/جولای/ تەموز/1925


| واژۆ | واژۆ | واژۆ |
|---|---|---|
| E. AF WIRSEN. | A. PAULIS. | Count TELEKI. |



CARTE DRESSÉE d'après la CARTE ETHNOGRAPHIQUE présentée par le GOUVERNEMENT BRITANNIQUE devant la Société des Nations en Septembre 1924.
MAP COMPILED according to the ETHNOGRAPHICAL MAP submitted by the BRITISH GOVERNMENT to the League of Nations in September 1924.
Kurdes Kurds
Arabes Arabs
Turcs Turks
Yezidis Yezidis
Chrétiens Christians
Deserted Christian villages
ROVANDUZ
SULEJMANIE
ERBIL
KERKUK
MOSUL
SINJAR
Les parties rayées correspondent à la densité de la population telle qu'elle est indiquée et expliquée sur la carte ethnique dressée par la Comission.
Shaded areas correspond to density of population as shown and explained on the Commission's ethnographical map.
ÉCHELLE / SCALE 1:1000.000


Carte dressée
d'après la
CARTE ETHNOGRAPHIQUE DE LA TURQUIE D'ASIE ORIENTALE, SYRIE ET PERSE OCCIDENTALE, publiée en 1910 par la Société Royale de Géographie à Londres.
Map compiled
according to the
ETHNOGRAPHICAL MAP OF EASTERN TURKEY IN ASIA, SYRIA AND WESTERN PERSIA, published by the Royal Geographical Society in 1910.
کورد Kurdes Kurds
عەرەب Arabes Arabs
تورك Turcs Turks
مەسیحی Chrétiens Christians
نەخشەی ئەتنۆگرافیای رۆژهەڵاتی تورکیا لە ئاسیا، سوریا و رۆژئاوای وڵاتی فارس، کە لەلایەن کۆمەڵگای جیۆگرافیی پاشایەتییەوە لە ساڵی 1910دا بڵاوکراوەتەوە.
ROVANDUZ
رەواندوز
سنجار
SINJAR
موسل
MOSUL
تەربیل
ERBIL
سولەیمانی
SULEJMANIE
کەرکوك
KERKUK
ناوچەی سێبەرەکان چڕی دانیشتوان پیشان دەدات، وەك لە نەخشەی ئەتنۆگرافیای لیژنەکەدا روونکراوەتەوە
Les parties rayées correspondent a la densité de la population telle qu'elle est indiquée et expliquée sur la carte ethnique dressée par la Comission.
Shaded areas correspond to density of population as shown and explained on the Coimmission's ethnographical map.
ÉCHELLE: SCALE: 1:1000.000.
10 5 0 10 20 30 40 50 Km.
INSTITUT CARTOGRAPHIQUE ROYAL HONGROIS.
ROYAL HUNGARIAN CARTOGRAPHICAL INSTITUTE.


CARTE ETHNOGRAPHIQUE DU TERRI-
TOIRE CONTESTÉ dressée par la Commis-
sion d'après les dernières statistiques établies par
le Gouvernement de l'Irak. (1922 - 24.)
ETHNOGRAHICAL MAP OF THE CONTES-
TED TERRITORY compiled by the Commission
according to the latest statistics drawn up by the
Government of Iraq.
نەخشەی ئەتنۆگرافیای ناوچەی ناکۆکیەکە، لەلایەن لیژنەکەوە بەپێی
سەرژمێریی ئەم دواییە کۆکراوەتەوە، کە حوکومەتی عێراقی ئامادەی کردووە.
کورد Kurdes Kurds
عەرەب Arabes Arabs
تورك Turcs Turks
یەزیدی Yezidis Yezidis
مەسیحی Chrétiens Christians
جولەکە Juifs Jews
گوندە وێرانەکانی مەسیحیەکان
Deserted Christian villages
رەواندوز
ROVANDUZ
سنجار
SINJAR
موسل
MOSUL
ئەربیل
ERBIL
کەرکوك
KERKUK
سولەیمانی
SULEJMANIE
ÉCHELLE :
SCALE :
1:1.000.000.
10 5 0 10 20 30 40 50 Km.
EXPLICATION DU SYSTÈME DE LA CARTE.
Dans chaque Nahie 1 mm² colorié représente 100 habitants.
Ainsi le cercle qui représente la ville de Mosoul mesure 970 mm² et représente 97.000 habitants.
La surface coloriée dans le Nahie de Sulejmanie mesure 146 mm² et représente 14600 habitants.
Les populations éparses ont été englobées dans celles des districts densement habités.
De cette façon chaque habitant du territoire, sans exception, est représenté par 1/100 mm²
Il a été nécessaire de grouper les nomades en des points fixes.
EXPLANATION OF THE SYSTEM.
In each Nahie 1 mm² of coloured surface represents 100 inhabitants.
Thus the circle by which the town of Mosul is depicted measures 970 mm² and represents a population of 97.000.
The coloured space in the Nahie of Sulejmanie measures 146 mm² and represents 14600 inhabitants.
The scattered population has been concentrated in the more densely peopled areas.
Thus every inhabitant of this territory is represented by 1/100 mm² of coloured surface.
Nomads had to be grouped in certain fixed positions.
روونکردنەوەی سیستەمەکە
بۆ هەر یەك ملیمەتر لە رەنگێك بەرامبەر 100 کەسە لە دانیشتوان.
کەواتە ئەو بازنەیەی شاری موسڵ دیاریدەکات، 970 ملیمەترە و بەرامبەر 97.000 کەسە .
شوێنە رەگینەکان لە ناحیەی سلێمانی بە 146 ملیمەتر دەپێورێت و بەرامبەر 14.600 کەسە .
ناوچەی دانیشتوانە پەرشوبڵاوەکە زیاتر لە شوێنە چڕەکاندا کۆبوونەتەوە.
بەو شێوەیە بۆ هەموو دانیشتوانێك بە 1/100 ملیمەتر لە رەنگێك بەکارهێنراوە.
رەوەندەکان لە هەندێ شوێنی جێگیردا کۆکراونەوەتەوە.




ئەم نەخشەیە چڕی دانیشتوانی ناوچەی ناکۆکیەکە و ناوچەکانی دەوروبەری پیشان دەدا: مەملەکەتی عێراق، خاکی سووریا بۆ رۆژهەلاتی خاپوور و ویلایەتەکانی هەکاری و ماردین لە تورکیا، کە لە نیگارەکانەوە کۆکراوەتەوە، سنووری ئیداریی و سەرژمێریی دانیشتوانی تێدا دەردەکەوێت، کە لەلایەن حوکومەتی تایبەتمەندەوە پێشکەشکراوە.

## I. TERRITOIRE CONTESTÉ.

**MOSUL LIWA**

**MOSUL QADHA**

M Mosul City
1 Mosul
2 Hamam Alil
3 Shora
4 Shergat
5 Qaraqosh
6 Bartulla
7 Bashiqa
8 Maqlub
9 Shaikhan
10 Al Qosh
11 Tel Usqof
12 Tel Kaif
13 Humaidat

**DOHUK QADHA**

14 Simel
15 Dohuk
16 Muzuri
17 Doski.

**ZAKHO QADHA**

**AQRA QADHA**

24 Ashair i Saba
25 Aqra
26 Zibar
27 Barzan.

**TEL AFAR QADHA**

28 Zimmar
29 Tel Afar.

**SINJAR QADHA**

30 Sinjar
31 Shimal.

**ARBIL LIWA**

**ARBIL QADHA**

32 Arbil
33 Quweir
34 Makhmur
35 Kushteppa.

**KOI QADHA**

**KIRKUK LIWA**

**KIRKUK QADHA**

45 Kirkuk Nahiya
46 Altun Keupri
47 Shuan
48 Malha
49 Qara Hassan
50 Tauq
51 Gil.

**KIFRI QADHA**

52 Kifrt
53 Tuz
54 Qara Tepe.

**SULAIMANIE LIWA**

**SULAIMANIE QADHA**

55 {Sulaimanie town, Serchinar}
56 Sirochik
57 North Surdash
58 South Surdash
59 Tanjero

**HALABJA QADHA**

62 Halabja Nahiya
63 Khurmal
64 Penjvin
65 Warmaur.

**QALADIZA QADHA**

66 {Pizhder, Mangur Zudi, Wajakh, Marmish of Garmian, Mandamera}
67 Merga.

**QARA DAGH QADHA**

68 Hdqrs Nahiya
69 Sangao.

**SHARA BUZHAR QADHA**

70 Hdqrs Nahiya
71 Mawat
72 Shiwekel.

## II. IRAK.

**BAGHDAD**

B Baghdad City
73 Tekrit
74 Samarra
75 Balad
76 Sumaikah
77 Tharmiyah
78 Muadham & Daura
79 Karradah
80 Yusufiyah
81 Mahmudiyah
82 Kadhimiyah.

**DIYALA**

83 Daltawah
84 Dalli Abbas
85 Baqubah
86 Shahraban
86a Qizil Robat
87 Mandali
88 Khanaqin.

**DULAIM**

89 Hadithe

**HILLAH**

95 Jurf al Sakhar
96 Iskandariyah
97 Musayab
98 Mahawil
99 Shat al Nil
100 Madhatiyah
101 Jarbu'iyah
102 Nahr al Shah
103 Kifl
104 Umm Rawaya
105 Abu Ghuraib
106 Khawas
107 Jadwal al Gharbi

**KUT**

108 Salman Pak
109 Aziziyah
110 Sire
111 Zarbatiyah
112 Badrah
113 Jassan
114 Kut
115 Umm Hillana
116 Muhairiiah

**DIWANIYAH**

123 Ja'arah
124 Salahiyah
125 Shafiyah
126 Dagharah
127 Afaq
128 Fawwar
129 Mishkhab
130 Ghammas
131 Shinafiyah
132 Hor Allah
133 Budair
134 Rumaitha
135 Samawa
136 Khidhr
137
138 Abu Sukhair
139 Hor al Dukhn.

**MUNTAFIQ**

140 Qalat Sikar
141 Shatrah
142 Jazirah
143 Suk
144 Hammar

**BASRAH**


151 Azair
152 Madina
153 Sharish
154 Hartha
155 Shat al Arab
156 Fao
160 Neshwa
161 Abul Khasib.
162 Anah

## III. TERRITOIRE SYRIEN

163. —à l'est du Chabour.

## IV. VILAYETS DE HAKKIARI ET DE MARDINE.

165 Reis el Ain
166 {Mardine, Coth Hissar}
167 {Loor, Omerghian, Midiat, Bassabirin, Hibisbini}
168 {Hassan keif, Gherboran, Nusseibin, Alyan, Habab}
169 {Djizré, Peloupi}
170 Beit el chébab
171 {Hakkiari, Tchal, Liwin}
172 {Chemdinan, Homaro, Zerzan, Kerdi, Heriki, Ghewar}




دانیشتوانی یەك كیلۆمەتر چوارگۆشە
لەژێر (1)یەكەوە، لە 1-2، 2-4، 4-8، 8-16، 16-32، 32-64، 64-128، 128-256، 256 و زیاتر.

### 1. ناوچەی ناكۆكیەكە

**لیوای موسڵ، قەزای موسڵ:** م. شاری موسڵ، 1/موسڵ، 2/حەمام عەلیل، 3/شورا، 4/شەرگات، 5/قەرەقوش، 6/بەرتەلە، 7/باشیقە، 8/مەقلوب، 9/شەیخان، 10/ئەلقوش، 11/تەل وسقۆف، 12/تەل كەیف، 13/هومەیدات.

**قەزای دوهۆك:** 14/سمێل، 15/دوهۆك، 16/موزوری، 17/دۆسكی.

**قەزای زاخۆ:** 18/زاخۆ، 19/سلیڤانی، 20/سیندی گولی.

**قەزای ئامێدی:** 21/ئەتراف شار، 21/بەرواری ژێرێ، 22/بەرواری بالآ، 23/نەرڤا رایكان.

**قەزای ئاكرێ:** 24/ئاشەیری سابا، 25/ئاكرێ، 26/زێبار، 27/بارزان.

**قەزای تەلەعفەر:** 28/زومار، 29/تەلەعفەر.

**قەزای سنجار:** 30/سینجار، 31/شیمال.

**لیوای ئەربیل، قەزای ئەربیل:** 32/ئەربیل، 33/گوێر، 34/مەخمور، 35/قوشتەپە.

**قەزای كۆیە:** 36/كۆیە، 37/ شەقلاوە، 38/تەقتەق، 39/چناران رانیە.

**قەزای رەواندوز:** 40/دێرا هەریر، 41/رەمەیندەر، 44/قەزای رەواندوز.

**لیوای كەركوك، قەزای كەركوك:** 45/ناحیەی كەركوك، 46/ئاڵتون كۆپری، 47/شوان، 48/مالحە، 49/قەرە حەسەن، 50/تاوغ، 51/یایچی.

**قەزای كفری:** 52/كفری، 53/تووز، 54/قەرەتەپە.

**لیوای سلێمانی، قەزای سلێمانی:** 55/ شاری سلێمانی، سەرچنار، 56/سرۆچك، 57/باكووری سەردەشت، 58/باشووری سەردەشت، 59/تانجەرۆ.

**قەزای چەمچەماڵ:** 60/ناحیەی چەمچەماڵ، قەڵاسێوكە، 61/بازیان.

**قەزای هەڵەبجە:** 62/ناحیەی هەڵەبجە، 63/خورماڵ، 64/ پێنجوێن، 65/وارماوە.

**قەزای قەڵادزە:** 66/پشدەر، مەنگوڕ زودی، وەجاخ، مارمشی گەرمیان، ماندامێرا، 67/مەرگە.

**قەزای قەرەداغ:** 68/ناحیەی قەرەداغ، 69/سەنگاو.

**قەزای شارباژێڕ**: 70/ناحیەی شارباژێڕ، 71/ماوەت، 72/شیوەکەڵ.

## 2. عێراق

**بەغداد**: ب.شاری بەغداد:73/تکریت، 74/سامەڕا، 75/بەلەد، 76/سومەیکە، 77تارمییە، 78/موادحەم و دۆرە، 79/کەڕادە، 80/یوسفییە، 81/مەحمودییە، 82/کازمییە.

**دیالە**: 83/دەڵتاوا- خالس، 84/دەلی عەباس، 85/باقوبە، 86/شارەبان، 87/مەندەلی، 88/خانەقین.

**دلێم**: 89/حەدیسە، 90/هیت، 91/کوبەیسە، 92/رەمادی، 93/فەلوجە، 94/رەحالییە.

**حلە**: 95/جورف ئەل سەخەر، 96/ئەسکەندەرییە، 97/موسەیب، 98/محاویل، 99/شەت ئەل نیل، 100/مەدحەتییە، 101/جەربوعییە، 102/نەهر ئەل شاهـ، 103/کیف، 104/ئوم رەوایە، 105/ئەبو غرێب، 106/خەواس، 107/جەدوەل ئەل غەربی.

**کوت**: 108/سەلمان پاك، 109/عەزیزییە، 110/سوێرا، 111/زرپاتییە، 112/بەدرە،113/جەسان، 114/کوت، 115/ئوم حیلانە، 116/موهەیریجە، 117/یسار، 118/بوغەیلە.

**کەربەلا**: 119/کەربەلا، 120/شیفازە، 121/نەجەف، 122/کوفە.

**دیوانییە**: 123/جەعرە، 124/سەلاحییە، 125/شەفییە، 126/دەغارە، 127/ ئافاق، 128/فەووار، 129/میشخاب، 130/غەماس، 131/شەنافییە، 132/هۆر ئەللە، 133/بودایر، 134/رومێسە، 135/سەماوە، 136/خیدحر، 138/ئەبو سوخێر، 139/هۆڕ ئەل دوخن.

**مونتەفەك**: 140/قەلعەت سوکەر، 141/شەترە، 142/جەزیرە، 143/سوك، 144/حەممار، 145/گەرمەت بەنی سەید، 146/شامییە.


**عەمارە**: 147/عەلی غەربی، 148/عەمارە، 149/هالفەیە، 150/قەلعەت سالیح.

**بەسرە**: 151/عوزێر، 152/مەدینە، 153/شەریف، 154/حارسە، 155/شەت ئەل عەرەب، 156/فاو، 160/نەشوا، 161/ئەبول خەسیب، 162/ئەنە.


## 3. ناوچەی سووریا/163

## 4. ویلایەتەکانی هەکاری و ماردین

165/رەئسول عەین، 166/(ماردین، کۆس حەسار)، 167/(کوور، ئۆمەرغیان)، 168/(میدیات، بەسابیرین، حیبیسبینی، حوسن کێف، غەربۆران، نوسەیبین، ئەلیان، هەباب)، 169/جزرێ، پەلاوپی، 170/ بەیتو ئەل شەهاب، 171/(هەکاری، تچاڵ، لیوین)، 172/(شەمزینیان، هۆمارۆ، زەرزان، گەردی، هەرکی)، 173/(غەوار، ۆرامار، بادجیر، دۆستکی).





نەخشەی ویلایەتی موسڵ.





J- جاف، He-هەرکی ،Z- زەیدکی ،H-هاجیان ،A-ئارتوشی

هەواری زستانە و ریگەوبانی کۆچ و هەواری هاوینەی کوردە خێڵەکیەکان..
بەپێی ئەو زانیاریانەی، کە لەوبارەیەوە کۆکراوەتەوە.





JAF- جاف، He-هەرکی ،Z- زایدەك ،H-هاجیان ،SA- ئارتوشی —شەرافان،
SGZ- سیدان- جریڤان-ژیرکی-کاشوری، G- گاڤدان، B- بۆڵــێ، P-پشدەر، A-
ئاکۆ، BS- بلّباس،

هەواری زستانە و ریگەوبانی کۆچ و هەواری هاوینەی کوردە خێڵەکیەکان..
بەپێی یاداشت و زانیاریەکان، کە لەلایەن حوکومەتی بریتانیاوە پێشکەشکراوە.




ئەرتوشی -A، هاجیان-H، زەیدکی -Z، هەرکی-He، جاف -J، کاکەیی-K

هەواری زستانە، ریگەوبانی کۆچ و هەواری هاوینەی کوردە خێڵەکیەکان..
بەپێی یاداشت و زانیاریەکان، کە لەلایەن حوکومەتی تورکیاوە پێشکەشکراوە.




دەشت

گردی بناری شاخ

شاخەکان

## نەخشەی ئابووری


- - - چینەکانی، کە نەوتی هەڵگرتووە.

++++ هێڵی ئاسنی ئێستا

+--+ هێڵی ئاسنی وابەستەی کۆنتراکت.

+--+--+ هێڵی ئاسنی پلان بۆ دارێژراو.

_____ ڕێگای سەرەکی _____ بڕەکانی کەرتی ئابووری





نەخشەی ناوچە کشتوکاڵی و بەیار و دارستان و لەوەڕگاکان.

زەوی کشتوکاڵ

دارستانەکان


لەوەڕگا

دەشتی پان و رووتەن و کێوەکان زووربەی کشتوکاڵیان تێدا ناکرێت.




کۆپی پڕۆژەی ئاودێریی میسۆپۆتامیای خواروو، هەرچۆن لەلایەن بەشی ئاودێریی وەزارەتی کاروباری گشتیی عێراقەوە دامەزراوە.

ئەو سنووره پیشان دەدات، کە لەلایەن تورکیاوە داواکراوە و لەگەڵ عەماراوی دیالەش.



# Vilayet of Mosul

LEAGUE OF NATIONS

Geneva, August 20th, 1925

QUESTION OF THE FRONTIER
BETWEEN TURKEY AND IRAQ

Report submitted to the Council
by the Commission instituted
by the Council Resolution of September 30th, 1924

Translated By Meena